


# لە کەنداوەوە بۆ ئارارات

## گەشتێکی تایبەت بە ناو میسۆپۆتامیا و کوردستاندا

لەگەڵ وێنە و نیگارە ڕوونکەرەوەکان


نووسینی

**گلبەرت هەبەرد**


سکرتێری لیژنەی نەخشەکێشان


وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**مینە**


2025

چاپی یەکەم



Black Sea
TIFLIS
BATOUM
TREBIZOND
R U S S I A
ERZEROUM
Mt. Ararat
R. Araxes
CASPIAN SEA
Khoi
VAN
BITLIS
Kotur
Dilman
TABRIZ
LAKE URMIA
Urmia
Ushnu
Pasova
P E R S I A
Greater Zab
MOSUL
(Nineveh)
T U R K E Y
Sardasht
Baneh
Lesser Zab
Suleymanieh
Gulambar
Tavila
Halebji
HAMADAN
(Ecbatana)
R. Tigris
R. Diala
Kasr-i-Sherin
KERMANSHAH
Khanikin
Bakuba
Mendeli
PUSHT-I-KUH
Khurremabad
R. Euphrates
BAGDAD
Bedrai
Ctesiphon
Bakasi
Kut-el-Amara
Karbela
Babylon
Susa
(Shushan)
Bisaitin
Ahwaz
Kurna
Nasrieh
BASRA
Mohammerah
Fao
PERSIAN GULF
CONSTANTINOPLE
TIFLIS
SMYRNA
ERZEROUM
TEHRAN
DAMASCUS
BAGDAD
CAIRO
Scale of Miles
0
50
100
200
40°
38°
36°
34°
32°
30°
41°
43°
45°
47°
49°



پاسەوانە هیندییەکان

# لە کەنداوەوە بۆ ئارارات

## گەشتێکی تایبەت بەناو میسۆپۆتامیا و کوردستاندا

لەگەڵ وێنە و نیگارە ڕوونکەرەوەکان


## نووسینی گلبەرت هەبەرد

سکرتێری لیژنەی نەخشەکێشان


وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

## مینە






## لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار-سلێمانی

- **ناوی کتێب: لە کەناوەوە بۆ ئارارات**
- **بابەت: مێژوو.**
- **نوسینی: گلبەرت هەبەرد**
- **وەرگێڕانی: محەمەدئەمین حسێن ( مینە )**
- **نوسینەوە و دیزاین: مینە.**
- **چاپی یەکەم/** 2025
- **نرخی :** 12.000 **دینار**
- **ژمارەی سپاردنی (** 1330 **) ساڵی/** 2025، **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە.**

## ناوەرۆك Contents

# پێشەکی وەرگێڕ

**کورتە زانیاریەك لەبارەی نووسەرەوە...**

**گیلبەرت ئێرنست هەبەرد Gilbert Ernest Hubbard (1885–1951).**

**لە ساڵی 1913 وەك سکرتێری کۆمیسیۆنی سنووری تورکیا- پێرشا دامەزرا. دوای ماوەیەك لە وەزارەتی دەرەوە، بوو بە سکرتێری تایبەتی بەڕێز هامار گرینوود وەزیری دەرەوە و پاشان وەك سکرتێری یەکەمی نوێنەرایەتی بەریتانیا لە پەکین. دوای دە ساڵ وەك بریکاری دیپلۆماسی بانکی هۆنگ کۆنگ و شەنگەهای، پۆستی سکرتێری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی دووری لە چاتام هاوس وەرگرت. چەند کتێبێکی لەبارەی پیشەسازی و سیاسەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی دوور نووسیووە.**

**سنووری ڕۆژئاوای نێوان پێرشا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ماوەیەکی زۆرە سەرچاوەی داواکارییە ناکۆکەکانی هەردووکیان بووە. گوایە لە ساڵی 1847 بەپێی پەیمانی ئیرزرۆم یەکلایی کرایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا حەفتا ساڵی تری خایاند بۆ یەکلاییکردنەوەی وردەکارییەکان. ئەمە لەلایەن کۆمیسیۆنی سنووری تورکیا- پێرشاوە بەدەستهێنرا. Ernest Hubbard ئێرنست هەبەرد سکرتێری کۆمیسیۆنەکە**

بوو، کە هۆکارێکی سەرەکی بوو لە سەرکەوتنی کارەکەدا. "لە کەنداوەوە بۆ ئارارات" وەسفی ئەو ناوچانە دەکات کە پێیدا گەشتیانکردووە. زۆرجار دڵخۆشکەرن بەڵام هەمیشە بەسوودن، ڕاستیەکانی دانانی سنوور لە پراکتیکدا دەردەخەن و پێویستی ئاگاداربوون لە فاکتەرە ناوخۆییەکانی وەك ڕەگەز، دابونەریت و ئاین لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی سنوور.

کتێبی "لە کەنداوەوە بۆ ئارارات" بۆ خوێنەری ئینگلیزی زمان نووسراوە و زمانێکی سادە و ساکارە و پڕە لەو نمونانەی کە خەڵکی لای خۆیان زیاتر ئاشنان پێی. بۆ نمونە: باس لە توند و تیژی کەسایەتی کورد دەکات، نمونەیەك لەسەر ئەو کەسایەتیانە دێنێتەوە کە لە سکۆتلەندە یاخی و شاخاوی بوون و دەڵێت... شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و خۆبەزلزانن، بە ڕێژەیەکی تەواو لەگەڵ نەزانییان، وەکو بەرزاییە کۆنەکان، کەم تا زۆر سووکایەتی بە هەموو هونەرەکان دەکەن جگە لە هونەرەکانی کوشتن و تاڵانکردن- هەموو پیشەکان جگە لە پیشەکانی چەکداری. ناکۆکییان لەگەڵ دراوسێکانیان هەیە و هەڵکوتانە سەر خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی ناوچە نزمەکان، ئای بۆ ئەو کەسەی کە هەوڵی سەرکەوتنی دەروازەی " بالیبرۆ Ballybrugh "بدات، یان بچێتە ناو وڵاتی هەر"دۆناڵد بین لەین"ێکی Donald Bean Lean کوردەوە بەبێ ڕێبەر و پەناگەیەکی ئارام. هەمان

خۆشەویستی بۆ سەرگەرمی و تالآنکردن لە هەردووکیاندا هەیە؛ هەموو نەتەوەیەك بەهۆی دڕندەیی هاوشێوە و تۆڵەسەندنەوەی ترسناکەوە پەڵەی بەرکەوتووە، بە پیشەی میوانداری بەناوبانگە. بەگشتی بە بەکارهێنانی – هەمان ڕێزگرتن لە وشەکە کە جارێك بەڵێندرابوو – پیرۆزی بەڵێن پاراستن.

زۆرێ لەو نمونانەی لە دەقەکەدا هاتووە و بۆ خوێنەری ئینگلیزیش لەم سەردەمەدا زۆر ئاسان نیە، هەرچەند زۆر شت بەهۆی گوگڵ و ئەو پرۆگرامە کۆمپیتەریانەی هەن، کەم تا زۆر ئاسانکاری لەبارەوە کراوە، بەڵام هێشتا هەندێك بە نادیاری دەمێنێتەوە. لێرەوە دەمەوێ لایەنێکی تری هاندەرە سەرەکیەکانی ئەو خێرخوازیەی بەریتانیا بە تایبەتی و لایەنەکانی تری لیژنەی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەی ئەو کاتەی تورکیا وەك ئیمپراتریای عوسمانی و وڵاتی پێرشا بخەمە ڕوو. هەروەها ئەوەش ئاماژەبکەم کە لە سەردەمی نوسینی ئەم کتێبەدا هێشتا وڵاتی پێرشا نەگۆڕابوو بە ئێران. بێگومان ئەو گۆڕانکاریە لەساڵی 1934 کرا و لەلایەن شاوە هەموو دەوڵەت و شوێنە فەرمیەکان ئاگادارکرا کە ئیدی پێرشا ناوی ئێرانە.

ئاشکرایە لە هەر شوێنێك بەریتانیەك دەبینیت، دەبێ بزانیت کە منەی شتێکی بەنرخ دەکات و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا گەشتۆتە ئەوێ. ئەو

بۆچوونەم دەقاودەق لە پێشەکیەکەی نووسەردا دەخوێنیتەوە. ئیدی گرنگ نیە، پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە، یان ئەو دەستکەوتانە، پێویستی بە خوێن و وێرانکردنی ولآتان و لەناوبردنی سیمای مێژوویی و تێکدانی سیستمی جوگرافی ئەو ناوچانەی کاری تێدا دەکات. گرنگ ئەوەیە بتوانێت ئەوەی بۆی هاتووە چنگی بکەوێ و بۆ ماوەیەکی درێژ لە خێر وبێرەکەی ببات و بخوات.

نووسەریش لێرەدا جگە لەو ئەرکەی پێی سپێرراوە، ئیدی گرنگیەکی ئەوتۆی بە لایەنەکانی تر نەداوە. بۆ نمونە کاتێ دێتە سەر باسی کورد و دیاریکردنی کوردستان، دەڵێت: کە بڕوانیتە سەر نەخشەی فراوانی ناوچەکە وشەی کوردستان بە گەورەیی دێتە بەرچاوت، وەك چۆن ئەرمینیاش دەبینی، ئەمانە هیچ نیشانە و خاڵبەندی ولآتێکی تایبەتیان پێوە نیە و تەنیا هێمای ئەوە دەکەن، کە لەم ناوچانەدا کوردەکان دەژین. بۆ ووردەکاری و لێکۆڵینەوەش لەو بارەیەوە، زیاتر پەنای بردۆتە بەر ئاراو بۆچوونی گەشتیارانی پێش هاتنی خۆی بۆ ناوچەکە و هەندێك لەو بۆچوونانەی ئەوانیش هەڵدەسەنگێنێت بەپێی سەلیقە و لە دیدی ئەو کاتەی خۆیەوە کە لەو کاتەدا دەیبینێت، یان تێیدا دەژی.

گەشتێکی وورد بەنێو دێڕەکانی ئەم کتێبەدا تەواوی ئەو راستیانە دەسەلمێنێ کە بەریتانیا بەتایبەتی و هەموو ئەو زلهێزانەی لەو سەردەمەدا دەسەڵاتدار بوون و هاتوونەتە ئەم ناوچانە بە هەر هۆ و هۆکارێکەوە، بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی تایبەتی لەبەرچاوگیراوە و ماف و خاك و سامانی ئەو میللەت و نەتەوە و خەڵکانەی لەو ناوچانەدا ژیاون بابەتی گرنگی مەبەستەکەیان نەبووە.

وەرگێڕ

# پێشەکی نووسەر

من دەبێت بە داوای لێبووردنەوە ئەم کتێبە پێشکەش بکەم... و لەوەش نالەبارتر، لێبووردنێك. بەهانەی داوای لێبووردن ئەوەیە کە پڕکێشی بکەم لەم چرکەساتەدا تۆماری گەشتەکەم بڵاوبکەمەوە "بەتەواوی جگە لە قۆناغی دوایی" نزیکەی لەو دەوروبەرەدا بەر لە مێژووی دەسپێکردنی جەنگ کە ڕوویداوە.

بیانووەکەشم دوو لایەنەیە:

یەکەم، ئەو پانزە مانگە بێکارییە ناچاریکردم بینووسمەوە، دووەمیش، ڕووداوەکانی ئەم دواییەش ئەوەی هێنایە پێشەوە کە سوودێکی تایبەتی بۆ زیادکرێت کە جگە لەو شێوەیە مەحاڵ بوو داواکرێت. هەرچەندە ئەمە بە هیچ شێوەیەك "کتێبی جەنگ" نییە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەکات کە گۆڕەپانی دوو هێرش، ئەگەر سیانیش نەبووبێتن، هەر لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیەیە پڕکێشی پاساوهێنانەوە دەکەم بۆ هاوبەشیکردنم.

یەکەم لەم هەڵمەتانە– کە ئێمە بەو ڕیزبەندییە وەریدەگرین کە لە باشوورەوە بۆ باکوور گەشتدەکەین– هەڵمەتی بەریتانیایە بۆ میسۆپۆتامیا. سیما سەرەکیەکانی ئەوەندە ناسراوە، بەدەگمەن پێویست بە دووبارەکردنەوە دەکات: دابەزینی

هێزەکەمان لە دەم دەریای عەرەبیدا لە تشرینی دووەمی 1914 دا، شەڕی فاو و گرتنی بەسرە، هێرشەکەی کە لەژێر فەرمانی جەنەراڵ گۆرینج General Gorringe تا کارون و بۆ ئەهواز کرا بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان و هێڵی بۆریەکان. بە "کۆکردنەوەی" سەرکەوتووانەی تورکەکان لە عەمارەدا کۆتاییهات، تۆفانی گوڕنە، بەرزبوونەوەی دیجلە، شەڕی قورس لە کوت ئەلعەمارە و کوتسیفون یان "تاقی کیسرا" و لە هەمووشی گرنگتر، وەستانێکی بەجەرگانە و خۆبەدەستەوەدانی کۆتایی هێزەکەی General Townshend جەنەڕاڵ تاونسەند. بەڵام ئەگەر کەسێك لەو وڵاتە نەبووبێت، بیابان و زۆنگاو و باخی دارخورمای نەبینیبێت کە دەوروبەری دیجلەی داپۆشیوە و ناسراوە بە فێنکترین شێوە– گەرمای ئەو دەشتانەی کە سنووری نییە، بێگومان وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەوە نابینیت کە هێزەکانی بەریتانیا و هیندی پێدا تێپەڕیوە، یان بە تەواوی بۆ هێنانەدی گیانی ئازایەتی بێ وێنەی ئەوان. بۆیە هیوادارم لە بەشە سەرەتاییەکانی کتێبەکەمدا پاشخانێکی کورت بۆ ئەم هەڵمەتە بخەمەڕوو. بەدەر لە کوشتاری ڕاستەقینە، لەسەرو ئەوەشەوە، پێویستە تا ڕادەیەکی دیاریکراو گرنگی بە دەورووبەری شاری بەسرە بدرێت، بەندەری میسۆپۆتامیا و تاکە شوێنێکی گرنگ کە داگیریدەکەین و بەڕێوەیدەبەین. هەروەها ئەوە بەرژەوەندییەکە، کە زۆر گرانە بە کۆتایی جەنگ لەناوبچێت. بەبێ

مەترسیکردن لەهەر جۆرە گومان و هەرایەك بۆ ئایندە، کەسێك لەوانەیە وشەکانی نوێنەری هیندی بۆ دانیشتوانی بەسرە بەباشی بێتەوە یادی، کە لە مانگی کانوونی دووەمی سالّی 1915لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ ئەو شارە دوواوە: "داگیرکردنی بەریتانی کێشەیەکی زۆری بەرپاکردووە کە پێویستی بە توێژینەوە و چارەسەرێکی بە پەلە هەیە. من هاتم بۆ ئێرە تا لە نزیکەوە خۆم بارودۆخەکە ببینم و بتوانم باشتر فرمان بدەم چی هەنگاوێك پێویستە بنرێت. ئێوە دەزانن کە ئێمە لەم خەباتە مەزنەدا تەنیا بالّ نین و ناتوانین نەخشەی پیلانەکانی داهاتوو بەبێ گۆڕینەوەی تەواوی ئاراکان لەگەلّ هێزە مەزنەکانی تردا بکێشین، بەلاّم دەتوانم دلّنیاتان بکەمەوە کە داهاتوو یاسا و دەستورێکی خۆشگوزەرانیتان بۆ دابیندەکات."

دواتر دەچینە بەغدا، قەسری شیرین و ڕێگەی کرنماشا، کە بابەتی بەشەکانی حەوتەم و نۆیەمە، ئێمە دەچینە بواری زنجیرەیەکی ترەوە لە هێرشەکان. ئەوە ئەو ڕێگایە بوو کە لە سالّی ڕابردوودا هێزی تورکی لەوێوە چووە ناو ولاّتی پێرشاوە، بە ئومێدی ئەوەی لەگەلّ پێرشاییە یاخیبووەکاندا پێکبێن بەرابەریی ئەلّمانیا بۆ لەناوبردنی دەستەلاّتی ئینگلتەرا و ڕوسیا لەو ولاّتەدا، بەلاّم دوای تێکشکانە یەك لەدوای یەکەکانی ڕوسیا لە هەمەدان و کانگاوەر و کرمانشا، ئیدی بە هەمان ڕێگادا

گەڕایەوە. لە کاتی نوسینی ئەم بابەتەدا، هێزەکانی جەنەراڵ باراتۆف General Baratoff خودی قەسری شیرینیان گرت.

لە کۆتاییدا، بەشەکەی باکور، کە ئازەربایجانە. لەوانەیە وردەکاریی شەڕەکە کەمتر لای خەڵکی ئینگلتەرا بیسترابێت، بەڵام بەیادی دەهێنینەوە کە چۆن لە پایزی ساڵی1914 دا، تورکەکان هەوڵیاندا بگەنە تفلیس، سنووری پێرشایان لە نزیك ورمێوە پێشێلکرد. چیرۆکی کۆمەڵکوژیەکەی دانیشتوانە مەسیحیەکان "نستۆریەکان" لەلایەن کوردە نادەستووریەکانەوە، کە تا تەبرێزیشیان ویرانکرد و سەدان گوندیان سوتاند و ئۆردوگای ڕوسە لاوازەکانیان ڕاونا بۆ دەرەوەی هەرێمەکە. لەو سەردەمەدا– بڕگەیەکی کەم و نامەیەك یان دوو نامەی فراوانمان لە ڕۆژنامەدا پێگەیشت. لە ڕووداوەکانی دەوروبەری ورمییە، کورتە ئاماژەیەکم لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا پێداوە. کە لێشاوەکە بەهێمنی دژی تورکیا لە قەوقازدا هەڵگەڕایەوە و ڕوسیا بەرەو ترابزۆن و ڤان چووەپێشەوە، هێرشبەرانی ئازەربایجان پێگەکانی خۆیان بینی کە ناکرێ بەرگری لێ بکرێت، بەڵام لە وەرزی بەهاردا جارێکی دی گەڕانەوە بۆ لاکەی خۆیان لەسەر سنوور. ئیدی بەو شێوەیە شاخە مووە هەستدارەکانی جەنگی گەورەی جیهانی گەیشتە تەواوی ناوچە دوورەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و بەکردەوە لە باوەشیگرت، کە شانۆی گەشتە ڕوونکراوەکەی

لاپەڕەکانی دواترە. ناوەرۆکی ئەم کتێبە زیاتر بریتیە لە تۆماری تایبەتی و کاریگەریە باشەکانی تیرەکان و ئەو وڵاتانەی کە پیایاندا تێپەڕیووین. سیاسەت دەکەوێتە دەرەوەی بواری خۆیەوە و لە سنووری بەشێکدا چڕمکردۆتەوە و کەمێك کە پێویستە بیڵێم لەبارەی بابەتە گشتیەکانەوە وەکو پەیوەندی نێوان وڵاتەکەی خۆمان و میسۆپۆتامیا. تەنانەت لە سەرکێشی زۆریّ لە سەرگوزەشتەی ئەو گەشتیارانە سڵدەکەمەوە، بەڵام بەشێکی گچکەیە لە سەرگوزەشتە و گێڕانەوەی منیشدا و تا ئەوپەڕی کە بتوانم بەڵێنی دڵنیایی بە خوێنەر بدەم، " ئەگەر ئارامیەکەی ڕێگەی پێ بدات" بەدرێژایی وردە ڕێچکە و ڕێڕوەکاندا "لە کەنداوەوە بۆ ئارارات".

ئازار/1916

# تێبینی

زووربەی زۆری وێنەکانی کە ئەم کتێبەی وێنەدارکردووە، لەلایەن "کابتن بررووك"ەوە Captain Brooke گیراوە، کە ڕێی پێداوم بۆ ئەم مەبەستە بەکاریانبهێنم. بەگوێرەی ژمارەیەکی زۆری پاشماوەکەیەوە من قەرزداری "بەڕێز ڕاتیسلاو"م. Mr Wratislaw. هەروەها Captain Wilson کابتن ویلسن لە زۆر لایەنەوە هاریکاری گەورەی کردووم، بەتایبەتی بیرەوەریەکانی خۆی پێدام کە لە ناوچە جیاوازەکان تۆماریکردبوون.

لەکۆتایدا، دەمەوێت سوپاسی میستەر و. فۆستەر Mr W. Fosterلە ئۆفیسی هیندستان بکەم، کە مەودای ئەو توانایەی بۆ سازاندم تا بتوانم لە تۆمارکراوەکانی پێشوی کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی هیندی شکۆدار و نوسراوەکانی ڕۆژهەلاتی نزیك کەڵك وەربگرم؛ بە خواستنی فایلە کۆنەکانی کە لە میسۆپۆتامیا مامەڵە لەگەڵ ئاودێری دەکات. هەروەها بەرامبەر یارمەتی نوسەرەکانی تر لە دەقی کتێبەکەدا هێمام پێکردوون و پێیدەزانم.

G. E. H

## بەشی یەکەم

# سنوور

لە پایزی ساڵی 1914، چەند هەفتەك دوای هەڵگیرسانی جەنگ، کۆمەڵێکی بچوك کە بریتیبوون لە ئینگلیز، ڕوس، تورك و فارس گەیشتنە سەر لوتکەیەکی سەربەبەفری چیای ئارارات، ستونێکی بەردینیان لەژێر سایەی قەڵایەکی گەورەی 17.000 پێدا دروستکرد و بەخێرایی هەریەکەیان بەرەو وڵاتی خۆیان بڵاوەیانکرد و گەڕانەوە. ئەمانە (بە سوپاسەوە بۆ کۆچەرییە شەڕانگێزەکان) ئەو بارودۆخە شەرمەزارکەرانە بوون کە بوونە هۆی گەیشتن بە لوتکەی حەفتا ساڵ دەمەتەقێ و گفتوگۆی دیپلۆماسی و لیژنە تایبەتەکان و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی نێوان چوار زلهێزی پەیوەندیدار.

بەڕوونی لە پرسیار دەرچووە کە زیاتر لە کورتەیەك لە مێژووی پرسی سنووری تورکیا و پێرشا لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵەدا بدەین؛ من پێم وایە ئەو فایلەی کە تۆمارەکەی تێدایە لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی، تەواوی 1180 میلە کە سنووری ڕاستەقینە پێکدەهێنێت. لە هەمان کاتدا، پێموایە پوختەیەکی کورت ڕەوایە، یەکەم، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی گەشتەکەمان؛ دووەم: وەك نموونەیەك

(هەرچەندە خۆشبەختانە زۆر تايبەت نييە) لە شێوازی دەرکەوتنی سنوورەکان؛ سێيەم: وەك دياردەيەكی دواخستن كە تەنانەت لە مێژووی ديپلۆماسيەتی ڕۆژهەلاتيشدا بێ هاوتايە. ڕێكەوت هێنايە پێش، لەوەش زياتر، بە ڕێكخستنی "پەردەيەك" بۆ هەر يەك لە سێ كارە بنەڕەتيەكەی لە شێوەی جەنگێكی ئەوروپيدا-جەنگی كريمين، ڕووس و تورك و دوا جەنگی گەورەی يەكلاكەرەوەی ئەمڕۆ. دەتوانيت لەسەر نەخشەی ڕۆژئاوای ئاسيا هێڵی تاريك لە چياكان بكێشيت، دوای لەيەك پچڕانی خۆی لە كۆمەڵە چيايەكی تێكەڵی ئەرمينيا لە دەوروبەری ئارارات، درێژدەبێتەوە بۆ باشووری ڕۆهەلات بۆ نزيكی ترۆپكی گۆشەی ڕاستی كەنداوی فارسی. لەسەر نەخشە لەجياتی هێڵێك زياتر وەك پەڵەيەك دەردەكەوێت، چونكە بە پانتاييەكی گەورە لە زنجيرەيەكی كۆمەڵەيەكی هاوڕێكدا بڵاودەبێتەوە. بەڵام بڕبڕەكە يان "زنجيرەی شكۆدار"- بۆ خواستنی دەستەواژەيەكی واتادار- ئەوەيە لە ڕاستيدا بەئاشكرا تا ڕادەيەك سنووردارە و بەربەستێكی مەزن پێكدەهێنێت، كە پەڕينەوەی لە وەرزی هاويندا گرانە و لە وەرزی زستاندا مەحاڵە، جياكردنەوەی بانە مەزنەكانی پێرشا لە دەشتاييەكانی ميسۆپۆتاميا. ئەو لە ڕاستيدا، وەك چيای ئەلپ يان چيای پيرێنيس، يان لەسەر ئاستێكی فراوانتر چياكانی هيمالايە- يەكێك لە سنوورە سروشتيەكانە، كە ميللەتان لەسەرەتای

مێژووەوە خۆیان لەگەڵ گونجاندووە. وەك سنوورێك لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئاشوور و لە ڕۆژئاواوە بۆ ماد. زۆرجار، بە دڵنیاییەوە، لە هەردوو لایاندا وڵاتان بەشێوەیەکی کاتی لەناو یەك ئیمپراتۆریادا یەکیانگرتووە، هەروەك ئەوەی، بۆ نمونە، کاتێ ئەلەکساندەر Alexander لە لایەکەوە بۆ هیندستان چووە پێشەوە، یان خەسرەو لە لایەکی ترەوە دەستەڵاتەکەی درێژبۆوە بۆ کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، یان جارێکی دی کاتێ مرۆڤایەتی لەژێر فرمانی جەنگیزخاندا هەرەسی هێنا، یان تامەرلەین Tamerlane "تەیموری لەنگ" هەموو شتێکی لووشدا و سەرتاپا سنوورەکانی لە هەبوون سڕییەوە. بەڵام زوو بێت یان درەنگ ئەم زنجیرە چیا مەزنە وەك بەشکەری میللەتان ڕۆڵی بنەڕەتی خۆی دەگێڕێت و بەو شێوەیە هەمیشە بنەچەی دانوساندنی سنووریی نێوان حوکومەتی تورکیا و وڵاتی پێرشا بووە.

ئەو دوو ئیمپراتۆریایە بۆ یەکەم جار لەسەرەتای سەدەی شانزەدا کەوتنە پەیوەندیکردن. لەو کاتەدا وڵاتی پێرشا لە وێرانکاری و داگیرکردنی مەنگۆلیەکان بەخێرایی چاکدەبووەوە و جارێکی دی وەك میللەتێك کیانی خۆی دەبینیەوە. سەرکەوتنەوەکانی بەڕێکەوت هاوکات بوو لەگەڵ شەپۆلە سەرکەوتنە ناوێزەکان کە سوپای ئیمپراتۆریای عوسمانی هێرشیکردە سەر شوێنە دورەکانی وەك میسڕ و

تونس و له کۆتایشدا تا دەروازەکانی ڤێننا. سولەیمانی مەزن، که ئاوڕە سەرنجێکی بۆ چرکەساتێك بەرەو ڕۆژهەڵات دایەوە، کوردستانی باکوری و ئازەربایجانی داگیرکرد و سوپاکەی بەرەوخوار بەرەو بەغدا برد، که لە ساڵی 1534دا دەستیگرت بەسەریدا. ئیدی دەرفەتەکە لەبەرژەوەندی پێرشادا لە بەرز و نزمیدا بوو. شاه عەباس- شارلەمەین - ی ئەوان- زووربەی پارێزگاکانی باکوری گرتەوە و تورکەکانی لە بەغدا دەرکرد و سنوورێکی بە درێژایی ڕووباری دیجلە دامەزراند. دوای ئەوەی باندۆڵی کاتژمێرەکە بە هەردوو لادا دێت و دەچێت، لەکۆتاییدا لە ساڵی 1639دا ئارام بووەوە، کاتێك مورادی چوارەم، بەدڵنیاییەوە بەغدای بۆ تورکیا بردەوە و سنوورەکانی بە پەیماننامە بە هەمان ئەو هێڵە یەکلاییکردەوە کە ئەمڕۆ پەیڕەوی لـێ دەکات.

دوای نزیکەی دوو سەد ساڵ، ئینگلتەرا و ڕووسیا دەستیانکرد بە تێوەگلان لە کێشەی سنووری تورکیا و پێرشیا. پەیمانی موراد تا ئەو کاتە نەمابوو، ئەسڵە تورکیەکەی لە یەکێك لەو ئاگرە گەورەکاندا لەناوچوو کە زۆرجار لە ئەستەنبوڵ ڕوودەدات و پەیمانی پێرشیاش یەکێك بوو لە هەڵچوونە دەگمەنەکانی شۆڕشگێڕی لە پایتەختی فارسدا. لە ساڵی 1842دا ناکۆکی بەربڵاوی سنوورەکان هەردوو وڵاتی گەیاندە لێواری شەڕ. حوکومەتی پێرشا سکاڵایکرد لەو هێرشە نالەبارەی حاکمی

تورك له شاری سلێمانی كه كردویه‌ته سه‌ر والی ئه‌رده‌ڵان، له هه‌مان كاتدا وه‌ڵامی تورك له‌باره‌ی ناوچه‌ی زه‌هاوی به‌پیته‌وه بوو، كه به‌پێی په‌یمانی ساڵی 1639 له‌سه‌ر توركیایه و به‌ڵام هێشتا داگیریكراوه و له‌لایه‌ن پێرشاوه كۆنترۆڵكراوه. ڕووداویكی دی كه یارمه‌تی هه‌ڵچوونی كێشه‌كه‌ی دا، ئه‌ویش هێرشه‌كه‌ی سه‌ر موحه‌ممه‌ڕه بوو له‌لایه‌ن پاشای به‌غداوه، كه له‌وانه‌یه بهێنێت ڕوونكردنه‌وه‌ی تری بۆ بكرێت، ئه‌ویش له یاده‌وه‌ریه‌كانی General Tchirikoff جه‌نه‌راڵ چیریكۆف ـ ه‌وه وه‌ك نمونه‌ی جه‌نگی عه‌ره‌بی خواستراوه: عه‌لی ڕه‌زا پاشا هێزه‌كه‌ی له به‌غداوه برد بۆ خوارووی كه‌ناری ڕاستی ڕووباری دیجله، زه‌خیره و پێداویستیه‌كانی به به‌له‌م گواسته‌وه.

بۆ به‌رگریی له موحه‌ممه‌ڕه، ته‌واوی گه‌نجانی تیره‌كه كۆبوونه‌وه كه نزیكه‌ی 25.000 كه‌س بوون، به‌و شێوه‌یه‌ی ده‌یگێڕنه‌وه ئاشكرایه درۆوده‌له‌سه و هه‌ڵبه‌ستی پێوه‌یه. شاره‌كه پڕبوو لێیان و ئه‌وانه‌شی شوێنیان نه‌بینیه‌وه تێیدا پارچه زه‌وییه‌كیان له‌لای چه‌په‌وه له‌نێوانی دارخورما و بیابانه‌كه‌دا ده‌گرت.

عه‌لی ڕه‌زا پاشا به‌بێ دواكه‌وتن به تۆپه‌كانی ده‌ستیكرد به تۆپبارانی شاره‌كه. عه‌ره‌به‌كانیش له دیواره‌كه‌وه به تۆپه‌كان و چه‌كه بچووه‌كه‌كانیان وه‌ڵامیان

دەدایەوە. بەڵام ئاگربارانی هەردوولایان زۆر تەواو نەبوو. عەلی ڕەزا پاشا چووە لای تۆپچەکانی ئاگاداریکردن کە بەشێوەیەکی خراپ تۆپباران دەکەن و بارووتی کەم دەکەنە ناو لولە تۆپەکانەوە، پاشان پەیمانی 5000قورۆشی دا بە ئەوانەی کە بەباشی شارەکە دەپێکن. دوای کەمێك تۆپێك لە موحەممەڕەوە تەقێنرا، لەوانەیە بەهۆی کەمی شارەزایی عەرەبەکان لە تۆپەکان و بارکردنی زۆری بارووت، بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەك لەو پیاوانەی لە نزیکی تۆپەکەوە بوون. تورکەکان وایاندەزانی کە تۆپەکانی ئەوان ئەو تۆپەی تێکشکاندووە و تەنانەت ناویشیان نا لاوە تۆپچییەکان، کە وەك دەیانوت تۆپێك بنێ بە تۆپێکەوە، ئیدی عەرەب تۆپی نامێنێت بیتەقێنێت. ئەو ڕووداوە شڵەژانێکی لەناو عەرەبەکاندا سازاند، ئیدی تورکەکان بە سێ تیپ دەستیانکرد بە هێرش، تۆپەکان لە ناوەڕاستدا، یەکێ لە فەوجە پیادەکان لەلای ڕاستەوە و ئەویتریش لەگەڵ مونتەفیك لەلای چەپەوە. "بەرلەوەی تورکەکان بگەنە شووراکان، تۆپچییەکان لە شارەکە هەڵهاتن. بەو شێوەیە بەبێ شەڕ دەستگیرا بەسەر شارەکەدا. کوشتن و ڕاوڕووتی بەدوادا هات. شارەکە و هەموو گوندەکانی دەوروبەری سوتێنرا."

بەدڵنیاییەوە لەو جۆرە ڕووداوانە نابێتە هۆی دۆستایەتی نێوان دوو وڵاتەکە و ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی ئەوەدا هاتە پێشەوە ئەوەیە کە بەریتانیا و ڕوسیای بۆ

یەکەم جار ڕاکێشایە ناو شانۆکەوە. ڕوسیا، بێگومان ئارامی ناوچە تازە بەدەستهێناوەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا دەخوازێت، ئەگەر بکرێت لە جەنگ دووردەکەوێتەوە. بەگوێرەی بەریتانیاوە، لەگەڵ ملیۆنەها هیندی و بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی لە کەنداودا ناکرێت بتوانێت بەهێمنی بڕوانێت، لە کاتێکدا دوو هاوسێ موسڵمانەکە دەستیان لە گەرووی یەکتر گیرکردووە. دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە وڵاتی پێرشا لەو قۆناغەدا هێزێکی سەربازی بوو، یاریەکە لەوانەیە بۆ تورکیا تەواو لاوازبێت وەك لەو دوو جەنگە تازەیەدا بینرا.

لەم کاتەدا "سێر ستراتفۆرد کاننینگ" Sir Stratford Canning کە پێیدەوترا – Elechi [1] ئێلێچی مەزن– باڵویزمان بوو لە ئەستەنبوڵ، کاریگەریە ناوازەکەی لەگەڵ پۆرت/ بابی عالیدا، لەپاڵ کاریگەری هاوپیشە ڕوسەکەی، سەرکەوتوبوون لە بەئاگاهێنانەوەی حوکومەتی تورکیا بە گۆڕینی شمشێر بە خامە. هەروەها دوای پەسەندکردنی حوکومەتی پێرشا، لیژنەیەك لە ئەرزرۆم پێکهێنرا بۆ تاوتێکردنی پرسی سنوورەکە. بەریتانیا بە سێ ئەندام نوێنەرایەتی کرد– کۆلۆنێل ولیامس Colonel Williams" بەرگریکاری ناوداری کارس لە جەنگی کریمین" و مەیجەر

[1] Elechi بە مانای حێل دێت. وەرگێڕ

فاڕانت Major Farrant و Hon. Robert Curzon شکۆدار ڕۆبەرت کەرزون[2] - ئامۆزای جێگری مەلیکی پێشو لە هیندستان. ئەمەی دواییان (کە زانستی ئەدەبی ڕێگەی پێدەدات بە دادپەروەرانە بەراورد بکرێت لەگەڵ ڕەوانی دەریاچەی کینۆی نەمر) لە کتێبەکەیدا "ئەرمەنستان" باسێکی زیندوو لە سەختی و سەختییە نائاساییەکانی گەشتەکەی لە قوستەنتینیە بەسەر دەریای ڕەشەوە بۆ ترێبیزۆن بەجێهێشتووە، و... لەوێشەوە بە ئەسپ بەسەر شاخەکاندا تا ئەرزرۆم، هەروەها ژیانی سەخت، باسی ئەو ژیانە مەترسیدارە ناکەم کە سێ ئینگلیزەکە لەو شارە تاریکەدا دەژیان. باسی ئەو شوێنە نیشتەجێبوونە سەرەتاییە دەکات- نیوە خانوو، نیوە تەویلە- کە ئەندامانی لیژنەکە لە کۆمەڵەی کۆمەڵگەیەکی تێکەڵاوی نۆزدە بەرخ (کە ڕۆژەکەیان بە پشوودان لەسەر سەربانەکە بەسەردەبرد)، مریشکێك، پشیلەیەکی پێرشایی سپی بە کلکی پەمەیی و پەڵەداری خەنەیی، و سمۆرەیەکی ئاوی کە "ژیانی خۆی لە تەشتێکی مسی پڕ لە ئاودا بەسەر دەبات." جێگای سەرنجە کە هیچ کام لە ئەندامانی لیژنەکە ڕزگاریان نەبووە تا ئەم چیرۆکەمان بۆ بگێڕنەوە.

---

[2] نوسەری کتێبی سەردانەکان بۆ خانەقاکانی ناوچەی ڕۆژهەلات.

نوێنەری پێرشای دووچاری هێرشێك بوو لەلایەن جەماوەرێکی هەڵچووی چەند هەزار سوننەیەك و لەماڵەکەی خۆیدا بۆ چەند سەعاتێك گەمارۆیان دا. کورزون و دوو هاوکاری بەریتانی لە ژووره شێوه ژێرزەمینیەکەی خۆیان خەریکبوون لە دووکەڵی خەڵوزدا بخنکێن، بەڵام لە حاڵەتی بێهۆشیدا لەلایەن کۆمیسیاری روسەوه ڕزگارکران کە بەدەم بانگەکەوه هاتبوون، لەکاتێکدا کورزون خۆی دوای تاڵە مووی سەرفرازی دەکەوت.

میرزا جافەری کۆنە ئاشنام لە باڵوێزخانەی پێرشا لە بارەگای ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ئەستەنبوڵ، زۆر نەخۆش بوو کە نەیدەتوانی تەورێز جێبهێڵێت و لەجێگەی ئەو میرزا تەقی Mirza Tekee دانرا بە کۆمیسیاری پێرشا. بەگەیشتنی لە میانەی دیدگای ئەرزڕۆم لە پێرشاوە، هەموو خەڵکە پایەدارەکان، جگە لە پاشا و کۆمیسیارەکان بەسواری چوونەدەرەوە بۆ ئەوەی پێشوازی لێ بکەن و یاوەری بن لە کاتی چوونە ناو شارەکەوە. کۆمەڵێکی گەورە لەوێدا بوون و تفەنگێکی زۆریان تەقاند، کە گوللەکان بەشێوەیەکی گشتی گوللەی ئامادەکراوی تێکراوە بوون کە لە بازاڕ دروستکراوه، لەگەڵ ئەوەشی کە بۆ ڕێزلێنان و شکۆداریە، بەڵام نمایشێکی مەترسیدارە. نەمدەتوانی دیمەنێکی زۆر جوان ببینم، بەڵام چوومەدەرەوە بۆ سەر شەقامی پێرشا، هەرچەند تێکەڵی هامڕایان نەبووم و

گەڕامەوە، لەسەر سەربانی ماڵەکە هەر بەرز ئەبوومەوە و دادەبەزیم بۆ سەیرکردنی قەرەباڵغیەکەی کە بە دۆڵەکەدا بەرەوخوار دەڕۆیشتن و تەماشای تۆپە گەورەکانم دەکرد کە سەربازەکان لەسەر قەڵاکەوە بۆ پێشوازیکردن دەیانتەقاند. زۆر بە باشی تەقاندیان، لە کاتێکی زۆر باشدا، بەڵام تێبینی ژمارەیەکی کەمی ئەفسەر و ژمارەیەك پیاوم کرد کە سەرقاڵی تۆپێك بوون و دوا دانەیان لەلای چەپەوە لەنزیك گۆشەی بنکەی تۆپەکەوە. بەدرێژی ئەم تۆپە گوللەبارکراوە. لە چاوتروکانێکدا پێشهاتێکی گەورە لە کونی دیواری قەڵاکەوە دروستبوو، هەروەکو لە ڕۆشتنەکەمدا وەرچەرخامەوە، دەنگی تەقینی تۆپێك دەرچوو، سەرتاپای گیانم تەپوتۆز داپۆشی لە شتێك کە لەبەر پێما لە دەشتەکەدا دای بە زەویدا. سەیری خوارەوەم کرد بزانم ئەوە چی بوو، بینم گوللە تۆپێك چەقیوەتە زەویەکەوە، هەموو سەربازەکانیش لە حەساری قەڵاکەدا دیارنەمان و تەماشامکرد تەقە لە کۆمیسیاری بەریتانی دەکەن.

بەڵام بۆ گەڕانەوەمان بۆ بابەتەکەمان. لیژنەی هاوبەش بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئەرزڕۆم دانیشت و بەڵگەکانیان دەپشکنی و دیداریان سازدەکرد لەگەڵ شایەتە گرنگەکانی وەکو حوکومداری زەهاو و شێخی موحەممەڕە، کە هاتبوون بۆ ئەوێ بۆ شایەتیدان. لە ساڵی 1847دا، هەوڵ و کۆششیان گەیشتە ئەوپەڕی پەیمانی

ئەرزرۆم، کە لەو میانەیەدا خاڵە سەرەکیەکانی بابەتەکە یەکلایی کرانەوە و کۆمیسۆن وێنەی سنووری دیاریکرد بۆ سنووردانان لە شوێنی دیاریکراودا. ئەم لیژنە نوێیە کۆبوونەوە، کە بەریتانیای مەزن لەلایەن کۆلۆنێل ویلیامس–ەوە Colonel Williams بە تەنیا نوێنەرایەتی دەکرد، لە ساڵی 1848 لە بەغدا و تا کۆتایی باشووری سنوورەکە چووەپێشەوە. لەوە دەچێت ڕادەی نالەباری بۆ ئاژاوەی سنوورەکە بیسەپێنێت کە لە ڕاستیدا یاوەرانیان لە دوو بەتالیۆن لە پیادە و سرییەك لە سوارە و دوو تۆپ، لەلایەن دوو لایەنە سەرەکیەکەوە دەبێ ئامادەبکرێت. کەشوفش پێویستە، بەهەرحاڵ، بەلەمێکی جەنگی بە شەش تۆپەوە بەتایبەتی سازکرا بۆ گواستنەوەی دەروێش پاشای نوێنەری عوسمانی لە بەغداوە بۆ موحەممەرە. Colonel Williams کۆلۆنێل ولیامس گەیشتە شوێنی دوایی بەهۆی نیکرۆتیس کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلات و دوای تەقاندنی تۆپێکی زۆری پێشوازیکردن، وەك هاتووە، ئیدی ئیش و کارەکانیان دەستپێکرد.

لە ساڵی 1848–1852 بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و سەر و خوارکردن لەسەر سنوور بە گەشتکردنەوە خەریکبوون، کاروبارەکەیان بەهۆی کێشەی هەردوو بەرپرسەکەوە دوادەکەوت و بەتایبەتی لەمیانەی هاتوچۆ ناڕێکوپێکەکەی دەروێش پاشا– چونکە هاولاتیەکی زۆر نیشتمانپەروەرە، وای هەستدەکرد کە ئەگەر بەشێوەیەکی

بەردەوام نەچێت بە دەم "گەشتی لێکۆڵینەکانەوە" خزمەت بە وڵاتەکەی دەکات، هەر لەو سەردەمانەدا هێڵێك کۆڵەکەی سنووریی داچەقاند کە لەگەڵ ئارای تایبەتی خۆیدا دەگونجا. لە هەمان کاتدا لەلایەن دوو ئەندازیاری بەریتانی و ڕوسییەوە ڕووپێوکرا، بەڵام هەموو هەوڵ و کۆششەکەی لۆرد پالمەرستن Lord Palmerston و وەزیری دەرەوەی ڕوسی نەیتوانی پێکهێنانێك لەنێوان لایەنە ناتەباکاندا بکات تا ڕێبدات بە دارشتنی هێڵێك لەسەر زەوی. تەنیا تۆمارەکان، ئەوەندەی ئاگادارم بۆ ئەو گەشتە لە دەفتەری بیرەوەری نوێنەری ڕوسی"جەنەڕاڵ چیریکۆف"دا هەیە، کە دواتر حوکومەتەکەی بڵاویکردەوە و لە کتێبێکدا کە لە بنەچەدا تایبەتە بە شوێنەوارناسی کە لەلایەن میستەر و.ك. لۆفتەس Mr W. K. Loftus زانای شوێنەوارناسی ئینگلیزی، لەمیانەی بەشێك لە گەشتەکەی خۆیدا پەیوەندی بە لیژنەکەوە کرد. تەنانەت ڕاپۆرتە فەرمیەکەی Colonel Williamsکۆلۆنێل ویلیامس دیارنییە، وەك ڕاپۆرتێکی بەنرخ کە پڕە لە ئەرك و ماندوبوونی چوارساڵ، دوای ئەوەی کە گەیشتە بەریتانیا، بێ بەختانە لە نزیك گرەیڤسەند کەوت و مەزارێکی لە قوڕی تایمز پێکهێنا. دوای ئەوەی کە لیژنەکە گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، وتووێژ بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر بەردەوام بوو، کاتێ جەنگی کرایمیەن بەرپابوو گەیاندیە کۆتاییەکی کوتوپڕ. کاتێ کۆتایی بە جەنگ هات، دەستبەجێ پرسی سنوور

دەستیپێکردەوە. یەکەم شت ئەوە بوو کە نەخشەیەکی گەورەی ناوچەی سنووری دروستبکەین. بۆ ئەم مەبەستە .Commander Glascott, R.N، ئەوەی ڕووپێوی بەریتانی کرد، چوو بۆ سان پیتەربەرگ، لەوێ ئەو و ڕووپێوە ڕووسیەکان تا ساڵی 1865 کاریان لە نەخشەکانی خۆیاندا دەکرد. کاتێ نەخشەکان ئیدی ئامادەبوو ـ لەوە دەچوو بۆ یەکەم جاربێت ـ بەراورد بکرێت، ئەنجامەکە تا ئەو کاتە کە تێیدا تەواو بوو هەشت پەڕە لە حەقدە وەرەقەی بنەڕەتی کە هەر کۆمەڵێك تاقیکرایەوە، چوار هەزار جیاوازی لە ناو و شوێن و شتی تردا دۆزرایەوە. وەك ئەوەی بە ڕوونی بێکەڵك بوو. بوونی دوو نەخشە بۆ ئامانجی هەمان پرس کە تەواو ناکۆك بن، پێوەران گەڕانەوە بۆ سەر مێزی نەخشەکێشانەکانی خۆیان و لەمیانەی هەندێ کاری سەیرەوە لە کێشانی نەخشەکاندا، دەستکاری دوو نەخشەکەیان کرد بۆ بەرهەمهێنانی یەك نەخشە کە ئێستا ناسراوە بە ناونیشانێکی نوێوە "کارتی هاوشێوە". ئەم نەخشەیە، بەتەواوی بەپێوانەی یەك گرێ بۆ هەر میلێك لە 1869 دا تەواوکرابوو، دوای بیست ساڵ لە دەستپێکردنی یەکەم ڕاپرسی، نوسەری هاوبەش بە زمانی ئینگلیزی بەدرێژی کارەکەی خۆی لە پلەی ئەفسەرییەوە بەرزبۆوە بۆ پلەی پۆستی کاپیتانی دەریایی پاشایەتی، کە پێشینەیەکی دەگمەنە و لەوانەیە

بەگونجاوی لە ساڵنامەی زانیاریدا بێتەیاد. پشکی ئەم وڵاتە بەتەنیا لە تێچوونی بەرهەمهێناندا بەباشی گەیشتە پێنج ژمارەیی.

ئیدی، دوای ئەوەی نوێنەرانی دەوڵەتە موسڵمانەکان دەتوانن ئەکادیمیانە لەدەوری نەخشەیەك بە ئاسودەیی دانیشن و لە شتەکان بکۆڵنەوە، دوور لە ناکۆکی هیچ و پوچی گەشتی ڕۆژهەڵاتی، لەوەدەچێت لەکۆتاییدا هەموو هیوایەکی دڵخۆشکەر کۆتایی کێشەیە. بەڵام دوای پێنج ساڵی دی لە دانوساندن و نامەگۆڕینەوە، تەنیا یەك چاکسازی کرا، ئەویش ددان پێدانانی تورکیا و وڵاتی پێرشا بوو بەوەی کە سنوور کەوتۆتە شوێنێکەوە ( شریتێك کە پانیەکەی بیست و پێنج میلە) لەسەر نەخشەکە ڕوونکراوەتەوە و پەیمانە هیچ بینایەکی نوێ یان ناهەقیەك لەناوەندی ئەو شریتەدا لە یەکتری نەکرێت.[3] لەوانەیە شیکردنەوەیەکی ئەو کاریگەریانە کە لۆرد کروزون بەو شێوەیەی خوارەوە لە وتارە تایبەتە ڕۆمانیەکەیدا ساڵی 1907 لەبارەی"سنورەوە" کورتیکردۆتەوە و دەڵێت: لە ئاسیا، "هەمیشە غەریزەیەکی

---

[3] ئەم پەیمانە، لەگەڵ ئەوەی لە زۆر لایەنی ترەوە و بەشێوەی تر بەردەوام دەشکێنرا، بەڵام لە نمونەیەکی خۆشترا بە مانای ڕاستەقینەی وشە کاریدەکرد. پێشنیارکرا کە دوو هێڵی تەلەگراف بەدرێژایی بەغدا بۆ کرمانشا ڕابکێشرێت. لێرەدا، تا ڕادەیەك لە هەموو لایەك، شریتی قەلەمرەوی هەرلایەك هەیە کە بە چاونەزێری داوای دەکرد و کێشەیەکی گران هاتەپێش. تەلی تەلەگرافی تورکی بە عامودی ئاسنی ڕاکێشرا، پێرشاش لەسەر کۆڵەکەی دار ( بەگرانی دەتوانرێت ناوێکی لەوە جوانتری بدرێتێ) ئیدی ئەوە بووە کێشە و وتووێژی زۆری لەبارەوە، کراو دواجار ڕێکەوتن کە عەمودێکی ئاسن و کۆڵەکەیەکی دار بەڕیز دابنرێت بەوجۆرە هێڵەکە تەواوکرا.

نەفرەت بەگوێرەی سنوورێکی جێگیرەوە هەیە، کە بەشێکە لە دابونەریتی خەڵکانی دەشتەکی، کە تا ڕادەیەك لە وردەکاریی ئەو سیستمەی کە نمونەیە بۆ عەقڵی ڕۆژهەڵاتی، بەڵام زیاتر چاوەڕوانی نائارامی دەکرێت وەك لە سنوورێکی ئارام."

لەو بارودۆخەدا بەردەوام کارەساتی نوێ لە سنوور دەردەکەوت. لەپێناوی ئەوەی کە پەتی نێوانیان نەپچڕێت، ئینگلیز و ڕوسیا جارێکی دی کەوتنەوە نێوەندکاریی و نوێنەری خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دیاریکردەوە بۆ یارمەتی وتووێژکردنەکە، نوێنەری بەریتانی General Sir Arnold Kemball جەنەڕاڵ سێر ئەرنۆڵد کەمباڵ بوو. لەمیانەی پرۆسەیەکی باو بۆ هەر کەسێك کە ڕەوتی کڕینی لە بازاڕی ڕۆژهەڵاتیدا بینیبێت، هێڵەکان بەو شێوەیە لە نێوانی پێشبڕکێکاردا لەسەر نەخشەکە بەپلەی ورد دەهاتنە پێشەوە و نزیکبوونەوە. مامەڵەکە لە ساڵی 1877دا کۆتایی هات، کاتێ بۆ دووەم جار قەدەر هێنایەوە پێش. جەنگی سربیا/ Servian بەرپابوو، ڕاستەوخۆ بەدوایدا هێرشی ڕوس و تورك هات.

دوای پەیمانی بەرلین، پرسی سنوور بەخێرایی هەڵیدایەوە، بۆ جارێکی دی لیژنەیەکی هاوبەش پێکهات، بە هاوبەشی Sir Arnold Kemball سێر ئەرنۆڵد کەمبال، سەفەرێکی پڕ ماندوێتی بۆ سەر سنوور کرد، ئەم جارەیان بۆ کێشەیەکی

ناوخۆیی لەبارەی کۆتورەوە Kotur، کە ناوچەکی دوور نیە لە سنووره نوێکەی ڕوسیاوە. هەوڵ و کۆششیان بەتەواوی سەرنەکەوتوو بوو، ئەوەش بەهۆی کەللەڕەقی تورکەوە، کە بەردەوام بوو تا ڕادەیەك لەو مەسەلەیەدا کە دەبێت ئەو درێژبوونەوەیە تایبەتیەی سنوور (نزیکەی سی میل بە پانی) بگرێتەوە، ئیدی ئەوەی مابوو بەتەواوی لە 1914دا دیاریکرا.

تا ساڵی 1885دەوڵەتی بەریتانی زیاد لە 100.000 پاوەندی بە شێوەیەك لە شێوەکان لەسەر سنوورەکانی تورکیا و وڵاتی پێرشا خەرجکردووە، لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێکیش دیارنیە جگە لە چەند کۆپیەکی نەخشەیەکی ڕەنگاوڕەنگی سادەوساکار بەدرێژی نزیکەی بیست یاردێك و وردەکارییەکی گوماناوی تێدایە، دامەزراندنی (ناوچەی سنووری) بیردۆزێکە لایەکیان داناوە کە بەلایەنی کەمەوە بەهانەیەکی لاوازی ڕێزگرتنە.

تا ساڵی 1906 هیچ شتێکی دیاریکراو نییە بۆ تۆمارکردن جگە لە زنجیرەیەك ناکۆکی نابنیاتنەر، کاتێ کێشەکانی ناوخۆی وڵاتی پێرشا توندوتیژ بوو، یەکێ لەو هەلە دیاریکراوانەی بۆ دراوسێکەی ڕەخساند کە لەنێو وتارە وەرگێراوەکەی لۆرد کرزۆندا Lord Curzon هیمای بۆ کراوە. تورکیا توانی بەخێرایی ئەو هەلە

بقۆزێتەوە و پێش ماوەیەکی دوور و درێژ هێزەکەی بیست یان سی میل لەناو سنووری سەلمینراودا بووە و بۆ قولایی سنووری ناوچە پێرشاییەکانی وەك ئازەربایجان و کوردستان. ئیدی ئەو هێرشانە بۆ چەند سالێك بەردەوامبوو. لەم کاتەدا ڕێکەوتننامەی ئینگلیز و ڕوسیا بەئاکام گەیشت و ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی ناسێنرا بە دەستەلاتی ڕووسی لە باکوری ولاتی پێرشادا، ئەم دەستدرێژیانەی ناو خاکی پێرشا بووە سەرچاوەی نائارامی بۆ خۆی و هەروەها لایەنە ڕەنجاوەکەش. جارێکیان بەکردەوە بەریەککەوتن لەنێوانی هێزێکی تورکی و سەربازانی ئۆردوگای ڕووسیدا لە ئازەربایجان پێشهات. بە لەناوچوونی تواناو دەسەلاتی دەولەتی دەستووری پێرشا بارودۆخەکان بەرەو خراپتر چوون، تا سالی 1913 چەندین ڕووداوی دلتەزێن بەرپابوو کە بووە هۆی ئەوەی لیژنەی تورکی و فارسی لە ئەستەنبولّ جارێکی دی کۆببنەوە. دانیشتنەکانیان بێ ئەنجام بوو تا ڕادەی ئەوەی کە جارێکی دی بەریتانیا و ڕوسیا بۆ ناوبژی بانگکرانەوە. بەلام ئەم جارەیان ڕێ نەدرا بەو گالتەبازییەی جاران کە خۆی دووبارەبکاتەوە. هەردوو هێزە ئەوروپیەکە ئێستا زیاتر لە مەترسیدایە: ڕوسیا بەهۆی پێگەکەیەوە لە ئازربایجاندا و بەریتانیاش لەگەلّ هۆکارەکانی تریشدا، بەهۆی ئەو مافەی کە کۆمپانیای بەریتانی بەدەستیهێناوە بۆ دەستبەسەراگرتنی کاروباری نەوت لەناو بەشێکی

گەورەی وڵاتی پێرشادا، تا ئەو سەردەمە هەندێ کێڵگە نەوتی سەرەکی دۆزراوەتەوە کە کەوتۆتە سەر خاکە کێشەدارەکەی نزیك ناوچەی سنوور. وزەو توانای باڵوێزە پەیوەندیدارەکان لە ئەستەنبوڵ ئەنجامی خۆی هەبوو، لە 1913/11/4 کۆنووسێك لەنێوانی وەزیری مەزنی تورکیا و باڵوێزەکانی سێ هێزەکەی تر واژۆکرا، کە سنووری نێوان دوو ئیمپراتۆریاکە دیاریدەکات. کێشە لەبارەی نەخشەکانەوە بەرپابوو. تەنانەت یەك دانەش لەو نەخشە ناودارە یەك جۆرە دەرنەچوو. لەوە دەچوو کۆپیەکەی تورك لەلایەن عیزەت پاشای سکرتێرە ناودارەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە لەناوبرابێت، بەو هۆیانەی کە خۆی و ئیمپراتۆرە سەرکردەکەی باش دەیزانن. هەموو کۆپیەکانی تریش دیارنەمان. لە لوولەکێکی تەنەکەی درێژدا، کە ساڵانێکە تۆز و گەردی لە گۆشەیەکی کۆمیسۆنی بەریتانیدا لە تاران لێنیشتووە، کرابۆوە و ئەو نەخشەیە دۆزرایەوە کە بەدوایدا وێڵ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکانی نەخشەسازی ڕووکاری زەوی هێشتا زۆر گەورە بوو، هەرچۆنێ بێت ڕێ بدات هێڵی سنوور بەکردەوە نیشانە بکرێت. بۆ نمونە لە یەك شوێندا تورکیا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ڕووبارێك هەیە، کە ناوەکەی لە هیچ نەخشەیەکدا بڵاونەکراوەتەوە و هیچ کەسێکیش نەیاندەتوانی بوونی ئەو ڕووبارە یان شوێنەکە بسەلمێنن و بچوکترین زانیاری لەبارەوە بڵێن. لەوپەڕی باشوورەوە،

بۆ ماوەی نزیکەی 250 میل، ولآتەکە تەواو نائاوەدان بوو، تا ڕادەیەکی زۆریش نەناسراو بوو، نەدەتوانرا داتایەك پەیدابکرێت تا بتوانیت وەك وەسفێکی گشتگیری بۆ سنوور بەکاربهێنرێت. هەنگاوی دواتر دیاریکردنی لیژنەی هێڵکێشانی سنوورەکەیە، لەگەڵ ئەرکی چارەسەرکردنی هێڵی نزیکبوونەوە دەستبەجێ لە هەر شوێنێکدا کە تەمومژاویە و هەمووی بکێشرێت بە دانانی کۆڵەکە سنوورییەکان. ئەندامانی لیژنەکانی بەریتانیا و ڕوسیا هاوبەشی ئەوە دەکەن، بەڵام تەواو لە بارودۆخێکی جیاواز لە بارودۆخەکەی لیژنەکەی ساڵی 1848. پێگەی ئەوان بۆ خواستنی میتافۆرێك- خوازەیەك لە "بازنەکە" لەو چرکە ساتانەوە گۆڕابوو بە داوەریکردن، لە زمانی دیبلۆماسیدا، هاوپێچکران وەك ئەندامانی دادوەر لەجیاتی "ناوبژیکردن" و ڕێکەوتن کە لە هەرکاتێکدا نەتوانرا لەبارەی هەر بەشێکی تایبەتەوە بگەنە ئەنجام، پێویستە جیاوازیەکە لە ماوەی 48 سەعاتدا بگەیەننە ئەندامانی بەریتانیا و ڕوسیا بۆ داوەریکردن لەسەری. ئەم کاریگەریە بەتەواوی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لیژنەکەی 1913-1914 هەموو کارەکەی تەواوکرد، لەگەڵ ڕووپێوانکردنی تەواوی سنووری نوێ و دامەزراندنی 223 ستوون/کۆڵەکە لەماوەی 12 مانگ کەمتردا، بەرامبەر بە سێ ساڵ داگیرکردن لەلایەن کۆچەریانی پێشینانیانەوە. لە کۆتایی ساڵدا لیژنەکە لە موحەممەرە کۆبوونەوە و هەواڵ و

چالاکیەکانیان لە بەشەکانی دواترا ئاماژە کراوە. لیژنەکەی بەریتانیا پێکهاتووە لەم ئەفسەرانەی لە داوێنەوە ناویان دیاریکراوە[4] "کە بەشێکی لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و بەشێکی لەلایەن حوکومەتی هیندەوە دیاریکراوە":

کۆمیسیار بەڕێز A. G. Wratislaw ، هەڵگری مەدالیاکانی .C.B، C.M.G، جێگری کۆمیسیار کاپتن A. T. Wilson، هەڵگری مەدالیای C.M.G و سەرۆکی بەشی ڕووپێوانکردن، کۆلۆنێڵی پلە یەك C. H. D. Ryder، هەڵگری مەدالیاکانی .D.S.O، R.E ، CLE. دووەم لە ڕابەریدا، مەیجەر کۆوی H. M. Cowie، هەڵگری مەدالیای

[4] پێویستە داوای لێبووردن بکەم لەبەکارهێنانی بێ سەروبەریی وشەی "کۆمیسۆن" لە دەقی ئەم کتێبەدا، کە زۆرجار بەواتای هەموو لیژنەکە دێت، هەوەها هەندێ جاریش بەواتای بەشەکەی بەریتانیا دێت. زاراوەی زیاتر ڕاست بۆ وەسفی ئەوەی دوایی-"کۆمیسیاریە"- کە بە ئاسانی بە پێنوسەکەی مندا نایەت، چونکە هەمیشە وشەی "لیژنە" وشەیەکی بەکارهێنراوە و لەو بڕوایەدام تەمومژەکە لە هەر شوێنکدا بێت زۆر گرنگ نییە.

G. E. HUBBARD نوسەری کتێبەکە    C. H. D. Ryder کۆلۆنێلی پلە یەک    A. T. Wilson کاپتن



کاپتن H. W. Pierpoint    بەڕێز A. G. Wratislaw    مەیجەر H. M. Cowle    کاپتن A. H. Brooke

R.E. ئەفسەری یاوەر لە سەرکردایەتیدا، کاپتن A. H. Brooke، هەژدەیەم "مەلیك جۆرج خۆیی"لانسەر، ئەفسەری پزیشکی، کاپتن H. W. Pierpoint، سکرتێری ڕێخەری کارگێڕی تەواو، نوسەرەکەی هەنوکە. دواتر کاپتن F. L. Dyer، لە پیادەی سوکی 93 بورماوە وەك ئەفسەری دەزگای زانیاری و گواستنەوە پەیوەندیکرد، کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ ئەو کاتی پشودانەکەی خۆی لە فێربوونی زمانی فارسیدا لە موحەممەرە بەسەردەبرد.

میستەر ڕاتیسلاو Wratislaw کۆنسۆڵی گشتی لە کاروباری کۆنسۆڵیدا لە ڕۆژهەڵات، بەر لە چەند ساڵێك لە بەسرە وەك کۆنسۆڵ کاریکردووە و پاشان لە تەوریز وەك کۆنسۆڵی گشتی، بۆیە شارەزاییەکی باشی لە بارودۆخ و ئەوپەڕی باشوور و باکوری ڕێگاوبانەکەی ئێمەدا هەبوو. کاپتن Wilson، کە ئەفسەرێك بوو لە خزمەتگوزاریی سیاسی هیندستان و کۆنسۆڵی پێشو لە موحەممەرە، سەردانی زۆر شوێنی لە وڵاتی پێرشا کردبوو، شارەزاییەکی بەنرخی لە بەشەکانی سنووری عەرەبی و فارسیدا هەبوو. دوو ئەفسەری ڕووپێوییەکەمان لە کۆمیسیۆنەکانی پێشووی سنوورەکان لە سنوورەکانی هیندستان و چیندا خزمەتیان کردبوو، یاوەری گەشتەکەی عەقید یۆنگهاوسبێند –Younghusband بوون بۆ لاسا Lhassa

و چیرۆکەکانی ئەو سەرگەرمییە بەناوبانگە هەمیشە وایان دەکرد گەشتەکەمان مات و بە شێوەیەکی خەمۆکانە ئاسایی دەرکەوێت.

لیژنە ڕوسیەکە لە سەردەمی بەڕێز ڤ. مینۆرسکیدا Monsieur V. Minorski لەگەڵ لیژنەکەی ئێمەدا تەبابوون، بەڵام لەبەر نەبوونی ڕازگرێك و لەسەرو ئەوەشەوە زانایەکی سروشتیە، نوێنەرێکی زانستی تەواو بەتوانابوو، جۆش و دڵگەرمی بەو زنجیرە کارەساتە ناخۆشانە دانەدەبەزی کە لەسەری گردبووبووەوە. لیوا عەزیز بەگ لە دەستەی کارمەندانی گشتی تورکیاوە نوێنەرایەتی تورکیای دەکرد، بریکارەکەشی هەروەها ئەفسەرێکی سوپا بوو، لە ڕاستیدا لە بەشەکەی ئەودا جگە لە یەك کەس، ئیدی کەسی ئاسایی تێدانەبوو. بەرژەوەندیەکانی پێرشا لەلایەن Etela - ul - Mulk, ئەتێلا ئەلمەلیك،[5] ئەندامی وەزارەتی دەرەوەی تاران پشتیوانی دەکرا، شێوازی ناسەربازیی لیژنەکە بە زیادکردنی بەڕێوەبەری گشتی تۆبخانەی پێرشای گۆڕا، کە ئەفسەرێکی نوێ بوو لە Ecole Polytechnique

[5] ئەوەی کە من زۆر پێویستە شیکەمەوە ئەوەیە، کە هەموو ئێرانیەك پێگەیەکی دیاریکراو لە ژیانی شارستانی یان سەربازیدا بەدەست دێنێت، ناونیشانێکی سەربەرزانە و تا ڕادەیەك دەنگ دەداتەوە " کە چەند جارێك بەزۆر بەدرێژایی تەمەنی دەیگۆڕێت، " ناونیشانی کۆمیسیاری فارسی، بە ئینگلیزی تیشکدانەوەی ئیمپراتۆریە. جێگرەکەی کۆمیسیار، "یاریدەدەری قەڵەمڕەوی سوڵتانە" ڕاوێژکاری سەربازی " ڕابەری سەرکەوتووە" و کاتبەکەی هاوکارم " جوانیی پاشایەتیە، ئەوە نازناوە، کە هەمیشە بیرمدەکردەوە، پێویستە مەبەستیان لێی هێما بێت بۆ شێوازی ئاوەز نەك جەستە.

ئەكادیمیای سەربازیی بەرلین مەشقی كردبوو، كە وەك ڕاوێژكاری سەربازی پەیوەندی كردبوو. هەر لیژنەیەك پاسەوانی تایبەتی خۆی هەبوو، (ڕوسەكان قۆزاكیان هەبوو)، یەك پزیشك و كارمەندانی ئەفسەری هونەریی. ئەوانی دی هەموویان ئەندازیاری سەربازیی بوون، جگە لە كۆمەڵێك پێرشایی، كە پێكهاتبوون لە پیاوێكی بەساڵاچووی باوەڕدار بە سەلیقەی زانستی، كە بەشێوەیەكی كاتی بە پلەی جەنەڕاڵ دامەزراوە و زۆر شانازی بە خۆی و هاوڕێكانیەوە دەكرد و دەیوت: "ئێمە پیاوانی شمشێرین" (كە من هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم كە لە ژیانیدا شمشێرێكی كردبێت بە پشتێنەكەیدا)، لەگەڵ دوو لاوی بێ ڕیش و سمێڵ، كە قوتابی خۆی بوون.

ئەمە زۆر بە كورتی چیرۆكی پرسێكە كە نزیكەی سێ چارەكی سەدەیەكە باڵیۆزخانە و فەرمانگەكانی دەرەوەی نیگەران كردووە. ئەگەر پەیوەندییەكەی لەگەڵ وڵاتی خۆمان دوور بێت، ئەوە زیاتر سەرنجڕاكێشە وەك نمونەیەك لەو ڕێگا دڕكاویانەی كە حكومەتی ئیمپراتۆریەتێكی گەورە بە ناچاری جارجارە تێیدا بەشدار دەبێت. ئێمە كە توانیومانە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا یان زیاتردا، لە نێوان بیست بۆ سی هەزار میل سنوورەكانی خۆماندا سنووردار بكەین، خۆمان دەبینینەوە كە بەهۆی "بەرپرسیارێتی ئیمپراتۆریەت " ناچار بووین دەستێك بدەین

لە یەکلاکردنەوەی سنوورەکانی خەڵکی دیکە. بەڕاستی دەبیٚ! یەك تایبەتمەندی سەرنجڕاکێش لە سنووری تورکی و فارسیدا ڕەچاودەکرێت کە بەلایەنگرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگا زۆرانەی وردە وردە دروستکراون. ئەوەش نمونە دابیندەکات لە هەموو باوەڕێك لە باوەڕەکانی دیاریکراوی ناسراو بۆ زانیاری. سنوورەکە لەوانەیە جوگرافی، ڕەگەزی، زمانی، ئاینی یان تەنانەت تەواو دروستکراوبێت. ئەوەی لە پرسیاردایە ئەوەیە، هەموو ئەوانە. بە مانایەکی فراوان، سنورێکی جوگرافیە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی دوای زنجیرەك چیای مەزن دەکەوێت. لە باشوردا بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر بناغەی ڕەگەزییە، کە پێرشاییەکانی لە سامیەکان جیاکردۆتەوە، یان بەشێوەیەکی دیاریکراو، لوڕ لە عەرەب. زیاتر بەرەو باکور، لە کوردستاندا، دابەشکردنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئاخاوتنی تیرەکانە.

لە ناوچەی پشتی کۆ- پشتکێو- بە زمانێك دەدوێن، لە لایەك دیالێتێکی فارسی نەرم دەدات بە گوێیەکتا و عەرەبیەکی قورگی بە گوێکەی تردا. لەناو کوردەکاندا جارێکی دی بنەمای ئاینی دێتەوە، کە هەوڵدراوە سوننەکان بۆ تورکیا و شیعەکان بۆ پێرشا کۆچبکەن. لەکۆتاییدا، لە باشوردا درێژبوونەوەیەك هەیە کە لە ڕاستیدا



...كارانى تورك و فارس ... مەيجەر عەزيز بەگ و يتێلا - نوڵ - موڵك.

سنورەکە دروستکراوە، دوای هێڵی درێژ و پانی بەیانکراو دەکەوێت. لەناو تایبەتمەندیە فیزیاییەکاندا، یەك شتی باو و هاوبەشی بەکارهێنراو نییە لە نەخشەکێشانی سنوردا کە لە هەمان کاتدا یان جارێکی دی کاری لەسەر نەکرابێت:

بەدرێژایی دەریای عەرەب، " هێڵی بەرز و نزم" لە حاڵەتی زریان و لافاوێکی تردا، یەکێ لە کەنارەکان یان ئەوانی تر، یان زۆرجار هێشتا "هێڵی ئاوی ناوەند" لە ناوچە شاخاویەکان،" هێڵی لوتکە" یان "بەندئاوەکان" بەهەرحاڵ زاراوەیەکی هاوواتا نییە" یان ئەو دەستەواژەیەی لەسەری ناکۆکن "داوێنی چیاکان."

بەشێکی تایبەت لە سنوورەکە دیاریکرا، هەروەك لەوەبەر وتم بەپێی " ڕێچکەی فەلەکی" کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەفریکا و ئەمریکای باکوری گیراوەتە بەر، لەکاتێکدا لە پنتێکی تردا– کە مەسەلەکە پەیوەندە بە دامەزراندنی ناوچەیەکەوەیە لەدەوری بیرە نەوتیە دیاریکراوەکان– هێڵەکە بۆ دیاریکردنی چەمانەوەی بازنەکە کێشرا. گریمانە ستراتیجیەکان لێرە و لەوێ دەرکەوتن، هەرچۆن تا ڕادەیەك لە حاڵەتی بوونی هەر سنوورێکی شاخاوییدا، خاوەنداری یەك دەربازگەی دیاریکراو پێویستی بە سوپایەکی سەربازیی هەیە لە هەردوو بەردا.

بۆ كۆتایی هێنان بەم كورتە ڕۆماڵكردنە لەبارەی سنوورەوە، پێویستە یەك دوو وشەش لەبارەی چۆنیەتی كاری لیژنەكەوە بڵێم. نزیكەی سێ بەشی سنوورەكە لە ئەستەمبوڵ دیاریكرا، هەروەك لەوەبەر ڕوونمكردەوە، چارەسەرەكە پاشماوەكەی بە بەتاڵی بەجێماوە. لەبارودۆخی بەشەكەی پێشودا، نوێنەران هێڵە پانەكانیان كێشاوە و جێیانهێشتووە بۆ لیژنەكە تا وردەكاریەكان پڕبكەنەوە. بەشێك لە سنوور لە كۆنوسەكەدا شیكراوەتەوە كە شوێن لوتكەی چیایەكی دیاریكراو دەكەوێت، بۆ نمونە و دەپەڕێتەوە بۆ لوتكەیەكی هاوسێی و ئیدی بەپێی بارودۆخەكە گوندێك بۆ توركیا یان بۆ پێرشا جێدەهێڵێت. بەو جۆرە بەشێوەیەكی فراوان هێما بۆ هێڵەكە كراوە، ئەندازیاران چوونە پێشەوە و بەشێكی زۆری وڵاتەكەیان بە پانی هەشت بۆ دە 8–10میل ڕووپێوكرد و نەخشەیەكی پڕ لە وردەكاریان ئامادەكردبوو چاوەڕێی كاتی گەیشتنی نوێنەرانی بوون. ئیدی دوای پشكنینی نەخشەكە و خاكەكە، لە كۆبوونەوەیەكی نهێنیدا چاویان بەیەك كەوت و هێڵی سنوورەكەیان بە وردی تاوتێكرد، كە ڕەزامەندیان لەبارەوە كرد و دواتر بە نوسراو ڕوونكرایەوە و بە مەرەكەبی سوور نیشانەیان خستە سەر نەخشەكە و خاكەكەش بە هێڵێك لە كۆڵەكەی سنووریی دیاریكرا. مەسەلەكە بەگوێرەی بەشە نادیاریكراوەكەوە، بە دڵنیاییەوە، سادەتر بوو. تاكە بناغەیەك بۆ ڕێنمایی نوینەران ئەو سنورە بوو كە لە

ساڵانی 1848دا کێشرابوو– بومەلێڵێکی زۆر خەڵەتێنەر، وەك یەکێ بەجوانی وێنای بکات. ویستەکانی بەربەرەکانیکار لەم ناوچەیەدا زۆرجار بەدووری بیست میل بوو، ڕەزامەندیی دوولایەنە گەیشتبووە ئاستی مەحاڵ، بۆیە لەکۆتاییدا یەکلاییکردنەوەی ئەو بەشە بەتەواوی تا ڕادەیەك لەڕێی ناوبژیکردنی ڕوسیا و بەریتانیاوە بوو. دووڕیانێك دێتەپێش کاتێ بەردەمی سنوورەکە بەتەواوی نادیارە، کە ئەوە ئەو مەتەڵۆکە کۆنە دێنێتەوە یاد: مریشك لەپێشەوە هاتووە یان هێلکە. کێشەکە ئەوە بوو، چۆن دەتوانی ڕووپێوی درێژبوونەوەیەکی دیاریکراوی سنوورێك بکەیت پێش ئەوەی بەدرێژی ئەوە پێیدا سەفەر نەکەیت و چۆن لەگەڵیدا سەفەر دەکەیت ئەگەر نەزانیت بۆ کوێ چوویت.

نیشانە ڕووکەش و دیارەکانی کارەکانی ئێمە، بەدڵنیاییەوە ستوونە سنوورییەکان بوو، کە دامەزراندنیان هەڵبەتە پشتی دەبەست بە سروشتی وڵاتانی دەوروبەرەوە. کاتێ کە لە بیاباندا بووین، تاکە مادەیەکی بەردەست گڵ بوو، ئێمەش هەڕەمێکی شایستەمان پێ بیناکرد، بێگومان سەرنوسی زانیاریەکانمان تێدا دانا بۆ زانایانی ئاسەوار لە هەندێ چەرخی داهاتوودا بە بابەتەکان بۆ پشکنین و جیاوازی ناکۆك. لە چیاکاندا ئەگەر مەودایەك هەبووایە بۆ تێپەڕبوونی وڵاخێك بە بارێ تۆپی هاوەنەوە، ئەوا ستونێکی بەردینی سەخت هێڵی سنوور دیاریدەکات.

بۆ دامەزراندنی ئەوانە یەك كارمەندی بەردتاشمان لەگەڵ خۆماندا برد و بە بۆنەی یەکەم ستونی بەردییەوە، لەکاتێکدا ئەوان خەریکی کاروپیشەی خۆیان بوون، ئێمە بازنەیەکی تەواومان بەدەوری ئەو پیشەوەرانەدا گێڕا. دوای کۆکردنەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەردەکان، دەستیانکرد بە دانانی نیشانەی کارەکە لەسەر زەوی و لەناوەوە دەستیانکرد بە دروستکردنی دیوارەکە- کە هەستدەکەم تەنیا کارێکی هونەری ئەوانە، کاتێ بەوە ئاشنا بوون، ئیدی بەتەواوی سەرقاڵی کارەکە بوون، هەروەها دەبوو چاڵێك لە تەنیشتەوە بۆ خۆیان هەڵکەنن تا لیٚوەی بێنە دەرەوە. ئەنجامی تەکنیکەکەیان نایاب بوو، بەڵام ستوونی سنووریی نەبوو، لەبەرئەوە بڕیارماندا لەمەودوا پەنا بەرینە بەر ڕۆشنایی سروشت. هەندێ جار نزیکبوونەوە لە شوێنێك کە ئەوەندە سەخت بوو، تەنانەت گیاندارێکی چوارپێ ناتوانێت پیا هەڵگەڕێت، لەو بارانەدا، تەختە بەردێك بەس بوو بۆ ئەو شوێنە. لە هەندێ شوێندا بڕوا و پاکی دانیشتوانەکانی، دوو تا سێ سەعات لە کاری گران ڕزگاریان کردوین، کاتێ نزرگەیەك لەسەر لوتکەی چیایەك هەیە، کە بریتیە لە کۆمەڵە بەردێك و لە هەموو وڵاتەکەدا بڵاوبۆتەوە، کە بەپێی بۆچوونی فرەیزەر- "کوردستان" کە شوێنی کەسێکی پیرۆز یان شێخێکە بۆ موعجیزە، یان لەوانەیە شوێنی خواردنی نانی بەیانیان بوبێت. چونکە ئەرکی سەرشانی هەموو

موسڵمانێکە کە لەوێوە تێدەپەڕێت بەردێك بهاوێتە سەر کۆمەڵەکە تا جێ نزرگە و مەزاری شێخ بپارێزرێت، لەبەر ئەوە یادی شێخ و نیشانەی سنووریی وەك یەك پارێزراو دەبێت. ئەوە، بەداخەوە، کە شتێیەکە کە زووتر داوای ستونەکانی ئێمە دەکات. هیچ نیشانەیەکی فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە لای کوردەکان پەسەند نییە، ئێمە دەبێ بیزانین– تەنانەت ئەگەر پاسەوانە چەنەبازەکانیش هەندێ جار ڕاستگۆ نەبوون، دەگونجا ئەوەمان پێ بڵێن– کە مۆنۆمێنتە مێژوویەکانمان کە بەو وردیە بیناکراوە، بەختەوەر دەبوون ئەگەر بۆ یەك ڕۆژ بوەستایە پێچیان دەکردەوە و دەستەڵات دەگەڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووخاندنیان زیانی بە هیچ نەدەگەیاند جگە لە خۆشەویستیە تایبەتیەکەی ئێمە نەبێت، چونکە بنکەکانیان بە وردی جێگیرکراون، بەدڵنیاییەوە، زۆر بە وردی و لەسەر نەخشەش شوێنەکانیان دیاریکراون. هەروەها لە دواجاردا ژمارەیەك شتی لاوەکی هەیە کە دیاریدەکرێت، ئەرکی لیژنەی سنوورە مامەڵەی لەگەڵ بکات لەپاڵ نەخشەکێشانی ڕاستەقینەی سنووردا. لەو ڕووەوە نمونە بهێنینەوە، لە بابەتەکەی ئێمەدا مافی لەنگەرگرتن لە دەریای عەرەبدا هەیە، مافی ئاو هەیە لەو ناوچانەی کە سنوورەکان بە ڕێگای ڕووبارەکان یان کەناڵەکانی ئاودێریدا دەڕوات و لە هەمووشی گرنگتر مافی

لەوەڕاندن بۆ تیرە کۆچەریەکان کە ساڵانە لەمبەری سنوورەوە بۆ ئەو بەری سنوور کۆچدەکەن و بەپێچەوانەشەوە.

ئەوە هەندێ کێشەی هەمەجۆر بوون کە زۆرجار نوێنەرانیان سەرقاڵدەکرد و چارەسەرکردنیشی پشتی دەبەست بە بلیمەتی ناوبژی و ئاشتەوایی ئەندامانی بەریتانی و ڕووس کە ڕێکیانخستووە، کاتێ هەلی گونجاو دەخوازێت، ئەو ناکۆکیە مرۆیانەیەی زۆر کاریگەرە و کە لە لێوانی پڕی شەمپانیاوە شۆڕدەبێتەوە. بەڵام دوای ئەوەی ئێستا چووینە ناو خودی سنوورەوە و لەوانەیە بەشێوەیەکی زۆر گەورە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە ئەژماری زانستی خۆمانی لەگەڵدا بکەین.

## بەشی دووەم

# مارسەیل بۆ موحەممەرە

من هەندێ جار لە خۆم دەپرسم ئەنجامی چۆن دەبێت ئەگەر تۆ پێنج سەد تاکە مرۆڤت برد و بیانخەیتە سەندوقێکەوە، ئەوانەی لیستی نەفەرەکانی کۆمپانیای ئاوبەری هەڵمی نیوەدورگە و ڕۆژهەڵات پێکدەهێنن، لەسەر خاکێکی وشك بەهەمان بارودۆخێ کە لەژێر کابینەی پاپۆڕەکەدا دەژیان، ئەگەر تا ئەو کاتەی بۆت داناون، کەسێکی بە کردەوە نەکوژرابێت. ئەوە بەلایەنی کەمەوە من گومان دەبەم یەکێ لەو پێنج سەد کەسە بدۆزیتەوە قسە لەگەڵ چوارسەد و نەوە و نۆکەی تر بکات. دەبێ لە گەشتکردنی ناو دەریادا جۆرە تەلیسمێك هەبێت کە زووربەی مرۆڤ بەو شێوەیە دەهێڵێتەوە لەگەڵ ئەو شێ و تەڕییەشدا، لەو پەیوەندیە دەگمەنە لەگەڵ خۆیان و یەکتری و تەواوی جیهاندا، بەڵام ئەو تەلیسمە چیە کە ناتوانم بۆی بچم، مەگەر شتێکی باش و خۆش هەیە کە لە کۆتایی گەشتەکەدا چاوەڕێیان دەکات. لەم حاڵەتەدا، چاوەڕوانیمان بۆ ساڵێك یان زیاتر لە ژێر کانڤاس و ڕێپێوانێکی هەزار میل لە کەنداوی فارسەوە بۆ چیای ئارارات دەبوو گەشتێکی خۆشی تایبەتمان

دڵنیابکاتەوە کاتێك لە 21/ تشرینی دووەمی/ 1913 لە مارسەیلەوە بۆ محەممەڕە بە کەشتی ڕۆیشتین.

گەشتەکە، وەك شتەکان دەرکەوت، زۆر دڵگیر بوو، بەڵام "بێوەی بوو" وەك سەفەرێکی ئاسایی، واتە "بەرەنگاری هیچ شتێك نەبووینەوە و کەس نەکەوتە دەریاوە"، خوێنەر سەرقاڵ ناکەم بە درێژەی سێ هەفتە گەشت لە دەریادا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لە داهاتوودا کەسێك بیری لە سەفەرێکی هاوشێوەی ئاوا کردەوە، هیوادارم کە بتوانم لە یادەوەری گەشتکردنەکەمدا کورتەیەکی ئەو سەفەرە بەیانبکەم.

کەشتی مولتان، پۆرت سەعید، 25/ تشرینی دووەم. دەریایەکی هێمن لە مارسەیلەوە. کەشتی ڕابەرایەتی ئەدمیراڵ ترویبریدج، سەرۆکی گەلە کەشتی دەریای سپی ناوەڕاست، لێرە لە بەندەرەکەدا، نامەکانی کرسمسمان بۆ ئوسترالیا بارکرد، بە ووتەی ئەوان ژمارەیەکی تۆمارکراوی فەردە پۆستەکانە.

عەدەن، 1/دیسەمبەر، کانونی یەکەم– شەوی ڕابردوو گەیشتە عەدەن و بۆ پاپۆڕی سالسیت گوێزرامەوە، کەشتی قەیاخی بۆمبای، یەکەم جارە بەشەو ئەم شوێنە ببینێت، تەنیا هەست بە بوونی کۆمەڵە گردێکی ڕەش و تاریك دەکەیت، کە لە

قەراغی ئاوەکەوە بەرزبوونەتەوە، لەگەڵ تیشکی تاکە ڕوناکیدا تیشك دەداتەوە لە داوێنەوە و دەدرەوشێتەوە و تابوورێك ڕۆشنایی بەدرێژایی کەناری دەریاکە ڕوناکی دەدات. لەوە دەچێ بڕوانیتە لێژگاییە دارستانیەکانی سانت کلاود St Cloud، لەگەڵ گازینۆ ڕۆشن و پرشنگدارەکانی کەنار ڕووباری سین Seine. لە ڕاستیدا، بەهەمان شێوە کە ئەم بەیانیە لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژدا دەیبینیت، زۆر جیاوازە، جگە لە بەردی بێ گیان و بێ بەرهەم و خانوبەرەی قەلآئاسا زیاتر، هیچی تر نییە. ئێمە بەهۆی دووربینەوە ڕیزبەندی دووچەرخەی وشترمان هاتە بەرچاو، لەوە دەچوو کە ئامێری گواستنەوە و بارکردنی ناوخۆی پێ دابینبکرێت.

کەشتی دوارکە Dwarka، 5/کانونی یەکەم، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ بەندەری بۆمبای جێهێشت و لە ڕاستیدا یەك سەعات دوای داخڵبوونی بە ڕێگای ئاوبەری هەڵمی نیوەدورگە و ڕۆژهەڵات، هیوایەکی زۆرم هەبوو پێم لە هندستاندا بدا لە زەوی، خۆشبەختانە گەشتەکە تەنیا 30 سەعاتی بۆ کەراچی Karachi خایاند، ئیدی بەلەمی ئاسایی دانرا و کەشتی دوارکە Dwarka لەوێ مایەوە چونکە دەربازگەیەکی ناهەموار و زۆر ناپەسەند و خراپ بوو.

کەشتی کولا Kola، 7/ کانونی یەکەم، لە نیوەشەودا گەیشتە کەراچی، ماکینەی هەڵمەکانی گۆڕی و دیسانەوە بەر لە ڕۆژهەڵاتن دەرچووەوە، کاپتنی پاپۆڕەکە بەخۆشیەوە باسی " Shimal"- شەماڵی دەکرد، ئێمە دڵنیاین کە لە کەنداوادا بەیەك دەگەین، دەرکەوت کە ئەم بەلەمەمان لەوەی پێشو بچوکترە. ئەم گەشتە وەك لێژایی پلە لەدوای پلەیە- لە هەموو قۆناغێکدا دێتە خوارەوە، هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکە، کۆلۆنێل ڕایدەر Colonel Ryderو مەیجەر کاوی Major Cowie، ئەفسەرە ئەندازیارەکانمان لەگەڵ بەشی ڕووپێوانەکان کە بریتین لە 45 هندی، هەروەها کاپتن پیرپۆینت Captain Pierpoint لە کارگوزاری پزیشکی هیندی- لەسەر پاپۆڕەکە بوون کاتێ پەیوەندیمان پێوە کردن. کاپتن پیرپۆینت سەگێکی ڕاویی و تولەیەکی جوانی هەبوو کە لەگەڵماندا دەهاتن بۆ گەشتەکە.

مەسقەت، 8/ کانوونی دووەم. لە شارەکەدا کۆکە ڕەشە هەیە، ئەمەش ڕێگری دەکات لە دابەزینمان. بەڵام هیچ شتێك لەوە سەرسوڕهێنەرتر نەبوو کە لە کەنداوەکەوە دەبینرێت. لە کۆمەڵێك بەردی سپی نزیك بووینەوە کە لەناکاو لە دەریایەکی شین و قووڵەوە هەڵدەهاتن، لەناکاو بە دەوری خاڵێکدا پێچمانکردەوە و گەیشتینە بەندەرێکی سروشتی بچووك کە لێژایی بەردین لە هەر لایەکەوە دەهاتنە خوارەوە.

لە دوورەوە دوو بەرد لەبەردەمی ئاسەواری قەڵاکانی پورتگالدا لە هەردوو لاوە وەك پاسەوان ڕاوەستاون و لە نێوانیاندا هەموو ئەو شتانەی دەتوانی بیانبینیت لە مەسقەتدا دیارە– بە ڕووی دەریادا دەرزەنێك خانوە سپیەکان لەسەر بناغەی بەرد دروستکراوە و ئاوی دەریاکە دەیشواتەوە. لە گۆشەیەکی بچووکی کەنداوەکەدا وێستگەیەکی بچووکی خەڵوزکردن هەیە و بەلەمێکی ماسیگرتنی بەرز کە بە هێڵی سپی و زەرد و سەوز بۆیاخ کراون، لەبەردەمیدا لەنگەری گرتووە.

ڕووی تاوێرە بەردەکان لە لاکەی بەرامبەردا نزیکەی تەواویان بەناوی هەموو پیاوە بەریتانیەکانی جەنگ بە پیتی درشت و بە ڕەنگی سپی داپۆشراوە، کە بۆ نەوەکانی پێشو لە کەنداودا گەڕاون و پاسەوانییان کردووە. دەتوانرێت پاشماوەی قولە و تاوەرەکانی پورتوگالیەکان لە هەموو لایەکدا ببینرێت و لە نێوانی شاخەکانی خاکە دوورەکان شوێنێك کە لەم کاتەدا هێزێکی شەڕکەری هیندی تێدایە بۆ پارێزگاری مەسقەت لە هێرشەکانی تیرەکان و ئاژاوەی ناوخۆ.

لە بەندەرەکەدا تەنیا یەك کەشتی دی هەبوو، کە جاران بە تەپەتەپ ئەڕۆشت، ئێستا ڕۆڵی کەشتی مەسقەت دەبینێت و بەشێوەکی فەرمی بەکاردەهێنرێت، وەك

پێیان وتین کە ژنەکانی سوڵتان دەگوێزێتەوە بۆ سەردانی زەگبار "زانزیبار" ، دوو سوڵتانەکە ئامۆزای یەکن و تەبا و کۆکن لەگەڵ یەکدا.

9/ **کانونی یەکەم**– بای" باکور" بای وەعدە هات. ئێمە زۆر بە گرانی لە تەنگەی هورمز پەڕینەوە، تا ئاستی ئەوەی بە کەنداوی فارسی گەیشتین، چەندین زریانی ڕەش و خەستمان پێشهات کە بەبێ ئاگایی کاپتنەکە پێچی بە کەشتیەکە کردەوە لەترسی کۆمەڵە بەردێك کە خەریك بوو خۆی لێبدات.

زۆری نەخایاند ڕوداوە ناخۆشەکان کۆتایی هات و توانیمان جارێکی تر بەرەو پێشەوە بچین. ئێمە لە کەناری دوورگەیەکی بچوکدا وەستاین، کە تەنیا بەرد بوو، H.M.S. Harold لایدا بۆ ئەوەی ئەندازیارێکی سەربازی دەریایی هیندی لەسەر ئەو کەشتیەی لەسەری بووین دابەزێنێت. هارۆڵد نمونەیەکە لەو هێزە دەریاییانەی کە چۆن ئێمە دەبێ لە کەنداوی فارسیدا دروستیانکەین، ئەوەش شتێیەك نیە لە هەوڵ و کۆششێکی لیڤەرپوڵ زیاتر، بێ شوێنی حەوانەوە و تەنیا سەرپشتەکەیە و کاتەکەی بە سووڕانەوە بەناو ئەو دەریا گەرمەسێریەدا بەسەردەبات بەدوای قاچاخچی چەك و تەقەمەنیدا. دوو ئەفسەر و تولەیەکی هەڵگرتووە، ئەوەی دواییان، چەند مانگێکە هاوڕەگەزی خۆی نەبینیوە، سەری خۆی بەتەواوی لە شێلا

و میکی سەگەکانی پزیشکەکە دوورخستەوە شێتانە بەشی سەرەوە و خوارەوەی چەتری سەر پاپۆڕەکەی دڕاند و بە دەنگێکی نوساوەوە دەوەڕی.

**بوشێر، 10/ کانونی یەکەم** ـ لەوەدەچێت ئێمە بە فەرمی ناوی " پۆستی خێرا"یان لێنابین. ئەمە وانیە وەك لە سەرەتاوە وام داناوە، هێمایەکی پێکەنیناوییە بۆ خێراییەکەمان، کە نۆ گرێیەکی جێگیرە، بەڵام هێمادەکات کە تەنیا بەندەرێکی ئێمە لە کەنداودا مەسقەت و بوشێرە.

ئێمە لێرەدا لە ڕێگاکاندا کەوتووین چوار یان پێنج میل لە شارەوە دوور و پێویستە بارەکە لە کەنار دەریاکەدا داگیرێت. چەندین سندوقی ویسکیمان دەرکرد، کە بارکرابوو لەو بەلەمانەی پێیان دەوترا بەلەمی حەرامەکان، کە کرێکارە ئاساییەکان تا ڕادەیەك موسڵمانی چاك بوون، بەجۆرێ نەدەکرا بارێکیان پێ بێت شلەمەنی قەدەغەی تێدابێت. بەلەمە حەرامەکان، لەوەدەچوو پڕبێت لە تاقمی بێ باوەڕان، ئەوەی، بە دەگمەن دەزانن کە دەست دەبەن بۆ دەسکی سندوقەکان ئەوە هەمان شتە دەگوێزرێتەوە.

لەمیانەی گفتوگۆدا لەگەڵ یەکێ لە ئەفسەرانی کەشتیەکە لەبارەی بارەکانی کەنداوەوە، دوو ڕاستی سەرنجڕاکێشم بۆ دەرکەوت، یەکێکیان بازرگانیەکی چالاك

له فەرشی پێرشایدا لە مانچستەرەوە بۆ بوشێر هەیە "گەورەترین بەندەر لە ئێراندا"، ئەوی تریان ئەو بەلەمانەی سەردانی بەحرەینیان دەکرد، کە شوێنی ڕاوی مرواری گەورەی تێدایە– زۆرجار باری مرواری تەقلید هەڵدەگرن تا تێکەڵی بکەن بە مرواریە ڕەسەنەکە لە سەرچاوەکەوە، بەلایەنی کەمەوە ئەفسەرەکە ئاوا بۆی گێڕامەوە.

**لە دەریای عەرەبییەوە، 11/ کانونی یەکەم،** "مەیجەر کۆوی Major Cowie "مان لە بوشێر دابەزاند، کە لەوێوە بە بروسکە زانیاریەکانی لەگەڵ فاودا دەگۆڕیەوە لەپیناوی دیاریکردنی هێڵی پان و هێڵی درێژ و هەروەها پنتی دەرچوون بۆ کاروباری ڕووپێوانکردنی لیژنەکە. بوشێر خۆی "پنتێکی جێگیرە" واتە پەیوەندە بە سیستمی ڕووپێوانکردنی هیندیەوە. ئەم بەیانیە زوو گەیشتینە بەر داربەستەکە لە دەم دەریای عەرەبیدا و وەك شتێکی ئاسایی، عاسی بووین. بەهێزترین هۆکاری بەربەستەکە تەنیا ئەوە بوو کە دەریاکە دەوروبەری بوو بوو بە قوڕ و لیتە، بۆیە دەبووایە چاوەڕێکەین تا بەرزاو و نیشتاو هەڵبسێت و بەلەمەکە بەرزکاتەوە. دوای چوونە ناو دەمی ڕوبارەکەوە لەلای ڕاستەوە لە کەناری "تورکی" بەلای فاودا تێپەڕین. ئەوەی تێبینی دەکرا تەنیا وێستگەی بروسکەی هیند و ئەورووپی بوو، کە هێڵی بروسکەکە دەپەڕییەوە بۆ بوشێر لە ڕێگەی خۆیەوە بۆ هیند. دەریاکە،

بەدڵنیاییەوە، ڕووبارێکی گەورە و پانوبەرینە و بریتیە لە یەکگرتنی ئاوی ڕووبارەکانی فوڕات و دیجلە و کارون لەنێوان کەنارەکانیدا. بەڵام باخەکانی دارخوورما لە هەردوو بەرەوە ڕێی بەدیکردن دەبڕێت لە زووربەی دەروبەری وڵاتەکەدا و ئەوەی لەوێدا دەبینرێت زۆرجار زۆنگاوی دڵتەنگ و ناخۆشە. تاکە شتێك کە لەوێدا دەجوڵێت پۆلە پەلەوەری کێوییە و لەبەردەم تیرو کەوانەکانماندا بەرزدەبنەوە و بڵاوەدەکەن و هەروەها ژمارەیەکی کەمی عەرەب کە تا کەمەریان ڕووتە و لەناو ئاوەکەدان قامیش دەبڕن، کە بەکاریدەهێنن بۆ بەربەستی ماسیگرتن. قەراغەکان بەم تەڵانە داپۆشرابوون، کە بریتین لە شوێنی دەمی تەسك و بەشێوەیەك ڕێکخراون تا ڕێ بدەن بە ماسیەکان لەکاتی بەرزبوونەوەی لێشاوی ئاوەکەدا بچنە ناویەوە و کە ئاوەکەش دابەزییەوە بەربەستی ماسیەکان دەکات لە گەڕانەوەیان بۆ ناو ئاوەکە.

چەند میلێك دوورتر، ئەمجارەیان لە کەناری فارسیەوە– لە یەك گۆشەوە کە دەسوڕێیتەوە، دیمەنێکی ناجۆر بەدیدەکەیت، ڕیز بە ڕیز تەنکی نەوتە، کە وەکو بەرمیلە گەورەکانی وێستگەی غازەکە، درێژبوونەتەوە بۆ بیابان، بەدرێژایی کەنار دەریاکە لە پێشەوە خانۆچکەی یەك نهۆمی و وێستگەی بەهێز و شوێنی

پڕکردنەوەی نەوت و هەموویان بەیەکەوە بەستراون بە تۆڕێکی هێڵی ئاسنێکی سوکەڵەوە کە بەدرێژایی بە مەکینەیەکی بچوك بە تەپەتەپ و زیکە زیك کاردەکات.

دەرکەوت کە ئەوە پاڵاوگەی ئەنگلۆ- فارسییە، کە کۆمپانیایەکی گەورەیە وەك کەناڵی سوێس و حوکومەتی بەریتانی بەشی سەرەکی تێدا هەیە. بیرە نەوتەکان دەکەونە دووری 150 میلەوە، لە نزیك ئەهواز لەسەر ڕووباری کارون و لەوێوە نەوت دێتە ئەو بۆرییانەی کە لەناو بیاباندا درێژبۆتەوە. لە حاڵەتی پاڵافتەکردندا دەرژێنە کەشتیە بارهەڵگرەکانەوە کە بەدرێژایی کەنارەکان ڕاوەستاون و دەکرێتە تەنکەرە گەورەکانەوە.

دواتر، گەیشتینە موحەممەرە، بەڵام دەبووایە بۆ چەند کاژێرێك لە کەرەنتینەی تەندروستیدا بین بەر لەوەی ڕێمان بدەن بە چوونە ناوەوە. شوێنێکی باشە بۆ شارێك. ڕووباری کاروون تا ڕادەیەك بە گۆشەیەکی ڕێك درێژدەبێتەوە بۆ دەریاکە و شارەکە دەکەوێتە سەر کەناری باکوریی نزیك دووڕیانەکە، ئاڵای بریتانی لە سەرووی کونسوڵخانەی بەریتانیا خەریك بوو بگاتە ئەو ئاستە. ڕووباری کارون لێرەدا دەبێت بەهەمان پانتایی ڕووباری تایمس بێت لە لەندەن و ڕووبارێکی خێراو خوڕە؛ ئاوەکەی زەرد و ڕوونە و لەو شوێنەی کە دەچێتە سەر دەریاکە زۆر بەهێزە

بەجۆرێ کەشتیەکی هەڵمی زەریایی ناوچەی خۆمان ببزوێنێت- لەهەمان کاتدا مەرگێکی ئاسایيە بۆ بەلەمە بچوکەکان.

لە میانەی وتووێژەکانی یەکەمدا لە قوستەنتینییە، موحەممەرە وەك شوێنی ژووان و چاوپێکەوتنی چوار لیژنەکە دیاریکرا و کاتی کۆبوونەوە لە ناوەڕاستی کانونی یەکەم دانرا. ئێمە یەکەم بووین کە گەیشتینە ئەوێ، چەند ڕۆژێ دواتر ڕوسەکان هاتن، کە ڕاستەوخۆ لە قوستەنتینییەوە بە پاپۆڕێکی ڕووسی سەفەریانکرد. بەهەرحاڵ، هاوکارە تورك و فارسەکانمان لە دیدی تەواوی لیبراڵیەوە دەیانڕوانیە ڕۆژ و کات و خشتە، نزیکەی مانگێك تێپەڕی پێش ئەوەی دەرکەون؛ هەرچەندە دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە کێشەکانی لە ڕێگەیاندا لە قوستەنتینییەوە بۆ تاران بەردەوام هەندێ بەهانەی بۆ دواکەوتنیان دەهێنایەوە. بەو شێوەیە ڕوویدا و ئێمە شەش هەفتەمان هەمووی لەناو خێمەدا لە موحەممەرە بەسەربرد و ماوەیەکی زۆرمان هەبوو بۆ چاوگێڕان و شت بینین لە دەوروبەرەکەدا.

بەر لەوەی لە نادیارییەوە بێتەدەرەوە بۆناو ڕوناکی جەنگی دڵتەنگ، ئەو وڵاتەی لە سەرووی دوورگەی فارسییەوە بوو، وەك لەو بڕوایەدام، بەگوێرەی کەسێکی ئاسایيەوە کەمێ باشترە لە خاکی نادیار- ناوچەك کە تەنیا لە پەیوەندی بە

خورما، سوتەمەنی نەوتەوە بۆ هێزی دەریایی، یان باغی عەدەن دەپارێتەوە. لەوانەیە من هەڵەم کردبێت لە وڵاتەکەدا ـ یان "کەسە ئاساییەکە"– بەڵام بیرهاتنەوەیەکی زیندو بۆ گەڕانێکی نهێنی و شەرمەندە بۆ ئەتڵەسێك کاتێ بۆ یەکەم جار کە فرمانی ڕۆشتنم بۆ موحەممەرە پێگەیشت، هانیدام لە وەسفێکی کورتدا بچمە ناوەوە لەگەڵ ترسی دووپاتکردنەوەی ڕاستیە ناسراوەکان.

یەکەم شت، هەموو میسۆپۆتامیا وڵاتی عەرەبیە. ئەو هێڵە نەگونجاوەی کە سنوورێکی باکوریی بۆ نیوە دوورگەی عەرەبی دابیندەکات لەسەر زۆرێك لە نەخشەکانمان لە ڕاستیدا هیچ بنەچەیەکی نییە و تەنانەت سنووری نێوان ئیمپراتۆریای تورك و فارسیش، لەم بەشەدا بەتایبەتی، هیچ سنوورێکی نەژادیی و زمانەوانی نییە. بێگومان ڕێژەی تورکە نەژادیەکان لە عێراق و فارسە نەژادیەکان لە عەرەبستان تا ڕادەیەك بێ بەهایە و زمانی قسەکردنیش سەرتاسەری عەرەبیە.

بە بەراورد لەگەڵ بەدوی ڕاستەقینە لە بیابانی عەرەبیدا، عەرەبەکانی ئەو بەشانەی من باسیاندەکەم زۆر پایە نزمن، بەزۆری خەریکی کشتوکاڵن و زووربەیان لە شارەکانی وەك بەسرە و موحەممەرەدا نیشتەجێن. هەروەها دابەشکراون بەسەر

چەند هۆزێکی گەورەدا ـ مونتەفیك، شەعب، بەنی لام و بەنی توروف و بەو شێوەیە—


جگە لە هەندێ لە عەرەبی دەوروبەری ڕووبارەکە، کەم تا زۆر ئەوانە کۆچەرین، زۆرجار پارچە زەوییەکی زۆنگاو دەکەن بە هەندێ دانەوێڵە و ئیدی جێیدەهێڵن بۆ ئەوەی پێبگات و جارێکی دی کە دوای چەند مانگێك دەگەڕێنەوە دەیدورنەوە.

هەمان ئەو گیانە لە بیناسازیی خۆماڵیدا ڕەنگدەداتەوە، کە کوخەکان بە قامیش و لق و گەڵای دارخورما دروستدەکرێت و دەتوانرێت لەماوەی چەند کاژێرێکدا دروستکرێ و بێ پەشیمانیش جێیدەهێڵن.

ئەم عەرەبانە زۆر خاسیەتی ناپەسندیان هەیە، کە کەمترینیان حەزی لە جەردەیی دەریاییە، تا ئەو دەمەی ساڵی 1780 (نامەیەك لە ئەرشیڤی مەندوبی سامیی بوشێردا)، کارمەندی کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵاتی لە بەسرە بۆ بەرپرسەکانی لە بۆمبای دەنووسێت، داوایان لێ دەکات کە بەلەمێکی بایەوانی بنێرێت بۆ کەنداوی عەرەب بۆ پارێزگاریکردنی بارەکانی کە لە ڕووبارەکەدا کەوتون.

قایمکاری پێویسته تەنانەت ئێستاش، بەر لە جەنگ، ساڵانە لە وەرزی خورما بارکردندا بەلەمێکی جەنگیان دەنارد بۆ سەر ڕووبارەکە، بۆ پارێزگاریکردنی بەلەمەکان لە چەتەکان، جروجانەوەری ئەو ڕووبارانە بازرگانی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دەکرد، لە شەودا دەچوونە سەر پاپۆڕەکان و تاقمەکەیان دەکوشت. تەنانەت لەمیانەی ئەو ماوە کورتەی مانەوەی ئێمەشدا، کاپتنێکی دەریایی بەریتانی لە بەسرە لەکاتی نووستندا لەسەر پاپۆڕەکە بەو ڕێگە دڕندانەیە کوژرا و تاوانباران دەربازبوون و نەگیران.

ئەم بەرگرییەی کە چەتەکان بەهرەمەندن لێی بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاسانکارییەی کە دەتوانن بەهۆیەوە هەڵبێن بۆ کەنداوی فارسی دوای قۆرخکردنیان لە ئاوی تورکیا، یان بەپێچەوانەوە. پێش چەند ساڵێك، پەلاماری پاپۆڕێکی پۆستەبەری هیندی بەریتانیان دا و چەتەکان چوونە سەر پاپۆڕەکە زیانێکی زۆریان پێگەیاند. بە ئاسایی هەڵهاتن بۆ ناو خاکی پێرشا، بەڵام ئەم جارەیان سوپاس بۆ ئەو یارمەتیە چالاکانەیەی شێخی موحەممەرە، دەستگیرکران و بەندکران و بارێکی زۆریان گەڕانەوە. وەك ڕێزێکی تایبەت بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە، کەشتیە هەڵمیەکان هەمیشە بە چەکێك لەمیانەی تێپەڕبوونیاندا بەلای کۆشکەکەی شێخدا لە ڕێی خۆیانەوە بۆ سەرو ڕووبارەکە تۆپێکیان دەتەقاند وەك سڵاو بۆ بەڕێزیان.





کەنداوی بەسرە

وەڵامی تەقەکە لەلایەن تۆپهاوێژەکانی شێخەوە لە سەر کەنارەکەوە دەدرایەوە ـ جاروبار هەندێ مەترسی بۆ تۆپهاوێژەکان دروستدەکرد، کاتێ ئەفسەرێکی لاوی پلە سێ تۆپی پاپۆڕەکەی تەقاند، تاوانبارکرا بەوەی کە لەسەر پاپۆڕەکە هاوشێوەی تۆپی یاری کریکت cricket ball بەدەوری گوێیدا خۆلایەوە.

تایبەتیە سەرەکیەکانی وڵاتەکە دەتوانرێت لە سێ ووشەدا کورتبکرێتەوە ـ ڕووبار، بیابان و زەلکاو، بەدڵنیاییەوە ڕووبار تایبەتمەندیەکی بنەڕەتیە. "ئاوەکەی بابل" وای لە میسۆپۆتامیا کردووە کە ڕکابەری میسر بکات لە نازناوی "ئاماری دانەوێڵە لە جیهاندا"، هێشتا پارێزگاری لە هێزی پیت و بەرەکەتەکەی دەکات. بەلام پردەکان و کەناڵەکان و بەنداوە کۆنەکان دیارنەمان و زەوی کشتوکاڵی ئێستا تەسکبۆتەوە و بووە بە باخی ڕیزە دارخورماکان لەسەر کەناری ڕووبارەکە. کاتێ کە باخە دارخورماکان تەواو دەبێت کوتوپڕ بیابان دەستپێدەکات. ئەوە لە هیچ شوێنێکدا نییە...

" پەڵەیەك گژوگیای پەرش و بڵاو، تەنیا ئەوە بیابان لە زەوی چێنراو جیادەکاتەوە"

لەو شوێنەی پیرە خەیام بانگماندەکات بۆ سەرگەردانی لە لەبیرچوونەوەیەکی بەختەوەردا.

بیابان خۆی لەو لمە ڕاستەقینە باشە نییە کە بەئاسایی لەگەڵ ناوەکەیدا دێت. بەلایەنی کەمەوە لە باشووردا، کە ڕۆژانێك بەشێك بوو لە دێلتا، خاکێکی شێداری دەوڵەمەند بوو، کاتێ کە وشك بێت بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکان بەکەڵکە. بەڵام دوای باران و لافاو دەبێتە زۆنگاوێکی پڕ لە قوڕی ڕاستەقینە. زەلکاوەکان جیاکەرەوەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام دواتر جارێکی تر باسیدەکەمەوە. بەهەشتی عەدەن دەکەوێتە گورنەوە، لەو شوێنەی دیجلە و فوڕات بەیەك دەگەن ـ یان وەك قوتابخانەکانی ئاینناسەکانی بەر لە داروینیزم بۆمان دەگێڕنەوە. ئەو سێوە خۆرسکانەی ئەمڕۆ لە کەناری ڕووبارەکەدا گەشەدەکەن بە کردەوە ڕەنگ دەبەخشێت بە بیردۆزەکە، بەڵام ـ مەگەر مەرجەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان بەسەر نەیەت ـ هەرچەند یەکێك هەیە، من دەترسم بەرهەڵستیەکی گەورە نەبێت. پاشکەزبوونەوەی سەرەکی بۆ پێشینانمان کاتێ کە لە بەهەشت دەرکرا دەبووایە پەنابەرێتە بەر کارکردن. ئێستا لەم وڵاتەدا، کەس کارناکات ـ بەلایەنی کەمەوە ئەوەی بتوانی پێی بڵێیت ئیش. سروشت لە سایەی زۆری سەرچاوەکاندا کە زۆر شت لەبارەی توانای خانمە چاکەکە بۆ جیاکاری نالێت، دانیشتووان لەم هەموو


پێویستییه بێبەری دەکات. هەڵکشانی بەرزی و نزمی لەسەر سەری کەنداوەوەیە، بۆیە کەناری دەریاکە تا دووریی دووئاوانەکەی ڕووبارەکەیە، ئەوەی لەسەر عەرەبە تەمەڵەکانە کە بیکەن، هەندێ کەناڵ و چاڵ هەڵبکەنن و لێیگەڕێن بۆ ئەوەی بەرز و نزمی ڕۆژی دوو جار زەوییەکانیان بۆ ئاودێری بکات. هەروەها دارخورماش تا ئاستێکی کەم سەرقاڵی دەوێت و لەبەرامبەریشدا بە بەخشندەییەوە خواردەمەنی و سوتەمەنی و کەرەسەی بیناسازیان بۆ دابیندەکات. من گومان دەکەم جگە لە دوورگەی دەریای باشووری، شوێنێکی دی لەجیهاندا هەبێت کە خەڵکەکەی لەپێناوی بژێویدا کەمێك کاربکات. هەموو پایزێك بڕێکی زۆر خورما هەناردەی ئەورووپا دەکرێت و بازرگانی هەناردەکردنیش بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەستی کۆپانیای بەریتانیدایە کە لە بەسرە دامەزراوە. بەسرە خۆی نەکەوتۆتە سەر ڕووبارەکە، بەڵکو دوو میلێك دوورتر کەوتۆتە ناوەوە، لە ڕووبەرێکی گەورە لەناو دارخورماکاندا و تا ڕادەیەك شارێکی وێرانەیە ـ مەگەر هەژدە مانگ لە کارگێڕی بەریتانیدا ڕێزێکی لە خۆی زیاتری بەبەردا هاتبێتەوە. جۆگەیەکی قەوارە بەرچاو دەیبەستێتەوە بە بەندەری عەشتارەوە، کە بەندەری پاپۆڕە بچوکەکانە، بەڵام پاپۆڕە گەورەکان لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا لەنگەردەگرن بەرامبەر ڕیزێکی درێژی

بینای گەورەی بە خشت دروستکراو، کە بازرگانانی ئەورووپایی تێدا دەژی و کاروباریانی تێدا دەکەن.

لە بەسرەوە بوو کە دەریاوانەکەی سیندباد بە گەشتێکی دەریایی سەرکەشانە دەردەچوو. لە کاتێکدا کە دەبوو گەشتی دەریایی خۆشی تێدا بکرێت، بەغدا لەوپەری ناوداریدا بوو. بارەگاکەی خەلیفە هارونە ڕەشید تەواوی سامان و هۆشیاریەکانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی بۆ خۆی بەکێشکرد و خەلیفە لە شکۆ و پایەدارییەکی دەگمەندا ژیانی بەسەردەبرد. یەکێ دەتوانێت هەر لە بەندەری بەسرەوە ئەو دیمەنە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، کاتێ کاروانی پاپۆڕە بایەوانیەکان لە کەنداودا دەبینێت، کە کۆیلە و مرواری و کاری و بەهاراتیان هەلگرتووە کە سیندبادی ڕاستگۆ بەو چێژەوە وەسفیان دەکات. لەم ڕۆژە ئاساییانەدا داخەکەم لەجیاتی ئەوانە ڕیزێك لە کەشتی بارهەلگری ژەنگاوی لەو ناوەدا کەوتون کە پڕیەتی لە لۆکەی مانچستەر و شتومەکی ئاسنی. لەگەڵ ئەوەشدا، لە خودی عەشتاردا پاپۆڕێکی بایەوانی زۆر دەبینیت لەگەڵ ستوونی بەرز و چارۆکەی ڕەنگاو ڕەنگ وەك هەموو ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە. سوپاس بۆ جەنگەکە، بەسرە لە ڕۆژنامەکانی ئێمەدا بوو بە ناوێکی ئاشنا، لەکاتێکدا موحەممەرە، کە لەسەر دەریاچەیەکی ترە، بەزۆری هێمایەکی لامسەرلایی وەردەگرێت.



**کوخی قامیشی عەرەبەکان**



**عەشتار**

بەڵام لەم دواییەدا پەیوەندیمان بە شارە پیرشاییەکانەوە زۆر گەشەیکردووە و پێشکەوتنەکەش بەڵێنی ئەوە دەدات کە لە داهاتوودا بایەخی پێ بدرێت، بەجۆرێ ئەگەر خوێنەران خۆراگربن لە ئارامگرتندا بۆ ماوەیەکی تۆزێ دوورتر، دەمەوێ ڕووداوێك یان دوو ڕووداوی مێژوویی و ڕاستیە جۆگرافیەکان لە بارەیانەوە بڵێم.
هەروەها موحەممەرەش لەلایەن هێزێك لە هێزەکانی بەریتانیەوە چووە ناوی و داگیرکرا - و بەڵام ماوەیەك بەر لە ئێستا؛ بەشێوەیەکی دیاریکراو، لەساڵی 1856دایە. هۆکەش شەڕی فارسی بوو. ئەو هێرشە بچکۆلەیە چەند لاپەڕەیەکی زۆر کەم لە تۆمارە سەربازیەکانمان پڕدەکاتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی جێی سەرنج بوو کە بەرگری لەلایەن دوژمنەوە نەکرا و ماوەکەش کەمی خایاند. فارس ویستیان دەستبگرن بەسەر "حەڕات"دا، بۆیە ناچاربووین هێزێك بنێرین بۆ کەنداو، بۆردوومانی موحەممەرە و ناردنی هێزێك - کوێستانەکانی سیفۆرت - بۆ کارون بۆ گرتنی شارۆچکەی ئەهواز. هەموو کاروبارەکە تەنیا کەمێك زیاتر لە چوار مانگی خایاند و ئێستاش هەندێ پارچە لە گوللە تۆپەکان بەدەم کێڵانەوە لێرە و لەوێ دەبینرێت و هەندێ برینداری لەسەر ڕەگ و ڕیشەی دارخورماکان تا ڕادەیەك تاکە نیشانە و تۆمارگەی پاشماوەیە. گرنگی شوێنەکە لە دیدی ئێمەوە بەشێکی بۆ دروستکردنی کۆمپانیای نەوتە، کە بارەگای سەرەکی و ژمارەیەکی زۆر لە

فەرمانبەرانی ئینگلیز لە موحەممەرە هەیە و بەشێکیشی بۆ ئاستەکەی لە دووئاوانی دوو ڕووبارە گەورە گونجاوەکە بۆ دەریاوانی، وڵاتی پێرشا بەهۆی بەربەستی چیاییەوە لە دراوسێکانی ئەوەندە دابڕاوە کە ڕێگاکانی بازرگانی لە ناوخۆدا تەواو سنووردارن. بێگومان بەندەرەکانی کەنداو هەن، وەکو بوشێر و بەندەر عەباس، کە شتومەك دەنێرێت بۆ بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵاتی پێرشا و لە باکووریشدا بەندەرەکانی قەزوین و هێڵی شەمەندەفەری ڕووسی بۆ جەڵفا Julfa هەیە، بەڵام بەدرێژایی 1200 میل لە سنووری وشکانی کە سنووری ڕووسیا لە کەنداو جیادەکاتەوە، تەنیا دوو ڕێگا هەیە کە گرنگیان هەیە. یەکێکیان ئەو ڕێگایەیە لە بەغداوە بۆ کرمانشا، کە بەزۆری داخراوە بەهۆی کێشەو ڕاووڕووتەوە لەلایەن خێڵەکانەوە؛ ڕێگەکەی تریان لە موحەممەرەوە بۆ سەرەوەی ڕووباری کارون. شتومەکە بازرگانیەکان لە موحەممەرە لە دەریاوە دەگوێزێتەوە - بۆ پاپۆرە هەڵمیە کۆنەکان و تا ئەهواز دەبرێت، لەوێ دابەشدەکران؛ بەڵام بەر لە جەنگ پلانێك بۆ بنیاتنانی هێڵێکی ئاسن لە ئەهوازەوە بۆ خوڕەمئاباد پیادەکرا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە گرنگی ڕێگاکە زیاددەکات. ڕووپێوانکردنێکی سەرەتایی کرابوو، بەشێك لە ئەندازیارانی بەریتانی لەساڵی 1913دا چوونە دەرەوە بۆ

شوێنەکە؛ بەڵام دڕندەیی پیاوانی هۆزەکان کە کارەکە وابەستەی خواستی ئەوانە زۆر بێ ئەنجام بوو، بەهەرحاڵ، پیلانەکە هێشتا ڕاگیراوە کاتێ جەنگ دەستیپێکرد.

شێخ خەزعەل، شێخی موحەممەرە، هەمیشە هاوڕێیەکی دڵسۆزی بەریتانیەکان بووە و دۆستایەتیەکەی ئەو ئێستا لەبەردەم مەترسی تاقیکردنەوەیەکدا وەستاوە بۆ جەنگەکەی لە میسۆپۆتامیا و یاخیبوونی بەشێکی گەورەی دەستوپێوەندەکەی. شێخ کەسێکی عەرەبە لە تەمەنێکی مامناوەندیدا و مەیلان بەلای لیبراڵیدا ـ ئازادیخوازی، لەگەڵ ئەوەشی سوورە لەسەر هێنانە کایەی هەر پڕۆژەیەکی "شارستانی" کۆفرۆشی و ئامادەکراو لە بوارەکەی خۆیدا. پێشکەوتن دەبێت مەرجێکی پلە لەدوای پلە بێت لە موحەممەرەدا. دەستەڵاتی بەسەر دوو هۆزی شەعب و موحێسیندا دەڕۆیشت، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر فەرمانڕەوایی هاوبەشیاندا کۆبوونەتەوە. ئەم هۆزانە گوایە بەر لە 250 ساڵ لە عەرەبستانەوە کۆچیانکردووە و لە خاکی پێرشادا نیشتەجێ بوون. لە سایەی دوورییانەوە لە ناوەندی حوکومەتەوە، هەروەها جیاوازییان لە ڕووی زمان و ڕەگەزەوە و ململانێی بەردەوامی نێوان تورکیا و وڵاتی پێرشا، تەواو سەربەخۆن لە شاە و حوکومەتەکەی و شێخی ئێستا کە بە شارەزاییەوە بەناو ئاوە تاریکەکانی شۆڕشدا ڕۆیشتووە، ئێستا جگە لە ناو لە هەموو شتێکدا سەروەرە بەسەر بەشێکی زۆری پارێزگای

عەرەبستاندا، کە ولاتێکە لە قەبارەی ولاتی بەلجیکادایە. خۆی باجی تایبەتی خۆی دیاریدەکات و یاسای خۆی دادەنێت، حوکومەتی ئیمپراتۆریا تەنیا یەك کەسی وەك کارگوزار بە نوێنەری خۆی داناوە، یان بریکاری وەزارەتی دەرەوە و بەهەرحاڵ، دەستەلاتەکانی شێخ بەسەر گومرگدا ناڕوات، لەگەڵ ئەوەشی ئەو لێرەدا بە فرمانی پلە و پایەکەی بەڕێوەبەری گشتیە. نیشانەیەکی تری دەستەلاتی شاه، من هەموویم دەزانی بەلام لەیادم چوو - هێزی دەریایی پێرشای. بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە کەنارەکانی موحەممەڕەدا لەنگەریان گرتبوو. بریتی بوو لە دوو کەشتی گەورەی جەنگی دەریایی، ڕۆژێ لە ڕۆژان کەشتی بازرگانی بووە، بە ڕابەری کاپتنێکی پێشو لە هێزی دەریایی بەلجیکی بەڕێوەدەبرا. وتی وتییەك هەیە کە هێزی دەریایی بەهۆی ڕاستیەکەوە لە شوێنی خۆیدا وشك بووە کە بەیداخدار بەبێ بزوێنەرەکانی ناجولێت، ئەم خستنەسەرانە پێوستە بۆ گواستنەوەی کە لەلایەن کاپتنەکەی پێشویەیەوە فرۆشراوە، ئەگەر ئەو وتی وتییە ڕاست بێت، کاتێ ئەو ئەفسەرە ئازایە لەلایەن قەرزدەرەکانیەوە دووچاری فشارێکی توند دەبێت. بەهەرحاڵ، لەوانەیە ڕاست بێت، کەشتیەکان شکۆدار دەمێنێتەوە و لە ڕووی دەرەوەی لە بارێکی باشدایە و دیمەنێکی نایاب پێشکەشدەکەن کاتێ لە یادی لەدایکبوونی شادا تۆپی سلاوی شاهانە ئاگردەدەن و بەیداخێکی زۆری پێوە کراوە.



**موحەممەڕە، جۆگەیەك لەسەر كارون**



**كەناری ڕووبار/ موحەممەڕە**

**بەشی سێیەم**.

## سەرەتاییەکان بۆ دەستپێکردن

کریسمس لە موحەممەرە لەگەڵ ئاهەنگێران و جەژنکردندا بە باشی تێپەڕی، تا هەر هەستێکی تاراوگە لە کەنارێکی دووردا لەناوبچێت. میوانداری لە کەنداودا بەو شێوە کراوەیە ڕاهێنرا کە سیفەتی خەڵکانی ئینگلیزە لە شوێنە دوورەکان و شێوکردنەوەی ئێوارەی کریسمس لە کۆنسوڵخانەی بەریتانی لەگەڵ مەیجەر و خاتوو هاوەرز – Haworth و سەماکردن بە بەرگی جوانەوە لە ماڵی یەکێ لە کۆنترین ئینگلیزەکانی دانیشتوی بەسرە، بیرەوەریەك بوون کە لە ڕۆژانی گرانی داهاتودا بەرز ڕادەگیرێت. بەو بۆنەیەوە، باسی خۆشی و شادیەك بەو شێوەیە، چیرۆکێکی بچوك بە یاددا دێنێتەوە کە لەبارەی بازرگانێکی دەوڵەمەند و کاریگەری ڕەسەنی موحەممەرەوەیە و ئەو نمونەیەکی جوانە لەسەر ئەو گشتگیریەی ئەم وابەستە ئازاراوییەی کە زۆرجار دەکەوێتە سەر ئەستۆی باشترینەکانی ئێمە، ئەویش "هێشتنەوەی ڕواڵەتە." حاجی ئەحمەد، پاڵەوانی چیرۆکەکە، کەسێکی ڕێزدارە بەهۆی سامان و خواناسیەکەیەوە، بەڵام هەست بە غەمباری دەکەم چونکە

لە هاورێ ئینگلیزەکانیەوە چێژی ویسکی کردووە کە بە زەحمەت بەبێ پێکی ویسکی ڕۆژەکەی بگوزەرێت.

ڕۆژێك هاورێیەکی مرد، دوای بەشداریکردنی لە پرسەکەدا پەیوەندیکرد بە کۆمەڵی ئەو کەسە ئاینداارنەی کە کۆبوونەتەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنانە ئاینیەکان لە بیرەوەریی کۆچکردووەدا. هەر پیاوێك وەك دابونەریت قۆرییەکی بچوکی پڕ لە ئاوی هێناوە بۆ لێو تەرکردنەوەی لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا. قۆریەکەی حاجیەکەی ئێمە خواردنەوەیەکی جیاواز لە ئاوی تێدایە، کە بۆنەکەی دەیدا بە لوتی مەلاکەی بەرامبەریدا. مەلا بەرزبۆوە و سەرزەنشتی حاجی کرد. هەراو وریا لەناو ژوورەکەدا بەرزبۆوە، بەڵام هۆشیاریی حاجی جێنەهێشتبوو، ڕوویکرد بەلای بازرگانێکی بەڕێزی هاورێدا لە تەنیشتیەوە وەك کە کۆنتراکتێکی گرنگی لە داهاتودا لەگەڵیدا هەیە، قۆریە چاکەی دایە دەستی و بە ئانیشك جوڵانێك داوایلێکرد بیخواتەوە. بازرگانەکە قومێکی لێدا و خەریك بوو قورگی بسوتێت. حاجی بەشێوەیەکی بێدەربەستانە پرسی: ویسکیە یان ئاوە؟ بازرگانەکە بەدڵسۆزی وەڵامیدایەوە "بەخوا ئاوە" ئیدی حاجی هەستایە سەر پێ و بە وریاییەوە قۆریەکەی هەڵگرت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە و بڕیاریدا چیتر پەیوەندی بەم بوختانچیانەوە نییە. لێرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە هەموو جیهاندا دووڕوویی ئاینیی هەیە، ئەوەی کە

هاوبەشن لە ڕوانگەی کۆنی دەرماننناسی لەبارەی ئەوەی "لەناو کوپەکە" یان وەك ئەم بابەتەی ناو "قۆری چاکە!"

شەقامەکانی موحەممەڕە ئەوەندە پیسوچەپەڵە، سەرو هێزی وەسفکردنە، بەڵام لەبەرئەوەی بەنگەڵەکان/ خانوە یەك نهۆمەکانی ئەورووپیەکان، هەروەها بانك و یانەکە بەدرێژایی کەوتونەتە سەر کەناری ڕووبارەکە، خەڵکی بە ئاودا بۆ هەموو شوێنێك دەچێت، وەکو یەکێ لە "ڤینیس Venice" بێت و ئیدی لە مەترسیەکان دوورکەوێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئیشوکارێکی تایبەتی هەیە کە بەشێوەیەکی تایبەت باش گونجاوە و پێی دەوترێت بەلەم، وەك قەیاغەکانی قوستەتینیە/ ئەستەمبوڵ کە بەخێرایی دێن و دەچن. لە شێوەدا باریك و تەسك و درێژکۆلە وەك بەلەمی سەوڵ و بەلەمی دار سەوڵ. لە کاتێکدا نەختێ شێوەی بەلەمەکانی ڤینیسیای خراوەتە سەر؛ دەتوانی بڵێیت، هێڵێکی گشتی لە یەکەمەوە هەیە، بنکەیەکی تەخت لە دووەمەوە لەگەڵ کەوانەیەکی باریك و دواوەی ناومان ناوە سێیەم. نەفەرەکە بەبێدەنگی لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا دادەنیشێت، لەگەڵ دوو بەلەمەوانی پێشەوە و یەکێك لە دواوە. من پێیان دەڵێم "سەوڵلێدەران" ئەگینا لە ڕاستیدا کارەکەیان هیچ لە کاری دەستکرد کەمتر نیە، کاتێ کە پێچەوانەی لێشاوەکە دەڕوات، لە کەنارەکە نزیکدەبێتەوە، ستونە حەیزەرانە درێژە نەرمەکە

بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە بەکاردێنن کە پێشکەوتنەکە زۆر خێراتر دەکات، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بەرز و نزمی ئاوەکە گونجاوبێت، ئیدی سەوڵە دەم خڕەکان بەردەدەن و بەلەمەکە لە ناوەراستی چەمەکەدا بە لێدانێکی هێواش جاربەجارێ بۆ مانەوەی لە ڕێڕەوەکەیدا. شارەکە خۆی بۆ نزیکەی میلێك بەدرێژایی کەناری باکووری درێژدەبێتەوە. وەکو زووربەی شارەکانی تری ڕۆژهەڵات، دیمەنێکی تەلیسماوی جوانی هەیە، کە لە دوورەوە بەتێکەڵبوونێکی گێلانە لەگەڵ خانووە گڵێنەکاندا بەردەمی ڕووبارە دیمەن ناوێزەکەی شاردۆتەوە. لەناو بەلەمدا کاتێ بەلایدا تێپەڕدەبیت، خەڵکی، یەکەم شتێك کە سەرنجی ڕادەکێشێت تەلارە ڕەنگ شینەکانە، خێمەی قاوەخانەکان و باخە بۆن خۆشەکانە، لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە چەم و جۆگە کە بەژێر پردە کەوانەییە بەرزەکانی کە بە خشت دروستکراون دێنە ناوەوە.

لەکاتێکدا کە ئێمە سەرقاڵی هەزار و یەك ئامادەکاری بووین بۆ سەفەرەکەمان، ئەسپ کڕین، شتومەك پێچانەوە، بەشدارکردنی خزمەتکاران و لەو شتانە، دوا هاوکارە دواکەوتوەکانمان گەیشتن و بەرگی هاودامانی فەرمی وەك پێویستە گۆڕا، کارەکانی لیژنەکە دەستپێکرد. یەکەم کۆبوونەوەی لە ماڵی سەرۆك وەزیران بەڕێوەچوو؛ پیاوێکی فارسی بازرگانە کە لە تەمەنی شەستساڵیدا چەند مانگێك

بەر لە ئێستا وڵاتی خۆی جێهێشت بۆ ئەوەی یەکەم سەردانی ئەورووپا و پاریس بکات. بەهەرحاڵ، کوڕەکەی لە ژوورێکی باشی پێشوازیدا هەستا بە ڕێزگرتن، چڵ یا پەنجا وینەی ئۆتۆگرافیی سەرۆکانی ئێستا و ئەوانەی پێشووش هەڵواسراوە، لە شای وڵاتی پێرشاوە دەستپێکردووە بۆ پارکی گیاندارانی کروجەر. نوێنەرانی تورکیا لەوانی دی جیاوازبوون، چونکە سەرباز بوون لەجیاتی دیبلۆسی؛ لە ڕاستیدا، هەموو گروپەکەیان لەسەر بنەمای سەربازی ڕێکخراون، ئەوەی زۆر قێزەون بوو "ژمارەکەی بەرامبەر" من، بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی دەریایی، کە لەبەر ئەوەی سکرتێرە لە وەزارەتی دەرەوە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی لە ئاسانکاری و خۆشگوزەرانیدا ڕاهاتبوو. هیچ نرخ و پێزانینێکی بۆ دۆخی خزمەتگوزاری مەیدانی نەبوو.

بەشی یەکەمی کارە چالاکیەکانمان گەشتێك بوو بۆ خوارووی کەناری دەریا تا دەمی ڕووبارەکە، بە کەشتیەکی جەنگی "مارمەریس Marmaris"، کە تاکە کەشتی جەنگییە، لەگەڵ دوو بەلەمی هەڵمی چەکدار، کە تورکەکان لەم ئاوانەدا هێشتویانەتەوە. سنوورەکە دوای کەناری چەپی دەریاکە دەکەوێت، بۆیە ئەوەی کە پێویستبوو بکرێت، چاکردنی ئەو خاڵەیە کە یەکەم لە کەنارەکە دەدات بەڕووی دەریادا و جێبەجێکردنی مەسەلەی هەندێ دوورگەی بچوك لەنزیك کەناری

پێرشایەوە. دوای چەند ڕۆژێك، كارێكی فەرمی ئەنجامدرا بە دامەزراندنی كۆڵەكە/ ستونی سنووریی ژمارە یەك.

بۆنەكە یەكێ بوو لە ئاهەنگە گەورەكان و كەمێ گاڵتەجاڕی نەبوو، لە دیدی منەوە شایستەی هەندێ وەسفە. شوێنی ستونەكە دەكەوێتە گوندی "دایاجی"یەوە Diaiji لە دووری چەند میلێكی كەم لە موحەممەرەوە، لەو شوێنەی سنوورەكە ڕووبارەكە جێدێڵێت بۆ لێدانی باڵەكانی باكوری لە بیاباندا. هەموو لیژنەكە هاوبەشییانكرد و ئەم جارەیان بە كەشتیەكی هەڵمی پێرشای (بۆ هاوتاكردنی كاروبارەكە)، هەڵمیكرد بۆ "فەیلییە Failiyeh" بۆ ئەوەی شێخ و كوڕە گەورەكەی هەڵبگرن.

كۆشكەكە ڕوودەكاتە ڕووبارەكە و هەروەها بەشێوەیەكی سەرەكی جێی سەرنج و تێبینیە بۆ چەقاندنی دار بە دار كە بە ڕەنگی شینی درەوشاوە بۆیەكراون، بە دوو قەڵغانی شاهانە پشتیوانی دەكرێت و بە پیتی یەكەمی ناوی شێخ بە پیتە ئەورووپیەكان نەخشكراوە. هاوسێی كۆشكەكە شانۆیەكی تایبەتی خاوەنشكۆیەتی و لە دەوروبەریشدا گوندێكی بەرچاوە كە پاسەوانەكانی خۆی تێیدا دەژین، دەستەی پیاوانی شڕۆڵەی چەكدار، زۆربەیان لە خوێنی پێست ڕەشن، كە یاوەریی

گەورەیان دەکەن بۆ هەرکوێ بچێت، لە وڵاتێکدا کە چەقۆی پیاوکوژان حسابی زیاتری لە فەرمانڕەوایەك بۆ کراوە، دووربوانین و قایمکاری پێویستە.

نیمچە گەلە بەلەمێکمان بەدوای خۆماندا بەکێشکرد، لەدەمی کەناڵەکەوە پێی دەرچووین. شێخ، کە جبەیەکی سووری هاودامانی لەبەردابوو، بە بەلەمێك هاتبوو کە دوو ئەوەندەی قەوارەی ئاسایی بوو، لەکاتێکدا پاسەوانانی تایبەتی بەدرێژایی کەنارەکە دەڕۆشتن. گوندێ لە کەناری کەناڵەکە بوو، لەگەڵ دیواری بەرز لە ڕووی دەرەوە. هەر کە بەلەمەکەی شێخ یەکسانی بووەوە، دەنگی ئاوازی گۆرانی ژنان بەرزبۆوە "حەسەنە" سڵاو و ستایشی سەرۆکی خۆیانیان دەکرد بەهەمان شێوەی خەڵکی ئۆرشەلیم کە پێشوازیان لە پاشای خۆیان دەکرد. بەناو کەنالەکەدا ماوەی دوو میلێك بە گەلەڕەوتێکی گەورە دەڕۆشتین تا بەرزو نزمی ئاوەکە کەمبووەوە و خۆمان لە داوێنی قوڕ و لیتەدا بینیەوە و ناچاربووین بە پێوە بووەستین. شێخ، دوای ئەوەی پاڵیان نا ـ بە بەلەم و هەموویانەوە ـ بۆ ماوەیەك لەسەر قوڕەکە بە هێزێکی یەکسانی پاسەوانە تایبەتیەکان، شێخ بە پێ دەڕۆشت، دەبووایە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، کوڕەکەی جێهێشت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا بێت و ڕێزمان لێبگیرێت. کوڕەکەی لاوێکی جوانە، بە پلەیەکی تەواو شارستانیە بۆ ئۆتۆمبیل لێخووڕین، لە هەمان کاتدا ئەوەندە ڕۆژهەڵاتیە کە تازە لە دادگایی ڕزگاری بووە لە

ئەنجامی ئەوەی ژمارەیەك بازرگان بەدەستی ئەم دووچاری ئازار و ئەشکەنجە بوون تا ئاستی مەرگ.

ڕێگاکەمان بەنێو دارخورماکاندا دەڕۆیشت و بارودۆخێکی گونجاو بۆ وەرزش هاتبووە کایەوە، ئەویش بەهۆی ئەو پردانەی لە کۆتەرە دار یان قەدی دارخورما دروستکراوە، کە دەبووایە بە ژمارەیەکی زۆر لەو کەناڵە بچوکانەدا بپەڕینەوە. ئەو پردانە لە قەدی دارێك پێکهاتووە کە لە ناوەڕاستەوە بە توندی بەستراوەتەوە و هەستی سەمای سەر تەنافی بەستراوەی دەدا بە مرۆڤ و هەر کە چوویتە سەری، زۆر زەحمەت بوو بۆ هەندێ لە هاوڕێیانی قەڵەو و بۆ هەندێ هاوڕێ کە بەرگی جوانیان پۆشیوە و خۆیان ڕازانۆتەوە، پارێزگاری لەو ئاستە دەکەن کە لەسەر زەوی وشکانی چێژی لێوەردەگرن. دوای یەك دوو نوقومبوونی کەم گەیشتینە شوێنی کۆڵەکەکە و کاری ئەو ڕۆژە دەستپێکرد. سەرەتا مەڕێکی بەستەزمان کرایە قوربانی، تەنانەت دوعاکانی کۆمیسیاری بەریتانیش نەهات بە هانای ژیانیەوە. ئینجا مێخەکە داکوترا، هەریەکە لە چوار کۆمیسیارەکە خشتیان بەدەوری پێیدا دانا و کۆمەڵە بەنا خۆماڵیەکان بینایەکی گەورەیان تەواوکرد. کاتێ باسی "کاری ڕۆژم" کرد هەڵە بووم. کە دوای کۆڵەکە دانانەکە دەستیپێکرد. ئێمە بۆ گوندەکە گەڕاینەوە و خێمەیەکی گەورەمان بینی کە شێخ بۆ پێشوازیکردن لە

ئێمە ئامادەیکردبوو. هەر کە چووینە ژوورەوە سەرسام بووین، چادرێکی گەورە بهێنە پێش چاوی خۆت کە لە سێ لاوە سفرە لەسەر زەوی ڕاخراوە و هەر ڕیزەی ڕووبارێ قاپی لەسەرە، ئەوەی بیویستایە قاپەکان بژمێرێت بێ هیوا دەبوو، بە نزیکی هەولّمدا بیانژمێرم، ڕیزێکم بژارد و ئیدی کەڕەتی سێ ڕیزەکەی دیم کرد، کردیە دووسەد و پەنجا قاپ. چوار مەڕ بە بریانی و دە قاپێك پڕ لە پارچە گۆشت، کە هەشت پێیەك لە یەکەوە دووربوون، شاخێکی بەرز پلاو، کە هەر یەکەیان بەرخێکی برژاوی لە تەکابوو، بیست تا سی قاپ مریشکی برژاو بوو بوو بە تاجی سەر قاپەکان و لەگەڵ شلەی سەوزە و گۆشت و محەلەبی لەسەر بوو. ئێمە بە ڕێزەوە لەبەردەم ئەم دیمەنی خواردنە نەبیستراو نەبینراوەدا لەسەر ڕیزێك فەرشی نایاب دانیشتین. دەستێکی ڕۆژئاوایی خۆین گەرم، بەداخەوە خواردنەوە هاتە ژوورەوە، باشە ویسکی و بیرەی پۆرتەر بوو، ئەمەی دواییان دەگونجا لەگەڵ گۆشتی برژاوی مەڕدا، بۆیە ئەوەمان هەڵبژارد بیخۆینەوە. هەموو ئاسەوارەکانی ڕۆژئاوا بەتەواوی داڕمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە هاتنی پیرە پیاوێکی ڕەشپێست کە دیشداشەیەکی درێژی کەتانی لەبەردا بوو لەگەڵ پشتێنێکی کەمەربەندی جوان. زۆرێ لە خواردنەکان دوور بوون لە میوانەکانەوە و دەستیان پێی نەدەگەیشت، بۆیە پیرە پیاو پێڵاوەکانی داکەند و دیشداشەکەی هەڵماڵی و بوێرانە هاتە سەر

سفرەکە، قاپەکەی بەردەستی وەردەگرتی و هەرچیت بە دڵبووایە بۆی دەکردیتە سەر قاپەکەت. لە کاتێکدا کە لە گردە برنجەکە قاپەکەی منی پڕکرد و گەڕایەوە بەلای مریشکەکەدا بەڵام بێیەختانە باڵانسی خۆی لە دەستدا و نەیتوانی قاچی بە باشی دابنیتەوە، بۆیە کەوتە ناو شلەی قەیس و سەوزە و مریشکەوە. هەرچەند ئەو خۆی تێکنەدا و ڕۆشتە دەرەوە و بەدوای خۆیدا جێپێی قاوەیی و زەردی لەسەر سفرەکە جێهێشت. خوانمان تەواوکرد بەبێ ئەوەی بچوکترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵە پاشماوەکەی خواردنەکانی دەوروبەر دروستبکەین و کشاینە دواوە بۆ قاوە خواردنەوە و جگەرەکێشان. لای خزمەتکارەکان لە جەژن ئەچوو، قۆڵیان لێ هەڵکرد و دوای نیو سەعات دەنکە برنجێ لەسەر سفرەکە نەمابوو! لە هەمان کاتدا بەرز و نزمی ئاو لە هەڵکشاندا بوو. بۆ حەسانەوەی هەمووان بەلەمەکان لە چاوەڕوانیدا بوون و تەنیا سەد یاردێك دوورن لێمانەوە تا ئێمە بەرنەوە بۆ ناو کەشتییەکە. باشە چی ڕوودەدات ئەگەر ناچاربین بەسەر پردە یەك کۆڵەکەییەکاندا بپەڕینەوە، لە ڕاستیدا من تەنانەت بە بیرکردنەوەش لێی دەترسم.

پاش چەند ڕۆژێك پاسەوانەکانمان لە هندستانەوە گەیشتن کە لەلایەن کاپتن "برووك" Captain Brooke هەژدەیەمین ـ لانسەرەکانی مەلیك جۆرج ـ ەوە فرماندەی دەکرا.



داوەتێکی شێخ

پێکهاتبوون لە ئەفسەرێك و 30 سەربازی Captain Dyer کاپتن دیەر لە تیپی 93 پیادەی سوکەڵەی بورماوە، وەك ئەفسەرێکی گواستنەوە پەیوەندی کردووە، دوای ماوەیەك ژمارەکەمان تەواوبوو، کۆی گشتی لەگەڵ هەشت ئەفسەری ئینگلیز و یاوەرەکان و کاتبێکی هیندی، 4 ڕووپێوی هیندی و 40 ڕاپرسیکار و خزمەتکار و وڵاخدار و ...هیتد، کۆی گشتی 150 کەس بوون. ژمارەی ڕووسەکان و فارسەکان تا ڕادەیەك کەمتر بوون، لە کاتێکدا تورکەکان کە بە سوکەڵەیی گەشتیان دەکرد بۆیە بە زەحمەت دەگەشتنە 50 کەس.

ڕووسەکان وایاندەزانی بۆ بەهەشت هاتوون، جلشۆری چینییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کارێکی تەواو ماندوێتی بوو، بۆ ڕێکخستنی پێش وەخت بۆ گواستنەوە و دابینکردنی پێویستیەکان بۆ ئەم کۆمەڵەی ئێمە، بەناو نزیکەی 400 میل بە بیابانی بێ ئاوەدانیدا ئەرکەکەی کەوتبووە سەر شانی جێگری کۆمیسیار، Captain Wilson کاپتن ویلسن، کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە لە موحەممەرە ماوەتەوە. زۆر بەباشی شارەزای ناوچەکەیە، چونکە وەك کۆنسووڵ لە موحەممەرە کاریکردووە و گەشتێکی زۆری لە عەرەبستاندا کردووە، هەروەها لە ناوچە دەشتەکیەکانی لوڕستان، کە دەکەوێتە پشتی شاخەکانەوە؛ بەڵام چەکداربوو بە زانست و زانیاری لەبارەی بارودۆخی ناوخۆوە و ناوبانگێکی بەربڵاو لەنێو عەرەبەکاندا.

لەو دەورووبەرە ولاخ دەستنەدەکەوت، بۆیە دەبووایە 230 هێستر بەکرێ بگرین، کە لە شوێنەکانی وەك شۆستەر و هەمەدان هەبوو، ئەمەی دوایان 300 میل دوورە. ئیدی بڕیاربوو وشتر پەیدابکەین، بەڵام تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ 50 لەو گیانلەبەرانە سەلماندی کە تەنانەت توخمە باشەکانیشیان بۆ ئەو کارەی ئێمە لە هێستر کەمترن. پاشان، بەیانیەکی ڕۆژێك لە بیابانی چۆڵدا لە پشتی خێوەتگەکەمانەوە گوێمان لە تەقەتەقێکی زۆر و دەنگی زەنگێکی گەورە بوو، ولاخدارە ڕووخۆشەکان لە سیمایاندا دیاربوو کەمێك نیگەران بوون کە ولاخەکانیان بچن بۆ ئارارات و بشگەڕێنەوە. ئەوانە بەشێکی بنەڕەتی بوون لە پێکاتەی ئێمە لە گەشتەکەدا، بۆیە دەستدەکەم بە پێشکەشکردنی باشترین بیرۆکە کە بتوانم شەمەندەفەری پێرشای بۆ بارکردنی ولاخەکان بزانم چۆنە. خاوەنەکەی لەگەڵ ولاخەکانیدا ئەگەر خاوەنی بیست یان زیاتر بێت، بەزۆری سواریماینێکی عەرەبی دەبێت و لە ڕاستیدا منالە هەتیوەکانیش جێناهێڵن تا ولاخەکان لێخوڕن. ئەگەر تەنیا نیو دەرزەن ولاخی هەبێت ئەوا بە کەرێکی بچوکەوە دەڕوات کە شتەکان و خۆشی لە کاتی ماندوو بووندا هەڵدەگرێت. هەموو کۆمەڵەیەکی 14، یان 15 ولاخ بەهۆی یابوویەکەوە بەڕێوە دەبرێت و یابوو[1] ڕۆڵی زەنگوڵەی پێش ڕانە مەڕ

---

[1] ئەسپی کورتەبالا.

دەگێڕێت. هێسترەکە بارەکەی لەسەر زینێکی لە تەختە و دار دروستکراو هەڵدەگرێت، کە شتێکی بێزارکەرە و لەکاتی ڕۆشتندا شەو و ڕۆژ لەکۆڵی نابێتەوە. بەو شێوەیە ئەو وڵاخە هەژارە لە خۆشترین گەوزاندن بێبەش بووە و دیمەنێکە کە شیاوی بەزەییە کاتێ دەیبینیت بارەکەی لێکراوەتەوە، لەسەر لمەکە ڕائەکشێت و بەتوندی تێدەکۆشێت لە هەوای بەرەڵادا ڕمبازێن بکات و بسوڕێتەوە و خۆی بگەوزێنێت. خانمە مۆسیقارەکەی Banbury Cross"بانبەری کرۆس"[2] بەتەواوی لەلایەن کۆمەڵێك هێستری فارسی و تەنانەت زیاتریش لەلایەن یابوەکەی هاوڕێیەوە خزێنراوەتە بەر سێبەرێکەوە، هەرچەندە سروشت ڕێگرە لەوەی کە زەنگ بکاتە پەنجەکانی دەست و قاچی. بۆیە زیاتر پاساوی ئەوە بە جەستەی باریکەلەیی دەدات و وەك زەنگوڵەیەکی هەڵواسراو بەکاریدێنێ. تەواوی داوەکانی یاهویەکی خۆڕاگر تا ڕادەیەك بەم شێوەیە دەبێت: لە سەریەوە دەست پێدەکات، ڕەشوە لەسەردایە کە بە هەموو لایەکدا ریشوو شۆڕبۆتەوە و زەنگوڵەی بچووك بەدەوریدا هەڵواسراوە و بە ئەستووری بە مووروی شین و سپی کە لێوارەکانی بە گوێچکە ماسی گیراوە؛ ڕەشمەکەی بەسەر ناوچەوانیدا فراوانتر دەبێت لەو شوێنەی کە

[2] خاچی بانبێری لە ساڵی 1859 بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری کچە گەورەکەی شاژنە ڤیکتۆریا کە شازادە شاهانە بوو لەگەڵ شازادە فرێدریکی پرۆسیا دانرا. سپۆنسەرانی خاچ ئاواتەخوازی ئەوە بوون کە شوێنەوارێك دابنرێت کە ڕێز لە بۆنەکە بگرێت، هەروەها وەك "شانازی و شەرەفێکی بەردەوام بۆ شارۆچکەکە" بمێنێتەوە.

پارچە ئاوێنەی بچوك لە چوارچێوەیەكدا دادەنێت، هەوایەكی تا ڕادەیەك تایبەت بە ڕەگەزەكەی پێ دەبەخشێت، لە كاتێكدا لە نێوان گوێچكەكانیدا باڵندەیەكی تەقلیدی بە قەبارەی ڕیشۆڵەیەك سەری دەجووڵێنێت، هەروەها بە مووڕو داپۆشراوە. ملی بە تەوقێكی پان دەورە دراوە كە بە جوانی بە هەمان شێوەی ڕەشوەكە پۆشراوە، كە كۆمەڵێك زەنگوڵەی پێدا هەڵواسراوە كە قەبارەیان هەمیشە بچوك دەبێتەوە، كە لەناو یەكتردا دەگونجێت لە دوای یەك وەك شێوازی سندوقە چینییەكان. ڕیشاڵی ڕەنگاوڕەنگ بە دەیان زەنگوڵەی بچووك لێواری كراوە، لە كاتێكدا بۆ تاجكردنی هەموو ئەوانە بە هەردوو لای زینەكەیەوە هەڵواسراوە، بەجۆرێك كە خەریكە زەوی بماڵێت، دوو زەنگی گەورەش كە بەرزییەكەی نزیكەی دوو پێیە. من مافی ئەو گومانەم هەبوو كە یابویەكی تایبەتی ئاوساو لە تیمەكەمدا هەبوو كە خاوەنەكەی خوویەكی دڵتەنگكەری هەبوو، بە گەیشتنی بە كەمپ دوای ئەوەی گرنگ نەبوو چەند كاتژمێر بەسەختی بەڕێگادا ڕۆشتووە و بەشێوەیەكی توڕەیی پەلەی لە وڵاخەكە دەكرد، لە كاتێكدا كە جۆرێك لە گەشتێكی مۆسیقی وێرانكەری دەكرد بۆ ناو سندوق و پەتی چادرەكان، بە زەنگ و دەنگی زەنگوڵەكان كە پێشتر نەبیستراوە، زیانێكی زۆری بە شتەكانی ناو باوەڵەكەم گەیاند كە پیادەكێشا و بەسەر پشتی وڵاخە هەژارەكەوە دەسوڕایەوە.

هێسترەکان و یابویەک



دوو وڵاخدار



چارڤادار، وەك بە وڵاخداری فارسی دەوترێت، بەزۆری سەرەڕای ژیانی سەختی هاوڕێیەکی دڵخۆشە و ئێمەش لەوە بێبەری نەبووین. کاتێك لە ڕێکردندا نەبوون، هەموو کاتە بەتاڵەکانیان بە دانیشتن لە ژێر پەناگە ڕەشە نزمەکانیاندا بەسەر دەبرد– کە ئەوەندە بێ نموو بوون، نەدەکرا پێیان بوترێت چادر– هەمیشە پەرداخێك چایان بەدەستەوە بوو، قسە و باسیان دەکرد و جگەرەیان بە دارجگەرە درێژەکان دەکێشا، کاتێکیش کە بەکارناهێنرێن، دەیانکرد بە کەمەربەندەکانیاندا؛ بەڵام لە ڕۆژە بێکارەکانی موحەممەڕەدا، کاتیان بە لاساییکردنەوەی چالاکەوانانی سوارە هیندیەکانەوە بەسەردەبرد. ئێوارەیەك لە پشت خێوەتگەکەوە گوێمان لە دەنگە دەنگێکی گەورە بوو، چووینە دەرەوە بۆ بینینی هۆکارەکە و بینیمان کە بەزم و هەرایە لە نێوان دوو تیمی وڵاخدارە پێرشاییەکاندا. "پێرشاییەکان هاووڵاتیانی بەتین بوون کە بەردەوام بە هاوارکردنی خوای گەورە هانی یەکتریان دەدا". هەندێك لە شوانە پێ خاوسەکانیش کە مەڕەکانیان دەبردەوە بۆ ماڵەوە، لە ڕێگادا وەستان بۆ سەیرکردنی ئەو بەزم و هەرایە، ئیدی کۆمەڵێك لە شوێنکەوتووانی شێخ بەشداریانکرد، بە جلوبەرگی نەریتی عەرەبییەوە لە کەسایەتی ناو کتێبی پیرۆز دەچوون و تفەنگی لولە درێژی زیوینیان هەڵگتبوو. دوای ماوەیەك تێبینی ئەوەیان کرد کە هاووڵاتیان بخرێنە ئەو دیوی هێڵەکەوە،

ئیدی بینەران نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن، شێتانە هاتنە ناوەوە و دەستیانگرت بەسەر پەتەکەدا و کۆتایی بە کێشمەکێشەکە هات. دوای ئەوە تیمێك لە خزمەتکارە پێرشایەکانمان خۆیان بە گەمەی دێرینی "یەکەو گۆتەکەوە" سەرقاڵکرد، کە پێدەچوو گەمەیەکی گشتگیر بێت. ئەوان تاقمێکی سەیر بوون. "بۆق" کەسێکی جەنتیل بوو، لە پۆشاکێکی درێژی شیندا، چەکی شاهانە لەسەر کڵاوەکەی بوو، یەك لە دوای یەك ئەوانی دی بە کراسێکی سوور یان قاوەیی و شەرواڵێکی دەرەلنگ تەسك کە دەگەیشتنە نیوەی قاچەکانیان، بازیان بەسەردا دەدا، بە کاکۆڵێکی ڕەشی نەرمەوە کە شەپۆلیان دەدا، کاتێك ڕایاندەکرد، لە ژێر کڵاوە ڕەشەکاندا ــ جۆرێکە لە سەرپۆش کە تەنیا دەتوانم بەراوردی بکەم بە قابلەمەیەکی فەرەنسی بە دەمەونخونی. بەڵام پرۆسەی وەرزشی وڵاخدار فراوانترین مەودای خۆی دۆزیەوە، لە ڕۆژی تایبەتی وەرزشی ئێمەدا. وەرزشخانەیەکی زۆر ماندوێتی بوو. پێشبڕکێی ئەسپ، پێشبڕکێی پێ ڕۆشتن، پێشبڕکێی کیسە بەستن، چادر بەستن، فێڵبازی و نمایشێکی تەواو بە جلوبەرگی سواریەوە لەلایەن وڵاخدارەکانەوە هەبوو، بەڵام ڕووداوی ڕۆژەکە پێشبڕکێی نیو میل وڵاخەکان و خاوەنەکانیان بوو. کێڵگەیەکی پەنجا کەسی هەبوو، لە کۆتایی خولەکەدا بەپێی پێویست مەودایان بەرزکردەوە. ئەو ئاراستەیەی ئەم وڵاخە تایبەتانە هەڵیانبژاردبوو، لە گۆشەیەکی ڕاستدا بوو

لەگەڵ گۆڕەپانی پێشبڕکێکە و لە دوو خولەکدا، لە نێو دارخورماکاندا دیارنەمان. ئەوان بەپێی پێویست دیسانەوە ڕێکەوتنەوە و ڕووبەڕووی یاریزانی سەرەکی بوونەوە، دوای خولەکێك، هەموو بەشەکە وەك هەورە گرمە سوارەکان بەرەوخوار بوونەوە، بە سەرۆکایەتی جێگری کۆمیساری ئێمە کە سواری ئەسپێکی گەورەی سپی بوو بوو ئەرکی پێشەنگی ئەنجامدەدا. پەنجا سوارە شێتانە ورووژاو و بە جلوبەرگی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەوە بەناو یەکدا دەهاتن و دوای ئەفسەرێکی بەریتانی کەوتوون و زەنگوڵەی وڵاخەکانیان دەزرنگایەوە، نمایشێکی خواوەندانە بوو. وڵاخدارەکان پرسییان کە بۆچی ئێمە پێکەنیوین! ڕەنگە خەڵاتکردنی دواتر سەرنجڕاکێشترین بەش بووبێت لە نمایشەکەدا، کاتێك خاتوو هاوەرس/Haworth هاوسەری کۆنسوڵ، بە میهرەبانیەوە خەڵاتی پێشکەشکرد، بۆ جوانی یەکپۆشی سوارەکان، شوێنکەوتووانی کامپی شرپۆشان، دانیشتوانی ئینگلیزە بەرێزەکان و لە کۆتاییدا بۆ پاڵەوانی پێبشرکێی وڵاخەکان، پیاوێکی کورتەباڵا کە زۆر شەرمن و بەرزی باڵای بە زەحمەت دەگەیشتە پێنج پێ، سمێڵێکی درێژی خەنەکراو، شاڵێکی سەوز لە دەوری کەمەری ئاڵابوو، قاچە قاوەییە گرێ گرێکانی لە ئەژنۆیەوە بۆ داوێن ڕووت بوو. کاری تەکنیکی دەستەکە بە درێژایی ئەم ماوەیە لە گەشەکردندا بوو، زۆربەیان دەستبەرداری ئەندامانی بەریتانی بوون. بەبێ ڕوودانی کارەساتێکی

بچووك تێنەدەپەڕی. دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی چاکسازی لە فاو سەبارەت بە بوشێر کرا، مەیجەر کۆوی Major Cowie لە ڕۆژێکی زریاناویدا لەوێ ڕۆیشت بۆ ئەوەی پەیوەندی بگوازێتەوە بۆ محەممەڕە. سواری بەلەمێکی ماتۆڕ بوو، خزمەتکارەکەی و خۆراکی چوار ڕۆژەکەی خستە بەلەمێکەوە و بە دوای خۆیاندا ڕایاندەکێشا. بای باکور توند بوو، ڕووبارەکەش نائارام بوو، کاتێك لە نیوەی ڕێگادا بوون بۆ فاو، بەلەمەکە شەپۆلێك لێیدا و نوقمیکرد. خزمەتکارەکەی بەهۆی ملپێچەکەیەوە لە مەرگ ڕزگاری بوو، بەڵام کەلوپەل و خۆراکەکەی نوقمبوون، لەوێ بێگومان پارچەیەك کانزایان لە دەمی نەهەنگێکدا دۆزیەوە. بەلەمە وزەدارەکە هەر زوو دوای ئەوە تێکچوو، مەیجەری بێ بەخت ناچار بوو لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی وەك فاودا بژی کە دەیتوانی ژیانی دابینبکات تا چوار ڕۆژ دواتر تا پۆستی داهاتوو دەگەیشت. بەڵام لەم نێوەندەدا تۆمارێکی دەریایی بەریتانی دۆزرایەوە، کە شوێنی وردی موحەممەڕەی خستەڕوو و بنکەیەك بە وردی لە خودی موحەممەڕە پێوانە کرا، بەڕێکەوتنێك بەسەر ڕووباری کاروندا بەرەو ناسریە لە نزیك ئەهواز بەڕێوەچوو. لەوێشەوە سێگۆشەکردنی ئاسایی بە پشتبەستن بە نەخشەی نوێی سنوورەکە دەستیپێکرد.

## بەشی چوارەم

# بەناو خاکی ئیلامدا ( 1 )

بارانبارینی زستان بە ئاسوودەیی کۆتایی هات، کاتێك لە 14/ شوباتدا، لە یەکەم قۆناغی گەشتەکەماندا، موحەممەرەمان بەجێهێشت. ڕووی زەوی وشك بوو، بەڵام نەرم بوو دوای لافاوە بەردەوامەکانی دوو مانگی ڕابردوو کە ڕۆشتنەکەی تەواو ئاسان کردبوو، لە کاتێکدا هەوا ئەو تێکەڵە بێهاوتایەی گەرمی و پاکی هەبوو کە تەنیا لە نێوان شاخەکان یان لە بیابان لە سەرەتای بەهاردا دەیبینیت.

بەڵام پێش ئەوەی باسی گەشتەکە بکەم، پێویستە تا ڕادەیەك هێڵکارییەکەی دابڕێژم. دوای جێهێشتنی ستوونی بەناوبانگی ژمارە (1) لە دایجی، سنوورەکە شەست یان حەفتا میل بەرەو باکوور درێژدەبێتەوە، بۆ ماوەی بیست میلێکی دیکە بەرەو ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە و جارێکی دیکە بەرەو باکوور دەچێتەوە تا دەگاتە شوێنێك بە ناوی ئوم شێر، لەوەش زیاتر، درێژییەکی باشی 200 میل هەیە، بە هێڵێکی تا ڕادەیەك ڕاست بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بۆ مەندەلی دەڕوات، کە دەکەوێتە پانتایی باکووری بەغداوە. ئەم وردەکاریانە پێویستن بۆ ڕوونکردنەوەی سەرگەردانیەکانی کۆمسیۆن، یان لیژنەکە. تا ئوم شێر دەکرا سنوورەکان لەسەر

نەخشەکە دیاریبکرێت، بەڵام لەسەر زەوی نەدەکرا؛ چونکە بەشی یەکەمی بە بیابانێکی بێ بەرھەمدا تێدەپەڕێت کە زۆر وشکە و ڕێبواران ناتوانن پێیدا تێبپەڕن، بەشی دووەمیش بە زۆنگاوێکی گەورەدا تێدەپەڕێت (خور العقم) کە زۆر تەڕە. بیابان و بەشێکی زۆری زۆنگاوەکان کەسی تێدا نەبوون و هیچ ستوونێك پێویست نەبوو تەنانەت ئەگەر بتوانرێت دروستیش بکرێت؛ بۆیە سنوورەکان دانران بۆ ئەوەی ئاگاداری پانی و درێژی دروست بن و بەجێهێڵران بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆیان بن. لە ئوم شێر شوێنی کۆبوونەوە دیاریکرا، هەر لیژنەیەك دوو هەفتە مۆڵەتی پێدرا بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێك هەڵیبژێرێت بگاتە ئەوێ. ئەو ڕێگایەی کە کۆمیسیۆنی بەریتانیا هەڵیبژاردبوو دوو قۆڵی تا ڕادەیەك سێگۆشەیی پێکهێنا – قۆڵی یەکەم کە بە بیابانەکانی عەرەبستاندا دەڕۆیشت کە هاوڕێك بوو لەگەڵ کارون بۆ ماوەی نزیکەی شەست میل. ئەوی دیکەیان لە گۆشەیەکی چەقبەستوودا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە و بە درێژایی بەشێك لە ڕووباری کەرخە و لێواری باکووری زۆنگاوە گەورەکاندا تێدەپەڕێت. دوا تاڵێکی تەنکی شارستانیەت لە سەرەتای یەك یان دوو ڕۆژی یەکەمی ڕێپێوانەکەوە بۆ بیابان بەدوامانەوە بوو– بە واتایەکی تر تەلەگرافی دەوڵەتی پێرشا. هەمیشە بە "لە کارکەوتوو" ڕاپۆرت کرابوو، کاتێك شەش هەفتە پێشتر هەوڵماندا لە موحەممەرەوە بروسکە بنێرین، کە بینرا، شتە

سەرسوڕهێنەرەکە ئەوە بوو، کە هەمیشە بە ڕێکوپێکی لە کاردا بووە. ڕیزێك ستوونی پێچاوپێچی چەورکراو بەسەر بیابانەکەدا درێژ دەبێتەوە. هەندێکیان "پین" یان هەپەی دووسەریان بۆ داناوە بۆ گرتنی وایەرەکە، هەندێکیشیان هەپەیان بۆ دانەناوە. لەم حاڵەتەی دواییدا وایەرەکە بە دەوری ستونەکەدا دەپێچرێتەوە. کاتێك دوو درێژی یەکدەگرنەوە، کۆتاییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی پێکەوە دەپێچرێنەوە، هەندێك جاریش تا سەد مەتر لە کۆتاییدا، هەموو شتێك بە درێژایی زەوی دەڕوات. لەگەڵ ئەوەشدا وا زانراوە کە بروسکەکان دەگەن!

لەم وەرزەدا بیابانەکە ئەوەندە خوێی تێدا نەبوو، بۆیە بە پەڵە گیایەکی تازە پێگەیشتو داپۆشرابوو، وەك چیمەنی نزیك کڵێسەیەکی گەورەی جوانی ورد و نەرم. لە نێو چیمەنەکاندا ڕووەکی بچووکی بۆن خۆش دەڕوێن، کە لەوانەیە بە چاو هەستی پێنەکرێت، بەڵام هەموو هەواکە پڕدەکەن لە بۆنێکی خۆش و تیژ. زۆرجار کاریگەریەکەی تراویلکەیەکی سەرسوڕهێنەرە. کاروانەکەمان، لەکاتی ڕێکردندا، دوو سێ میل لەو دەوروبەرەدا بڵاودەبوونەوە و بۆ هەر کەسێك شوێنەکەی کەوتبێتە ناوەڕاستەوە، هەمیشە سەر و کلکی کاروانەکە بەسەر دەریاچەیەکی قووڵی نەرمدا دەڕوات؛ ناوبەناو بە هۆکارێکی نادیار، وڵاخەکان و سوارەکان کردارێکی سەرلێشێواویان ئەنجامدەدا و "بەرزبوونەوە"یان دەکرد و بەردەوام دەبوون لە

پێشڕەوییان بە ئاسماندا. زۆرجار دەمانتوانی دەریاچەیەك ببینین كە لە ئاسۆدا درێژ بووبووەوە، دەستێكی درێژی چەند سەد مەتر بەرەو ئێمە درێژ دەكرد. لە كاتەكانی تردا كۆمەڵێك دارخورما یان كۆمەڵێك پیاو بەسواری ئەسپەوە لە دوورەوە دەردەكەوتن، تا ئەو كاتەی كە نزیكتر دەبووینەوە، دارستانێكی نزمی بیابان بوو، یان مێگەلە بزنێك دەلەوەڕێنران.[1] لە یەكەم شەودا لە بیاباندا خەوتنمان سەخت بوو. وڵاخدارەكان، یان لە تەمبەڵی یان لە ترسی دز، هەمیشە زەنگوڵەكانیان لەسەر وڵاخەكانیان بەجێدەهێشت و لە دەرەوەی خێمەكانمان دەیانبەستنەوە. كاتێكی دەوێت بۆ ئەوەی گوێی مرۆڤ بە مۆسیقای نائاسایی ڕابێت و ئەم "مۆسیقای شەوانە" چ خەوێكی كەمی بە ئێمە بەخشیوە، من و هاوڕێیانی ناو چادرەكان لە پێناو نەزانینی داب و نەریتی پێرشایدا قوربانیمان داوە. هەردوو خزمەتكارە

[1] باس لە سەراب یان تراویلكە بكەین، باس لەوە دەكرێت كە ڕووداوێكی سەرنجڕاكێش لە كاتی شەڕی نێوان فاو و بەسرە لە سەرەتای هەڵمەتی میسۆپۆتامیادا ڕوویداوە. دوای هێرشێكی نازایانەی تایبەت بەسەر بیابانی كراوەدا (كە لەو كاتەدا دەریایەكی قوڕ بوو كە لە كاتی ڕۆیشتندا دەبوو پێشڕەوی بكەن)، پیاوەكانمان گەیشتنە خەندەقەكانی توركیا و توركەكانیان ڕاونا. ئێستا دوژمن لە هەمان ئەو دۆخە سەختەدا بوو كە بەریتانییەكان كەمێك پێشتر تێیدا بوون و ئامانجێكی وردی پێشكەش بە تۆپخانەكانمان كرد كاتێك دەكەوتنە ناو قوڕەكەوە. بەلەمێكی چەكدار لە ڕووبارەكەدا بوو، پیاوەكانی سەر بەلەمەكە سەیری ڕێوشوێنەكانیان دەكرد كاتێك سەرسام بوون كە بینییان تۆپەكانمان لەناكاو تەقەكردنیان وەستابوو، هەرچەندە توركەكان هێشتا بە خێرایی لە تەقەكردنەكەدا بوون. دواتر دەركەوت كە ئامانجەكە لە سەرابی- تراویلكەی چاوی تۆپخانەكان لە ئاستی بیاباندا ون بووە.

پێرشاییەکەمان کاتژمێری گەورەی ئەورووپییان لە دەستدا بوو، ئێمەش پێمان ووتبوون کە سەعات شەش لە خەو بێدارمان بکەنەوە، کەچی دەنگە دەنگی ئەوان هەر لە سێ و نیوی بەرەبەیانەوە ڕایانپەڕاندین لە خەو و پشومان نەدا. نەفرەت و تووڕەبوون بە هەڵەکەی قەناعەتیان پێکردبوو، هەڵهات– تەنیا بۆ ئەوەی کوڕەکەی هاوڕێم بەدوایا بچێ، سەعاتێك دواتر بە هەمان زەوقەوە گەڕایەوە. ئەگەر بمانزانیایە کە کاتژمێرەکان تەنیا نیشانەی ڕەوشتن و توانای خاوەنەکانیان بۆ خوێندنەوەی ژمارەی سەعاتەکە ناگەیەنن. لە پێرشادا دەبێ فێری بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی گونجاوتر بیت لەبارەی کات و کاتژمێرەوە، بۆ نموونە دەستەواژەی " تاریك و ڕوونی بەیان" یان " خۆرهەڵهاتن" و بەو جۆرە.

لە پاشنیوەڕۆی ڕێکردنی ڕۆژی دووەم لە موحەممەرەوە، کۆمەڵە دارێکی تەنیا دێنە بەرچاو، کە نیشانەیەکی زۆر دڵنیاییە لەم وڵاتە ڕووتەنەدا ئەوە لە پیرۆزی ئەو شوێنەدایە کە گەشە دەکەن. لەوێ لە نێوانیاندا، بەڕاستی ئەوەندە بەسە، کە قوبە سپییەکەی گۆڕێکی پیرۆز دەدرەوشایەوە.

لەگەڵ گەیشتنمان بە شوێنەکە، سەرسام بووین کە زەویەکە بە چەندین جۆر کەلوپەلی بێ شێوە بڵاوبووەوە کە بە حەسیری قامیش داپۆشرابوو. Wilson

ویلسن کە زۆر شارەزای وڵاتەکە بوو، ڕوونکردنەوەکەی بۆ کرد. پێدەچێت سەیدی نێژراو باڵێکی پاراستن بەسەر هەموو شتەکاندا بکاتەوە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی گۆڕەکەیدا و بۆنی پیرۆزییەکەی بەم شێوەیە کە سەختترین دز ناوێرێت دەست لە شتێك بدات لەناو بازنەکەدا. ئەو شتانەی لەو ناوەدا کەوتبوون بریتی بوون لە گاسن و بێڵ و کەرەسەی خەڵکانی نیمچە کۆچەری، کە کاتێك کاری وەرز لە کێڵگەکاندا تەواو دەبێت، لێرە بەجێیان دەهێڵن تا لە بەهاری دواتردا دەگەڕێنەوە. بەم شێوەیە شوێنەکە بووەتە جۆرێك لە "سەندوقی سەلامەتی" بۆ هەموو دەرودراوسێ. بەڵام پۆلێکی دیکەی کەلوپەل کە تا ڕادەیەك ترسناك و مەترسیدارن و لە دەوری گۆڕەکەدا کۆکراونەتەوە– واتە تەرمی مردووەکان. کۆکردنەوەی تەرمێك بە شێوەیەکی قێزەون دێتە بەرچاو، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستیی ئەوە ئەوەیە کە ڕوودەدات. هەموو شیعەیەکی ڕاستەقینە ئەو بیرۆکە کۆتاییە بە بەنرخ دەزانێت، کە لەژێر سێبەری مەزارگەی پیرۆزی کەربەلادا بنێژرێت، کە حوسێن کوڕی عەلی خاوەن یادەوەری تراژیدی لێی نێژراوە. زۆرێك بۆ مردن دەچنە ئەو شوێنە؛ هەندێکی تریش دوای مردن لەلایەن پەیوەندییە خواپەرستەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ ئەوێ. بەڵام ئەوانەی گەشتی دوای مردن دەکەن مەرجێکی ماندووکەریان هەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی پاکوخاوێنی و تەندروستی تورکیاوە

بەسەریاندا سەپێنراوە – دەبێ سێ ساڵ لەمەوبەر گیانیان لەدەستدابێت! کەواتە پێویستە شوێنێکی پشوودانی کاتیان لێرەدا بۆ بدۆزرێتەوە، لە تەنیشت کەناری کارون، لە ژێر سێبەری لاوەکی پیرە هەژارە پیرۆزەکەدا، کۆچەرگایەکی بچووکی زیارەتکاران بە سەبرەوە لە ژێر کوخە قامیشە سادەکاندا چاوەڕێ دەکەن.

ئەو وڵاتەی ئێستا باسی دەکەم دیمەنی سەرگەرمییە سەرەتاییەکانی لایارد– Layard بوو. زاراوەی "سەرگەرمی" لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژیانە نائاساییەی کە لە نێو هۆزە خوێنڕێژەکانی بەختیاری و لوڕ و عەرەبدا ژیاوە، زۆر جێگەی باوەڕە؛ سەرگەردانەکانی بە پۆشاکەوە وەك هەر گەشتیارێکی عەرەبیانەی سێر ڕیچارد بێرتن Sir Richard Burton بوێرانە بوون. لە نێوان ساڵانی 1820– 1842 کە دۆزینەوەی داهاتووی نەینەوا هاتە عەرەبستانەوە. تەمەنی 22 ساڵان بوو، ماندوو بوو بوو لە کارکرد لە نوسینگەی پارێزەریی لە لەندەن، بڕیاریدا سامانەکەی لە مەیخانەیەك لە سیریلانکادا خەرجبکات. وای هەستدەکرد ئەو پرۆژە دەگمەنەی لە خەیاڵیدایە ڕێگەی بۆ ئەوێ بۆ بکاتەوە. بە تێپەڕبوونی بە قوستەنتینیە و سوریا و بەغدا، لایارد Layard گەیشتە وڵاتی بەختیاری لە کاتێکدا کە یەکێك لە فەرماندە سەرەکییەکانی دووچاری هێرش بووە لەلایەن سوپای شاوە لەژێر سەرکردایەتی ئەفسەرێکی خوێنڕێژ و بێ ویژدانی ناسراو بە مەتامەت Matamet. سەرۆك بە

ناچاری و به پەلە شاخەکەی جێهێشت و لەپێناوی پاراستنی ژیانی خۆیدا هەڵهات بۆ دەشتەکانی عەرەبستان بۆ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر شێخی موحەممەرەی هاوڕێی. مەتامەت Matamet و سوپاکەی شوێنیان کەوتن و Layard لایارد باس لەوە دەکات کە چۆن عەرەبە تۆقیوەکان هەموو بەربەست و بەنداوەکانی ئاودێرییان شکاند بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە دژی داگیرکەران لافاو بیبات. کوخە قامیشەکانیان بە پارچە پارچە ڕادەکێشا (وەك ئەوانەی تا ئەمڕۆش تێیدا دەژین)، کە لە کەڵەکی وێران دروستکرابوون و لەگەڵ خێزانەکانیان سواری دەبوون و چەند کەلوپەلێکی کەم، ئەوەندەی دەیانتوانی هەڵیبگرن، لەگەڵ خۆیان بردیان.

لایارد Layard خۆی کە تەنیا و بێدەسەڵات بوو – ماوەیەکی کەم پێشتر لەلایەن دزەکانەوە ڕوتکراوەتەوە، توانی کەڵەکێکی بچووك بۆ خۆی دروستبکات و بە بەشداریکردن لەو بەلەمە بێکۆتایانەی کە بە ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتن، بە درێژایی تا ڕادەیەك گەیشتە سەلامەتی لە خێوەتگەی شێخ.

لەو ڕۆژانەدا دارگەز کە لە زۆر شوێن بەدرێژایی کەناراوەکانی کارون لە بێشە چڕەکاندا گەشە دەکات، شوێنێکی دڵخوازی شێرەکان بووە. ئەمەی خوارەوە گێڕانەوەی Layard لایاردە لەبارەی بیروباوەڕێکی فۆلکلۆری دەماودەم سەبارەت

به پاشای درندەکان: "شێرەکان دابەشدەبن بەسەر موسڵمانان و کافرەکان یان بێ باوەڕەکان. یەکەمیان ڕەشتاڵە و دووەمیان زەردێکی تۆخ و ڕیشێکی ڕەش. ئەگەر شێرێکی موسڵمان هێرش بکاتە سەر پیاوێك. ئەو،" پێویستە کڵاوەکەی داکەنێت و زۆر بە ملکەچییەوە داوا لە ئاژەڵەکە بکات بەناوی "عەلی"ەوە ڕەحمی پێ بکات. فۆرمولەی گونجاو ئەوەیە: ئەی پشیلەی عەلی من بەندەی عەلیم لە ماڵی من تێپەڕە (واتە ئازادم بکە) لەسەر دەستی عەلی! پاشان "شێری بەخشندە بەزەیی بە داواکاردا دێتەوە و دەڕوات. بەڵام نابێت مرۆڤ بۆچوونێکی لەو شێوەیەی هەبێت سەبارەت بە شێری بێباوەڕ."

خەڵکی ڕەسەن لەم سەردەمەدا لە پێویستی جیاکارییەکی وەها گەورە ڕزگاریان دەبێت، چونکە ئێستا دە ساڵ یان زیاترە دوای دەرکەوتنی دوا شێر لەم بەشەی جیهاندا. بەم شێوەیە نێچیرەکەیان کە بەرازی کێوییە، ژیانێکی سەلامەت و ئارام لە کەناری ڕووبارەکە دەژین. ئەمانە لەگەڵ ڕەوە ئاسکە سلکەرەوەکان کە ناوبەناو لە ئاسۆدا دەردەکەون و چەقەڵەکانی هەموو شوێنێك کە هاوارێکی ناشرینی شەوانە دەکەن، نزیکەی تاکە چوار ئاژەڵن کە لەم وێرانەیەدا نیشتەجێن. بە پێچەوانەوە، باڵندەکان زۆر زۆرن، قوڕاویلە، مراوی، پۆڕ، شینەشاهۆی قاچ درێژ و لە سەرووی هەمووشیانەوە باڵندەی کۆتری ناو لم.

کاتی گەشتەکەمان بەناو بیابانەکەدا، وەرزی پۆلە کۆترەکانی ناو لم بوو، مرۆڤ دەیتوانی چەند کاتژمێرێك بە سواریەوە لە ئاسماندا سەیری مانۆڕە نایابەکانیان بکات. لە ئاسۆدا شتێك دەردەکەوێت کە بۆ هەموو جیهان وەك هەورێکی چڕ لە دوکەڵ لە شەمەندەفەرێکی خێرا بەرزدەبێتەوە. لەناکاو هەورەکە چڕ بووەوە و بوو بە بارستەیەکی ڕەق و دوای ساتێك خاڵێك لە پۆلەکە وەك مووشەك تەقینەوەیەك گرمەی لە ئاسمان هەڵسان و شەمەندەفەرێکی شێوە پوازی بەجێهێشت. لە خولەکی داهاتوودا هەر گۆڕانکارییەك لە ئاراستەی فڕینی پۆلەکەدا وا دەکات وەك ئەوەی بە سیحر ون بێت و دیارنەمێنێت، بۆ ئەوەی بە درێژایی ئاسۆ دەربکەوێتەوە و دووبارە دەستبکاتەوە بە گۆڕانە سەیر و سەمەرەکانی. چەند دەیان هەزار باڵندە دەچن بۆ ئەوەی یەکێك لەو جۆرە پۆلانە دروستبکەن و چۆن هەموویان خۆراك دەدۆزنەوە، ئەوە پرسیارێکە کە دەبێ زانایانی باڵندەناس سەرقاڵ بکات. دەڵێن باڵەفڕەی کۆتری ناو لم لە دووری یەك میلەوە گوێ کەڕئەکات، بەڵام من نەمتوانی لەوە دڵنیابم.

لە سێیەم ڕۆژی دەرچوونمان لە موحەممەڕە کە بۆشایی دیمەنەکە بە شێوەیەکی ستەمکارانە دەستیکرد بە زیادبوون، ئەو سپیاییە نادیارەی کە لە مێژە لە ئاسۆی باکووردا دیاربوو، وردە وردە خۆی لە زنجیرە چیای بەختیاریی سەر بە بەفردا

یەکلاکردەوە. لوتکەکانی کە 12 هەزار پێیە، بەربەستێکی نایابیان لە نێوان ئەو دەشتانەدا دروستدەکرد کە کاروانەکەمان هێواش هێواش بەسەریدا دەخزێت و ئەو خاکە بەرفراوانەی لەودیوەوە، پێرشای ڕاستەقینەیە. لوڕەکان و بەختیاریەکان کە لەنێو ئەم چیایانەدا دەژین، دڕندەترین هۆزەکانی پێرشان و ئەوروپییەکان بە دەگمەن دزەیانکردۆتە ناو ئەم وڵاتەوە، دۆزەرەوەی سەرەکی ئەم وڵاتە لەم دواییانەدا خودی کاپتن ویلسۆن Captain Wilson بوو، کە جێگری کۆمیساری بەریتانیا بوو. ئەو شەوە لە "ئوم التمور" هەڵماندا، کە یەکێکە لە گوندەکانی سەر کەناری کارون. شێوازی وشەسازی، کە نمونەیەکی، بێگومان دڵخوازی عەرەبەکانە، کە بێباکانە لەسەر مرۆڤ و شوێن و ئاژەڵ بەکاریدەهێنن. زۆرجار ناوەکانیان بە خۆشییەوە دەگوترێتەوە، وەك " ابو خشم الطويل ـ لووت درێژ" کە بە واتای ساویلکە دێت. بەهەمان شێوە وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، بۆ مرۆڤیش بەکاردەهێنرێت. شێخی ئەم گوندە دەیویست ئاگادارمان بکاتەوە کە یەکێك لە هاوکارە بیانییەکانی بینیوە کە بە هەمان ڕێگادا پێش ئێمە ڕۆیشتووە. هاوکارەکەمان کەمێك قەڵەو دیار بوو، شێخیش (مەبەستی سوکایەتی نییە) بەم شێوەیە ناوی هێنا: " ئەم بەیانییە – ابوالبطن – تەشریفی هێنایە گوندەکەمان."

لەم خاڵەوە دواجار لە کارون جیابووینەوە و بەرەو کەرخە ڕۆیشتین، تەنیا لێرە کورتە ڕێوڕۆشتنێکە. ڕووبارەکە لە نزیك کرمانشا بەرز دەبێتەوە، لە زنجیرەیەك وەرچەرخانی ناسەرنجڕاکێشدا دەگەڕێتەوە بۆ مەودایەکی کەم لە کارونەوە، پاشان جارێکی دیکە بەرەو باکوور دەگەڕێتەوە و لە کۆتاییدا لەنێو زەلکاوەکاندا خۆی لە دەستدەدات.

لە کۆتا بەشی ڕێڕەوەکەیدا، لە نزیك شوێنێکدا تێدەپەڕێت بە ناوی حوێزە، کە نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر نمایشێکی نایابی سروشتی چەقبەستووی کرد کە لەگەڵ هەموو ئاوەڕۆگەی میسۆپۆتامیادا هاوبەشی دەکات. لەو بەروارەدا ڕووبارەکە بەناو شارەکەدا تێپەڕی و زەوییە بەپیتەکانی دەوروبەری ئاودەدا. بەرهەمی نایاب بەخێوکرا، حوێزە شارێکی زۆر ئاوەدان بوو کە ژمارەی دانیشتووانەکەی 30 هەزار کەس بوو. بەڵام ڕۆژێکی چارەنووسساز، کەسە باشەکانی شوێنەکە لە خەو هەڵسان و خۆیان دەبیننەوە کە بەرز و وشك بەجێماوە – ڕووبارەکە لە شەودا وازی لە جێگا کۆنەکەی هێنابوو، گواسترایەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە چەند میلێك لە دوورییەوە بوو. حوێزە بەم شێوەیە بێبەش بوو لە تاکە هۆکاری ئاوەدانییەکەی، هەر زوو پاشەکشەیکرد. لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی دانیشتووان بۆ یەك لەسەر دەی کەم بووەوە و لەم سەردەمەدا شوێنەکە کەمێك زیاترە لە گوندێك.



له كەرخەدا



پەڕینەوە لە كەرخە

لەو خاڵەی کە گەیشتینە نزیك گوندی "کوت سەید عەلی"، نزیکەی 100 مەتر پانی و زۆر قووڵ بوو. خۆشبەختانە ئێمە هێشتا لە خاکی بەلەمەکاندا بووین – هەرچەندە ئەو نموونە خامانەی لێرەدا بینیمان، هاوتای هەژاری بەلەمە سپییە نووکدارەکانی موحەممەرە بوون. بەلەمێکی بچووك ئێمە و بارەکانمانی هەڵگرتبوو. ئەسپەکانیان لە دواوە ڕادەکێشا. هێسترەکان کە بۆ جارێك کورتانەکانیان لێ نەکرابووەوە، لەسەر کەنارەکەی دی پێکەوە کۆبووبوونەوە و وەك بەرازی گادارێن بە لێوارە بەرزەکەدا دەخزانە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە. لە کەنارەکەی تردا هەندێك وشتر بەدوای یەکدا دەهاتن، هەر یەك سەری بە کلکی ئەوەی بەر دەمی خۆی بەستراوەتەوە و ئەگەر بتوانرێت تەماشای سیمای بکرێت، ڕوخسارێکی خەمبارتر دەبینی لەوەی لە وشکانیدا دەیبینن.

بنەماڵەیەکی شێخی بەناوبانگ لەم ناوەدا دەژین. ئەمانە نەوەکانی پێغەمبەرن، تا ڕادەیەك لە پێگەیەکی هاوشێوەی پەنجا ساڵ پێش ئێستای نیشتمانێکی شەریف بەهرەمەندن. هیچ کارێك ناکەن و زۆر بە خۆشگوزەرانی لەلایەن ڕانە مەڕە هاوبەشەکانەوە پشتگیری دەکرێن. سەرۆکی خێزانەکە هات بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمیسیۆنی بەریتانیاوە و کوڕە دە ساڵانەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کوڕێکی قۆز و ڕووخۆش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش. گروپەکەمان هێشتا شتەکانمان نەکردبۆوە

و جگەرەمان بۆ نەدۆزرایەوە کە پێشکەشی میوانەکانی بکەین، بۆیە جگەرەی چرووتی کۆمیساری لەجیاتی شتی تر پێشکەشکرا. کەمێ وەستا و دانەیەکی هەلگرت و بە گومانەوە سەیریکرد و دایگیرسان، بەلام بۆی دەرکەوت کە بەدلی نییە. بەهۆی ئەوەشەوە کە زۆر بەرێز بوو تا دابونەریتی ئاکاریی وەها پێشێلبکات و چرووتەکە فرێبدات، بە رێزەوە دوای چەند نەفەسێك، رادەستی هاورێ بچووکەکەی کرد، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. کورە عەجولەکە هێشتا بە خۆشحالیەوە سیگارەکەی دەکێشا دوای پێنج خولەك کاتێك باوکی هەستا و مۆلەتی خواست – ئیدی لە بەدواداچوونە حەتمیەکە بێبەشبووین!


کۆمەلێك گردی نزم لە پشت خێوەتگەکەمانەوە بوو، لە لوتکەکەیەوە دیمەنێکی جوانی ولاتەکە لە باکوورەوە دەبینرا. رووباری کەرخە بە سەد گرێ و لۆچێکی جوانەوە بەناودا دەبا. ئاوەکان میل لە سەر میل بەجوانی بە ولاتدا دەسورێتەوە. بەلام تا ئەو شوێنەی چاو دەتوانێت برکات، تاکە نیشانەی کاری دەستی مرۆڤ، گۆرێکی سپی تاقانەیە. سەرەتا پێدەچێت باوەرپێنەکراو بێت کە خاکێکی لەو جۆرە بە تەواوی بە چۆلی بمێنێتەوە – جۆرێك لە خاکی بێ مرۆڤ، بەلام هۆکارەکەی دوور نییە هەموو ئەم ناوچەیە شوێنی راوکردنی خۆشی سەگوەند و بەنی لامە، کە دوو لە درندەترین هۆزەکانی ئاسیان. بنکەی بەنی لام لە کەنارەکانی

دیجله، نزیك عەمارە بوون و ئەوان هۆزێکی سەرەکی عەرەب بوون، کە لەم هەڵمەتەی ئێستادا پەیوەندییان بە تورکەکانەوە کرد دژی ئێمە. لە حەفتا ساڵ لەمەوبەرەوە ئەم ناوبانگە ناخۆشەیان لەنێو دراوسێکانیاندا هەبووە، وەك لەلایەن گەشتیارێکی ئەوروپییەوە کە بەناو وڵاتەکەیاندا تێپەڕیووە: ئامازەی بەوە کردووە، "بەنی لام عەرەب نین بەڵکو کافرن، ڕێز لە یاساکانی میوانداری ناگرن و بە هیچ شێوەیەك وەك موسڵمانێکی باش ڕەفتار ناکەن. ئەوان چەندە خیانەتکارن، ئەوەندەش دڕندە و کێوین، تەنانەت لەپێناوی دەستکەوتێکی بێ بایەخدا قوڕگی میوانێکیان هەڵدەهێننەوە". ئەم هۆزە رووخۆشە نزیکەی تەنیا بە تاڵانکردن و دەستدرێژیکردن دەژین، تاڵان و ئازاردانی خەڵکی هەژاری گوندنشینەکان، کە تا ئەم دواییەی ژیانیان لە دۆخێکی تیرۆری بەردەوامدا دەژین. بەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە بەشێکی گەورەی وڵاتێکی زۆر بەپیت، کە کەمێك کار لە ئاودێریدا دەیکاتە بەرهەمدار وەك هەر وڵاتێکی جیهان، بێ بەرهەم و بێ دەستلێدان دەمێنێتەوە. تەنیا هەفتەیەك پێش هاتنی ئێمە بەنی لام هێرشیانکردبووە سەر مەڕەکانی کوت سەید عەلی و ڕاویانکردبوون. لە ڕاستیدا خۆیان لە کوشتنی ئەو کوڕانە بەدوور گرت کە پاسەوانی ئاژەڵەکانیان دەکرد، بەو پێیەی ئەوان حەزیان لە ناڕەحەتی تۆڵەسەندنەوەی خوێناوی نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە دوابخەن

تا نەهێڵن زەنگی ئاگادارکردنەوە لێبدەن، کوڕە لاوە هەژارەکانیان برد و پڕ شەقیان کردبوون، تەنانەت نەیاندەتوانی بە پێ بڕۆن.

جارێك یان دووجار بۆ ئاهەنگی هەڵکوتانەسەر دامان بەلای شوانەکانی کە لە دەشتەکەدا مەڕەکانیان دەلەوەڕاند. هەر کە چاویان بە ئێمە دەکەوت، دەستیاندەکرد بە لێخوڕینی ڕانە مەڕەکانیان بەرەو نزیکترین گوند و بە هەموو هێزەوە هاواریاندەکرد و تفەنگەکانیان دەتەقاند بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی گوندەکە ڕابکێشن. لە یەکەم بۆنەدا، بە پەلە بەدواياندا ڕۆیشتم بۆ ئەوەی دڵنیایان بکەمەوە – بەسەریاندا تێپەڕیم، و خۆمم بینی کە لە دەمی لولەی ئاگراوی چەکێکی–450–ەوە سەیری خوارەوەم دەکرد – دوای ئەوە، دڵنیابوونەوەکەم بۆ کەسێکی تر بەجێهێشت تا بیکات!

ڕۆژێك ڕێگەڕۆشتن لە پەڕینەوەی کەرخەوە، ئێمەی گەیاندە لێواری (خور العظم). ئێستا کاروانەکە بەدەوری کەناری زەلکاوەکەدا دەسوڕێتەوە، بەڵام من بەختەوەر بووم کە توانیم ئەسپەکەم لەگەڵ کۆمەڵی سەرەکیدا بنێرم و بە تەنیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە بەلەم گەشتەکەم بکەم. دیمەنی زەوییە زەلکاویەکان تەواو جیاوازە لە هەموو شتێك کە لە هەر شوێنێکی تر بینیومە؛



ولآخ ئاودان



خانو دروستکردن لە عەرەبستان

ئەوەی کەمێ ناوازەیە دانیشتوانەکانیانن، ئەو بوونەوەرە دوورخراوە سەیرانەن کە لە نێوان زەلکاوەکانیاندا دەژین، لە جیهانی دەرەوە دابڕاون و بژێوییەکی کەم بە مەرەزەکردن و ماسیگرتنەوە بەدەستدێنن.

چەند تێبینییەکم لە یاداشتنامەکەمدا دۆزیەوە، لە کاتێکدا نووسیبووم کە بە هێواشی لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووبارەکەدا دەچووینە پێشەوە، کە پێموایە کاریگەرییەکی باشتری دەبێت لەسەر ئەوەی کە گەشتەکە چۆن بووە. یەکەمیان بەرواری :

22/ شوبات، کاتی نیوەڕۆ. ئێمە لە بەلەمێکدا لە ڕووباری کەرخەدا دەسوڕاینەوە. تا ڕادەیەك تەسك بوو – نۆ کەس لە ناوەوە! جۆرە بەلەمەیکی سەرەتایی و پتەو، کەوانێکی زۆر درێژی تەنك و کێشراوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی بەلەمەکە تا ڕادەیەك شێوەی هێڵکاری کەشتییەکی ڤایکینگ بدات. دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا و شوێنی نیشتەجێبوونی پلە یەك لە نێوان کەشتییەکاندا لەلایەن من و عەقید Colonel و بەڕێزێکی عەرەبەوە داگیرکراوە کە سمێڵی سوور و بریقەدار و بە خەنە هێڵکاری کراوە و توانایەکی هەمیشەی هەیە بۆ دروستکردنی دەنگی بێزارکەر و داوای خەڵات و دیاری. کارێکی خەواڵوویە، بە تەقینەوەی وزەی هێمنانە ناوبەناو بە ڕووبارەکەدا دەڕوات، کاتێك بەلەمەوانەکان بۆ چەند خولەکێك بە سەوڵەکانیان

ئاوەکە دەجووڵێنن، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ بێکاری و ویزە ویزکردنی گۆرانی عەرەبی. ئەو بەلەمانەی کە چاویان پێمان دەکەوێت و بارکراون بە قامیشە بڕاوەکان و دێنە سەرەوەی ڕووبارەکە، پیاوێك لە کەنارەکەدا بەدوایدا دەڕوات، لە کاتێکدا هاوڕێکەی لە پشتی بەلەمەکەدا دادەنیشێت و کەوانەکەی لە کەنارەکەوە ئاراستەی دەرەوە دەکات. خەڵکی ناو ئەم زەلکاوانە جل و بەرگێکی زۆر کەم لەبەردەکەن و خەریکە ڕەش هەڵئەگەڕێن.

کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ و وێنەگرتن لە کەناری پڕ لە پۆڕ و کەروێشکی کێوی، گەڕاینەوە بۆ سەوڵلێدان بەرەوخوارووی ڕووبارەکە. پێدەچێت بەلەمەوانەکانی ئێرە هەرگیز ئەگەری ڕۆیشتن لە هەر لایەکی بەلەمەکەدا نەدۆزیبێتەوە؛ چەند لێدانێك پێکەوە لە لای کەوانەکەوە دەکەن، پاشان دەسوڕێنەوە و لە لای لێدانەکەش هەمان شت دەکەن؛ ئەنجامەکەی – ڕێڕەوێکی زۆر پێچاوپێچ و ئاوەڕشێنکردنی بەردەوامی سەرنشینەکانە. کەنارەکانی ڕووبارەکە کیسەڵێکی زۆری تێدایە، کە دادەنیشن و لەکاتی تێپەڕینماندا ملیان بەرەو لای ئێمە درێژدەکرد. شینەشاهۆی شکۆدار لێرە و لەوێ وەك پاسەوان وەستاون و ماسیگرەکان، هەندێکیان شین و هەندێکیان ڕەش و سپی، بەسەر ئاوەکەدا دەسوڕێنەوە. تازە بەلای کۆمەڵێك باڵندەی نامۆدا تێپەڕین کە لەسەر کەنارەکە

هەڵنیشتبوون. نزیکەی شەش دانەیەك بوون، بوونەوەرێکی زۆر مەترسیدار و قەموور بوون، تا ڕادەیەك لە پەنگوینی بچووك دەچوون، بەڵام هیچ کام لە خۆشی و شادیی پەنگوینیان نەبوو. کۆمەڵێك سکۆتلەندی پیریان لە پرسەیەکدا بیرخستمەوە، لەوێ بێدەنگ و بێ جووڵە وەستابوون و خەمۆکترین روخساریان هەبوو کە بە خەیاڵتدا دەهات. یەکێکیان پشتی رەنگی سەوز و شینێکی نایابی هەبوو، بەڵام ئەوانی دیکە خۆڵەمێشییەکی هێمن بوون– ڕەنگە مێیەکەی بن. عەرەبەکان دەڵێن پێیان دەوترێت واع و تەنیا بەدەویەکان دەیانخۆن.

دواتر (لە کەمپدا). گەیشتینە بیسەیتین Bisaitin کە یەکێکە لە گەورەترین گوندەکانی ناو زەلکاوەکان. وەك ڕیزێك کوخ بەدرێژایی هەر کەنارێکی ڕووبارێك، بۆ چەندین کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. لەگەڵ شەقامە لاوەکییەکان لە نێوان کەناڵەکاندا کە دەچنە سەر چەمی سەرەکی. کوخەکان درێژ و تەسکن، دیوارەکانیان لەگورزە قامیش پێکهاتووە کە بەرزییەکەی نزیکەی شەش پێیە، بەشێکیان لە زەویدا نوقم بوون و بە سەقفێك لە حەسیری قامیشی داپۆشراون. ئەوان زۆر جیاوازن لە هەر خانوویەك کە تا ئێستا بینیومە. هەر گوندێك یەك دوو کۆشکی لە قوڕ دروستکراوی هەیە کە کەسە گەورەکانی تێدا دەژین و هەموو ژیانی ئەو شوێنە لەسەر ڕێڕەوی ئاوەکان بەسەردەچێت. لە نیوەی ڕێگاکەدا لە گوندەکەدا لقێکمان لە کەناڵی

لاوەکی کردەوە، گەیشتینە ئەو شوێنەی کە فراوانتر بوو، بوو بوو بە دەریاچەیەکی قووڵ و خێوەتگەکەمان لە لێواری ئاوەکەدا دۆزیەوە، ئیدی بەرەو دەرگای پێشەوەی خێوەتگەکەمان ڕۆیشتین.

ڕۆژی 23، کاتژمێر 9ی بەیانی - گەڕاینەوە بۆ بەلەمەکەمان، ئەمجارەیان لەگەڵ W. دواجار توانیمان ریش سوور بخلیسکێنینە ناو کەوانەکانەوە و قاچەکانمان درێژبکەینەوە. بۆ ماوەی کاتژمێرێك بە زنجیرەیەکی بێکۆتایی کوخە حەسیرەکاندا تێپەڕین و قەرەباڵغییەکی تەماشاکەران و منداڵی ڕووتەڵەی عەرەب لە کەنارەکەدا ڕیزبوون، زۆر حەزیان لە یەکەم بینینی ئەوروپییەك بوو– چونکە پێشتر، ئەوەندەی ئێمە بزانین هەرگیز گەشتمان بۆ ئەم ناوچەیە نەکردبوو. جارجارە بەلای بەلەمێکدا تێدەپەڕین و گفتوگۆی ڕووبەڕوومان لەگەڵ سەرنشینەکان دەکرد، ئەگەرچی تا ڕادەیەك لەیەکتری تێنەدەگەیشتین. سەرەتا دەیانووت: "هەندێك کەسی ترسناك هەن لە سەرەوەی ڕووبارەکە لەو شوێنەی کە ئێوە بۆی دەچن؛ قوڕگتان هەڵدەهێننەوە و سەرتاندەبڕن". ئێمەش بە ئاماژەدان بە چەکەکانمان وەڵاممان دەدانەوە، ئەوانیش چەپڵەیان بۆ ئازایەتیمان لێدەدا. نزیکەی یەك میل لە کەرخەوە، لەناکاو لەناو قامیشە نەبڕاوەکاندا کۆتایی هات و کاتێك هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونمان نەبینی، پێمان وابوو ڕێبەرەکانمان فریویان داوین، بەڵام

زەلكاویەکان بە هێز هاتنە دەرەوە و بەسەر بارێکدا ڕایانکێشا و پاڵیان پێوە نایین بۆ ناو کەناڵێکی شاراوەی پێنج پێ پانی و پڕ لە بەلەمی تر. پاڵماندەنا و جنێومان دەدا و پێدەکەنین تا دواجار گەیشتین، ئێستاش بە درێژایی کەناڵێکی نهێنی لە نێوان قامیشەکاندا دەسوڕێینەوە کە وا دیاربوو لە هەموو گۆشەیەکدا کۆتایی دێت. ماسییەکی باشمان گرت کە هەندێك لەو کوڕانەی تێپەڕین تازە ڕاویانکردبوون. لەبیرم چوو باسی ئەوە بکەم کە ژەمی سبەی ئێوارەمان، لە شێوەی بەرخێکی زیندوودا، لە پشتی منەوە بەستراوەتەوە، هەندێ جاریش قۆچێ لە پشتم دەدات یان خۆی هەڵدەدا بۆ سەر شانم .

کاتژمێر 10ی بەیانی – ئێمە هێشتا بە درێژایی ئەم کەناڵە نائاساییە دەسوڕێینەوە ن خەریکی سەوڵلێدانین، کە تەنیا چەند پێیەك پانییەکەیەتی، لەگەڵ پێچێکی تیژ لە هەر چەند یاردێکدا و دیوارێك کە مەحاڵە ببڕێت، بەرزییەکەی شەش پێیە و بە تەواوی داماندەخات، بەجۆرێك تەنیا ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت بیبینێت ئاسمان و چەند مەترێك ئاو لە پێش و لە پشتمانەوەیە. دوو بەلەمی دیکەش بەدوای ئێمەدا دەگەڕێن، پیاوەکان چوارمەشقی لە کەوانەکەدا دانیشتون و گۆرانی خۆشەویستی عەرەبی دەڵێنەوە. مرۆڤ گوێی لە باڵندە دەبێت بەڵام هیچ نابینێت و زۆر گەرمە.

گومانم هەیە پیاوێکی سپی پێست بتوانێت لە هاویندا لە نیوەی ڕۆژدا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لێرەدا بژی.

خزمەتکارە دەشتەکیەکەی W. لە پشتیەوە دانیشتووە، وەك سیفەتی فارسی خەریکی درۆکردنە بۆ دڵخۆشکردنی گوێگرانی خۆی شت دەگێڕێتەوە. هەر کاتێك ریش سوور دەیگوت: "ئەوەندە میلێکی زۆرە بۆ فلان شوێن"، یان "ئەمشەو تەقەیەکی باش لە خێوەتگەکەدا دەبێت"، دەشتەکیەکە دووبارەی دەکردەوە: "بەڵێ، تەنیا میلێکی زۆر"، یان " تەقەکردنێکی باش". بێگومان ئەو دەزانێت ئێمە دەزانین کە تازە لە لۆڕستانەوە هاتووە و پێشتر دوو سەد میل دوورنەکەوتۆتەوە، بەڵام ئەوە نیگەرانی ناکات. تازە گوێم لێ بووە W. لە وەڵامی پرسیارێکدا، بە باشترین فارسی خۆی ڕوونیدەکاتەوە کە گامێش بە شەقامەکانی لەندەندا ناڕۆن!

کەمپ لە ئوم شیر کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆ – میلێکی دیکەمان بەناو قامیشەڵانەکاندا بڕی، پاشان چووینە ناو دەریاچەیەکی پڕ لە باڵندەی ئاوی لە شەش جۆری جیاواز، بیابانەکەش لە پشتیەوە بەرەو خوارەوە دەڕۆیشت. ئەمە سنووری زەلکاوەکانە، بۆیە بە پەلە ڕۆیشتینە ناو قووڵاییەکانەوە بۆ کەنار دەریاکە و گەیشتینە خێوەتگەکە کە نزیکەی یەك میل لێوەی دوور بوو.

## بەشی پێنجەم.


## لە ڕێگەی خاکی ئیلامەوە (2).

ئەوەی دەتوانم وەك قۆناغی دووەمی سنوور وەسفی بکەم، لە Umm Chir "ئوم شیر"ەوە دەستیپێکرد. ئێستا 200 میل بیابانێکی کاکی بە کاکیمان لەبەردەمدا بوو، بە تەواوی ئەوەندە چۆڵ بوو، کە دەبوو 150 میل گەشتی پێدا بکەین، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ ببینین. ڕێگاکە بە درێژایی کەناری دەشتە گەورەکەی میسۆپۆتامیادا بوو، ناوچەیەکی بێ ئاو و وشك بوو کە تەنیا بە چەند چەمێك ئاوی دەدرا ئەویش لە کۆکردنەوەی ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی لوڕستانەوە دێنەخوارەوە و دەڕژێنە ناو هۆڕەکان بەدرێژایی دیجلە. وەسفێکی لەباری ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەندامێکی کۆمیسیۆنی سنووری ساڵانی 1849–1852 بەم شێوەیە کراوە: "ئەم وڵاتە بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونەوە، زۆر سەختە بەناویدا تێپەڕیت، مەترسی هێرشەکانی عەرەبەکانی بەنی لام لە دیوی دیجلە و لوڕەکان بە ئاڕاستەی شاخاویەکان و ئاوی سوێر کە لە زستاندا بە کارهێنانی سەختە و لە هاویندا بە تەواوی ناخورێتەوە.


ئەم وڵاتە هیچ سنوورێکی نیە جگە لە دیجلە لە ڕۆژئاوا و شاخەکانی لوڕستان لە ڕۆژهەڵات.

عەشیرەتی بەنی لام لە کەنارەکانی ڕووبارەکەدا نیشتەجێن و لوڕەکانیش لە ناو شاخەکاندان؛ شریتی بیابان وەك هێڵێك وایە کە ئەم گەلانە لێی کۆدەبنەوە، جۆرێکە لە خاکی بێ مرۆڤ کە هەندێك جار لەسەری شەڕ دەکەن و هەندێك جاریش دۆستایەتی، بەڵام هەمیشە ئامادەن بۆ تاڵانکردنی ڕێبوارێك، بۆیە کاروانەکان هەرگیز ناوێرن بەم ناوچانەدا سەفەربکەن." پێدەچێت لیژنەی کۆن ڕێزی زۆری هەبووبێت بۆ ئەم هۆزە تاڵانچیانە. ئەوان – واتە ئینگلیز و ڕووس و فارس – بۆ ماوەی شانزە ڕۆژ خۆراکیان پێبووە و ئالیکیان لەسەر 107 وشتر بارکرد و هەموو خزمەتکار و شوێنکەوتووەکانیان پرچەك کرد، بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن " بەجۆرێ کە هەموو شتەکە سیمای گەشتێکی سەربازی هەبوو" بە کردەوە پەلەیانکردە ناوەوە.

ئەوان دەگێڕنەوە کە تاقمی جەردەکان بە دزییەوە بەدوای کاروانەکەدا دەڕۆیشتن و نزیکەی هەموو شەوێك تەقوتۆق لە خێوەتگەکەدا دەکرا.



چادری لوڕ



بەرازی پێرشای

ئەوەندە هەراساندەکران کە تەنیا دەیانتوانی نەخشەیەکی زۆر سەخت بۆ ناوچەکە دروستبکەن و مەوداکان بە درێژی هەنگاوی ئەسپێك حیساب بکەن. بەرئەنجامی هەموو ئەمانە ئەوە بوو کە لە دەوروبەری ئوم شێرەوە تا مەندەلی تەنانەت نەدەکرا پێشوەختە هێڵێکی نزیکەی سنوورەکە لەلایەن باڵیۆزەکان و وەزیرە گەورەکانەوە لە قوستەنتینیە دابڕێژرێت، بۆیە ئەو ئەرکە کەوتە سەر شانی لیژنەکەمان نەك تەنیا بۆ کارکردن لەسەر سنووردارکردنی سنوور، بەڵکو بۆ دیاریکردنی سنوورەکە خۆی. تاکە بنەمایەك کە لە یەکلاکردنەوەی هێڵەکەدا کۆمیساریەکانی ڕێنماییدەکرد، دۆخی ئێستای سنوورەکە بوو. بەڵام ئەمە لە ڕووی ماددییەوە یارمەتیدەر نەبوو لە ناوچەیەکدا کە بە دەگمەن ڕۆحلەبەرێك هەبووە بزانێت هێڵی دانپێدانراو لە کوێیە، تەنانەت ئەگەر هێڵی دانپێدانراو بە هیچ شێوەیەك ناسرابێت، ئەمەش جێگەی گومانێکی زۆرە. دواجار هەندێك لە شوانەکان لە بیابانەکەدا دۆزرایەوە کە ڕانێکی بچووکی بزنیان دەلەوەڕاند و بە جۆش و خرۆشەوە لەبەردەم لیژنەکەدا پێشوازیکران و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا.

لێیان پرسین: لە وڵاتی کێدا بزنەکانتان دەلەوەڕێنن؟

وەڵامیان دایەوە: "خودا" و هیچ زانیارییەکی زیاتریان لـێ وەرنەگیرا.

تورك و فارس کە داخوازی زۆر جیاوازیان هەبوو، نەیانتوانی لەسەر ئەو بابەتە رێکبکەون، بۆیە دواجار، ناوبژیوانیی ئینگلیز و رووسیا بانگهێشکرا و هێڵی سنوور بۆ 80 میلەکەی داهاتوو جێگیرکرا. بێگومان هەموو ئەمانە چەند رۆژێکی خایاند، لەو ماوەیەدا توانیمان لە ئەگەرە وەرزشییەکانی ئەو ناوە بکۆڵینەوە. یارییەکان زۆر بوون و تا رادەیەك جۆراوجۆر بوون. رووپێوکارە هیندییەکان راپۆرتیان دا لە کاتی گەرانەوەیاندا رەوە ئاسکێکی گەورەیان لە فرۆکەکەوە بینیوە، بەلام ولاخەکانمان کە چەندین کیلۆمەتر بەدەم لەوەرەوە بلاوبوونەتەوە، وەك هەمیشە زەنگولەکانیان لە ملدا بوو، چانسی بەدەستهێنانی گۆشتی ئاسکیان بۆ ژەمی ئێوارە تێکدا. هەروەها کەروێشکی کێوی و پۆر و کۆتری ناو لم و مریشکە کێوی و باڵندەیەکی نایابی تر کە لە قەوارەی قەلەمونێکدایە و خواردنیان زۆر تەروبرە، بەلام زوربەیان کێویە و وەك ئاسکەکان راوکردنیان ئاسان نییە. بەرازێکی کێوی زۆر لە کەناری زۆنگاوەکەوە دەژین و رۆژان لەو دەوروبەرە بەسەردەبەن؛ ئێوارانیش دەگەرانەوە بۆ ئەو ولاتە وشك و قلێشاوەی پشتی ئۆردوگاکەمان. تازە نانخواردنی نیوەرۆمان تەواو کردبوو، منیش لە خێوەتگەکەدا وەستابووم و لەگەڵ ئەفسەرێکی رووسی قسەم دەکرد، کە دەنگە دەنگێك وای لێکردین سەیری دەوروبەرمان بکەین. عەرەبێك بەسواری ئەسپ بە توندوتیژی بەناو خێوەتگەکەدا دەرۆیشت و دوو

بەرازی گەورەی دابووە پێش. ئەو جووتە بە شێوەیەکی هێندە بێباکانە لە نێوان چادرەکاندا بە پەلە هاتبوون کە بۆ ساتێك بیرۆکەی گاڵتەجاڕانەم بە خەیاڵدا هات کە ئەوان ئاژەڵێکی ڕامکراون. بەڵام زۆری نەخایاند، چونکە هەر کە گەیشتنە کەمپی عەرەبەکان، هەموو دانیشتووانەکەی بە هاوار و تەقەکردنەوە هاتنە دەرەوە و لە مەودایەکی نزیکەوە دەستیانکرد بە تەقاندنی گوللەیەکی گەورەی مووشەك. ئاژەڵە بەدبەختەکان ناچار بوون بۆ ماوەی نزیکەی 50 مەتر لە ژێر تەقەیەکی زۆردا ئازایانە ئەو پێکۆڵە بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا بێ زیان دەرچوون و بە سەلامەتی هەڵهاتن و گەڕانەوە بۆ زۆنگاوی زێدی خۆیان. لەناو دەستدرێژکارە بێباکانەکانیشدا هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.

ڕۆژێك لە کیسەی ڕاوکراوەکاندا پشیلەیەکی کێوی تێدابوو، نمونەیەکی ورد، کەمێك زیاتر لە 4 پێ درێژییەکەی لە کۆتاییەوە بۆ کۆتایی، پێستەکەی لەگەڵ نمونەکانی دیکەی ئاژەڵە پێرشایەکانمان، چووەتە مۆزەخانەی مێژووی سروشتیی بۆمبای. شەهیدێکی تری زانست، کونەپەپوویەکی گەورەی شاخدار بوو، باڵەکانی 4 پێ و 6 ئینج بوو. لە کۆتاییدا نابێت لەبیرم بچێت باسێ لە هەموو شوێنێکی هەرە زیانبەخشی ژێرزەوی بکەم کە مشکی جێربیلە. بە تاك، ئەوان سەیرترین بوونەوەرە بچووکەکانن، بە چاوە گەورەکانیان و کلکەکانیان کە بە شێوەیەکی بێمانا درێژە،

بەڵام بە کۆی گشتی هیچیان کەمتر نین لە بێزارییەکی گشتی. هەموو وڵاتەکە کون کون بوو لە شێوەی کورەهەنگ و لەوەش خراپتر کونەکانی چوونە ژوورەوە ئەوەندە بچووك بوون کە هەرگیز نەتدەتوانی ئەو ساتە بزانیت کە کەی زەوی لە ژێر سمی ئەسپەکەتدا ڕۆدەچێت؛ خۆشبەختانە کەوتنەکە نەرم بوو.

سنوورەکە، وەك ئەوەی دواجار جێگیر بوو، دەبوو بۆ ماوەی 30 میل یان زیاتر بەدوای ڕێڕەوی بنی ڕووبارێکی وشکبووەوەدا بگەڕێیت کە پێی دەگوترا شگ الاعمی، یان " کوێرە چەم ". ئەمە بەس سادە دەرکەوت، بەڵام بەدواداچوونەکە کێشەکانی دروستکردنی سنوورەکانی بە باشی نیشان دا. ئەو زەلکاوەی کە لە لێوارەکەیدا خێوەتمان هەڵدابوو، سەرەتا زۆر بەرەو ڕۆژئاوا درێژبووبووەوە و لە پاشەکشەدا چەند میلێکی چوارگۆشە زەوی بەجێهێشتبوو کە لە مەتەڵێکی گۆڕاو زیاتر نەدەهاتە سەر زەوی. پارچەکانی مەتەڵەکە بە تۆپەڵ بە هەموو شێوە و قەبارەیەکەوە نیشان دەدرا، بەرزییەکەی نزیکەی 18 ئینج بوو، لە ڕەگی قامیش و زەلە وشکبووەکانەوە پێکهاتبوو کە لەناو و لە نێوانیاندا تۆڕێکی تەواو لە کەناڵە تەسك و قووڵەکان بڕاوە و لە شوێنێکدا لە ڕێگەیانەوە لە ناوەڕاستی هەموو ئەمانەدا "شگ الاعمی" بوو. بەڵام ئەفسەرانی ڕووپێوەکە توانیان بە جۆرێك کێشەکە بدۆزنەوە، هەرچەندە چەند جارێك بنی ڕووبارەکە ئەوەندە بە تەواوی ون بوو، تاکە

شتێك كە دەبوو بیکەن ئەوە بوو، ستوونێکی سنووری لەو شوێنەدا دابنێن کە لەوێ ون بووە و دواتر فرێیبدەنە پێشەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەڵیبگرنەوە ڕەنگە یەك میل دوورتر لەوە. زیاتر شوێنی وەستانی داهاتوومان ڕووباری داوریج بوو، بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ بە هەواڵێك پێشوازیمان لێکرا کە بەنی لام سەرکەوتوو بووە لە دزینی سێ ئەسپ کە سەر بە بەشێکی بچووکی ئەو سوارانە بوون کە لە پێشەوە ڕۆشتبوون. ئەمە یەکەم ئەزموونی ئێمە بوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دوا ئەزموونی سەرنجەکانی ئەم هۆزە دزە لێهاتووە نەبوو. پێش ئەوەی وڵاتەکەیان بەجێبهێڵێن، ئەو پارەیەی کە لە چوار لیژنە هاوبەشەکە وەریاندەگرت، نزیکەی دەیان هێستر، ئەسپێك (ئەسپەکانی سەربازەکان لە کۆتاییدا وەرگیرانەوە)، چوار وشتر و بارەکان و هەموویان (خۆشبەختانە بۆ ئێمە و زۆر بۆ سەربازەکان) بوو. لەگەڵ بێزاریەکی زۆر، لە دەستگیرکراوەکانیان ئەوەی لە خەیاڵمدا بێت ئەمانە بوو: بە شێوەیەکی سەرەکی لە چیمەنتۆ بۆ کۆڵەکە سنوورییەکان پێکهاتبوون، دواجاریش، پۆشاکی سەرەوەی فەرمی کۆمیساری ڕووسیا کە بە ناشیرینی لە چادرەکەیدا دزرابوو.


کاتێك گەیشتینە ئەوێ، دەرکەوت داوریج ڕووبارێکی خێرایە و پەنجا شەست مەتر پانە، لە ئاستێکی زۆر لە خوار بیابانەکەوە لە نێوان لێوارە گڵینە بەرزەکاندا دێتە

دەرەوە. لە کەناری بوارێکدا لاماندا و ڕۆژی دواتر لە ژێر بارانێکی بەخوڕدا پەڕینەوە. قووڵی بوارەکە نزیکەی پێنج پێ بوو، وڵاخدارەکان تەنیا بەهۆی کاریگەریی شێوازی قایلکەریی جێگری ئەفسەری گواستنەوەمانەوە هاندرابوون، بۆ ئەوەی هەوڵی پەڕینەوەکە بدەن، کە زمانێکی زۆر جوان و شیرینی هەبوو، هەروەها چەکدار بوو بە قامچییەکی قەناعەتبەخش، ڕەتیکردەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت. قەیاغێکیان لە پێستەی فووتێکراو لە دەرەوەی ئاوەکە دروستکرد و خێمە و بارە قورسەکانیان لێ بارکرد و کەلوپەلەکانی تریش پیاوەکان بە کۆڵ پەڕانیانەوە. لەم نێوەندەدا ڕووبارەکە بە خێرایی بەرز دەبووەوە و بارانەکەش بەردەوام بوو، بۆیە بووە هۆی جێهێشتنی کەناری ڕووبارەکە، لەسەر ڕیزێکی فراوان خێوەتمان هەڵدا کە لە نیوەی ڕێگاکەدا بوو بۆ کەنارەکەی تر. زریانەکە بە درێژایی ئەو ڕۆژە و شەوی دواتریش بەردەوامبوو، هەرچەندە بۆ بەیانی خۆر دەرکەوتەوە، بەڵام ئێستا ڕووبارەکە دەسوڕایەوە و بە کەف و دارستانی ڕەگ هەڵکێشراو و پاشماوەی دارەکان داپۆشرابوو کە لە شاخەکانەوە کەوتبوونە خوارەوە. ئێمە بە هێمنی لە لێواری ڕووبارەکەدا وێنەمان دەگرت کە هاوارێك لە خێوەتگەکەوە هەڵسا و تێگەیشتین کە ئاوەکە بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو لە پشتمانەوە هێرشدەهێنێ و خەریکە لافاو بمانبات. کەنارەکەی پشتەوەمان 10 پێ بەرز بوو، نزیکی لای

ڕاست بوو، بۆیە کات نەبوو لەدەستی بدەین. پەتەکانی چادرەکان پچڕان و "هەدسن ڕاوتیس"ی گەورە هاتە خوارەوە، هەریەکەیان بارێکی تەواوی پێنج هێستریان لە ڕێپێوانەکەدا هەڵگرتبوو، بەناو چەند ئینجێك لە قوڕ و ئاودا دەڕۆیشت. تەنانەت کات نەبوو بۆ جیاکردنەوەی مێشەکان، بەڵام سی 30 پیاو هەموو بەهادارەکانیان لە لوتکەی کەنارەکەوە ڕاکێشا و بەخێرایی ڕایانکێشا بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی کارەسات ڕوونەدات. دوای نیو کاتژمێر شوێنی خێوەتگە کۆنەکەمان تەنیا بە چەند لوتکەی درەختێك لە باقی ڕووبارەکە جیادەکرایەوە کە بە لافاوەکەوە چەمابوونەوە. هاوڕێ پێرشایەکانمان لە کەنارەکەی تردا کەمێك دوورتر لە لێوارەوە چادرەکانیان هەڵدابوو، پێمان پێدەکەنین، بەڵام زۆری نەخایاند نۆرەی ئێمەش هات کە بەوان پێبکەنین. لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی ئاوەکە، تاوێرێکی گڵی نەرم کە لە خوارەوە لێی درابوو، دەستیکرد بە داڕمان و لە ئێستادا بارستەیەکی زەبەلاحی ئاوەکە جار جار بە دەنگێکی وەك ڕەشەبا دەکەوتنە ناو ڕووبارەکەوە. پێرشایەکان بەپەلە کەلوپەلەکانیان کۆکردەوە و بەرەو گردەکان ڕۆیشتن؛ بەڵام تا کاتی چا خواردنەوە، جارێکی تر مێزەکان بەسەرماندا هەڵگەڕانەوە. خێوەتگە نوێیەکەمان لە ئاستی گشتی دەشتەکەدا بوو، سەرەتا پێکەنیناوی بوو بیر لەوە بکەینەوە کە هێشتا لە مەترسیداین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبارەکە ئینج بە ئینج

بەرزبووەوە و ئێستا زیاتر لە بیست پێ لە ئاستی دوو ڕۆژ پێشترەوە بوو. لە چەمێکی قەبارە شایستەوە ڕۆیشت بۆ ڕووبارێك کە قەبارەکەی نزیکەی قەبارەی ڕووباری تایمزە Thames و سێ هێندە خێراتریش بوو. تا کاتژمێر پێنج تەنیا سێ پێ "پلێتی هەڵچوون" مابووەوە و ڕێژەی بەرزبوونەوەکەش هەر نیو کاتژمێرێك شەش ئینج بوو، بۆیە بە ناچاری دەستمان لە کار کێشایەوە و وڵاخەکانمان بانگکرد و سواربووین بۆ نزیکترین گردەکان. ئەو شەوە زۆر نەخەوتین بەهۆی ئەو بوومەلەرزەیەی کە هەر چەند خولەك جارێك چەند سەد تەنێکی دیکەی لە کەنارەکانی ڕووبارەکەوە دادەڕمانە خوارەوە.

بەیانی سێیەم، ئاستی ئاوەکە کە لە شەودا بۆ ماوەی دوو ئینج لە دەشتەکەوە بەرزبووبووەوە، دەستیکرد بە پاشەکشەکردن و چیتر هەستمان نەدەکرد کە هاوچەرخە خراپەکانی نوح ڕۆژانە بەهۆی زریانەکەوە بەرزتر و بەرزتر دەبرێنەوە. ڕووبارەکە هێشتا گەورە بوو- پێموایە بەرگە نەگیراوترین و وێرانکەرترین شت بوو کە تا ئێستا بینیومە.



ڕزگارکردنی چادرەکان.



ئیبراهیم

بەڵام بەو پێیەی هیچ مرۆڤێك لە نزیك کەنارەکانی نەدەژیا، زیانی بە هیچ کەسێك نەگەیاند جگە لە خۆمان و بەو پێیەی ئێمە لە لای ڕاستی بووین، دەمانتوانی بە سەرنجەوە گریمانە بکەین کە هاوڕێکانمان لە کەنارەکەی تردا چۆن بەنیازن دانوسان لەسەر تێپەڕبوونەکە بکەن. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە تەواوی خۆمان لە پەیوەندکردن بەدوورگرت. بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا، کاتێك ئاوەکە بە ڕێژەیەکی گونجاو دابەزی، بەلەمێکی گەورە بە پشتی بەهێزی دوو لەو وڵاخانە هێنرا کە تورکەکان بۆ ئەم مەبەستە ناردیان لە عەمارەوە بیهێنن و لە ڕۆژی چوارەمدا جارێکی تر یەکمانگرتەوە. ڕەنگە ئەنجامی لافاوەکە توێژینەوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ جیۆلۆجیستیك/ زەویناس دابینبکات. کردەی لاوازکردنی تەوژمیی هێندە مەترسیدار بوو کە لە شوێنێکدا ڕووبارەکە شریتێکی بیابانی دوو سێ هێندەی قەبارەی خۆی لەناوبردبوو، بەم شێوەیە کەناڵێکی تەواو نوێی بۆ خۆی دروستکردبوو. ئەم دیمەنە وایکرد مرۆڤ قسە لەسەر کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانی ئەم جۆرە لافاوانە بکات لە ماوەی چەند سەدەیەکدا. بەهەرحاڵ لێکچوونی نوح لەوە نزیکتر بوو کە سەرەتا دەرکەوت. تیۆرێك هەیە، کە لەلایەن سێر ویلیام ویلکۆکسەوە Sir William Willcocks خراوەتەڕوو ئەگەر هەڵە نەبم، کە ئەو لافاوەی لە کتێبی سەرەتای ژیاندا باسکراوە، لە ڕاستیدا لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی

ئاوەکەوە بووە (وەك ئەوەی نزیك بوو لەبارودۆخی ئێمەدا) بۆ سەرووی ئاستی گشتی بیابانەکە – دۆخێك کە ئەندازیاری گەورە پێی وابوو لە سەردەمێکدا بەرئەنجامێکی سروشتی ڕوودانی ئەم دیاردانەی خوارەوەیە: لافاوێکی گەورە لەسەر ڕووباری فورات، هەمان شت لەسەر ڕووباری دیجلە و بای بەهێزی باشوور کە بۆ چەند ڕۆژێ هەڵدەکات تا... کۆتایی کەنداوی عەرەبی، بەم شێوەیە ئاوی ڕووبارەکان بەیەکەوە کەمبووەوە. تەنانەت لە نزیك بەغداشەوە کەمێك بەرزایی هەیە، بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە تاکە بەشێکی میسۆپۆتامیایە کە لافاو نەیبردبێت، بۆیە دەتوانرێت بە شێوەیەکی جێی متمانە پەیوەست بکرێت بە چیای ئاراراتەوە کە کەشتییەکە لەسەری نیشتۆتەوە. ڕەنگە پێویست نەبێت ئەوەش زیاد بکەین کە ئەو شاخە 17 هەزار پێیە کە ئەم ناوەی لەسەر نەخشەکە هەڵگرتووە، لەم دواییانەدا لەلایەن ئەرمەنییە خواپەرستەکانەوە بەڵام خەیاڵییەکانەوە ناوی لێنراوە.

بۆ چەند ڕۆژێك لە یادی بەردەوامی سەرگەرمییەکەمان لە دوریجدا Douerij ماینەوە دوای ئەوەی بۆ هەمیشە لە دوای خۆمان بەجێمانهێشت. بە جۆرێك لە جۆرەکان لە جەنجاڵی و سەرلێشێواویی و گێژاوی کتوپڕ و بێ پلانەکانماندا، ئارد و نەوتی سپی لە یەکتر نزیك بووبوونەوە و کۆبوونەوە. هەرچەندە مرۆڤ ئارەزووی خواردنی

بەهێزی هەبێت بۆ ژەمی ئێوارە، یەکەم گازگرتنی چاپاتی (نانی رەقی هیندی) لە باقی ژەمەکانی تری دووردەخاتەوە. با هۆشدارییەکی زۆر ڕێزلێنراو بۆ هەموو گەشتیاران بڵێم، کە بەهۆی تاڵترین ئەزموونەوە پاڵپشتیکراوە، کە هەرچەندە ئەو دوو پێکهێنەرە نایاب بن، هەریەکەیان لە کایەی خۆیاندا، وەك تێکەڵەیەك سەرکەوتوو نین.

شاخەکانی لوڕستان، کە وردە وردە بەرەو ئەوان نزیکدەبووینەوە، زیاتر و زیاتر لە نرخی خۆیان زیاتر بوون و هێڵکارییەکانیان لە بەرامبەر ئاسمانی ڕۆژهەڵاتدا بوو بە زنجیرەیەکی کاڵ لە لوتکە و بەردە نارێکەکانی. لە دووریج هێشتا چەندین کیلۆمەتر لە زنجیرە چیای سەرەکییەوە دووربووین (کە ئەم بەشە ناوی کەبیر کوە، Kebir Kuh یان "چیای مەزن"ی هەڵگرتووە)، بەڵام گەیشتبووینە دامێنی گردە لماوییە نزمەکان کە دووربوون لە دەشتەکەوە و... لەمەودوا لەسەر هێڵی سنوور دروستبوون. ئێستا لە مانگی ئازاردایین و هەموو کون و کەلەبەری گردەکان گوڵی بەهارەی جوان لێیەوە سەریان دەرهێناوە، تەنانەت لە وشکترین شوێنی بیابانیشدا گوڵاڵە سوورە فەرشێکی سووری ڕاخستووە.

ئەوە ئەو کاتە بوو کە پیرە ئیبراهیمان ناسی. ڕۆژێك بە ڕواڵەت لە شوێنێکی نادیارەوە لە خێوەتگەکەدا دەرکەوت – دەبێ سەدان میل لە نزیکترین گوندەوە دوور بووبینەوە – و تا کۆتایی گەشتەکە هەرگیز بەجێی نەهێشتین؛ بەسەرهاتی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕایەوە: ئەو هیندییەك بوو لە بۆمبای لەدایك بووە و لە تەمەنی پێنجساڵیدا لەگەڵ باوکیدا چووبووە بەغدا؛ لەوێ گەورە بووە و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە تا وەك زۆرێك لە هاوڕێکانی لە کەشوهەوای ساردتردا بەهۆی سواربوونی ئەسپەوە وێران بووە. بارێکی گەمژانەی ئەسپی قەزەمی بۆ هیندستان شکستی هێنا و نابوتیکرد، بۆیە بوو بە کۆڵبەر و ژیانی بە فرۆشتنی کەلوپەلەکانی لە بەغداوە بۆ ئەرزروم بەسەربرد. دوای ئەوەی چەندین جار تێپەڕیوە، وەك خۆی وتی، بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی کە لەبەردەم کۆمیسیۆنەکەدا بوو، زانینی زمان و داب و نەریتی ئەو هۆزە جیاوازانەی کە دەبێ چاومان پێیان بکەوێت، ئەو خزمەتگوزارییەکانی وەك جۆرێك لە دەلیلی ڕۆیشتن پێشنیارکرد و وەك چۆن پیرێکی خۆڕاگر بوو سەرەڕای هەشتا ساڵەکەی، لە خواردن و پێڵاوەکانی داوای هیچی زیاتری نەکرد، بەپێی پێویست ناوی تۆمارکرابوو. دواتر، تا ئێستا هۆی پەیوەندی بە هۆزەکانەوە بەوە پاساو هێنایەوە، کە لە قۆناغی ژیانی چەرچێتیدا لە نزیکەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی هەر هۆزێك کردووە !

بەڵام یەکەم دەرکەوتنی وەك ڕێبەرێك، هەرچۆنێ بێت زۆر نزیك بوو! تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە لیژنەکەوە هەبوو، چارەنووسی دیاریکرا. ئێمە نزیکەی بیست و پێنج میل لە ڕووباری Tyb تیب ـ ەوە کە شوێنی کۆبوونەوەی داهاتوومان بوو، خێوەتمان هەڵدابوو، دوو کەسمان، کاپتن ویلسن و خۆم، پێشوەختە لەگەڵ گروپێکی بچووکدا ڕۆیشتین بۆ دیاریکردنی شوێنی پەڕینەوەکە. ئیبراهیم وەك ڕێبەرێك هات و ڕایگەیاند کە بە تەواوی دەزانێت لە کوێیە. چەند میلێك لە ئۆردوگاکەوە، بەرەو باشووری خۆمان، وێرانەکانی Shahriz شاهریز ـ مان بینی، کە یەکێکە لەو شارە مردووە زۆرانەی لە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، شوێنی لەدایك بوون و ناشتنی زۆرێك لە شارستانییەتە کۆنەکان. هیچ شتێك نییە لە مێژووی ئەوانەوە فێربین، جگە لە حاڵەتی ئەو چەند شوێنە گەورەیەی کە هەڵکەندراون وەك سوزا و بابل و نەینەوا، ڕێبوارەکان کە ئەوەندەی نەیانتوانیوە پێشبینی بکەن کە هەریەکەیان سەر بە کام شارستانیەت بوون، تەنیا دەتوانێت سەرسام بێت بە قەبارەیان و تەواوەتی لەناوچوونیان. کاتێك ئەگەر هەرگیز ئەم ناوچانە لە ڕەشایی وێرانبوونی ئێستایان دەربچن، چ گۆڕەپانێکی یاریکردن دەبن بۆ شوێنەوارناسەکان. پێموایە سیحرێکی تایبەت هەیە لە ڕۆیشتن بە شەقامە بێدەنگەکانی شارێکی مردوودا و هەرچەندە لە Layard لایردەوە دەمانزانی کە هیچ شتێك لە سەرووی

زەویەوە نییە بۆ بینین، بەڵام کاروانەکەمان بەجێهێشت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ڕێگاکەی و ئێمەش لاماندا بۆ سەردانی شوێنەکە. لەوێ پاشماوەی شارێکی باش پێناسەکراومان دۆزیەوە، کە تیرەکەی نزیکەی یەك میل بوو، بە دیوارێك و خەندەقێکی گەورە و پانی پڕ لەئاو دەورە دراوە. لە نێوان دەریایەکدا لە گردە بێ شێوەکان، هێڵەکانی شەقامە سەرەکییەکان هێشتا شوێنپێهەڵگر بوون، لە ناوەڕاستی شارۆچکەکەدا دەچوونە سەر تەپۆڵکەیەکی قەبارە گەورە، کە بێگومان وێرانەکانی جۆرێك لە قەڵای داپۆشیبوو. بڕێکی زۆر لە پارچە گڵکاریە شکاوەکان هەبوون کە بە ڕووپۆشێکی دەوڵەمەندی شین داپۆشراون، لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبوونەتەوە، بە درێژایی کات کۆچەرییە سەرگەردانەکان ڕۆشتوون بۆ ئەوەی شایەتحاڵی کاری مرۆڤ بن.

ئێمە سواری بووین و لە شارە مردووەکە دوور کەوتینەوە، بەنیازی ئەوە بووین کە چەند میلێك لە پێشەوە کاروانەکەمان بگرینەوە. بەڵام تەنیا دوای یەك کاتژمێر بە پەلە هێڵی ئاشنای خاڵە ڕەشەکانی خەزان دەرکەوت، کە لە خەمۆکییەکی قووڵی بیابانەکەوە لە دوورەوە سەریهەڵدا. لە ئێستادا دیسانەوە لە پشت هەندێك دارستانی نزمەوە لە چاو ونبوون، لەوێشەوە بە سەرسوڕمانەوە دەرنەکەوتنەوە. چەند سەد مەترێك لەو شوێنە دوور بووین کە لەناکاو تەقەیەك لە دارستانەکانەوە

دەنگی دایەوە و کوتوپڕ وەستاین. سەرێك دوای چرکەساتێك سەیری دەرەوەی کرد و خاوەنەکەی کە وادیارە خۆی لە مەبەستی ئاشتیخوازانەمان ڕازیکرد، خۆی و هاوڕێکانی لە بۆسەکەی خۆیان دەرچوون. ئەوەی ئێمە بۆ کاروانەکە بردبوومان سەلماندی کە گروپێکی چوار یان پێنج کەس لە لوڕەکان بوون کە لە "گەشتێکی بازاڕکردن" لە دۆڵی دیجلەوە دەگەڕێنەوە بۆ شاخەکانی زێدی خۆیان – کە سروشتێکی زۆر نوێ بوو، ئەگەر بە زوڕنا زلەکەی گرامۆفۆن حوکم بدەین کە بە شێوەیەکی ناجێگیر هاوسەنگ بوو لەسەر یەکێك لە باری هێسترەکانیان. ئەو تەقەیەی کە کردبوویان هیچی تر نەبوو لە سلاوی ئاسایی بۆ کەسێکی نامۆ لەو بەشەی ناوچەکەی خۆیاندا، هیچ بیرۆکەیەکی خراپی لە لایەن ئەوانەوە لەخۆ نەگرتبوو؛ لە ڕاستیدا هەر کە دڵنیابوون لەوەی کە ئێمە دز نین، ئەوەندەش چەکمان پێبوو کە بە ئاسانی ناتوانرێت دزیمان لێ بکرێت، ئیدی پەیوەندییەکانمان دۆستانە بوون.

دوای ئەوەی کەمێك گفتوگۆی هاوبەش لەگەڵ لۆڕەکانی هاوڕێمان کرد ئیدی ماڵئاواییمان لێ کردن و بە دڵسۆزی زیاتر لەوەی کە ئاماژەی بە کۆبوونەوەکەمان کردبوو، بەپەلە ڕۆیشتین بۆ سەر ڕووباری تیب Tyb، لەوێ بوارەکەمان دۆزیەوە بەڵام کاروانەکەمان نەبینی. ئەمەی دووەمیان بە بێ هیوایی لەلایەن ئیبراهیمی

متمانەپێکراوەوە بەلارێدا بردبوونی و تا دوو ڕۆژ دواتر دەرنەکەوتنەوە و بێ خواردن ئێمەیان هێشتەوە، هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەشتی گەڕانەوەی پڕ لە ماندویەتی بۆ ئۆردوگاکە. لە گەشتی گەڕانەوەماندا، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی خەوتن، ڕەوەیەکی گەورەی سەد ئاسك یان زیاترمان بینی، کە بەڵگەیەکی کاریگەری نەزانیان لەبارەی ڕەگەزی مرۆڤەوە پێشکەشکرد لە میانەی ئەوەی بە هێمنی بۆ ماوەی دووری میلێك یان زیاتر لە پێشمانەوە دەڕۆشتن؛ لە مەودایەکی ئاسانتردا، ئەوەش نەزانیە و خۆشحاڵم کە ئەوە بڵێم ئێمەش زۆر ماندو بووین تا بیانڕەوێنینەوە.

ڕووباری تیب Tyb، لەو خاڵەی کە ئێمە لێی پەڕینەوە، کارێکی زۆر جیاوازە لە Douerij دۆیریجی ڕەش کە بە خەندەقە قووڵە بڕاوەکەدا بە بیابانەکەدا تێدەپەڕێت. بەهۆی کێڵگە بەفرینە گەورەکانی شاخەوە کە لە دووری چل میلەوەیە، دەگاتە هێڵێکی نزم لە گردەکان کە بە هەموو هێزێکی گەنجییەوە دوا بنکەی زنجیرەکە پێکدەهێنێت و بە خێرایی دەڕژێتە ئەو کەناڵەوە کە خۆی بڕیویەتی پێش ئەوەی لە دەشتی میسۆپۆتامیادا بەخاوی فراوانتر بێتەوە.گردەکان لێرە لە گڵێکی سووری تایبەت پێکهاتوون، هەربۆیە ناوی جەبەل حەمرین، یان "چیای سوور" – کە بە تایبەتی لەگەڵ هێزە پلاستیکیەکانی چەمەکەدا گونجاوە.



ئاسانیەك



نووسەر و "ئارچیبالّد"

خۆت لەبەردەم کۆپیەکی بچووکی شاخەکانی سویسرادا دەبینیتەوە – یۆنگفراو Jungfrau و ماتەرهۆرنی Matterhorn بچووك کە بەرزییەکەی 100 پێیە دەورەتی داوە. ئەوەندە بەرزە کە ئەگەر یەکدەنگی سەیر و سەمەرەی گڵی سوور نەبوایە کە گیریەکی نایاب بە پێیەکانت دەبەخشێت، سەرکەوتن مەحاڵ دەبوو. ڕووبارەکە بەناو گەلییەکی قووڵدا تێدەپەڕێت، کە کەنارەکانی لە شوێنەکاندا لە شێوەی بارستەی تەلارسازی گەورەدا پەیکەرسازیکراوە. یەکێك لەم بارستانە بە تایبەتی کە لە پێچێکدا لە ڕووبارەکەدا هەڵکەوتووە، لەلایەن سروشتەوە لە شێوەی کەنیسەیەکی گەورەدا نەخشێنراوە کە لە ڕووی بەردەکەدا چەسپاوە و لە گومەزێکی دەرپۆقیو و بەشێك لە ناوەندەکەدا، لەگەڵ تەواوی سەقفەکە، بە ڕاستییەکی نزیکەی تەواو لە پلاندا لە دیوارە گڵینە گەورەکەوە دەردەکەوێت. ئەم لێوارانە هێلانەی کۆترە کێوییەکانن و وا ڕوویدا کە ئێوارە کە بە دوایاندا سەرکەوتم بۆ لوتکەی گردەکە، پاداشتم وەرگرتەوە بە یەکێك لە زیندووترین کاریگەرییەکانی ڕەنگ کە تا ئێستا بینیومە. خۆر خەریك بوو ئاوا بێت و بۆ ساتێك لە ژێر کۆمەڵێك هەوری چڕەوە شکایەوە کە لە سەررووی ئاسۆوە هەڵواسرابوو. لەو ساتەدا کە ئەو کارەی کرد، لوتکە گڵینەکان و بەردەکانی هەموو دەوروبەری بوون بە درەوشاوەییەکی وەسفنەکراوی زێڕی سوور، کە زیاتر بەهۆی ڕەشی دۆڵی

نێوانیانەوە جەختی لەسەر دەکرایەوە، لە هەمان کاتدا شاخە گەورەکانی ئەودیو بە ڕووناکییەکی وەنەوشەیی نەرم دەدرەوشایەوە. دوای خولەکێك خۆر لە ژێر ئاسۆدا نوقم بوو، ڕەنگەکان بەو خێراییەی کە هاتبوون کاڵبوونەوە و جگە لە دیمەنێکی خۆڵەمێشی کاڵ هیچی دیکەیان بەجێنەهێشت. هەستێکی بە مرۆڤ دەدا کە نزیك بوو وەك ئەوەی ڕووناکییەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ساتێك بەسەر شانۆیەکی تاریکدا فرێدرابێت و دواتر بە خێرایی کێشرابێتەوە. لەودیو ڕووبارەکەوە، گردەکان دەکرێنەوە بۆ دەرەوە بۆ نشێویەکی فراوانی پلە پلەی گیا، لەوێ چادرەکانمان هەڵدا، لە کاتێکدا کە ولاخەکان و شوێنکەوتووانی ژاوەژاو دوورخرانەوە بۆ پانتاییەکی سادەتری خوارەوە. لەم نێوەندەدا کەش و هەوا زۆر خۆش بوو، وێنەگرتن زۆر لەباربوو. بۆ گەشتیارانی پۆشراوی وەك ئێمە، ئەمە شوێنێکی نمونەیی بوو، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا کۆمیسیۆنەکە وەك شارێك کە تووشی تاعون بووبێت، لەم شوێنە خۆشە هەڵهات. هۆکاری گەشتە بێباکانەکەمان جگە لە ڕووباری تیب هیچی تر نەبوو. تا ڕادەیەك چێژە سەیرەکەی هەر لە سەرەتاوە هەستپێدەکرا، بەڵام تا نیوەی خێوەتگەکە زیانێکی زۆری بەرنەکەوت و پزیشکەکە ئاوەکەی شیکردەوە و ڕوونبووەوە کە چییە – گیراوەیەکی زۆر بەهێزی Epsom Salts خوێیەکانی ئیپسۆمە!

بێگومان پرسی ئاو پرسێکی سەرەتاییە بۆ گەشتیارانی ئەو وڵاتەی کە ئێمە پێیدا تێدەپەڕین و پلەی ئاسوودەیی یان ناڕەحەتی لە کەمپێکدا بە ڕێژەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باشی یان خراپی دابینکردنی ئاوەکەدا دەگۆڕێت. بۆ نموونەیەك لە توندڕەوییە ئەگەرییەکان، پێویست ناکات لە ئەزموونەکانمان لە دوو ناوچەی کەمپکردنی داهاتوودا زیاتر بڕۆم دوای ئەوەی کەنارەکانی " خوێیەکانی ئیپسۆم"مان بەجێهێشت. یەکەم کەمپ لە قەرەتەپە بوو، گردێکی گەورەی دابڕاو لە بیابانێکی تەختدا، کانەبەرد و گۆڕی بەدەوییەکانی لێ هەڵکەندراوە، – خودا دەزانێت – لەو شوێنەوارانەی کە لە مێژە لەبیرکراون چین لێرەدا شاراونەتەوە. لە دامێنی ئەو تەپۆڵکەیەدا نیو دەرزەن بیری قووڵ هەیە. تەنیا شتێك کە دەتوانیت ببینیت کەفێکی سەوزی ئەستوورە کاتێك سەیری خوارەوە دەکەیت، بەڵام بەشێوەیەکی لێهاتووانە لە سەتڵەکەدا بڕێکی کەم لەو شلە خەستە دێنیتە سەرەوە، ڕەنگێکی ناسك وەك تێکەڵەی قاوە و شیر بەرهەم دەهێنێت، کە تەنیا لە ئاو دەچێت و ملیۆنان بۆقی بچووکی تێدایە. مانەوەمان لە قەرەتەپە درێژەی نەکێشا. وەك دەڵێم ئۆردوگای داهاتوو ئێمەی گەیاندە خاڵێکی تر. هێشتا لە لێواری بیابانی وشکدا بووین، هەرچەندە کەمێك لە گردەکان نزیکترە، بەڵام لە نزیك خێوەتگەکە، لەنێو بەردە بەرزەکاندا، خۆشترین چەمێکی بچووك کە بە خەیاڵدا

بێت، ئاوەکەی بە چەوڕێژیدا دەڕوا و لێرە و لەوێ لە گۆمێکی قووڵ و هێمن و پڕ لە تیرە ماسیدا بڵاوبوونەتەوە و وەك بلوور ڕوونە. بەڵام بەختێکی لەو شێوەیە دەگمەنە و تەنانەت ئەگەر چەند هەفتەیەك دواتر هاتباین، لەوانەبوو جگە لە چەمێکی وشك هیچمان نەدۆزیایەتەوە.

ڕەنگە هەڵە نەبێت، پێش ئەوەی ئەم بەشە کۆتایی پێبهێنین، هەندێك زانیاری لەبارەی کاروانەکەمان و شێوازی ژیانمان لە بیابانەکاندا بخەینەڕوو. لە سەرەتاوە، هەرچەندە هێشتا کەشوهەوای گەرم دەستیپێنەکردبوو، بەڵام خشتەی کاتی هاوینەمان گرتەبەر، لە ڕۆژانی ڕێپێوان کاتژمێرێك پێش خۆرهەڵاتن هەڵدەستاین. لە مانگی کانونی یەکەمدا، لانیکەم، ئەمە بە مانای نانی بەیانی بوو لەلایەن مانگەوە یان بە چرای مۆم لە هەوای کراوەدا، چونکە چادرەکە کە شەو کۆکرابووەوە، لەگەڵ گروپێکی بچووك بەپێی داب و نەریتی فارس پێش کاروانی سەرەکی بە کاتژمێرێك یان زیاتر دەڕۆیشت. لە کاتێکدا قاوەکەمان دەخواردەوە، وڵاخەکان باردەکران، کارێکی تا ڕادەیەك ماندوێتی بوو، تەنانەت کاتێك سەرلێشێواوی کەم دەکرایەوە بە نیشاندانی هەر هێسترێك بە پیتی گەورە بە سەرەتای ناوی خاوەن بارەکەی. هێندەی هێلکە کوڵاندن چەندین ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ بارکردنی هێستر و ئەو سیستەمە تایبەتەی کە وڵاخە پێرشایەکان حەزیان لێیە، بە بڕوای من تایبەتە بە

خۆیانەوە. هەر هێسترێك وەك بەشێك لە ئامێرەکانی شتێکی پتەوی لە خوری دروستکراو هەیە کە درێژییەکەی نزیکەی سێ پێ بە نۆ پێیە، بە درێژایی تا کۆتاییەکانی ڕەشمەیەکی لە بەن دروستکراو و کونە چاویلکەی هاوتا. باری وڵاخەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە، دوو بەشی یەکسان کە هەریەکەیان نزیکەی 40 کیلۆیە و سێیەمیشیان کە باشترە شتێکی بچووکی چڕ بێت و نزیکەی 25 کیلۆیە. خەرارەکە لەسەر زەوی ڕادەخرێ و هەر تایەکی پڕدەکرێت بە دوو بەشە قورسەکە و وڵاخدارەکە ڕەشمەی وڵاخەکە لە کەمەری خۆی دەبەستێ و بەیارمەتی هاوڕێکەی و بەهاوارێکی بەرز بارەکە بەرزدەکرێتەوە و دەخرێتە سەر کۆڵی وڵاخەکە و هەر تایەکی بە لایەکیدا شۆڕدەبێتەوە و زۆر بەباشی دەبەسترێتەوە. ئەم بەشەی پرۆسەی بارکردن بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئیرادەی باش و هاوکاری خودی وڵاخەکە و بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە کە بزانین چەندە بە دەگمەن بانگەوازکردن بۆ سروشتی باشترەکەی شکست دەهێنێت. کاتێك دوو بارەکە بە باشی لە هاوسەنگیدا ڕێکخرا، سەبارەت بە بەشی سێیەم – کە سەربارە، وەك پێی دەوترێت – لە نێوان دوو بەشەکەی تردا لە سەرووییەوە بەرز دەکرێتەوە. قەیاسەیەکی درێژی خوری بەسەر بارەکاندا دەهێنرێتەوە، بەژێر سکی وڵاخەکەدا تێدەپەڕێ و بە توندی ڕادەکێشرێ کە وڵاخدارێك دەیتوانی ڕایکێشێت و توند

دەکرێت، ئیدی هێسترەکە ئامادەیە بۆ ڕێگاکە. سەرەڕای سیفەتە نەگونجاوەکانی کۆمەڵێ شتی وەك تەشتە قەبەکانی حەمام، سەندوقی خودە و کڵاوزرێ، و ستوونی چادرەکان بە درێژایی 9 پێ، بە بەراورد دەگمەن بوو کە هێسترێك بارەکەی بگۆڕێت.

کاروانەکە ڕێپێوانەکەی بۆ ماوەی سێ چوار میل بەسەر دەشتەکەدا درێژکردەوە، دابەشبووبوو بەسەر کۆمەڵێك 10 یان 20 وڵاخدا، سوارەکان بە درێژایی هێڵەکە پەرشوبڵاوبووبوونەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشێك ئەگەر پێشهات و پاسەوانیکردنی دواوە بۆ هاندانی دواکەوتووەکان.

لە بەیانیەکی فێنکدا چەند خۆش بوو ئەسپەکەت تاوبدەیت و لەم بەری کۆتایی هێڵەکەوە تا کۆتایی غاربکات، دەنگی زەنگی وڵاخەکان لە گوێچکەکانتدا بەرز و نزم دەبوونەوە، وەك چۆن بە تەپە تەپ بەلای کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵی وڵاخەکاندا تێدەپەڕیت. هەروەها سەیرکردنی خۆش بوو، کاتێك کەسێك بەلایدا تێدەپەڕی، جۆرەها دیمەنی سەیر و ناوێزەی وڵاخدارەکان کە خۆشڕەت و بە ئاسانی هەنگاویاندەنا بە پینە زۆرەکانیانەوە، پاڵتۆی درێژی هاودامان، کەمەربەندە شاڵەکان و شەرواڵی دەرلنگ تەسك؛ خاوەن وڵاخە گرنگەکان بەسواری ماینە

عەرەبیە ڕەسەن و خاوێنەکانەوە، بە تایبەتی لە تەنیشت ئەسپە گەورەکانی لانسەرەکان و "ڕەگەزەکانی وڵات"ی هیندستانەوە سووکەڵە دەردەکەوێت. گۆوانیس Goanese گەورەی خزمەتچیان و هاوڕێ چێشتلێنەرەکەی، ئەلشاتیری shatir ڕێپیشاندەری دەوروبەری عەرەبی، بەڵام ئەلشاتیر شایەنی پەرەگرافێکی تایبەتە بۆ خۆی.

داب و نەریتی فارسەکان داوایاندەکرد کە پیاوێکی پایەدار لە هەموو بۆنەیەکدا لە گەشتەکانیدا، شەتیر shatir یان خزمەتکارێك لە پێشیەوە بێت و بەم پێیەش ئەمە بۆ نوێنەری بەریتانیا دابیندەکرا. ئەو کوڕێکی لوڕی ڕێکوپێکی جوان بوو، بەڵام ڕووخساری تاقانە پڕ لە ماتەمین بوو، بە پاڵتۆیەکی سوور و زێڕ چنراو و بەرگێکی باشەوە، لە پێش ئەسپی ئاغاکەیەوە بە بیابانەکەدا دەڕۆیشت.

بەڵام دەبێ لیستی پچڕاوی هاوسەفەرەکانم بە باسکردنی سێ کارەکتەری کۆتایی تەواو بکەم: "میك"، تولە سەگی پزیشکەکە، کە هێشتا زۆر بچوك بوو بۆ ڕێ ڕۆشتنی دوور و درێژ، سواری هێسترەکە بووە و لەبەردەم ئاغاکەی "ئازافێلا" Azaphela دانیشتبوو. بچووکترین سەگی ئەڵمانی، کە لەناو قەفەسێکی بچووکدا

گەشتیاندەکرد کە بە وردی لەلایەن Captain Dyer کاپتن دایەری خاوەنەکەیەوە دیزاین کرابوو؛ لە کۆتاییدا دوو کەرویشکی سپی بچووك (لە کۆرپەییدا لەلایەن O.C. Escort ئۆ.سی. ئێسکۆرتەکەمانەوە بەخێوکراون)، کە دەنگە شەهوەتبازەکانیان و گەرمی جەنگییان لە کۆتایی رێپێوانێکی رۆژێکی درێژدا، بەهۆی ئەوەی گەشتەکەیان لەناو سەتڵێکی هەڵواسراودا ئەنجامداوە، کەمێك تێکچووبوون؛ بەسەر پشتی هێسترێکەوە.ەتێکرای درێژایی رێکردنی رۆژانەمان بیست میل بوو، بەو پێیەی ئەمە بە واتای شەش کاتژمێر رۆیشتن بێ وەستان بوو، دۆزینەوەی چادرەکە و سەبەتەی خواردن تازەگەری بوو، ئێمە بەدوای پێشبارەکەوە بەردەوام بووین، چاوەڕێی ئەوە بووین لە کۆتایی گەشتەکەدا پێشوازیمان لێ بکرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە بنکەی دابینکردنمان، تا ئەو کاتەی لە میسۆپۆتامیا بووین، دیجلە بوو. لەگەڵ کارکردنمان بەرەو باکوور، خۆراك و عەلوە یەك لە دوای یەك لە عەمارە، عەلی ئەلغەربی، کوت العەمارە و دواجار بەغدا کۆدەکرایەوە، ئەفسەری گواستنەوەکەمان کاتەکانی بە گەشتکردن بۆ ئەملا و ئەولا بەسەردەبرد بە هەڵگرتنی پێداویستی لە نێوان ئەم شوێنانە و هێڵی بەرهەمهێنانمان. ئەو پیاسە دەکات. هاتنی کاپتن دایەر بۆ خێوەتگەکە، لەگەڵ پۆستی هەفتەکە و دەرزەنێ بوتڵە بیرە، رۆژانی یەکلاکەرەوەی بوونی لیژنەکە بوو.



نزيك خێوەتگە



گەیشتنی پۆست

## بەشی شەشەم

# والیی پشتی کۆ "والیی پشتکێو"

لە ساڵی 1810 دوو ئەفسەری سوپای بەریتانیا بە ناوەکانی کاپتن گرانت Captain Grant و نەقیب فۆزەرینگهام Lieutenant Fotheringham لە ناوچەی نوێی ئەو کاتەی پشتی کۆ دەستیان بە ئەرکێکی سیاسی کرد. لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە پێشوازییان لێ کرا و سەرگەرمیانکردن بە ئێوارەخوانەوە، بەڵام لە کاتی نانخواردندا لە پشتەوە پەلاماریاندا و باڵ بەستیانکردن. پاشان سەرکردەکە بەرەو لوتکەی بەردێکی بەرز بەکێشیکردن، کە دەیڕوانی بەسەر دۆڵی ڕووباری چەنگوڵەدا و سەرپشکی کردن لە نێوان موسڵمانبوون و مردندا. ئەوانیش بەبێ دوودڵی پشکی دووەمیان هەڵبژارد و بەسەر لێواری تاوێرەکەدا فڕێدرانە خوارەوە بۆ سەر بەردەڵانێك تا بەخێرایی گیان لە دەست بدەن. لەدوای ئەو ڕووداوەوە، تەنیا سێ یان چوار کەسی ئەورووپی چوونەتە ناو ئەو وڵاتەوە- کە بەلایەنی کەمەوە یەکێکیش لەوانە هەمان چارەنووسی ئەو دوو ئینگلیزەی پێشهاتووە. ڕیزە شاخێك، کە درێژییەکەی نزیکەی 160 میلە، کەوتونەتە نێوان بەرزترین ڕیزەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس و دەشتی میسۆپۆتامیاوە، لە باکوری ڕۆژئاواوە درێژدەبێتەوە بۆ

باشوری ڕۆژهەڵات لە نزیك مەندەلیەوە تا سنوورەکانی عەرەبستان. ناوەکەی کە ڕەنگە بە "Back of 'the Mountains" واتە "پشتی شاخەکان" وەربگێڕدرێت، لە ڕوانگەی فارسەوە لە دەرەوەی زنجیرە چیای سەرەکییەوە شوێنەکەی وەسفدەکات. ئەوەندەی بزانرێت ئەم ناوچە دوورەدەستە لە سەردەمی کۆنەوە دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ بووە، بەم شێوەیە ئەو شتە دەخاتە ڕوو کە پێدەچێت خاڵێکی سیاسی بووبێت لەگەڵ هەموو شانشینیەکانی ئەم بەشەی جیهاندا. پاشاکانی پارسیا و فارس و ئاشور بە هەمان شێوە پیلانێکی ژیرانەیان دۆزیەوە، هەرچەندە زۆرجار، بێ گومان، کە لە پێویستییەوە دروستکراوە، بۆ ئەوەی سنوورەکانیان بەو وڵاتە بچوکانە بپارێزن، بەڵام بە شێوەیەکی پراکتیکی سەرۆکە سەربەخۆکان، کە دڵسۆزییان بە دیاری پارە و ناونیشانی شەرەفمەندی هانبدەن. ئەوان لە ڕاستیدا بنەمای سیاسی هاوچەرخیان لە "دەوڵەتی نێوانگر" کردەوە. لەنێوان ئەوانەشدا "پشتی کۆ" کە یەکێکە لەوان و تا ئێستاش هەروایە.

فەرمانڕەوای ئێستای، غوڵام ڕەزاخان، لە بنەماڵەی چواردەیەمینی خۆیەتی و بۆ هەموو مەبەستێکی کرداریی وەك خۆسەپێنێك فەرمانڕەوایی دەکات. دەسەڵاتی حکومەتی تاران، لە دۆسیەی ئەودا، لە دەسەڵاتی دراوسێکەی، شێخی محەممەڕە، تەمومژترە. بەڵام وەك فەرمانبەرێکی میریی فارس ناسێنراوە، چونکە وەك

چاودێرێکی نمایشەکان مووچەی پێدەدرا. داب و نەریتێکی تایبەتی وڵاتەکەیەتی کە بەشێکی گەورەی دانیشتووان (بەپێی ڕەگەز لوڕن) هەمیشە ئاگاداری سەرۆکەکەیان دەبن و بە یاوەرییەوە دەیبەنە شوێنی نیشتەجێبوونی جۆراوجۆری زستان و هاوین؛ هەموویان چەکدارن و جۆرێك لە سوپایەکی ئامادەی بچووك پێکدەهێنن. لێرەشدا، تەنانەت زیاتر لە محەممەڕە، غوڵامە ڕەشپێستەکان بەرزترین پۆستە دەسەڵاتدارەکان داگیردەکەن. ئەم پیاوە ڕەشپێستانە کە خۆیان یان باوکیان لە سەرەتادا وەك کۆیلە هێنرابوونە پێرشاوە، ڕەنگە بە پلەیەکی دڵسۆزی کە لە نێو لۆرەکاندا نائاسایی بێت، وەك خزمەتکاری سەرۆك گەیشتنە پۆستی باڵای دەسەڵات و بە ئازادی لەگەڵ ڕەعیەتە پێست کاڵەکاندا هاوسەرگیریان کردووە. والی پشتی کۆ (چونکە ناونیشانە دەنگییەکەی بەم شێوەیە، تا ڕادەیەك پاڵەوانە نەمرەکانی ئۆپێراکانی جیلبێرت و سولیڤان Gilbert and Sullivan دەهێنێتەوە یاد) لایەنێك بوو کە ئارەزووی پرسی سنووری دەکرد. لە شاخە سەختەکاندا کە نزیکەی تەواوی قەلەمرەوەکەی پێکدەهێنن، بۆشاییەك هەیە لەو خاڵەی کە ئێستا ئێمە پێی گەیشتوین کە ڕووباری چەنگوڵەی ناوداری ترسناك بەسەر جەبەل حەمرین و ئاوەکاندا هەڵیدەواسێت، زەوییەکی گەورەی فراوانە، کە بە بازنەیەك بەرەو خوارەوە بەرەو ڕوووباری دیجلە بڵاودەبێتەوە. والی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە

پیاوەکانی، ئەو پەڵە زەوییەیان چاندووە و بەو پێیەش بە مافی فەرماندار سەر بە پێرشاه؛ تورکەکان ئەو بانگەشەیەیان ڕەتکردەوە.

کۆمیسارییە ڕکابەرەکان نیشانەیەکی کەمی سازشیان نیشاندا؛ لەڕاستیدا، هەڵوێستی یەکتریان بە شێوەیەکی بێ هەڵوێستانە بە تێبینییەك وێناکردبوو، کە یەکێکیان بۆ ئەندامێکی بێلایەنی کۆمیسیۆنی کردبوو: " بەڵام ئەو خاکانەی ئێمە کێبڕکێی لەسەر ناکەین، ئەوە من لایەنێکی دیکەم کە کێبڕکێیان لەسەر دەکەم! " پرسیارەکە بەو ڕاستییە کەمتر ئاڵۆز نەکرا، کە "ئەو زەوییانە" لە هەشتا ساڵ پێشتر شوێنی شارۆچکەیەکی بچووکی گەشەسەندوو بووە، کە لە نێوان دارستانەکانی خورمادا بە پێوەبوو. لەگەڵ مردنی پارێزگار لەو ڕۆژەدا، سێ کوڕەکەی لەسەر جێنشینی ناکۆك بوون، یەکێکیان دابەزی بۆ سەر "باکسای"، ئەو گوندەی کە قسەی لەسەر دەکرێت و تووڕەیی خۆی بەسەر ئەو برایەدا هەڵدا کە خاوەنداریەتی دەکات، بە تەواوی تەختیکرد بۆ سەر زەوی و دارەکانی بڕییەوە. کە ژمارەیان 11 هەزار درەخت دەبوون. لە کاتی سەردانەکەماندا، شوێنەکە، کە نیشانەی شارستانی پێشوی پێوە دیارنەبوو، پاشماوەی چەند جۆگەیەکی ئاو کە لە قوڕ دروستکرابوون، هەندێ بنەکۆتەرەی دارخورمای ڕزیو و مزگەوتێکی وێران و گۆڕستانێکی چۆڵ. دوای ئەوەی بنکەمان لە گوندی "باکسای" دامەزراند، دیارییەك

لە والییەوە گەیشت. فۆرمێکی دیار، هەرچەندە تا ڕادەیەك نائاسایی، تاشە بەفرێکی گەورە؛ کە برێکی لە شاخەکانەوە هێنابوو، بەو پێیەی ئێستا گەرمای دەشتەکان دەستیان بە بەرزبوونەوە کردبوو، گەرمی پێوەرەکە لە پلەی نەوەدەکاندا لە سەرەوە وەستابوو، ئەوە بە تامترین دیاری بوو کە دەیتوانی بینێرێت. ڕۆژی دواتر خۆی و دەستودائیرەکەی هاتن. کاروانەکەی کە بە بیابانەکەدا تێدەپەڕی بۆ خێوەتگەکەمان، دەبێ دان بەوەدا بنێین، تەنیا ئاماژەیەکی بێ بایەخ بوو بۆ نمایشێکی سێرك. سەرەتا پاسەوانێك هات لە تیرهەلگرەکان، دوو دوو بە پێ، پاشان ئەسپێك پێشەنگی دەکرد، نیشانەی ئاسایی پلە، دواتر تیپی تەپڵ و مۆسیقای دەربار، بە یەکپۆشی سووری شڕۆڵەوە، (دەوترێت کە ئەوان ڕۆژێك لە خزمەت پاشای بەغدادا بوون و بەشێك بوون لە غەنیمەتەکانی شەڕی جێگری پاشا دوای شەڕێکی سەرکەوتوو لەگەڵ هێزە ئیمپراتۆرییەکان) دواتر لەلایەن شاتیرەوە، کە کەسێکی ڕازاوە بە ڕەنگی سوور و زێڕەوە پێشەنگی دەکرا، خودی والی هات و کە باڵا بەرز بە چاویلکەیەکی ڕەنگینەوە، سواری ئەسپێکی عەرەبی ڕەسەن بووە و پێستێکی پڵنگ بەسەر زینەکەیدا شۆڕبۆتەوە. کوڕەکەی لەگەڵیدا بوو، هەروەها لە دوایەوە کوڕی سوپاسالاری دەولە، ئەو دوژمنە سەرسەختە و کە چاوی خواستی لەسەر تەختی پێرشایە، کوڕێکی قۆزی گچکە لەبەرگێکی زۆر جواندا، بەسواری

ئەسپێکەوە لەگەڵ لغاوی زێڕ و سەرزینی نەخشێنراو. مەسیرەکە بە ڕیزێکی دوور و درێژی ئەسپ سواری چەکدار کۆتایی هات.

ڕۆژی دوایی سەردانی والیمان کردەوە، کە گەیشتینە چادرەکەی دوو پیاوی پیادەی زۆر سەیر پێشوازیان کردین، کە کۆتێکی هاودامانی سووریان لەبەردا بوو، چەرمێکی چەرموو وەکو سوارە هەنگاریەکانی سەدەی پانزە بەسەر سنگیانەوە بوو؛ سەیرترین کڵاوێکیان لە سەر نابوو کە تا ئێستا بینیومە، بە هەمان شێوەی ئەوە پێشتر باسمانکردووە وەك مەنجەڵی دەمەونوخون، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر ، بەرزیەکەی 18 ئینج و لە سەرەوە بە دەوریا 12 ئینج بوو، لە بنکەکەیدا بە مێزەرێکی ڕەنگاوڕەنگ دەورەدراوە.

ئەو خەڵکە باشانە، کە هەر یەکەیان دارێکیان بەدەستەوە بوو وەك داری پێشەنگی تەپڵژەن، پێشمانکەوتن بۆ خزمەت خودی والی. والی لە کۆتایی چادرەکەدا لەسەر کورسیەك ڕووی بۆ دەرەوە دانیشتبوو، لە هەر لایەکی چادرەکەدا قەرەوێڵەیەکی ئاسن دانراوە، لەوە دەچوو بۆ شوێنی حەوانەوەی ئێمە دانرابێت. بۆیە خۆمان بە دوو ڕیز بەرامبەر یەك ڕێکخست.



ئەسپەکەی والی



وەزیرەکەی والی

گروپێکی بچوکی دڵخۆش، کە لە پشتی خانەخوێکەمانەوە دانیشتبوون، پێکهاتبوون لە سێ کوڕە بچووکەکەی، بچوکترینیان هاوڕێیەکی چوار ساڵان بوو، کە بە پرچی لولی خەناوی و پاڵتۆیەکی درێژی ڕەنگ سەوزەوە، هەوڵیان دەدا لەگەڵ هەندێ سەرکەوتندا یارییەکی پراکتیکی بکەن و گاڵتە بە کەلوپەلەکانی ئامادەبووان بکەن.

کۆنە وەزیر Rip Van Winkle ڕیپ ڤان وینکلی سەر و ڕیش هاتوو، کە بەدرێژایی وتووێژەکە بە دەنگی بەرز دەیقیژاند بە گوێی ئاغایا. ئەوانەی ئامادەبوون بەرپرسی پێشوازی و دوو کوڕە گەورەکەی، بە بێدەنگی لە خزمەتی باوکیاندا ڕاوەستاون و دەستیان لەسەر سنگیان کردبوو بەناوی قۆڵیاندا وەك لە دابونەریتی پێرشایدا باوە. والی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە جلوبەرگێکی سەیر و سەمەرەی سەرنجڕاکێشی لەبەرکردبوو. پانتۆڵی خووریی ئەلپاکای ڕەش لەبەردا و پێڵاوی چەرمیی بریقەداری لە پێدابوو، لەگەڵ جۆرێك لە پاڵتۆی درێژی هاودامان، کە شانەکانی بە شێوەیەکی هونەری بە توگرای تورکی، یان شفرەی ئیمپراتۆری ڕازێنرابووەوە– ڕەنگە هەمان بنەچەی گروپەکەی بێت. ئەو زۆر قسەبێژ نەبوو، گفتوگۆکەش نارێکوپێك بوو، وەك ئەوەی دەبووە سەردانێکی فەرمی بۆ پێرشا. بەڵام حەزی لە بواری فرۆکەوانی هەبوو، پرسیاری لەسەر ئەو بابەتە دەکرد. دوای ئەوە، گوتارێك لەسەر دێڕەکانی ئەو گوتارە هاتە ئاراوە کە لە یەکەم بەشی "ئیۆتێن"دا هاتووە، کاتێك شازادەیەك

و پاشای بەلگراد بۆچوونەکانیان لەسەر بزوێنەری هەلّم ئالّوگۆڕ دەکەن. بەلاّم ئەو بابەتانەی کە لە دلّی والییەوە نزیکن، پەیوەندییان بە برا شاهانەییەکانیەوە هەبوو (وەك چۆن بێ گومان ئەو دایدەنان) بەوانەی لەسەر تەختەکانی ئەورووپان. پرسیاری کرد: پاشای ئینگلّتەرا کێیە؟ "جارج"، فارسی زانەکەمان وەلاّمی دایەوە، ئەوەی بەردەوامی بە گفتوگۆکە دابوو؛ (ئەمە بەشێوەیەك بێ خاوەن شکۆ نەبوو، بەلّکو لەسەر شێوازی وتووێژی فارسی بوو.) والی ئاوڕیدایەوە بەلای وەزیرەکەیدا و ووتی "جارج" بنووسە. ئەی ئەوەی ڕوسیا؟ جارێکی دی هاتەوە بەلای میوانەکەیدا. وەلاّمەکە " نیکۆلاّس" بوو. "نی-کۆ-لاس بنووسە"، بە وەزیری ووت. "ئەی ناوی پادیشای ئەلّمان چییە؟" وتەبێژەکەمان هەوای یەکێکی گریمانە کرد کە یادەوەرییەکەی بۆ هەندێك ڕاستی ناڕوون و نیوە لەبیرکراو ڕاکێشا، پاشان بە تۆنێکی گوماناوی وەلاّمی دایەوە کە پێی وایە شتێکی وەك ویل- یام. من لەو بڕوایەدام ناوی ئیمپراتۆری ئەلّمانی لە غەزەتەی پشتی کۆدا نییە.

قاوە هێنان لەم کاتەدا ئاماژەی بەوەدا کە میوانەکان ئازادن بۆ ڕۆشتن، ئاماژەیەك کە بە لێوارە ئاسنییە تیژەکانی جێگاکان جەختی لەسەر دەکرایەوە. بۆیە بەو سەردانەواندن و سەلامانەی کە بۆ خانەخوێکەمان و تاقمەکەی دیاریکرابوون، مۆلّەتمان وەرگرت.

## بەشی حەوتەم

# بەرەو بەغداد

کۆمیساری ناوبژیوانی، کە لە کۆتاییدا بڕیاریان لەسەر چارەسەرێکی لەبار دا بۆ پرسە بێزارکەرەکەی زەوییەکانی باکسای، ئیدی کۆمیسیۆنەکە لە ڕێگاکەی خۆیدا بەردەوام بوو. لە باکووری باکسای دابڕانێکی سەیر لە ئاستی بیابانەکاندا ڕوودەدات. لێوارێك تا ڕادەیەك تەواو ڕاست، کە بەرزییەکەی لە 200 – 300 پێ و درێژییەکەی 30 میلە، بە شێوەیەکی مەیلان لە شاخەکانەوە دەڕوات و دەبێتە هۆی ئەم دیاردەیە. هەندێك هێزی بەهێزی داڕوتانی زەوی کاردەکەن، یان کاریانکردووە، بۆ شکاندنی ئەو بەردە لمینەی کە لێواری بیابان پێکدەهێنێت. بەدرێژایی دامێنی ئەم تەختە بەردانەوە، لە قووڵایی دوو سێ میلدا، باندێکی پێکهاتنی نائاسایی هەیە، تێکەڵەیەك لە گردۆڵکە و کونە بچووکەکان کە ئەوەندە نابەردەوام و سەرلێشێواون کە لە دوورەوە وەك دەریایەکی زۆر پچڕ پچڕ دەردەکەوێت کە بووە بە بەرد. بەو پێیەی کە تەنیا سێ خاڵ هەبوو تەختەبەردەکە گونجابێت بۆ پێدا سەرکەوتن، ئێمەش لە دوورترین خاڵدا شوێنی پەڕینەوەمان هەڵبژارد، یەکەم کەمپمان لەم بەرەوە دانا. لە بەیانی ڕۆژی دوایی و لە بەرەبەیانەوە دەستپێکرد،

کاروانەکە کەوتە ناو شریتە دارماوەکەی ئەو ناوچەیەی باسمکرد. گردەکان هەرچەندە زۆر نزم بوون، بەڵام هەموو دیمەنەکانیان داخست و پێچاوپێچیەکانیان ئەوەندە ئاڵۆزبوون کە مرۆڤ وا هەستدەکات کە بە هەڵە سەرگەردان بووە بۆ ناو دیمەنی هەندێك لە شاخەکانی ڕوسیا. لەماوەی نیو سەعاتدا تەواوی کۆڵەکەکانمان لەدەستچوو، کاروانەکەش بەگرێکانەوە گیریخواردبوو. بەڕێکەوت تووشی دوبی چینی بووین کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کاروانی ڕووسیا جیابووبووەوە، لە هەمان دۆخی سەختی ڕۆژی پێشووی خۆماندا تێوەگلابوو. ئێمە شانازی بە لەسەرخۆیی بەریتانیەوە دەکەین، بەڵام دۆبییەکی چینیم پێ بدە بۆ تێکچوونی کەسایەتی! بەبێ قسەیەك و کەمترین دەرکەوتنی ئاسوودەیی خۆی بە کاروانەکەمانەوە چەسپاند و تەواو بێ کاریگەری شەوەکەی لە بیابانەکاندا بوو لەگەڵ هەموو ئاسۆیەکدا کە باقی ڕۆژەکانی بە سەرگەردانی لەم ڕێگا پڕ لە پێچ و پەنا زەبەلاحەدا بەسەر ببات. کاتێك لە کۆتاییدا ڕێچکەکەمان دۆزیەوە و سەرکەوتین بۆ لوتکەی بەردەکە، دیمەنێکی دڵگیر پێشوازی لێ کردین. شاخەکان لە پێشەوە دەرکەوتنەوە و لە نێوان ئەوان و ئێمەدا درێژ بووەوە، دۆڵێکی گەورەی وڵاتی ئاودێری بوو کە لە نێوان دوو چەمدا لە شاخەکانەوە دەهاتنە خوارەوە، کە تا ڕادەیەك لە یەکترەوە دوورن و لە دەشتەکەدا یەکیاندەگرتەوە. لە ناوەڕاستدا

گۆڕێکی گەورەی سپی قوتبووبووەوە، گۆڕی سەید حەسەن کە ناوی خۆی بە هەموو خاکەکانی دەوروبەریدا بڵاوبۆتەوە، لە کاتێکدا دوور لە ئاسۆی ڕۆژئاوا دیمەنێك بوو بۆ دڵخۆشکردنمان – هێڵێکی سەوزی قووڵ، یەکەم دار و درەختێك کە شەش هەفتە پێشتر کە لە کارون دەرچووین بینیبوومان.

پەڵە سەوزەکە شارۆچکەیەکی بچووکی بەدرەی Bedrai تورکی بوو، بۆ بەیانیەکی دیکەش هێسترێکمان بە خواردنی قاوەڵتی بارکرد و لە ئۆردوگاکەمانەوە لە سەید حەسەنەوە بەڕێکەوتین بۆ ئەوەی سەردانی بکەین. لە کاتی ڕۆیشتنماندا تێگەیشتم کە گۆڕانکارییەکی کەم ڕوویداوە؛ شتێکی نامۆ هەبوو، شتێك بە شێوەیەکی ناڕوون پێشنیاری شارستانی ڕۆژئاوای لە دەوروبەرمان دەکرد. بە دەوری خۆمدا سەیرمکرد، بەڵام هەمان دیمەنی ئاشنای کۆنی فارسی بوو کە لە خۆڵ و بەرد پێکهاتبوو، چەند پەڵە گیایەکی وشکی کورت و چەند دارێکی خۆڵەمێشی تێدابوو؛ پاشان لەناکاو نهێنییەکەم بۆ دەرکەوت – ئێمە لەسەر ڕێگایەك بووین.

بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، ئێمە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سوار بووین بەسەر پاشماوەیەکی بێ ڕێگادا، تەنیا لەلایەن هێماکانی ئاسۆوە ڕێنمایی دەکراین، بەڵام ئێستا ئەسپەکانمان بەدوای ڕێڕەوێکی دیاریکراودا دەڕۆن کە بە ڕوونی چەندین

کیلۆمەتر لە پێش ئێمەوە شوێن پێی تیدا دیاربوو، هێڵی زەرد بەسەر بیابانی قاوەیی تۆخدا. زۆری نەخایاند کۆمەڵێك جوتیارمان بینی کە کۆمەڵێك مانگای لاوازیان پێشدابوو کە بارکرابوون بە عەلەفی سەوز لەناو کیسەی بچوکدا.

پاشان وردەکارییەکانی خودی بەدرەی بە ڕوونی دەرکەوتن - مێرگێك لە دارخورما و باخچەی میوە، ڕەنگە تیرەکەی یەك میل بێت، بە دیوارێکی قوڕی ڕەق داخراوە کە دەروازەیەکی لێرە و لەوێ هەیە و خودی شارەکەی وەك ناوکێك لە ناوەندا لەخۆگرتووە. لە یەکێك لە دەرگاکانی دیوارەکەوە چووینە ژوورەوە و خۆمان لە بەهەشتدا بینیەوە. تا ڕادەیەك نزیك بوو لە داخورپانی جەستەیی، گواستنەوەی لەناکاو لە بیابانێکی بێ بەرهەم و پڕ خۆرەوە کە بۆ چەند هەفتەیەکی ڕابردوو هەموو ئاسۆی ئێمەی پڕکردبوو، بۆ ئەم جیهانە نوێیەی گەڵا سەوزە نەرمەکان و گوڵی میوە و خوڕەی ئاو - وەك ئەوە وایە ... لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا بچینە ناو ئاوێکی ڕوونی مەلەوانگەیەکی قووڵەوە. سەرەتا بە درێژایی ڕێگایەکی تەسك لە نێوان دیوارە قوڕینەکاندا دەڕۆیشتین، بە چەمێکی خێرادا تێپەڕین و دەپەڕینەوە، ئاوەکانی وەك خوێن بە خاکی "چیای سوور" ڕەنگکرابوون، کە لێیەوە هاتبوون. گوڵەکانی مانگی ئایار و شکۆفەی هەنارەکان دیوارەکانیان داپۆشیووە و بەسەر ڕێگاکەدا ئاوێزان بوون، لەکاتێکدا لوتکەی دارو درەختەکان دەریایەك سێبەریان

کردووه. دارخورماکان لوتکەی ئارامیان لە جیهانێکی تایبەت بە خۆیاندا بەرزکردەوە، وەك ئەوەی خەڵکانێ کە شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، ڕەتیدەکەنەوە لە هەر پەیوەندییەك لەگەڵ دراوسێ ئاست نزمەکانیاندا، گەڵایەکی زەرد هەڵگەڕاو لێرە و لەوێ تیشکی خۆری دەگرت و تۆنێکی زێڕی کاڵی لەسەر سەوزایی دەوروبەر دەڕشت.

جار جارە قەلەباچکەیەکی شین یان ماسیگرەیەك بەسەر ڕێگاکەدا دەدرەوشایەوە و هەواکە پڕ بوو لە دەنگی گمەگمی کۆتر و بۆنی شیرینی گوڵی پرتەقاڵ. بەدرێژایی دیوارەکان بە جیاوازی دەرگای دارە قورسەکان هەبوون کە دەچوونە ناو باخچەکانەوە، لە هەریەکەیاندا دەرگایەکی بچووك تر هەبوو کە ئەوەندە گەورە بوو کە چاوێکی سەرنجڕاکێش بە دیمەنی ئەودیو ئەو شوێنەی کە چەمەکان لە چیمەنە بەرز و سەوزەکاندا دەدرەوشایەوە. یەکێك هەستی دەکرد Alice ئەلیس لە کونی کلیلی باخچەکەیەوە تەماشای دەکات و تامەزرۆی شووشە سیحرەکەی بوو! وردە وردە باخچەکان جێگەی خۆیان بە ماڵەکان دا و ڕێگاکە خۆی یەکلایی بووەوە و بوو بە بازاڕێکی ئاسایی تورکی زۆر تەسك، بەو خانووانەی لێرە و لەوێ لەسەر سەرمان دروستکرابوون، بۆیە دەبوو خۆمان لەسەر ملی ئەسپەکانمان بچەمێنینەوە بۆ ئەوەی بە ژێریاندا تێپەڕین. ئێمە پلانمان بۆ سەیرانێك لە نێوان دارە میوەکاندا

دانابوو، بۆیە میرزاکەمان بۆ دانوساندن نارد بۆ خواستنی باخچەکە، لە کاتێکدا ئێمە خەریکی ناردنی کۆمەڵێك بروسکە بووین. لە ڕێگەی بەدرایەوە ڕووبارێکی بچووك دەڕوات کە بە هەمان ناوی شوێنەکەوە ناودەبرێت و بەهۆی یەکگرتنی دوو چەمەکەی گاڤی و گوندجیونچەمەوە دروستبووە، کە وەك پێشتر باسمکرد، زەویەکانی سەید حەسەن دەگرێتەوە. ڕێگاکەمان بۆ باخچەکە بە درێژایی بەردێکی سەررووی ئەم ڕووبارەدا بردینی، لەوێ تووشی دوو پیاو و کوڕێك بووین کە سەرقاڵی پیشەیەك بوون کە زۆر سەرنجی ڕاکێشاین. لە نێوانیاندا دوو سەبەتەی بچووکیان هەبوو، یەکێکیان پڕ بوو لە کرم و ئەوی دیکەیان دارە کورتەکانی هەندێك مادەی ڕەش. پیاوی یەك کرمێکی قەڵەوی هەڵدەگرت و دەیدا بە پیاوی دووەم، کە دەیکرد بە دارێکەوە کاتێك دەدرایە دەستی کوڕەکە، ئەویش بێباکانە فڕێیدەداتە ناو ڕووبارەکەی خوارەوە. دوای ئەوەی چەندین تیۆری داهێنەرانە پێشکەشکران کە هەموو ئەمانە مانای چییە، پرسیارمان لە پیاوەکان خۆیان کرد و ڕوونکردنەوە ڕاستەقینەکە فێربووین. ئەوان ماسیگر بوون (هیچ نیشانەیەك نییە!) و ئەو پارچە دارانەی کە چەقێنرابوونە ناو کرمەکانەوە ژەهراوی بوون. پێدەچێت ئەو ماسییە بەدبەختانەی کە چەواشەکارییەکەیان قووتداوە، لە شوێنی خۆیدا مردوون و تەرمەکانیان لەلایەن هاوکارەکانیانەوە بە تۆڕی ڕاوە ڕۆبیان گیراونەتەوە، کە زیاتر

له خواره‌وه‌ی ڕووباره‌که دانرابوو. پێشبینی ده‌که‌ین پرسیاری هه‌ستیار بکرێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی کێ له کۆتاییدا ماسیه‌که‌ی خواردووه! باخچه‌که‌مان دۆزیه‌وه و به ده‌روازه‌یه‌کی قووڵی ناو دیواره‌که و ئه‌ودیوه‌وه به که‌له‌به‌رێکدا تێپه‌ڕین و چووینه ناو ده‌شتاییه‌کی دره‌ختی میوه‌وه، که له ناوه‌ڕاستیدا، له سه‌وزایی ته‌نیشت چه‌مه‌که‌دا، خانه‌خوێکه‌مان فه‌رش و ڕاخه‌ری بۆ پێشوازیمان بڵاوکردبۆوه. لێره‌دا که به ئاسووده‌یی پاڵکه‌وتووین، تیشکی خۆر له پشتی ئه‌سپه‌کانمانه‌وه ڕه‌نگده‌داته‌وه که له‌ناو گژوگیایه‌کی چڕدا به ده‌وری ئێمه‌دا ده‌له‌وه‌ڕێن، دوکه‌ڵه شینه‌که‌ی ئاگری خزمه‌تکاره‌کانمان که به‌ناو لقه داره‌کاندا به‌ره‌و سه‌ره‌وه ده‌سوڕێته‌وه و سه‌ماوه‌ره‌که‌شمان به هێواشی له نزیکه‌وه گیزه‌ی دێت، ئێمه تامێکی بێهاوتایمان له قووڵایی دڵمانه‌وه کردووه، ئه‌و شیرینییه دووره له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه. ئه‌م په‌ناگه‌ی به‌خته‌وه‌ریه فرۆشیاری که‌لوپه‌لی ئه‌نتیك ده‌یته‌قێنێته‌وه.

ده‌بوو ئه‌زموون فێری بکردمایه که تاکه نوێنه‌ری ڕه‌گه‌زی مرۆڤ که بوونی هه‌رگیز سه‌لامه‌ت نییه، ئه‌نتیکفرۆشه؛ به‌ڵام دان به‌وه‌دا ده‌نێم که بینینی یه‌کێکیان له به‌درای Bedrai که به تێکڕا ڕه‌نگه له سه‌ده‌یه‌کدا ده‌یان سه‌ردانیکه‌ر له ئه‌ورووپاوه بێت، سه‌یر بوو. به‌ڵام له‌وێدا، له‌گه‌ڵ که‌لوپه‌له ئاساییه‌کانی پیشه‌که‌یدا بوو، کۆمه‌ڵێك شتومه‌کی بچووك هه‌بوون که له ده‌سته‌سڕێکی گه‌وره‌ی گیرفانیدا

گرێدرابوون. دواتر دەرکەوت کە ئێمە لە نزیك شوێنێکی دێرینەوە بووین کە لەلایەن عەرەبەکانەوە پێی دەگوترا ئەکار Akar، لەوێدا بۆ گەڕان بەدوای گەنجینەکاندا ئەم شوێنەوارانەیان هەڵدەدایەوە. کۆکراوەکەی بریتی بوو لە چەند دراوێك، چەند پارچەیەك کە بە هیرۆگلیف داپۆشرابوو، سەری پەیکەرێکی بچووکی یۆنانی، پەیکەری سیرامیکی گۆزە و دیزە لە سوار و ئەسپێکی زۆر (کە پسپۆڕەکەمان ووتی ئیلامیە) و بلۆکێکی ڕەشی پۆلیشکراو. هەروەها بەردێکی پۆلیشکراوی ڕەش کە سەر و ملی قوویەکی زۆر ئاسوودەی بە ڕەنگی دیار نەخشێنراوە. دوای ئەو مامەڵە ئاساییەی کە تێیدا داواکاری سەرەتایی هاوڕێکەمان نزیکەی لەسەدا 500 کەم بووەوە، ئێمە ئەو بەشەمان کڕی. دواتر کە بینی ئەو کارە خێرا بووە، بە نهێنی ڕایگەیاند کە " ئەنتیکێکی" ناوێزەی هەیە کە بەهایەکی بەنرخی هەیە، ئایا دەکرێ بچێت بیهێنێت؟ ئێمەش ڕازیبووین و چاوەڕێبووین، بەو پەڕی خواستەوە تا بزانین گەنجەکە چییە. ئیدی کە گەڕایەوە پریاسکەیەکی قەبارە مامناوەندی پێ بوو، بە وریاییەوە کردییەوە و لەبەر چاومان بڵاویکردەوە. کە لەوانەبوو لە دووکەڵکێشی یەکێ لە خانووە کۆنەکانی ئەو ناوەوە هاتبێت. سەگێکی کلك کورتی چینی کۆن، خاوەنەکەی نرخێکی زۆری لەسەر دانابوو، بەڵام من زیاتریشم دەدا تا ئەو مێژووەی نێوان چین و فەخفووری و بەدرای دوور تێبگەم. سەعاتێك بەسواری دوور لە

بەدراوە گوندی زەرباتییەیە، کە یەك دوو ڕۆژ تێیداماینەوە. هەرچەندە وەك شوێنی پێشوو بە باخچە دەورە دراوە، بەڵام زۆر کەمتر ڕازاوەیە و مانەوەمان لەوێ تەنیا بۆ ئەو پەلەوەرە لەبیرنەکراوانە بوو کە نوێنەرەکەمان بۆی دابینکردین. ڕەگەزێکی باڵندەی سپی بوون، باڵ و کلکیان شینێکی گەشاوە بوو. کاریگەرییەکەی سەرسوڕهێنەر بوو، لە یەکەم نیگادا ڕواڵەتێکی پێبەخشی کە لە باڵندەی بەهەشت دەچوون نەك لە باڵندەی ماڵی. لە کاتی وردبوونەوەدا دەرکەوت کە پەڕە سەیرەکانی کاری سروشت نییە، بەڵکو کاری هونەرمەندێکی ناوخۆییە کە دەفرێکی بۆیاخی بەدەستەوەیە. نەمتوانی ئەوە بزانم کە ئایا ئارایشتکردنەکەیان تەنیا بۆ سەرنجی ئێمە بوو یان هەر خوویەك بوو لە زەرباتییە. چەند ڕۆژێك لەگەڵ ئێمەدا گەشتیان دەکرد لەناو سندوقێکدا کە بە پشتی هێسترێکەوە بەسترابوو، ژمارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ بە هەمان ڕێژەیی خەمناك کەم دەبووەوە وەك ئەو دە کوڕە بچووکە ڕەشپێستەی کە لە دایانگە ناودارەکەدا بوون. دوای دەرچوونمان لە زەرباتییە، قۆناغی کۆتایی گەشتەکەمان بەرەو مەندەلی دەستپێکرد. گەشتێکی دوو سێ مانگی بوو کە هەندێك ئەزموونی نەخوازراوی تێدابوو. لە یەکەم ڕۆژدا ڕووبەڕووی یەکەم و دوا زریانی لمی خراپ بووینەوە، سوپاس بۆ خوا. خۆشبەختانە با لە پشتەوە دەهات، بەڵام بە هێزێکی هێندە توند هەڵیکرد کە دەنکە لمەکان

دەچوونە ناو پێستەکانمانەوە، هەروەها بۆ ناو قووڵترین کونەکانی جانتاکانمان، بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە، کە تەنیا خۆڵ و خۆڵەمێشی بیابان دەزانێت چۆن ئەوە بکات، لە نێوانیاندا لاپەڕەکانی کتێبەکان و لە هەموو درزێکی جل و بەرگەکاندا، ناتوانرێت بەتەواوی لەناوببرێت. دوای چەند ڕۆژێك. لەگەڵ داهاتنی شەودا، زریانەکە بوو بە تۆفان و هەورە چەماخە و ڕەشەبایەکی ترسناك و بەسەرماندا تەقییەوە کە بە درێژایی ڕۆژ لە نێو شاخەکانەوە دەهاتە خوارەوە. چادرەکانمان ئازایانە بەرگەی هێرشەکەیان گرت، تەنیا یەکێ لەستوونەکان شکا. ئەوەی کە لە خێمەکەدا بوو بیجامەی لەبەردابوو، بەر لەوەی خۆی ڕزگاربکات بۆ پەناگەی دراوسێکەی بەهۆی باوبۆران و زریانەوە تەڕ بوو.

ڕۆژی دوایی هەموو چاڵوچۆڵ و ڕووبار و جۆگاکان لافاو دایپۆشی بوو، کاروانەکە چەند فرسەخێك ڕێگەی بە ناو ئاو قوڕ و لیتەیەدا بڕی. دوای ماوەیەك گەشتینە جۆگەیەك لەگەڵ ڕیزێك زۆنگاو لە هەردوو بەرەوە. هێسترەکان لە هەوڵی پەڕینەوەیدا تا ژێر سکی خۆیان نوقم بووبوون و چەند دانەیەکیان لە ناوەڕاستی ڕێگادا بارەکانیان لێ کرایەوە تا بتوانن خێراتر بڕۆن.



مەندەلی



بەدرای

یەکێك لە ئاژەڵە هەژارەکان خۆی بینیەوە کە گیری خواردووە و هیچ هیوایەکی ڕزگاربوونی نییە، وازی لە هەوڵ و تەقەلا هێنا و بە هێمنی لە لای خۆیەوە لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا بە هەموو جانتاکان و شتەکانەوە پاڵکەوت، وەك ئەوەی خۆی ڕادەستی مردن بکات.

لە کۆتاییدا شەش لە وڵاخدارەکان پێکەوە هەڵیانساندەوە سەر پێیەکانی و هێسترەکە و بارەکەیان بردە کەنارێکی دوورتر. لەوێ لە ناوەڕاستی ترس و دڵەڕاوکێی جیهانیدا، بارە ژێرئاوکەوتووەکە دۆزرایەوە کە کۆپی ئەسڵی "کارتی ناسنامە "ی تێدایە کە بەهاکەی ناتوانرێ بخەملێنرێت. جگە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵە نەخشە نوێیەکان کە ئەفسەرانی ڕووپێوەکەمان تا ئێستا دروستیانکردبوو. دوای پێنج دەقیقە ڕەنگە بە هەڵە بیابانەکە بە حەوشەی پشتەوەی جلشۆرێك بێتە پێش چاو؛ هەر درەختێك لەو ناوەدا نەخشەیەکی بۆ وشکبوونەوە پێوە کرابوو. خۆشبەختانە، ئاو کەم چووبووە ناو ئەو جانتایانەی کە نەخشەکانی تێدا بوو، زیانەکانی کەم بوو. لە دوا خێوەتگەوە کە بە مەودایەکی کەم لە مەندەلییەوە دوورە، سواربووم بۆ پێشەوە بۆ دۆزینەوەی هەوارگەیەك لە دەرەوەی شارۆچکەکە. بەهۆی ئەوەی شوێنێکی گونجاوم هەڵبژارد و لەبەر ئەوەی هەستم بە گەرمی و ماندوێتی دەکرد لە گەشتەکەمدا، بەدوای سێبەری دۆستانە لە کۆمەڵێك دارخورمادا

گەرام کە لە دەوری ئاشێکی بادا کۆبوونەتەوە. شوێنێکی سەرنجڕاکێشەر بوو لە ڕۆژێکی گەرمی ئاوا سووتێنەردا. کەناڵێك ئاوی بەفری ڕوونی دەبردە خوارەوە بۆ ئەوەی خۆراك بدات بە ئاشەکە، پێچکەکەی کە لە تونێلێکی ڕاستدا دەسوڕێتەوە کە ئاوەکە بە هاوارێکی بەردەوامەوە دەڕژێنێتە خوارەوە. بیناکان بە دیوارێك داخراو بوون کە بە ڕێڕەوێکی قووڵ کونکرابوو؛ ئاشەوانەکە لەگەڵ خێزانەکەی لە ژێر سێبەریدا دانیشتبوون، واتە هاوسەرەکەی و دوو کوڕە بچووکە ئەسمەرەکەی، کە بە کڵاوە قوتە پێرشایەکان و کراسە شینەکانیانەوە کە تا سەر ورگە بچووکە هەڵئاوساوەکانیان دەسووتێن، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و سەیر دەردەکەون. ڕاوەستابووم سەیری ئەو نانەوا پێ ڕووتانەم دەکرد کە بە سواری گوێدرێژەکانیانەوە کیسە ئاردیان دەهێنا کاتێ ئاشەوان بەدزییەوە تەماشای دەکردن. یەکسەر فەرشێکی دەرهێنا و منی بردە لای پارچە چیمەنێك لە تەنیشت گۆمێك لە نێوان دارخورماکاندا، لەوێ فەرشەکەی بڵاوکردەوە و داوای لێکردم دابنیشم و پشوو بدەم. ئەم کارەی ئەو نموونەی ئەدەبی سروشتی پێرشایەکان بوو، هەرچەندە ڕەچەڵەکی نزم بێت، یەکەم تێبینییەکەی نموونەی ئەو وەرچەرخانە بەڕێزەی دەستخۆشی بوو کە بە شێوەیەکی سروشتی دێتە سەر لێویان. سەرسام بووم بە چیمەنی سەوزی نەرم و حەوزە ڕوونەکەی بەر پێمان. "

سوپاس بۆ خوا ! " وەڵامی دایەوە؛ " چیمەن سەوزترینە و ئاوەکە ڕوونترینە لە هەر شوێنێك کە بوونی تۆ تەشریف دەهێنێت." گفتوگۆکەمان ڕووی لە پرسی سنوورەکان کرد، کە ئاشەوانەکەم بەرژەوەندی شەخسی تێدا هەبوو، پێرشای بوون، بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر خاکی تورکیا دەژیان. پرسیاریکرد کە چۆن هێڵەکە بە مەندەلیدا تێدەپەڕێت. هێڵکارییەکی ساکارم بۆ داڕشت و پرسیم ئایا پەسەندی دەکات؟ "چیت عەرزکەم" تەنیا شتێیەك بوو کە دەیگوت، داوای چی بکەم، هەموو شت بەدەست خوایە. ئاخر بیرم لەوە کردەوە، چ ستایشێکی باڵاتر هەیە بۆ هاوکارێکی شایستە لەوەی کە کۆمیسیۆنەکە بە پەروەردگاری خوداییەوە دەستنیشان بکات!

مەندەلی شارێکی سەرەکی قەزایە، قایمقامی هەیە. هەروەها بازاڕێکی باشی سەر داپۆشراو و سیستمێکی نایابی کەناڵی بچووکی تێدایە. با دەچێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە، تەنانەت تونێلی ژێر ماڵەکانیش، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو. لە وەرزی بەهاردا ئەم کەناڵانە پڕ دەبن لە ئاوی ڕوون و ئاوی خووڕ، کە سۆزێکی تایبەتی بۆ شوێنەکە زیادکردووە؛ بەڵام لە هاویندا، کاتێك وشك دەبنەوە، دەبێ لە دوا پلەدا ببنە پەتا. ئێمە ویستمان قایمقام ببینین، کە زۆر بە میهرەبانییەوە

پێشوازی لێ کردین و بە دەنگی بەرز نوێترین هەواڵی قەیرانی ئەڵستەری لە کۆپی ڕۆژنامە ناوخۆییە تورکیەکەی خۆیەوە بۆ خوێندینەوە.


بەغدا حەفتا میل لە ڕۆژئاوا و کەمێك باشووری مەندەلی نزیکترین خاڵی سنوورییە. تا ئەو کاتەی گەیشتینە ئەم شوێنەی دوایی پلەی گەرما لە دەشتەکاندا بە خێرایی بەرزدەبووەوە، لە ئێستادا لەبەر سێبەر 100 پلەیە. هێشتا هەشتا میل سنوورێکی زۆر سەخت مابووەوە کە دەتوانرێت سنووردار بکرێت پێش ئەوەی بگاتە گردەکان و لە ئەنجامدا کۆمیسیۆن خۆی لە پێشبڕکێیەکدا بینیەوە.

بۆیە زۆر بە دوودڵیەوە بینیم هیواکانم بۆ تەمەنێك کاڵ دەبووەوە، کاتێك ئاسۆی بینینی بەغدا زیاتر و دوورتر دەبووەوە. بەڵام خۆشبەختانە با کە هەمیشە خێری پێوەیە، ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو منی بردە بەندەری خوازراو. ماندوێتی ڕێپێوانی درێژخایەنی بیابانەکان کاریگەری لەسەر تەندروستی سەرۆکەکەمان Mr Wratislaw میستەر ڕاتزلاو هەبوو، دکتۆریش فەرمانی پێکردووە کە پشوویەکی تەواو بدات و لە ژینگەیەکی شارستانیتردا چاکدەبێتەوە. بڕیار بوو لەگەڵیدا بچم بۆ بەغدا هەرواش بوو کە بەیانی 15/ نیسان بە یاوەری چوار سوار و کاروانێکی پانزە هێستر لە مەندەلیەوە بەرەو دیجلە


بەڕێکەوتین. جگە لە زریانێك کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بوو، کەشوهەوا لە چەند هەفتەی ڕابردوودا "تێکڕا" بوو، هەندێك لەو هەورە سپییانەی کە لە سەرووی ئاسۆوە دەسوڕانەوە، نائاسایی بوو. تا کاتژمێری 10 گەورەتر و ڕەشتر بوو، بینیمان لە یەکێك لەو ڕەشەبا توندوتیژانە نزیك دەبینەوە کە لەم وەرزەی ساڵدا لێواری دەشتەکە دەماڵێتەوە. هیچ پەناگەیەك نەبوو بۆ ئەو ڕەشەبا تیژە، بۆیە بەباشترین شێوە لە پشتی بەتانیەکەوە نانمان خوارد کە بە دوو تێلای داکوتراو لە زەویدا چەسپکرابوو، ئیدی سواربووین و بەناو بارانی خوڕدا کەوتینەوە ڕێ. ئێمە لەناو کۆڵی زینەکانماندا وشك بووبووینەوە کاتێك دوای هەشت کاتژمێر سواربوون بەناو دەشتێکی قاوەیی ڕووتەندا، لە پێشمانەوە ئەو شوێنە تاریکە پێشوازیی دەکردین کە ئاماژەیە بۆ گوندێکی پڕ لە دار و درەخت و مێرگ. بەڵام "زۆر هەنگاوی هەڵە" بۆ ڕێبوار لەم ناوچە بێ ڕێگایانەدا هەیە و لە کاتێکدا ئێمە پیرۆزبایمان لە خۆمان دەکرد کە گەیشتینە کۆتایی گەشتی ڕۆژەکە، گەیشتینە لێواری دەریاچەیەکی قوڕاوی، کە پانتاییەکەی یەك میل یان زیاتر دەبوو، کە ڕێگای نێوانمان لە گوندەکەوە دەبڕێت و تا کاتێکی نادیار بە هەردوو لای ڕێگاکەدا درێژ دەبێتەوە. دیارە لافاوەکە چەند کیلۆمەترێك بیابانەکەی گرتەوە، بۆیە ژیانمانی خستە مەترسییەوە و زۆر قووڵ کەوتینەوە ناویەوە. لە سایەی خواوە کاروانەکە

توانی بە سەلامەتی بپەڕێتەوە، تەنیا یەك هێستر نەبێت کە هاوسەنگی خۆی لەدەستدا و سێ پێ ڕمایە ناو ئاو و قوڕی داروپەردووی چێشتخانەکەمانەوە.

ئەو گوندەی ئێمە بۆی هاتووین بەلەدڕوز بوو، یەکێکە لە دڵڕفێنترینەکان کە تا ئێستا بینیومە. بۆ بەیانی داهاتوو لەگەڵ کازیوەی بەیاندا سواربووین، ئەوەندە ڕازاوە و دڵگیر دەهاتە پێش چاو کە نزیك بوو لە خەیاڵەوە. ڕێگاکە بەلای چەمێکدا تێدەپەڕی، بەدرێژایی ئەو ڕێگایە بەژێر سبەری دار هەنارەکاندا دەڕۆیشتین کە لق و گەڵاکانیان دەیدا لە شان و ملمان. لەلای گوندەکەوە کۆمەڵێك داری وشك بەسەر دیوارەکاندا بەرزبوونەتەوە و هەندێ باڵندە بەسەریانەوە هێلانەیان کردووە. کە ئێمەیان بینی وەك نارەزایی دەربڕینێك کە بۆ وا زوو لە خەو بێدارمانکردوونەتەوە دەنووکە درێژەکانیان دەدا بە یەکدا. ئەم مەلانە لەناو عەرەبەکاندا ناوێکی ناوێزەی بۆ دانراوە، "حاجی لەق لەق"، حاجی بەو کەسانە دەوترێت کە لە زیارەتی مەککە گەڕاونەتەوە، ئەم مەلانەش ساڵانە وەك حاجیەکان دێنەوە بۆ زیارەت. دوای کاتژمێرێك لەم گوندە جوانە دوورکەوتینەوە و چۆڵایی فراوانیی دەشتەکان قوتیاندداینەوە. ئەو ئێوارەیە ئێمەی گەیاندە باقووبە کە شارۆچکەیەکی گەورەیە لەسەر ڕووباری دیالە، کە لقێکی گرنگی ڕووباری دیجلەیە.



پردی بەلەمەکان



حاجی لەقلەق

بەناو بازاڕێکی دوورودرێژ و داپۆشراودا تێپەڕین، زۆر دڵخۆش بووین بە بینینی کۆمەڵە پرتەقاڵ و کۆمەڵە شتە ڕەنگاوڕەنگەکان لە هەر لایەکەوە، ئیدی بەسەر پردێکی سەیری بەلەمی بن تەختدا، بۆ خێوەتگەکەمان لە کەنارێکی دوورتر پەڕینەوە. ڕۆژی دواتر ئەو 30 میلەی کە مابوو بە عەرەبانەیەکی چوار ئەسپی سەرداپۆشراو بەرەو بەغداد بردینی. ئێمە بە درێژایی ڕێگای بەغداد– کرمانشا ڕۆیشتین، بەڵام ئەو ڕێگا سەرەکییە بەو شێوەیەی ئێمە بینیمان، ئەستەم بوو وەك ڕێگای سەرەکی بازرگانی نێوان تورکیا و پێرشا و یەکێك لە گەورەترین ڕێگاکانی حاجیانی ئاسیا پێناسەبکرێت. هەزاران شیعەی باوەڕدار سەردانی کەربەلا و نەجەف تەنیشتی دەکەن، کە مەشەد meshed یان "شوێنی شەهیدبوون"ی خەلیفە عەلی و حوسێنی کوڕیەتی، کە لە چاوی شیعەکاندا وەك مەککە پیرۆزە. ئەوان لە دیوی دووری بەغدان، دوور نین لە وێرانەکانی بابلەوە. لە خودی بەغداش شوێنی زیارەتی تر هەیە، لەوانەش گۆڕی ئیمامەکانی حەوتەم و نۆیەم.

بە هاتنە سەر ئەم ڕێگا ترسناکە، کە بە پێی ئیمانداران گیراوەتە بەر، چاومان بە زیارەتکەرانی هەموو پلە و پایەیەك کەوت و بەلایاندا تێپەڕین. سەرەتا کاروانی هەندێك دەوڵەمەند دەهات. ئەو بە کۆمەڵێك هێستر و کەژاوەوە بۆ خۆی و خێزانەکەی بۆ زیارەت دەچوون. ئەمانە جۆرێکن لە سەبەتەیەکی داخراو و هەر

لایەکی بە لایەکی ئەسپێکدا هەڵواسراوە. سەرنشینەکە بە شێوەیەکی ترسناک لەناویدا دانیشتووە، دەبێت هەموو هەستەکانی گەشتێکی بڕینی کەناڵەکان ئەزموون بکات. تیلایەکی چاو لە کەسێکەوە لەکاتی تێپەڕبوونیدا، خیانەتە لە حەرەمی ناوەوە؛ یەکێکی تر کە پەردەکانی لە دواوە دادراوەتەوە، فۆڕمی مەزن و گەورەی خودی پیاوە گەورەکە لەخۆدەگرێت. دوای ئەوە خەڵکە پیادەکان بە کەرەوە دێن بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانیان هەڵبگرن؛ لە کۆتاییدا هەژارترین زیارەتکەران کە تەنانەت توانای ئەم گەشتەیان نییە، بەڵام کەمێك لە هەموو ئەو شتانەی کە هەیانە بە کۆڵەپشت لەسەر پشتیان هەڵدەگرن. پیرە پیاوێکمان وەستان و لیمانپرسی لە کوێوە هاتووە. پیرەمێردێکی ماندوو بوو، تەنیا بە یارمەتی دارێك دەیتوانی ڕێبکات، بەڵام بە دڵخۆشیەوە وەڵامی داینەوە کە لە شارۆچکەیەکی بچووکی دیوی دووری تارانەوە هاتووە! پیرە هەژارەکە، دەبێ چەند هەفتەیەك بوو لە ڕێگادا بووبێت، تەواو تەنیا بوو؛ بەڵام ئێمە بەجێمانهێشت کە پارچە نانێکی سیراوی کۆنی دەخوارد، کە شۆفێرەکەمان بە بەخشندەیی لە پاشماوەی نانی بەیانیەکەی خۆی پێی بەخشیبوو. کاتێك سەیری ئەوەم دەکرد کە تێدەپەڕین، دەبێ چ زیانێك بووبێت بۆ مەسیحییەت کاتێك خووی کۆنی زیارەتکردن مرد. حاجی موسڵمان کەرێك بار دەکات، ماڵ بەجێدەهێڵێت و چەند مانگێك بە وڵاتان یان تەنانەت

کیشوەرەکاندا سەرگەردان دەبێت. (کتێبێکی سەفەرم لە ئەفریقای ناوەڕاست خوێندووەتەوە کە تێیدا نووسەر لە شوێنێك لە نزیك دەریاچەی چاد لە ڕێگای مەککەدا تووشی کۆمەڵێك حاجی بووە). لە ڕێگایدا چاوی بە حاجیانی دیکە دەکەوێت کە لە دەیان ڕەگەزی جیاوازەوە هاتوون، هەموویان بە پەیوەندییەکی هاوبەش و ئامانجێکی هاوبەش یەککگرتوون. دەگاتە مەزارگەی پیرۆز و ڕێوڕەسمە دیاریکراوەکانی ئەنجامدەدات و بە کۆمەڵێك بەسەرهاتەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە تا تەمەنێك بەردەوام بێت، هەست بە ئاسوودەیی دەکات لەناخی خۆیدا کە کورسییەکەی لە بەهەشتدا بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. بیربکەرەوە بۆ کرێکارێك یان پیشەسازییەکی بەریتانی چ ئەزموونێك دەبێت!

کاتێك هێشتا دوو کاتژمێر لە بەغداوە دوور بووین، تراویلکەکەی بەردەممان بە هێواشی و بە شێوەیەکی خەیاڵی دەستیکرد بە گۆڕینی بۆ دیدگای گومەز و منارە. شارێکی سەیر و سەمەرەی ئەسمانی بوو کە وردە وردە لەپێش چاوماندا شێوەی گرت، کاتێك تەمەکە نیوەی خوارەوەی هەر بینایەکی داپۆشیبوو، بەشی سەرەوەی لە ئاسماندا دەسوڕایەوە. لەم کاتەدا، بەرەو باکور، هێڵێکی تاریکی ڕێڕەوی دیجلەی بە پشتێنەی دراخورما دیاریدەکرد. پاشان دوو خاڵی ڕووناکی دەستیکرد بە درەوشانەوە لەبەر خۆردا، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە بە گۆڕی ئیمامەکان لە

کازمین دەیناسین و قوبەی گومەزەکانیان بە زێڕی پاك نەخشێنراون. بە دڵنیاییەوە ئەو دیدگایەی خەونبینەکە لەسەر پاتمۆس Patmos هەیبوو کاتێك باسی شاری گەوهەریی ئاپۆکالیپسی Apocalypse دەکرد، بەم شێوەیە بوو. بەڵام دیمەنەکە زوو تێپەڕ بوو، بێهیوایی لە نزیکەوە بەدوایدا هات. خەونەکە – شارەکە زۆری نەخایاند بوو بە شتێکی تۆکمە لە خشت و قوڕ و قسڵ و تا زیاتر لێی نزیکدەبووینەوە، کەمتر نمونەیی دەردەکەوت. بەغدا شارێکی نایابی ڕووبارییە. هەموو شتێك قەرزاری دیجلەیە و ئەم قەرزە بە شەرەفەوە دەداتەوە، هەموو سۆز و خۆشەویستیەکانی بۆ کەناری ڕووبارەکە دەهێڵێتەوە. پشتی دەکاتە بیابان، پشتێکی ناشرین و چەوت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش. ئەگەر بڵێین لە دەرگای پشتەوە هاتنە ژوورەوە، یەکەم سەرنجەکانمان بە هیچ شێوەیەك ئەرێنی نەبوون. گالیسکەکە بە وێرانەکانی دیوارە کۆنەکانی شاردا تێپەڕی، بە بیابانێکی گۆڕستانی چۆڵ و کەڵەکە خۆڵدا ڕێگەی خۆی دەکرد، منارەیەکی خشتی کۆن لە نێوان پاشماوەکانی دەوروبەریدا جێهێڵدرابوو، ئیدی کەوتە ناو ناوچەیەکی ناوازەی شەقامەکانی پشتەوە. لەم دیمەنە دڵتەنگانە یەکسەر چووینە دەرەوە بۆ شەقامی سەرەکی و دوای یەك خولەك لە دەروازەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی بەریتانیەکان کۆتایی بە گەشتەکەمان هێنا.

## بەشی هەشتەم

# دار ئەلخەلیفە

هەندێك لە شارەكانی توركیا نازناویان هەیە كە جۆرێك لە پاشناوی فەرمی پێكدەهێنن. بۆ نموونە قوستەنتینیە كە لە گفتوگۆی ئاساییدا ئەستەمبوڵی سادەیە، لە بەڵگەنامەكانی حوكومەتدا و- تەنانەت ئەمڕۆش لە ستوونی ڕۆژنامەكاندا - ڕواڵەتێكی گەورەتر وەك شوێنی نیشتەجێبوونی بەختەوەری وەردەگرێت، وەك "دار السعادە"، "شوێنی بەختەوەری". لە بەغداش بەهەمان شێوە دار ئەلخەلیفە شانازی بە نازناوی پڕ لە شانازیی "ماڵی خەلافەت" (یان وەك باشتر دەزانین "شاری خەلیفەكان")ەوە دەكات و یادەوەرییەكەی سەردەمی زێڕین بە سەوزی دەهێڵێتەوە. لە نێو هەموو ئەو شارانەی كە لە سەردەمە جیاوازەكاندا فەرماندە دڵسۆزەكان دەرباری خۆی تێدا بەڕێوەبردووە- دیمەشق، قرطبة، قاهیرە و لەم ڕۆژانەی دواییشدا ئەستەمبوڵ- هیچیان پەیوەندییان بە سەركەوتنەكانی ئیسلامەوە نییە. هەروەها هیچیان شوێنەوارێكی ئەوتۆیان نییە بۆ نیشاندانی شكۆمەندی ڕابردووی خۆیان. لافاو، ئاگركەوتنەوە، سوپای وێرانكەر زۆر باش

کارەکانیان ئەنجامداوە و تا ڕادەیەك دوا شوێنەواری ئەو شارانەیان سڕیوەتەوە کە لە سەدەی نۆیەمدا ڕەنگە گەورەترین شاری ڕۆژهەڵات بووبێتن.

ڕەنگە جێگەی سەرنج بێت کە کورتەیەك لە مێژووی بەغدا بخەینەڕوو. هەندێك بەڵگە هەیە کە شارێك لەم شوێنەی ئێستادا لە سەردەمی نەبوخەدنەصردا هەبووە. پارچەیەك لە دیوارێکی کەناری ڕووبارێك لە سەدەی ڕابردوودا دۆزرایەوە کە لە خشتی قوڕ دروستکرابوو، هەر بەشێکی وەك ئەوانەی بابل مۆری لەسەر بوو، ناوی پاشای گیاخۆری لەسەر بوو. بەهەرحاڵ جێگەی سەرنجە بۆ گەشتیارێك لە میسۆپۆتامیا کە بزانێت قوڕ وەك کەرەستەیەکی بیناسازی چەندە بەهێزە — زۆر زیاتر لە بەرد. هۆکاری ئەوەش دوو شتە: یەکەم: تەلارسازی گڵین، بەپێی سروشتی شتەکان، دەبێت زۆر بە توندی بنیات بنرێت. دووەم: دیوارە قوڕییەکان بەزەحمەت شایەنی ئەوەن کە بیڕمێننە خوارەوە و بیڕوخێنن، لە کاتێکدا هەمیشە دەتوانرێت بەرد بەکاربهێنرێتەوە و وێرانە بەردەکان بە سادەیی کانگایەکی گونجاون. ئەگەر کتەسیفۆن Ctesiphon یان "تاقی کیسرا" لە بەرد دروستبکرایە، زۆر گومانم هەیە کە تاکە بەردێکی کەوانە گەورەکەی ئەمڕۆ بە پێوە بمایە.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ بابەتەکەمان. ئەوە خەلیفەی عەباسی ئەلمەنصور بوو کە بەدوای پایتەختێکی شایستەی سەرۆکی ئیسلامدا گەڕا و لە لوتکەی شکۆمەندی سەربازییەکەیدا بەغدای بۆ شوێنەکە هەڵبژارد. ئەمەش لە ساڵی 762ی زایینیدا بوو، واتە تەنیا سەد ساڵ دوای مردنی محەمەد. دوای نیو سەدە، بەغدا ئەگەر ناوەندی گەردوون نەبێت، ئەوا لانیکەم ناوەندی کێشکردنی جیهانی ئیسلامی بووە، جوانترین هونەر و زانستەکانی ئەو سەردەمەی بۆ خۆی کۆکردەوەو بوو بە دەرباری خەلیفە کە لە ڕۆژهەڵاتدا شکۆمەندترینە، لە سەردەمی هارونە ڕەشیددا بۆ بەرزترین ئاستی شکۆمەندی بەرزبووەوە و بۆ هەمیشە بە چیرۆکەکانی "هەزار و یەك شەوە"وە بە نەمری دەمێنێتەوە.

پاشەکشەی مسۆگەری بەدوای خۆیدا هێنا و خەلیفەکان تەنیا بوونە بوونەوەرێکی سەرقاڵی خۆشگوزەرانی و دواجار بووکەڵەیەکی دەستی نۆکەرەکانیان. لە ساڵی 1277 هولاکۆ خان لەگەڵ ئۆردوی مەغۆلەکانیدا هێرشیکردە سەر بەغدا و دوا خەلیفەکانی لەناوبرد. مێژووی دواتری خەلافەت و چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ قاهیرە و لەوێشەوە لە سەدەی شانزەهەمدا بۆ شانشینی حوکمڕانی سوڵتانەکانی تورکیا، کە ئەوە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە. تەیمرلەین Tamerlain، یان تەیموری لەنگ کە لە هەموو شوێنێکدا بوو، کاتێکی بۆ سەردان و تاڵانکردنی بەغدا دۆزیەوە.

هەژموونی عوسمانی لەوێ لە سەردەمی سولەیمانی مەزندا، هاوچەرخی شاژنە ئەلیزابێس دەستیپێکرد، کە لەگەڵ سەلیمی یەکەم، جێنشینی خۆی، سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی تورکیایان تا دوورترین ئاست فراوانترکرد. لە سەدەی حەڤدەهەمدا کە ئەو ئیمپراتۆریایە دەستی بە دابەزین کرد و فارس بوو بە ڕکابەرێکی ترسناك، بەغدا کەوتە دەست سوپای (شا عەباس)ەوە. بەڵام زۆر لەژێر دەستی فارسەکاندا نەمایەوە، بەڵکو لەساڵی 1638 لەلایەن سوڵتان موورادی چوارەمەوە داگیرکرایەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا شتێکی کەم هەیە بۆ تۆمارکردن. هەرچەندە هەمیشە پلەیەکی بەرزی گرنگی بۆ ڕابردووی خۆی پاراستووە، بەڵام هەڵکەوتەیی لەسەر ڕووباری دیجلە و پێگەی وەك پایتەختی ناوچەی گەورەی عێراق، شار کەم تا زۆر نوقم بووە لە ناوچەگەرایی، لە ڕوانگەی بابی عالییەوە بە پلەی یەکەم بوو بە شوێنێکی گونجاو بۆ دوورخستنەوەی والیە سەرسەختەکان. دواتر بێگومان گرنگییەکەی زۆر زیاتر بوو، کاتێك هێڵی ئاسنی بەغدا دەستی بە فۆرمێکی کۆنکرێتی کرد و لە سەرەتای شەڕەکەدا بەڕێوەبوو بۆ وەرگرتنەوەی بەشێکی زۆری گرنگییە کۆنەکەی، کاتێك ئەم هێڵە ترسناکە دامەزرا و پلانەکە گەیشتە کۆتایی و تەواوبوون.

زۆر کەم شوێنەواری ڕەسەنی ڕۆژانی خەلافەت، وەك پێشتر گوتم، لە بەغدا ماون و ئەو ڕێبوارەی کە دەگاتە ئەوێ، مەستە بە یادەوەرییەکانی شەوانی عەرەبی و بە

هیوای ئەوەی خۆی لە نێو دیمەنەکانیدا ببینێتەوە، دووچاری نائومێدییەکی تاڵ دەبێت. خۆشبەختانە من خۆم پێش وەخت ئاگادارکرابوومەوە، بۆیە بە ئامادەکارییەوە گەیشتم بۆ ئەوەی بەغدا بە سادەیی وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، شارێکی زۆر سەرنجڕاکێش و دڵگیری تورکی ببینم.

یەکەم سیمای بەغدا کە سەرنجی ڕاکێشام، ئەو ژمارە زۆرەی پەڕەسێلکە بێ حەیاکان بوو. ماڵ پڕ بوو لەوان؛ لە هەموو گۆشەیەکی بەردەستدا هێلانەیان دروستدەکرد و لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا بە بازنەیی بە دەوری مێزەکەدا هەڵدەفڕین. کاتێ بەیانی یەکەم چوومە حەمامەکەم جووتێ پەڕەسێلکەی تازەپێگەیشتووم بینی کە هێلانەیان کردبوو، بۆیە کردمنەدەرەوە و دەلاقەکەم داخست. لە گەڕانەوەم بۆ ژووری نووستنەکەم بینیم کە لەوێ بە سەختی کار دەکەن و دیسانەوە دەرمکردن. ئەوان تەنیا وزەکانیان گواستەوە بۆ ژووری دانیشتنەکەم کە چوار پەنجەرە و دوو دەرگای هەبوو، منیش تێگەیشتم کە هەر کردارێکی دیکە بێهیواییە و خۆم وەك باقی دانیشتوانی شوێنەکە دەستمکێشایەوە و ڕووبەڕووی سیاسەتێکی بێباکی سووکایەتی پێکردن. هەموو گەشتیارانی تازەهاتوو بۆ بەغدا، سەرەتا دەچن بۆ بینینی پردی بەلەمەکان، بۆیە ئەو بەیانییەی گەیشتین ئێمەش چووین بۆ ئەوێ. بەڵام چەند ڕۆژێك پێشتر لافاوێکی

قورس و نائاسایی لەسەر ڕووبارەکە ڕوویدابوو، ئاوەکە لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەدا نزیکەی 20 پێ بەرزبووەوە و پردەکە بە درێژایی هەریەکێك لە کەنارەکانی زیانی پێگەیشتبوو. بەڵام دیمەنی سەر ڕووبارەکە سەرنجڕاکێش بوو. کەشتییەکی هەڵم کە کەشتی بارکراوی لە هەر لایەکیدا پێوە بەسترابوو، بە خێراییەکی باشی پانزە میل لە کاتژمێرێکدا لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووبارەکەدا هاتە خوارەوە؛ بەلەمە ئاسنییە ناشرینەکان، کە لە بەسرە پڕکراون لە کەرەسەی هێڵی شەمەندەفەر و بۆیلەر بۆ هێڵی ئاسنی بەغدا، لە کەناری ڕۆژئاوا بە تەقە تەق و دەنگێکی زۆرەوە بارەکانیان دادەگرت و دەیان بەلەمی بچووك کە تایبەتمەندی بەغدا بوو، بەناو ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتن. گوفە کۆنترین جۆری بەلەمە لە جیهاندا. تەنیا سەبەتەیەکی گەورەی شێوە خڕە کە لە حەیزەران دروستکراوە – گەورەترینیان دەتوانێت بیست سەرنشین یان زیاتر لەخۆبگرێت – "لە ناوەوە و دەرەوە بە لێوارێکەوە مەیل کراوە" وەك کەشتییەکەی نوح. بێدەسەڵاتانە لەناو چەمەکەدا دەسوڕێتەوە، بەڕواڵەت بە تەواوی وەڵامدەرەوەی هەوڵەکانی ڕۆیشتووەکان نییە و دەتوانیت تەواو بیهێنیتە بەرچاوت ئەگەر یادەوەرییەکانی منداڵیت ئەوەندە تازە بن کە وێنەی کتێبی سەرواداری دایانگەی سێ داناکەی گۆتان بەبیربهێننەوە، ئەوەی کە لە تەشتێکدا چوونە ناو دەریاوە.

له کاته ئاساییەکاندا پردەکه وەك پردی لەندەن London Bridge له نیوەڕۆدا قەرەباڵغ بوو، پچڕانی هاتوچۆ زۆر بوو که بەهۆی لافاوەکەوە دروستبووە، بەلەمە گوفەکان بازرگانییەکی سەرقاڵ و جەنجاڵیان دەکرد. بەلەمێکی بچووکیان له بەندەرێکدا له نزیك سەری پردەکه وەستابوو. هەموو سەرنشینەکان لەکاتی نزیکبوونەوەیان به کەنارەکه هاتنه پێشەوە و بۆ دابەزین و ئیدی شوێن بۆ مشکێك نەمابوو که بەلەمه گوفەکه دەرچوو. نزیکەی سەد مەتر بەرەو سەرەوەی ڕووبارەکه لەلایەن پیاوێکەوە ڕاکێشرا که به پەتێکەوە به درێژایی کەنارێکدا دەڕۆیشت که بۆ ئەو مەبەسته له دیواری ئەو خانووانەدا دروستکراون که له کەناری ڕوبارەکەدا ڕیزبوون و پاشان له گەشتەکەیدا بەرەو کەناری دوورتر دەستیپێکرد، که دوای هەوڵی زۆر لەلایەن بەلەمەوانەکانەوە گەیشته خاڵێك که چارەکه میلێك یان زیاتر له خوارەوەی ڕووبارەکەدا بوو. ناوبەناو بازرگانێك دەردەکەوت، بەدوایدا ڕیزێك له کۆڵهەڵگرەکان دەهاتن که باله کاڵایان هەڵگرتبوو. پاشان گوفەیەکی گەورەتر داوادەکرا، باله کەلوپەلەکان لەناوەوە کەڵەکه دەکران به بەرزی 8-9 پێ و خاوەنەکەی لەسەری دادەنیشت و سەوڵێدەرەکان هەر گۆشەیەکیان بدۆزیایەتەوە خۆیان تێدەخزان و هەموو ئەو دامەزراوە سەیرە به ئاودا دەڕۆیشت.

هاوڕێك لەگەڵ ڕووبارەکە، کە بازاڕەکان بە نیوەی درێژایی شارەکەدا دامەزراوە و شەقامە کورتەکان دەیبڕێت و دەچنەوە سەر شۆستەی سەر کەناری ڕووبارەکە. تا ڕادەیەك لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری بازاڕەکە سەقفی بەسەرەوەیە، لە هەندێ شوێندا سەقفێکی داری بەرزی بۆ کراوە و لە هەندێ شوێنی تردا وەك تورکەکان پێی دەڵێن تاقی "حەڵەب" ڕیزێك کەوانە کراوە و ناوەندەکانیان بەشێوە گومەزی پڕکراوەتەوە کە لە خشتی بچووك دروستکراون. لە ڕێگەی ئەو درزانەی کە بە ماوەیەکی ڕێکوپێك سەقفەکە کون دەکەن، خۆر دەڕژێتە ناو تاریکییەوە و ستونی ڕووناکی دروستدەکات، هەموویان بە تەمێکی شین یان خۆڵەمێشی لە دوکەڵی جگەرە دەورەدراوە. کاریگەریی ئەم دیمەنانەی ستوونی ڕووناکیەکان لە بەرامبەر پاشبنەمایەکی تاریکدا جێگەی خۆشحاڵییە. دوو تایبەتمەندی هەیە کە هەمیشە لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتدا پێشوازییان لێ دەکەم: بەهەرحاڵ، بە شێوەیەکی بەرچاو غیابی – بۆنی هەموو شوێنێکی زەعفەران و لێدانی ڕیتمیی چەقۆ و دەستکەوانی وردکەری بەهارات؛ بەڵام قەرەبووکردنەوەیەك هەبوو بۆ لەدەستدانی لە ڕووناکی ڕەنگەکان. لە تەلارسازیدا تێبینییەکی دڵخۆشکەر هەیە کە لە شێوازە توندترەکانی ئەستەنبوڵدا کەمی هەیە – بێگومان بەرئەنجامی کاریگەریی پێرشاییە.



گوفەکان



کەشتیەکی گەورەی گواستنەوەی بەغداد

دەروازەکانی چوونە ناو مزگەوتەکان زۆربەیان بە کاشی سەوز و شین و سپی داپۆشراون، لێرە و لەوێ هەڵپرژانی ڕەنگی سووری تێدایە، بە دیزاینێکی وورد و ئاڵۆز دانراون. کەوانە بچووکە ناسکەکان لە گۆشە نامۆکاندا سەرسامت دەکەن و جار جارە منارەیەك یان قوبەیەکی بە کاشی داپۆشراو دەبینیت کە بە دەستەواژەیەکی فراوانی ڕێنووسی کوفیی ڕەنگین دەورە دراوە. لە شوێنێك لە بازاڕی سەرەکیدا، گۆڕێکی پیرۆز هەیە کە لە پشت ڕووبەرێکی ناسکی ڕەنگاوڕەنگی گوڵی پەمەییەوە شاراوەتەوە. هەموو گوڵەکان لە ئاستی لێوی ژناندا خەریکە لەناودەچن؛ پێم وایە مردووە پیرۆزەکە چەند بەرەکەتێکی تایبەتی هەیە کە بە یەکسانی بیبەخشێتە باوەڕپێبووانی.

بەغدا دەبێت ژمارەی دانیشتووانێکی نایەکسانی هەبێت وەك هەر شارێکی قەبارەی خۆی لە جیهاندا و لە پیاسەکردنێکدا بەناو بازاڕەکانیدا، جۆرەکانی دەیان ڕەگەزی جیاواز بەدیدەکەیت. بێگومان زۆرینەی ڕەهایان عەرەبی ڕەسەنن. تەنانەت لە خراپبوونی ژیانی شاردا، جلوبەرگی بیابانیان دەپارێزن- عەبا درێژە قاوەییەکان و چەفییە، کە بە سەرپۆشێکی شێوە خەرمانەیی لە مووی وشتری پێچاوپێچ لە شوێنی خۆیدا ڕاگیراوە. بەڵام یەکەمیان بە دەگمەن ئێستا دەستەسڕی ئاوریشمی سوور و زەردی گوڵینکەداری سەردەمی کۆنە، بەڵام بەزۆری پارچەیەك لە "کاڵای

مانچیستەر"ی هەرزان و ناشرینن کە بەزەحمەت لە تۆزتەکێنەری خزمەتکارەکانی ماڵەوە جیادەکرێنەوە. پاشان فارسەکان هەن کە زۆربەیان بازرگانن، خەڵکانی قەڵەو و بێدەنگ لەو جۆرانەی کە دەیبینیت لە وێنەکانی پێرشایی کۆندا وێنا کراون. هەوایەکی دیاریکراوی ڕێزلێنانی ناشایستەیان هەیە کاتێك لە دوکانە تەسکەکانیاندا دادەنیشن، خزاونەتە نێوان کاڵاکانیان و یارییان بە تەسبیحە عەنبەرەکانیان دەکرد.

ناوبەناو لە سەرووی فرۆشگایەکی ئاساییەوە چاوت بە تابلۆیەك دەکەوێت: ناوەکە ئەو ناوەیە کە لە لیستی دەوڵەمەندەکاندا لە بەرزترین ئاستیدا دەردەکەوێت کە نزیکە لەوانەی لای خۆمان. پێشبڕکێیەکی سەرکەوتوو ئەم نەوانەی منداڵە بەخسیرەکان هێشتا ڕاوی سەر کەنارەکانی "ئاوەکانی بابل" دەکەن، بەڵام لقەکانیان دەنێرن بۆ کۆنترۆڵکردنی چارەنووسی دارایی ئەوروپا!

لە ئێستادا چاوت بە ڕیزێك زەلامی سەرسەخت و بەهێز دەکەوێت کە بەڕیز بە بارە قورسەکانی ئاتلانتیکەوە لەسەر کۆڵیان دەڕۆیشتن. جلوبەرگ، کەوایەکی کورت، بە دەستەسرێکی سوورەوە کە بە دەوری سەریاندا پێچاویانە و چەقۆ پیاوکوژەکانیان کردووە بەبەر پشتێنەکانیاندا، لە تاقمێکی چەتەی دەریایی شانۆ دەچن.

ئەم هاوڕێ ترسناکانە "شەیال" یان کۆڵهەڵگری کوردن – نموونەیەکی نایابی مرۆڤایەتی، لەگەڵ گەشەکردنی شان و قاچ کە شایەنی پەیکەری Rodin رۆدینن. ئەوان یەکەم کەسی ڕەگەزەکەیان بوون کە من بینیبووم و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو تێڕوانینە پێشوەختەی مندا نەدەگونجا کە کورد دەبێ چی بێت. لەبری ئەو دەموچاوە تاریك و دڕندانەیەی کە خەیاڵم پێیانی بەخشیبوو، زۆربەیان چاویان شین و قژێکی زەرد و سیمایەکی پاڵاوتەیان هەبوو، زۆرجار بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە جۆری ئەنگلۆساکسۆن بوون، جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ ڕووخساری ڕۆژهەڵاتی و جەماوەرەکەی دەوروبەریاندا هەیە.

توخمێکی گەورەی مەسیحی ناوخۆیی هەیە و نەوەکانی ڕاستەوخۆ، هەندێکیان، لە کلدانییە کۆنەکان، ئێستا لایەنگری یەکێك یان ئەوی دیکەن لەو چەندین کڵێسایەی کە بە زۆری لەسەر خاکی میسۆپۆتامیا گەشەدەکەن– کاسۆلیکەکان، یاقوبییەکان، سریانیەکان، یۆنانیەکان و... ئەوانی تر.. نێستۆریەکان. جگە لە تورکە دەسەڵاتدارەکان – کە بەرپرسانی حکومەت سەرۆکایەتیان دەکەن – ئەرمەنی و نوێنەری چەندین ڕەگەزی دیکەش هەن، لەنێویاندا کۆمەڵەیەکی گەورەی هیندی، یان بازرگانەکان کە بەهۆی بازرگانیەوە نیشتەجێبوون یان زیارەتکاران بۆ مەزارگەی بەناوبانگی عەبدولقادری سوننی. باسکردنی ئەمەی دواییان ئاماژەیە بۆ

ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش کە پەیوەندی بە ئەرکەکانی کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە بەغداوە هەیە. وا دیارە لە ڕۆژانی کۆندا کۆمپانیای ڕێزداری ڕۆژهەڵاتی هیندستان جارێك خۆیان بە شێوەیەکی خراپ پێویستیان بە پارەی نەختی هەبووە. کاتێك پاشای عود Oudh ئەمەی بیست، پێشنیاریکرد کە چەند هەزار ڕوپییەك قەرزیان پێبدات، بەڵام بە مەرجێکی تایبەت– کە هەرگیز نابێت سەرمایە بدرێتەوە، بەڵکو کۆمپانیاکە دەبێت سوودەکەی بۆ هەمیشەیی بەڕێوەببات بۆ هەندێك لەو ڕێکخراوە خێرخوازییە ئاینییانەی کە لە وەسیەتنامەکەیدا باسکراون. کۆمپانیاکە ئەم مەرجانەی پەسەندکرد و ئەو و جێنشینەکانی – حکومەتی هیندستان – لەو کاتەوە بە دڵسۆزیەوە جێبەجێیانکردووە، ساڵانە چەند هەزار لیرە لە وەسیەتنامەی شاهانەدا دەدرا بە هەژارانی شایستە لە کەربەلا و نەجەف و بڕیار بوو لەلایەن کونسوڵی گشتی بەریتانیاوە دابەشبکرێت. ساڵانە دوو جار گەشتێکی سەخت بۆ مەزارگەکان دەکات. سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی لیژنە عەقیدییەکان دەکات و هەر هەنگاوێك لە توانایدا بێت دەینێت بۆ سنووردارکردنی ئەو بەشەی ئەو بڕە پارەیەی کە بە لەپی دەستی زانایانی ناوخۆییەوە نوساوە. کاتێك لەم ئەرکە گەڕایەوە ئێمە لە ماڵەکەیدا میوان بووین، پێی ڕاگەیاندین کە چۆن لەلایەن هیندییەکی بێ پوول و پارەوە هاندرابوو کە ویستویەتی کارێکی کارمەندی دەستبکەوێت. لێکۆڵینەوەکان

سەبارەت بە ناسنامەی داواکار و پێشینەکانی ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە ئەو نەوەی دوا پاشای دەلهی بووە! ئاوا تێدەپەڕێ...

ڕۆژێك سەردانێکی فەرمی ئاساییمان بۆ لای والی کرد. سەربازێکی پیری جوان بوو، یەکێك بوو لە کەمترین ئەو ژەنەڕاڵە تورکانەی کە شەڕی بەلکانیان بە شانازییەوە کردبوو. قسەکانی سەبارەت بە پلانەکانی پەرەپێدانی ویلایەتەکەی بوو – پرۆژەیەکی بۆ دامەزراندنی خزمەتگوزاری پاسی ترانس– لە سەرانسەری بیابانەکەدا لە حەلەبەوە، هەروەها پلانێکی ئاودێری زیاتر لەبارتر لەوەی کە سێر ویلیام ویلکۆکس Sir William Willcocks چەند ساڵێك پێشتر دانابوو. لە سەرەتای سەردەمی میدحەت پاشا، ئەو چاکسازیخوازە گەورەیەدا، بەغدا بە سەردەمێکی "پێشکەوتنخوازانە" خێر و بێری بەسەردا باری. بەڵام پێشکەوتن وەك ئەوەی عەقڵی عوسمانی پێشبینی دەکات هەندێك جار ئەنجامێکی سەیر و سەمەرەی لێدەکەوێتەوە. ئەمە بارودۆخەکە بوو لەسەردەمی والی ئەم دواییەدا. شەقامی سەرەکی شارەکە وەك ئێستا زۆر تەسك بوو، خاوەن شکۆیان بیرۆکەیەکی ستایشی فراوانکردنیان هەبوو. شێوازەکەی سادە بوو. هێڵێکی ڕاست بۆ دیاریکردنی سنوورە نوێیەکانی شەقامەکە کێشرا و هەرچی دوای ئەم هێڵە دەرکەوتبوو، تا دەگەیشتە ئەو هێڵە دەڕووخێنرا. ئەنجامەکەی ڕیزێك بووکەڵەخانەی کراوە بوو، لەگەڵ

نمایشکردنی تەواوی ئابووری ناوخۆیی خۆیان بۆ جەماوەر. پێم وایە سیستمی هەواگۆڕکێی نایاب تاکە قەرەبوو بووە کە خاوەن خانووە نەگبەتەکان وەریانگرتبوو.

جاوید پاشا پێی ڕاگەیاندین کە ڕۆژی دواتر بە بۆنەی ساڵڕۆژی هاتنە سەر تەختی سوڵتانەوە، نمایشی سەربازیی ئەنجامدەدرێت، بۆیە ئێمە بەپێی پێویست چووینە دەرەوە بۆ یاریگای پێشبڕکێی پشت شار بۆ ئەوەی شایەتحاڵی ئەو دیمەنە بین. ژمارەیەکی کەم سەرباز لەبەردەستدا بوون و هەوڵی زۆر درا بۆ پڕکردنەوەی ژمارەکان بە قوتابیە سەربازەکان و کوڕانی قوتابخانەی پیشەسازی و هاوشێوەکانی – تەنانەت بۆ "سەنگینکردنی نمایشەکە" عەرەبانەیەکیشی لەخۆگرتبوو کە سندوقێکی کۆتر هەڵگری تێدابوو (کە وەرگێڕە مەسیحییەکەمان بە هەڵە پێشنیاریکردبوو کە ئەو بەیانییە لە بازاڕەکاندا کڕیبوویان). دوای تێپەڕینی سەربازەکان دیمەنێکی کۆمیدی ڕوویدا. فەرمان بە سەندیکاکانی پیشەسازی عەرەب کرا کە لەگەڵ ئەوانی تردا نمایشبکەن. بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە دەوری لافیتەکانیان کۆبوونەوە و ئەفسەرانی تورکیش گەیشتن بۆ ئەوەی لە ڕیزکەدا ڕێکیانبخەن. بەڵام پیشەوەرەکان کە هیچ خۆشەویستییەکیان بۆ تورك نەبوو، کەمێك ڕێزیان بۆ والی هەبوو، بەرنامەی تایبەت بە خۆیان هەبوو، دەستیانکرد بە

کارکردن لەسەر سەمای جەنگ. سەرەتا بە گۆرانییەکی یەکدەنگ و بەردەوام دووبارەبوونەوەی کەسێك دەستیپێکرد. یەك بە یەك ئەوانی تریش هەڵیانگرت، وردە وردە کاتەکەیان زیادکرد و بە بازدان بۆ هەوا لەسەر هەر قاچێك بە شێوەیەکی جێگرەوە، لە کاتێکدا هەر چەکێکیان بە دەستەوە بوو لە سەرووی سەریانەوە بەرزیاندەکردەوە و ڕایاندەوەشاند. زۆری نەخایاند سرووودەکان بوونە هاوارێکی گوێ کەڕکەر و جەماوەرێکی تووڕە لە شێتەکان چەقۆ و تفەنگ و دارەکانی دەستیان هەڵدەسووڕاند و بە دەوری هەر لافیتەیەکدا هەڵدەبەزینەوە. گروپێك دەستیانکرد بە وەرچەرخان بۆ پێشەوە و دواوە و پاشان بەبێ ئاگادارکردنەوە، بێ سەرکردە و وەك ئەوەی پاڵنەرێکی هاوبەشی بەرگەنەگیراو گیرۆدە بووبێت، پچڕان و بە توندوتیژی بەسەر پەتەکاندا بازیاندا بۆ ناو بینەران. بەڕاستی دیمەنێکی سەرلێشێواو بوو، ئەگەر ئێمە بە سەرنجڕاکێشییە بێتاوانەکانی سەمای جەنگی عەرەبی ڕاهاتینایە (لە کاتی ئاشتیدا) پێویستمان بە دەمارەکان دەبوو بۆ ئەوەی لە پاژنە بەرزبوونەوە لە کاتی هەڵهاتندا ڕزگارمان ببێت. هەوڵەکانی ئەفسەرە تورکەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆمەتەکانیان و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ڕیزەکان بەزەییدار بوو، هەموو دیمەنەکە لە شتێك دەچوو کە لە پێشبڕکێی سەگی مەڕەکانی کمبرلاند دەچوو لەگەڵ مەڕی کێوی ناوازە و سەگە تووکنەکانی کۆلی/ collie تەواو

ڕانەهێنراو بوو. بۆ ساتێك، هەموو ئەو جەماوەرە هاوارکەرە بە شێوەیەکی زۆر ئومێدبەخش پەلەیاندەکرد بۆ پێشەوە و پاشان بەبێ هیچ هۆکارێکی دیار، لەناکاو دەسوڕایەوە و جارێکی دیکە بەپەلە دەگەڕایەوە. لە کۆتاییدا – خۆشبەختانە، من پێموایە – ئەفسەرەکانی کۆلی ڕاستەوخۆ هەموویانیان گەیاندە لای والی و لە یەك پەلەکردنێکی کێویدا بە خاڵی سلاوکردنەکەدا تێپەڕین. من باسی ئەو وردبینییە دوورەم کردووە کە هەمانبوو، لە نزیکبوونەوە لە بەغدا، لە قوبە زێڕینەکانی کازیمەین. لێرەدا لانیکەم شتێك لە شەوانی عەرەبیدا دەهاتە بەرچاو و منیش حەزمدەکرد بۆ ئەوەی دیمەنێکی نزیکتر بەدەست بهێنم. بەڵام گلکۆی ئیمامەکان هێندە لە نزیکەوە لەلایەن شیعە دەمارگیرەکانەوە دەپارێزرێن کە لە دەوروبەری مەزارگەدا دەژین، ڕەنگە کافرێك تەنانەت لە دەروازەکانیش نزیك نەبێتەوە.

تەنیا لە ڕێگەی ستراتیژەوە مرۆڤ دەتوانێت ئەوەندە نزیك بێتەوە کە بیبینێت، بۆیە کاتێك میرزا داودی بەساڵاچوو بانگهێشتیکردم بۆ خواردنەوەی چایی لە ماڵەکەی خۆی لە کازیمەین، بە جۆش و خرۆشەوە قبوڵمکرد. میرزا داود خزمەتکاری نهێنی کاپتن ویلسن Captain Wilson بوو، فارسێکی پیر و خاوەن کەسایەتیەکی مەزن بوو. لەگەڵ ئاغاکەیدا گەشتێکی دوور و فراوانی کردووە و وەك نەریتی دەریاوانی بەریتانی "ژنێکی لە هەموو بەندەرێکدا" هەبووە. جوانترینیان لە کازمەین دەژیا،

ئێستاش دوای پێنج ساڵ دیارنەمان، گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی هەفتەیەك لە خۆشی هاوسەرگیریدا بەسەرببات، بە ڕێکەوت – وەك بە سادەیی ڕوونیکردەوە – بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی بچووك کە پەیوەندی بە چەند بڕە پارەیەکەوە هەبوو کە... ئەو بۆی حەواڵەکردووە، بۆ چاکسازی لە خانووەکەدا، بەڵام پێدەچێت خانمە خۆشەویستەکە بۆ ڕازاندنەوەی کەسی خۆی بەکاریهێنابێت، ماڵەکەی بەجێهێشتووە تا تێکبچێت و وێران بێت.

لە ڕۆژی دیاریکراودا بەرەو کازیمەین بەڕێکەوتم. نیوەی یەکەمی گەشتەکە بە بەلەمێکی هەڵمی بەناو ڕووبارەکەدا بوو، بەناو خانوو و باخچە کۆنە خۆشەکاندا تێپەڕین، کەنار و کۆگاکان، کۆشك و مزگەوتەکان کە منارە شین و سپییەکانیان وەك تاوەری پیزا tower of Pisa لار بوون، قاوەخانەکان لەسەر ئاوەکە دروستکرابوون بۆ ئەوەی هەوایەکی فێنك بیگرێتەوە و کانییەکانی نێوانیان، کە کەشتییە دەم بەرزەکان، بارە لۆکە و لقە دارەکانیان دادەگرت. بە ترامێکی پێش مێژوو کە ئەسپ ڕایدەکێشا باقی ڕێگاکەی بردم، لە پیسترین و قەرەباڵغترین شاری ڕۆژهەڵاتدا دابنام کە تا ئێستا دەرفەتی سەردانیکردنم هەبووە. ماڵی خانەخوێکەمم دۆزییەوە کە شوێنێکی بچووکی سەیر و سەمەرەیە و لە دەوری حەوشەیەك دروستکراوە، بەزەحمەت ئەوەندە گەورەیە بۆ ئەو دارە خورما تاقانەیەی کە دەیڕازێنێتەوە.

چەند پلیکانەیەك – کە تا کەمتر باسی لێوە بکرێت باشترە– بەرەو ژووری میوان دەڕۆیشت، کە پەنجەرەیەکی کراوە بە درێژایی لایەکی ڕێکخرابوو بۆ ئەوەی هەوایەکی فێنك لە باکوورەوە بچێتە ژوورەوە. دوای خواردنەوەی چەند کوپێك چای شیرینی پێرشای کە هانی مرۆڤ دەدات "بەخشەرەکەی خۆشبوێت" (شاهیدییەکی باشە بۆ دزەکردنی بازرگانی بەریتانیا) و گوێگرتن لە چیرۆکەکانی پیرە پیاوەکە سەبارەت بە سەرگەرمیەکانی لەگەڵ کاپتن ساحیب لەسەر زەوییە ڕەشەکانی لۆڕستان، پێشنیاری گەشتێکم کرد بۆ بینینی گومەزەکان. میرزا داود هاوڕێیەکی هەبوو لە گەڕەکی گومەزەکاندا کاروانسەراییەکی هەبوو، بۆیە چووین بۆ لای ئەو و داوای مۆڵەتمان کرد بچینە سەربانەکەی. ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی و دوای هەڵوێستێکی مەترسیدار ڕێگەی پێداین سەرکەوینە سەرەوە. لەوێ، چەند سەد مەترێك لە دوورییەوە، قوبە بەناوبانگەکانمان بینی، کە لە لایەن منارەکانی هاوڕێیانەوە دەورە درابوون و لە ژێر ڕووناکی خۆر ئاوابووندا دەدرەوشایەوە. لەو دوورییەدا، جیاکردنەوەی ڕووکارەکە بەبێ یارمەتی چاویلکە ئاسان نەبوو، کە لە دۆخێکی ئاوا بەرچاودا بەپەلە بەکاری دەهێنا؛ بەڵام پێم وابوو کە تەواوی قوبە و چارەکی سەرەوەی هەر منارەیەك بە تەرازووی کانزای بەنرخ داپۆشراوە کە بە شێوەی کاشی داڕێژراون.

دەبێ دان بەوەدا بنێم کە کاریگەریەکە زیاتر خەیاڵ بوو نەك چاو و عەقڵی ماتریالیزمی ڕۆژئاواییم، کە زیاتر سەرقاڵی قسە و باسێکی بێ مانا بوو سەبارەت بە بەهای زێڕ نەك هەر هەوڵێك بۆ حوکمدان لەسەر کاریگەرییە هونەریەکانی. دەبێ ئەو ژمارەیە چی بێت، من هیچ تێڕوانینێکم نیە، بەڵام دەبێ شتێکی سەرسوڕهێنەر بێت. لە کاتێکدا بە شەقامە تەسکەکاندا دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، لە هاوڕێکەمم پرسی کێ خاوەنی ئەو دەست و دڵە بەخشندەیەیە بۆ نیعمەتێکی لەو شێوەیە؟ پێی وتم کە یەکێکە لە پاشا کۆنەکانی پێرشا کە سەردانی مەزارەکەی کردووە.

کاتێ بە دەروازەکانی شاردا تێپەڕین بینیمان لێشاوێکی گچکە لەو کەسانەی هاتبوون بۆ زیارەت شەپۆلی ئەدا. لێرەدا دوای چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێك لە ڕێکردن، گەیشتنە دەروازەکانی ڕۆما و منیش سەرنجم لە ڕووخساریان دەدا بۆ هەر شوێنەواری هەستێك کە پیاوێك لە قەیرانێکی لەو شێوەیەدا نیشانیبدات. بەڵام هیچ لەو گەرموگوڕییە ئایینیانەی کە پاشای پیریان ماندابوو بۆ کردەوە گرانبەهاکەی نەبوو، هیچ چرپەیەکی چاو و خێراکردنی هەنگاوەکان نەبوو، جگە لە بێباکییەکی ماندوو هیچی تر نەبوو. کاریگەرییەکی کۆتایی لەسەر بەغدا بە توندی لە یادەوەریمدا ماوەتەوە. ئێوارەی ڕۆشتنمان لە باڵکۆنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەوە سەیری خۆرئاوابوونمان دەکرد.

تەمێکی شینی مرواری ڕەنگ بە بنی ڕووبارەکەوە هەڵواسرابوو، تەنیا بە بارستەی زەردی کۆشکێکی گەورەی تورکیا شکاوە کە کەمێك دوورتر لەسەر کەنارەکە دروستکرابوو. گۆرانی سەرەوەی ئاوەکە ناوازە بوو. کەوانەیەك لە ڕووناکی پرتەقاڵی شل بەسەر ئاسۆدا دەکێشێت و ڕاستەوخۆ لە سەرووی ڕووبارەکەوە دەگاتە لوتکە. ڕەنگدانەوەی قاوەیی کەوتە سەر ڕووی ڕووبارەکە و ململانێی سێبەرەکان لە نێوان شەپۆلەکاندا هەمووی کردە شکۆمەندییەکی ئاوریشمی شین و زێڕین. دارخورماکانی کەناراوەکان و دارئاڵا هەڵگرەکانی کەشتییەکان بە شێوەیەکی ئارام لە بەرامبەر خۆرئاوابووندا وەستابوون، بەقەد دیمەنە برۆنزییەکانی دەروازەکانی گیبێرتی Ghiberti لە فلۆرانس بەهێز بوون. بەزەحمەت هیچ جووڵە و دەنگێك دەبیسترا کە گۆمی بێدەنگییەکە بشڵەقێنێت. لەناکاو کەشتیەکی بارهەڵگری ئەڵمانی بەو دەورووبەرەدا هات، سکە ئاسنیەکانی هێڵی شەمەندەفەری بەرلین–بەغدای بارکردبوو، بەرەو کەناری بەرامبەر ڕۆیشت و دوای ساتێك بە دەنگە دەنگ و قیژەی زنجیرە لەنگەرییەکانی ئەو ناوەی جەنجاڵکرد. ئەگەر بمانزانیایە، چ نیشانەیەکی گەشاوە دەبوو!

ئەو شەوە لە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ سنوور بە پۆستی خانەقین بەغدادمان بەجێهێشت.



کەناری ڕووبارێک لە بەغدا



لێواری بیابان

## بەشی نۆیەم

# میسۆپۆتامیا لە ڕابردوودا

پێش ئەوەی درێژە بە سەفەرەکانمان بدەین بۆ کوردستان، پێشنیاردەکەم کە بۆشاییەك بۆ بەشێك تەرخانبکەین کە گێڕانەوەکەم بگرێت و لە ڕوانگەیەکی گشتیترەوە سەیری دەشتە بەرفراوانەکانی خوارەوەی میسۆپۆتامیا بکەین، وەك لە ڕوانگەی گەشتیارێکی سادەوە. لەو کاتەی کە من سەرقاڵی نووسین بووم، تەنانەت پەیامبەرانی سیاسییە سەرسەختەکانیش پێشبینییەکانیان پەیوەندی بە داهاتووی ئەم هەرێمەوە هەبوو. بەڵام ڕەنگە مرۆڤ تا ڕادەیەك دڵنیابێت کە هەرچییەك ڕووبدات، پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵیدا بەهێزتر بێت نەك کەم بکرێتەوە، چونکە ئێستا کە سەربازانی بەریتانیا لەسەر خاکەکەی شەڕیانکردووە و گیانیان لەدەستداوە.

بۆ هێنانەدی ئەم گەنجینە بەرفراوانەی سروشت کە لە ڕێگەی هەزار ساڵ نەزانی و خراپەکارییەوە بەکارهێنراوە، تەنیا چاوەڕێی " ئامرازێکی بێبەرامبەر یان بێ

سنووره بۆ وەرگرتن یان چوونە ژوورەوە "ی ئەندازیاری ئاودێری هاوچەرخ کە دووبارە دەروازەکانی بکاتەوە و خۆراك بۆ نیو کیشوەرێك دابینبکات، لەلایەن نووسەرانێکی زۆرەوە پێداگری لەسەر کراوە و ئەگەر هەر گەرەنتییەکی ماددی پێویستبوو بۆ ڕاستی ئەو قسانەی کە دەیلێن، پایتەختەکە لە هێڵی ئاسنی بەغدادا نوقمبووە و پلانی ئاودێری میسۆپۆتامیا بە شێوەیەکی بەرفراوان دابینیدەکات. بۆیە من خۆم بە دووبارەکردنەوەی ئەو شتانە ڕازیدەبم کە لە ڕاپۆرتی فەرمیدا بۆ حکومەتی بەریتانیا چەندین ساڵ لەمەوبەر لەبارەیەوە وتراوە، کە "بە زۆری هەموو دانەوێڵەی ئەورووپا بەرهەمدەهێنێت، لەگەڵ برنج و گەنمەشامی و شەکر و پەتاتە و ئەو ڕووەکەی خومی شینی لێ دەردەهێنرێت و تووی سپی بۆ ئاوریشم و هەموو جۆرە میوەیەك بە زۆری؛ لە ئێستادا ئەو مادەیە کە بەهایەکی داهاتووی بێ حیسابی هەیە، دەتوانرێت نەوتی خاو زیادبکرێت بۆ لیستەکە. شوێنەواری بێشوماری سیستمی کەناڵە کۆنەکان کە پەڵە لەسەر هەموو ڕووی خاکەکە دروستدەکەن، دەبێ خەیاڵی تەنانەت سادەترین کەسی ئاساییش بجوڵێنن و مێشکی بخاتە سەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجامدا دەبن ئەگەر هەرگیز حکومەتێکی سەقامگیر و شێوازە زانستییەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵام تەنانەت وەك ئێستاش، میسۆپۆتامیای خواروو، بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ، بازاڕێکی گرنگ بوو بۆ بازرگانی ئەورووپی و هیندستان. بازرگانانی ئینگلیز لە سەرووی کەنداوی فارس پێش ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم دامەزراون، هەر زوو دوای یەکەم گەیشتنیان بۆ هیندستان و مێژووی یەکەم نیشتەجێبوونیان و دواتر پەرەسەندنی بازرگانی ئێمە لەو وڵاتە، سەرگوزەشتەیەك بە باشی پێکدەهێنێت کە شایانی گێڕانەوەیە: لە ڕاستیدا یەکەم پەیوەندی بازرگانی نێوان ئینگلتەرا و وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارس بە بازنەییترین شێوە هاتە ئاراوە کە خەیاڵ دەکرا.

کۆمەڵگەیەك لە خانەدان و بازرگانان، بۆ دۆزینەوەی وڵاتانی نەناسراو پێکهێنراوە، لە ساڵی 1553دا بە کەشتیگەلێکی سێ کەشتیەوە ئامادەکرا.

بونا ئێسپێرانزا – Bona Esperanza، ئێدوارد بۆناڤێنچیور، Edward Bonaventure و بۆنا کۆنفیدێنتیا، Bona Confidentia بە سەرکردایەتی سێر هیو ویلەبی Sir Hugh Willoughby و Mr Richard Chancellor سێر ڕیچارد چانسلەر، بۆ ئەوەی هەوڵبدەن ڕێڕەوێك بە درێژایی باکووری سیبیریا بۆ چین بدۆزنەوە. دوای ئازارێکی ترسناك، کە لە ڕەوتی ئەو ئازارانەدا سێر هیوی هەژار Sir Hugh و تەواوی بەشدارانی دوو لە کەشتییەکان بەستووبوونی تا ئلستی مردن،

ڕزگاربووەکان گەیشتنە لای ئارکەئەنجڵ Archangel و بەڕێز ڕاوێژکار ڕێگەی خۆی بۆ مۆسکۆ دۆزیەوە، لەوێ بە پشتگیری نامەکانی ئێدواردی شەشەم .Edward VI، پاشای ئینگلتەرا، ئەو ئیمتیازاتانەی بەدەستهێنا کە بووە هۆی دروستکردنی کۆمپانیای ڕووسیا.

دوای سێ ساڵ، چوار کەشتی دیکە ڕەوانە کران و ئینگلیزێکی چاونەترس بە ناوی جەنکنسن Jenkinson تا بۆخارا و پێرشا هاتە ناوەوە، دەوترێت لەوێ لەگەڵ بازرگانانی هیندستان و کاتەی– Cathay کۆبووەتەوە. حەوت جار ئەم سەفەرەی کردووە، دواتر بازرگانی لەگەڵ ڕووسیا و پێرشادا کردووە. تاکە ڕکابەری ئەورووپی لەم بوارەدا پێدەچوو ڤەنیشیەکان Venetians بن، کە بە جل و بەرگ و ماددە هۆشبەرەکان و شتی ترەوە، لە حەلەبەوە بە ڕێگەی وشکانیدا هاتوون. بەڵام شەڕی بەردەوامی نێوان تورکیا و پێرشا دەستوەردانی لەم ڕێگا بازرگانییە بازنەییەدا کرد و تا ساڵی 1581 ئەو پرۆژەیە بە تەواوی وەستا. بەدڵنیاییەوە ئەم بازرگانە کۆنانەی سەدەی 16 بەباشی ناوی "بازرگانانی سەرکێش"یان بەدەستهێناوە.

"کۆمپانیایەکی" دیکە و زۆر بەناوبانگتر بوو کە دواتر پەیوەندییەکی لە نێوان ئینگلتەرا و چالدێیە Chaldea دامەزراند. لە ساڵی 1614 دا– واتە دوو ساڵ دوای ئەوەی یەکەم "کارگە"یان لە هیندستان دامەزراند– کۆمپانیای بەناوبانگی رۆژهەڵاتی هیندستان سەرنجی خۆی خستە سەر پێرشا و کەنداو. سەرچاوەی ئەم سەرگەرمییە دیسانەوە تا رادەیەك لە ئاسایی دەرچوو. میستەر ریچارد ستیل Mr Richard Steele چوو بۆ حەلەب بۆ وەرگرتنەوەی قەرزێك لە بازرگانێکی ئەو شارە. بازرگانەکە کە ترسێکی زۆری لە قەرزدەرەکەی هەبوو، لە رێگەی وڵاتی پێرشاوە هەڵهات بۆ هیندستان و لەلایەن میستەر ستیلەوە بەدوایدا رۆیشت و گەیشتە سورات Surat و راپۆرتێکی بۆ کۆمپانیای رۆژهەڵاتی هیندستان نارد سەبارەت بەو دەرفەتە گەورانەی کە لە بازرگانیکردن لەگەڵ پێرشادا چاوەڕێیاندەکرد. کۆمپانیاکە لەسەر ئاماژەی ئەو مامەڵەی کرد و ململانێی گەورە بۆ باڵادەستی لە کەنداو لەگەڵ پورتوگالیەکان دەستیپێکرد.

لە دەوروبەری ساڵی 1630 لە گۆمروون Gomroon (بەندەر عەباس) کارگەیەك دامەزرا و لە ساڵی 1639 قایمقامیەتی سورات دوو لە بریکارەکانی رەوانەی بەسرە کرد بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی دیکە لە خاکی تورکیادا، کە دوور بوو لە دەستی رێوشوێنی ستەمکارانە.

(بەشێکیش بە هۆی کاریگەری ڕکابەرە هۆڵەندییەکانیانەوە) کە لە پێرشادا لە ژێر کاریگەرییدا بوون.

هیچ تۆمارێك لە ڕۆژانی سەرەتای کارگەی بەسرەدا نەماوە، بەڵام لەساڵی 1646دا تۆماس کۆگان Thomas Cogan و دەبلیو ویل W. Weale لەبارەی ئەو شوێنەیانەوە بۆ "هاوڕێ هێژا و ڕێزدارەکانیان" لە سورات نووسیوە. بازرگانی گەرم نییە، چونکە "بیبەرەکە هەمووی دابەزیوە، بەڵام هیچ بریکارێك لە سێ ڕوپیە زیاتر نادات، کە ئەگەر بمانەوێت بەهیچ شێوەیەك بیفرۆشین، دەبێت بەو نرخە بێت، بەڵام ئەوانەی کە پێشکەشیدەکەن، زۆرترینیان لە سێ چوار مەن زیاتریان نابێت بەجۆرێك کە بەناچاری دەبێ بیهێڵینەوە؛ هیوادارین بۆ کاتێکی باشتر" هەروەها "قوماشە شینەکە هێشتا لەماڵەوەیە و هێشتا هیچ نرخێك نییە بۆ کڕین". دیسانەوە لە ساڵی 1661 دوو بەڕێزی کۆمپانیاکە بە کەشتی فرێگاتی ئەمریکا ڕەوانەکران، ئێستا بەڕەزامەندی خوا لە Swally Hole سواڵی هۆڵ ـ ەوە بەرەو بەندەری بەسرە بەناو ڕووباری فوراتدا دەڕوات"؛ فەرمانیان پێکراوە کە سڵاو لە پاشا بکەن و داوای خانوویەکی باشتر لەو خانووە بکەن کە تا ئێستا بۆ هەڵگرتنی قوماش و بیبەر و کاسیا و توێکڵ و برنج و هتد دابینیکردووە، کە وەك کاڵایەك لەگەڵ خۆیان هێنابوویان.

له مانگی یەکی ئەم ساڵدا بەڵگەنامەیەك لە ئەدریانۆپڵ Adrianople واژۆکرا کە گرنگترین بەرئەنجامەکانی بۆ بازرگانی ئێمە لە میسۆپۆتامیا و هەروەها لە هەموو بەشێکی دیکەی حوکمڕانییەکانی عوسمانیدا هەبوو. ئەم بەڵگەنامەیە کە لە یەکەم ئیمتیازاتی نێوان پاشای ئینگلتەرا و سوڵتان پێکهاتووە، بە زاراوە بەرزەکانی پۆرتی مەزن/ بابی عالی دارێژراوە و بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

"بە نیعمەتی ڕزق و ڕۆزیی هەموو شتێك و ڕەحمەت و نیعمەتی خودای میهرەبان، من کە سەرگەورەی بەهێزی سەردارانی جیهانم، کە ناوی سەرسوڕهێنەرم لەسەر زەوی، بەخشەری هەموو تاجەکانی جیهان سوڵتان مەحمود خان."

«بۆ شازادە گەورە شکۆمەندەکانی عیسا، لەلایەن گەلی گەورەی مەسیحەوە ڕێزی لێدەگیرێت، تاکە بەڕێوەبەری کاروباری گرنگ بۆ نەتەوەی خاچپەرستەکان. بەڕێوەبەری سنووری ڕەوشت و شەرەفی گەورەیی و ناوبانگ، چارڵسی دووەم، پاشای ئینگلتەرا و سکۆتلەندا، کە ڕەنگە کۆتایی و پڕۆژەکەی لەلایەن خودای گەورەوە لە خۆشبەختی و نیعمەتدا بە ڕۆشنایی ئیرادەی پیرۆزی خۆی مۆر بکرێت."

زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەین کە تەنانەت چاوی تیژی سوڵتان مەحمودیش دەیتوانی بە تەواوی بێتاوان بێت لە چاوتروکاندنێکی فێڵبازانە کاتێك بەم نادیارترین نازناوە "پاشای بەختەوەر"ی ناودەبرد.

ئەم ئیمتیازانە (سوڵتانەکانی ئەو سەردەمە بە بەستنی پەیماننامە لەگەڵیان خۆیان بۆ ئاستی پاشا مەسیحییەکان دابەزاند) چەندین سوودی بۆ بازرگانانی ئینگلیز مسۆگەرکرد. ئازادی گەشتکردن و ئازادی بازرگانیکردن بۆ کەشتییەکان هەبوو، لەگەڵ باجی هاوردەکردنی جێگیر کە لەسەدا 3% بوو، پاراستن لە داوای یاساییدا، مەرجێك کە ئینگلیزەکان نابێت کۆیلە بن، برگەیەك لە دژی چەتەی دەریایی و برگەیەکی "نەتەوەی زۆرترین پەسەندکراو".

شتێکی کەم هەیە لە گەشەسەندنی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان لە میسۆپۆتامیا بۆ حەفتا ساڵی داهاتوو کە باسبکرێت. بەسرە وەك تاکە کارگە مایەوە، بەڵام بازرگانی لێیەوە بەلێشاو بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵات بە بەلەم بەرەو بەغدا و بە کاروانی بۆ حەڵەب. یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی بەڕێوەبەرەکە گواستنەوەی نامە و هەواڵەکانی گەیشتن بە هیندستان بوو بە ڕێگای دووەم و نامەکانیان بۆ بۆمبای زۆرجار تێکەڵەیەکی سەرنجڕاکێش بوو لەگەڵ پارچە

هەواڵەکانی وەك مردنی پاشای ئینگلتەرا، یان واژۆکردنی ئاشتی لەگەڵ ئیسپانیا، لە نێوان ئەژمارە بازرگانییەکانیاندا دادەنرا. لە ساڵی 1733 شەڕێك لە نێوان تورکیا و پێرشادا ڕوویدا لەسەر دانیشتنی " شاو تۆماس" کە ئەوکاتە لە پەیامەکاندا بە شاو ناو دەبرا.

فارسەکان کە بەسرەیان گرتبوو، هەوڵیاندا کۆمپانیا ڕابکێشن و هاوکاری کەشتییەکانیان دەستەبەربکەن، بەڵام دیارە بێهودە بوو. دەبێ ژیان لەو ڕۆژانەدا لە بەسرە مەترسیدار بووبێت؛ جگە لە هێرشە دووبارەبووەکانی عەرەبی بیابانەکانی دەوروبەری بۆ سەر شارەکە، تاعونیش جار جار سەردانی ئەو شارەی دەکرد. بۆ نموونە یاداشتنامەی ئەنجومەنی بۆمبای ساڵی 1738 ئەم لێدوانە پوختەی تێدایە: "نەخۆشییەکی گشتی لە بەسرە ڕوویداوە، کە بووەتە هۆی ڕۆیشتنی هەموو ئینگلیزە بەڕێزەکان جگە لە یەکێك، ئەویش میستەر ستێرلینگ Mr Sterling ، کە بە ژیرانە مەخزەنەکانی داخستووە تا دەبێ کەسێك بگات بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی وەربگرێت. " لە بەرامبەر ئەم مەترسیانەدا ساڵانە مووچەی بەخشندەیان لە نێوان 5 - 30 پاوەند وەرگرتووە، بەڵام وا گریمانە دەکرێت کە قازانجی سەرەکییان لە بازرگانێتی خۆیانەوە بووبێت. پێدەچێت لە هەمان کاتدا

ناوبەناو سەرموچەیان هەبوویێت کە جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەی هۆکاری نارەحەتی و موچە کەمەکەیان.

بۆ نموونە میستەر شاو Mr Shaw کە لە ساڵی 1754دا لە بەسرە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکەی دەکرد، راپۆرتێك دەنووسێت کە " لەماوەی بیست رۆژی رابردوودا نموونەیەکی زۆر تایبەتی لە رێز و رێزگرتنی سلێمان پاشای (بەغدا) بەرامبەر بە ئینگلیزەکان سەرسامیکردوم. بەتایبەتی ئەفسەرێکی سەرەکی پلە باڵای نارد بۆ ئێرە تا بەناوی خۆیەوە سڵاوم لێ بکات. کە دوای 35 رۆژ گەیشتە لامان و لە رێگەی ئەوەوە شمشێرێکی باشی تورکی بە ئەسپێکی گەورەوە بۆ ناردبووم،[1] کە بە وردەواڵای زێرین رازابووەوە، لەگەڵ چەندین نامەی ستایشی نایاب لە پاشا و یەکەم وەزیر و سەرۆکی دیوانەوە، دەربرینی ئەو رەزامەندییە تایبەتەی کە لە رەفتاری شایستە و رێکوپێکی نەتەوەکەمان لە هەموو کاتێکدا وەریانگرتووە". میستەر شاو Mr Shaw خۆی بە ناچاری بینی کە هەڵگری ئەو دیاریانە بە پاڵتۆیەکی فەروو پاربوو بکاتەوە، "دوای ئەوەی زانی کە ئەمە داب و نەریتی ناو

[1] هەندێك لە باشترین عەرەبەکان لە سەر دیجلە بەخێوی دەکەن بەتایبەت لە دەوروبەری موسڵ. بازرگانییەکی گرنگی ئەسپ لەگەڵ بۆمبای هەیە.

دەربارەکانی تورکیایە"، بەڵام هیوای خواست ئازادی خاوەنکارە بەڕێزەکەی بەدەستبهێنێت بۆ ئەوەی تێچووەکە لەسەر حسابی ئەوان بێت!

لە ساڵی 1749 دوای ماوەیەك نائارامی کە بەهۆی هاتنی پاشایەکی نوێ بۆ بەسرە دروستبوو، کە یەکەم کاری سەربڕینی دوانزە لە "زانیساری"ە سەرەکیەکان بوو، کە دانیشتووان بە دەستبەسەرداگرتنی دە پارچە کێڵگە لە عەمارەکە و تەختکردنی ماڵی پاشا لەگەڵ زەویدا وەڵامیان دایەوە، بازرگانی دیسان دەستی بە گەشەسەندن کردەوە و ڕاوێژکارەکە دەتوانێت بەم شێوەیە بنووسێت:" لە 28ی مانگی پێشودا کەشتی شازادە ئێدوارد Prince Edward بە بارێکی بچووکەوە بەرەو بۆمبای ڕۆیشت." ئەوە گەورەترین فرۆشتنی ئەنجامدراوە کە تا ئێستا لەم بەندەرەدا کرابێت، کە هەواڵێکی خۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاشتییەکی گشتی، هیوادارم وا لە بەنگالییەکان بکات بیر لە زیندووکردنەوەی بازرگانی خۆیان لەگەڵ ئەم شوێنەدا بکەنەوە."

سەرەتا پێدەچوو تاکە ڕکابەری بازرگانەکانی بەریتانیا هۆڵەندییەکان بووبن، بەڵام لە ساڵی 1755 یەکێك لە "قەشە بەڕێزەکان" گەیشتە بەسرە و وەك نوێنەری فەرەنسی دامەزرا. تۆمارەکانی ساڵانی دواتر، ترسم هەیە، ئاماژە بە

دۆستایەتییەکی گەورە ناکەن لە نێوان نوێنەرانی دوو نەتەوەکە لە میسۆپۆتامیادا، بەڵام وەك چۆن هۆکارەکان هەمیشە کێشەیان لەگەڵ تورکەکان و یەکتردا هەبووە و بەزەحمەت کەسێك هەبووە کە پیشەکەی لەو وڵاتەدا لە ژێر هەورێکی جۆرێکدا کۆتایی نەهاتبێت، تەنیا دادپەروەرانە ئەم دۆخە لە بەشێکی زۆری بۆ کەشوهەوای بەناوبانگی گەرم و گوڕ بگەڕێنرێتەوە.

کارگەی باوك لە گۆمبروون Gombroonلە ساڵی 1763 گواسترایەوە بۆ بەسرە، کە ئێستا بە هەمان شێوە گرنگتر بووە و لە ساڵی دواتردا باڵیۆز لە قوستەنتینیە ڕایگەیاند کە لە بابی عالیەوە ڕەزامەندی دراوە بۆ دروستکردنی کونسوڵخانە لە بەسرە، بەڕێز ڕۆبەرت گاردن Robert Garden یەکەم کونسوڵ بووە. کونسوڵخانە لە بەغداد تا ساڵی 1802 دانەمەزراوە.

پەتایەکی ترسناکی تاعون لە ساڵی 1774دا نیمچە دورگەی عەرەبیی تورکیای گرتەوە نزیکەی دوو ملیۆن کەس گیانیان لەدەستدا. پێش ئەوەی بازرگانی دەست بە بوژانەوە بکات دوای ئەم بەڵایە شەڕێکی تر لە نێوان تورکیا و پێرشادا هەڵگیرسا و فارسەکان جارێکی تر بەسرەیان گرتەوە و تا ساڵی 1779 بەدەستیانەوە بوو. لەم نێوەندەدا بزووتنەوەی وەهابی لە لانکەی خۆیەوە لە ناوەڕاستی

عەرەبستانەوە، بە خێرایی بڵاوبووەوە و تا کۆتایی سەدە گەیشتبووە سنوورەکانی میسۆپۆتامیا. لە ساڵی 1801 دا ئەم "چاکسازیخوازە" کۆنەپەرستانەی ئیسلام، وڵاتەکەیان داگیرکرد و مەزارگە گەورەکانی شیعەیان لە کەربەلا تاڵانکرد، هەر وەك چۆن پێشتر لە مەزارگەکانی مەککە و مەدینەدا کردبوویان. ئاشتی نەگەڕایەوە تا وەهابیەکان لە ژێر گوشاری ئیبراهیم پاشا و هێزە بێوچانەکانی میسریدا پێشێلنەکران.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لایەنی سیاسی، وەك جیاواز لە لایەنی بازرگانی، پەیوەندیمان لەگەڵ میسۆپۆتامیا زیاتر و زیاتر دەرکەوت و لە ساڵی 1812 پۆستی "کارمەندی سیاسی لە عەرەبستانی تورکیا" لەلایەن بەرێز دەستەی ڕۆژهەڵاتی هیندستانەوە دروستکرا. کۆمپانیاکە لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی حکومەتی هیندستان دامەزراوە. ئەو پۆستە سەرەتا لەلایەن میستەر ڕیچەوە Rich بەڕێوەدەبرا کە لە بەغدا نوێنەر بوو، هەروەها کاپتن تەیلەر Captain Taylor یاریدەدەری بوو لە بەسرە. ئەوەندەی نەخایاند ململانێی حەتمی لە نێوان ئابووری و فراوانبووندا سەریهەڵدا. کارمەندی سیاسی بەریتانیا لە بەغدا پێویستی بە پاسەوانێکی گەورەی سەربازی هەبوو بۆ پاراستنی (لانی کەم جارێك گەمارۆی بارەگای نیشتەجێبوونەکە درا)، لە ساڵی 1834دا پێشنیارێك کرا بۆ

هەڵوەشاندنەوەی ئەو پۆستە و هێشتنەوەی تەنیا دەزگای سیاسی بۆ کەنداوی فارس .لە بوشێر. Lord Clar لۆرد کلار، حاکمی بۆمبای، ئاماژەی بە لایەنە گەورەکانی پرسی ڕێگەی ئێمە لە عەرەبستانی تورکیا و قووڵایی گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانی هیندستانەوە کرد. بۆچوونەکانی ئەو زاڵ بوو، تا ئەمڕۆش بارەگای سیاسی هەر ماوەتەوە. ڕەنگە هەڵوێستی فەرمی بەرامبەر بەو شتە لە ساڵانی ڕابردوودا لەو ڕاستییەوە بپێورێت کە چەند ساڵێك لەمەوبەر شوێنی نیشتەجێبوونی نوێی گەورە بۆ نوێنەرەکەمان بە تێچووی نزیکەی 20 هەزار پاوەند دروستکراوە.

یەکەم ئەو هەوڵانەی درا بۆ دامەزراندنی ڕێگایەکی ئاسایی لەسەر زەوی بۆ پۆستی هیندستان لە ڕێگەی سوریا و کەنداوی فارسەوە لە ساڵی 1834 دا. بۆ ئەم پلانە، پەرلەمان دەنگی دا بە بەخشینی 20 هەزار پاوەند بۆ دروستکردنی دوو کەشتی هەڵم لەسەر فوڕات. ڕێکخستنە پێویستەکان لەگەڵ حکومەتی تورکیادا کرا و کۆلۆنێل چێسنیColonel Chesney گەیشتە "بەندەری ویلیام" (میسکینە)، لەسەر فوڕات، ئەو بەلەمانەیان خستە ناوییەوە کە نێردابوون. دوای تەواوکردنی ئەم ئەرکە، ئەو ڕووپێوی ڕووبارەکەی کرد و لە 18/ حوزەیرانی/ 1836دا ئەم پەیوەندییە دڵخۆشکەرانانەی خوارەوەی بۆ سەرۆکی دەستەی بازرگانی خستەڕوو:

"شانازی دەکەم ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەم کەشتییە (فورات) لەپاشنیوەڕۆی ئەمڕۆدا گەیشتە دووڕیانی ڕووبارەکان، لە تۆمارەکانی ئینگلتەرا بۆ هەمیشە لەیادت نەچێت. ئێستا نزیکەی 43 میل لە بەسرەوە دوورە، ڕووپێوان و دابەزینمان بە ڕووباری فوراتی شایستەدا تەواوکردووە. ئەفسەران و پیاوەکان لە وورەیەکی باشدان، دوای ئەوەی بەبێ هیچ کێشەیەك و ناڕەحەتییەك گەیشتونەتە ئێرە. "

بەڵام دامەزراوەکە، بەداخەوە! بە خۆشحاڵیەوە تێنەپەڕی، چونکە لە کاتی تێپەڕبوونی کەشتی خوشکەکە بەر زەبرێکی قورس کەوت – دیجلە – توڕە بوو و هەڵچوو، بەو هۆیەوە دوو ئەفسەری سوپا و دوانزە ئەوروپی دیکە خنکان.

هەر زوو دوای ئەوەی سێ لە کەشتییەکان نێردران، یەکێکیان، ئاشوور، لە ژێر سەرکردایەتی کاپتن فیلێکس جۆنز Felix Jones، یەکەم سەرکەوتنیان کرد بە ڕووباری کاروندا، سەرکەوتە سەر ئاوی مرواری لە ئەهواز، بە یارمەتی پیاوانی کەنار دەریاکە و تا شوستەر Shuster چوون. بەڵام حکومەتی پێرشا تا ساڵی 1888 ڕووباری کارونی بەڕووی کەشتیوانی گشتیدا نەکردەوە، کاتێك بەڕێزان لینچ/ Lynch و گرەی مەکەنزی/ Grey Mackenzie (دوو لە دیارترین کۆمپانیاکانی کەشتیوانی کەنداوی عەرەب) یەکسەر ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و کەشتییان

بەڕێوەبرد تا ئەهواز. ڕەنگە لێرەدا لە شوێنی خۆی دەرنەچێت کە وەرگێڕانێك لە کارە ستانداردەکانی لۆرد کورزۆن Lord Curzon سەبارەت بە پێرشا بخەینە ناوەوە، بەم شێوەیە گەلاڵەی ڕێڕەوێکی بازرگانی گەورەی ئەگەری بۆ ناو پێرشا کرایەوە، پرسیارێك بوو کە بە تایبەتی سەرنجی ڕاکێشا.

" شایستەیی گەورەی ڕێگاکە کاتێك دەکرێتەوە و ڕێکدەخرێت، لە ڕوانگەی بەریتانییەوە، ئەوە دەبێت کە شار و گوندەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای پێرشا – دیزەفول، خورەماباد، بوروجێرد بە 17,000 دانیشتووانەوە و بە دەشتێکی دەوروبەری کە بەرهەمێکی گەورەی هەیە. سوڵتاناباد، ناوەندی پیشەسازی فەرش و ناوچە وابەستەکراوەکانیان، کە لە دەوڵەمەندترین زەوییەکانی چاندنی گەنمەشامی پێرشان – بەئاسانی دەستیان بە کەنداو دەگات، لە کاتێکدا دانیشتووانەکانیان بەم شێوەیە دەکێشرێنە ناو تۆڕی لۆکە ڕستنی لانکاشایر و پیشەسازەکەی هیندۆسی. کرمانشا بە 60,000 کەسەکەیەوە و هەمەدان بە 15,000 کەسەوە، کە لە ئێستادا تەنیا بە ڕێگای تورکیادا لە بەغداوە خزمەتگوزارییان پێدەدرێت، هەروەها دەخرێنە ناو ناوچەی کاریگەری باشوور و قازانجی مانچستەر و بۆمبای هەڵدەئاوسێنن." لۆرد کەرزن Lord Curzon ئەمەی لە ساڵانی نەوەدەکاندا نووسیوە، چونکە ڕاپرسییە سەرەتاییەکان بۆ هێڵی

شەمەندەفەر لە ئەهوازەوە بۆ خورەمئاباد بوونی ڕێڕەوێکی بازرگانی لەو شێوەیەی هەنگاوێك لە بەدیهێنان نزیکتر کردووەتەوە.

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی هیندستان لە کۆتایی یاخیبوونی هیندستانەوە، بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بە شێوەیەکی بەردەوام گەشەیانکردبوو، چ لە کەنداوی فارس و چ لە نیمچە دوورگەی عەرەبی تورکیا. پەیوەندی نێوان پێگەی ئێمە لەوێ و ئاسایشی هیندستان زیاتر و زیاتر ڕووندەبێتەوە. ئێمە لە مێژە ڕۆڵی پۆلیسی بێ منەتمان لە کەنداودا بینیوە، بە ناڕەحەتییەکی گەورەی چەتەی دەریایی و کۆیلەفرۆش و قاچاخچییەکانی چەك بە هەمان شێوە و سیاسەتێکی بەردەواممان پەیڕەوکردووە بۆ بەستنی پەیمانی دۆستانە لەگەڵ سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان کە شانبەشانی یەك بەدرێژایی کەنارئاوەکان دەژین. یەکێك لە دوایینترین ئەو ڕێککەوتنانە لەگەڵ شێخی نیمچە سەربەخۆی کوێت بوو، شارۆچکەیەکی بچووکە کە نزیکەی شەست میل لە دەمی دەریای عەرەبیەوە دوورە، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی هەیە وەك تاکە بەندەری دەریایی لە سەرووی کەنداو. هەروەها لەگەڵ شێخی موحەممەرەش، لەوەتەی دەستەڵاتی گرتۆتە دەست، پەیوەندییەکی دۆستانەمان پاراستووە. زۆر هۆکاری نوێ لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەشێوەیەکی بەرفراوان هاوردەکراون بۆ دۆخی

میسۆپۆتامیای خواروو، بەڵام ئەوەندە زۆر شت لەبارەیانەوە نووسراوە کە من تەنیا لە ژماردنیان زیاتر ناکەم. پێش هەموو شتێك بێگومان هێڵی ئاسنی بەغدا. ئیمتیاز بۆ ئەم پلانە سەرسوڕهێنەرە لە ساڵی 1899 واژۆکرا، ساڵێك دوای ئەوەی قەیسەر سەردانی قوستەنتینیەی کرد، بەڵام تا سەرەتای جەنگی ئێستا، ئەندازیارەکان هێشتا لەبەردەم بەربەستە گەورەکەی تۆرۆسدا ڕاگیرابوون، هەرچەندە تەواوبوونی تونێلی سەرەکی بوو لە پاییزی ساڵی 1915 دا ڕاپۆرتکرا. لە کاتی سەردانەکەماندا بۆ بەغدا، هێڵەکە لەوێوە بەرەو باکوور دەگوازرایەوە و دوای ماوەیەکی کەم گەیشتە سامەڕا، حەفتا میل بەرەو دیجلە: خەمڵاندنی گشتی ئەو کاتە وا دیار بوو کە بە ڕێژەی پێشکەوتنی کارەکان بەڕێوەچوو، ئەستەمە لە ماوەی کەمتر لە چوار پێنج ساڵدا بچنە ناو موسڵەوە. هێڵی ئاسنی بەغدا بێگومان تەواوی ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەدەبێك بە هیچ شێوەیەك لە ڕووداوی دراماتیك بێبەش نییە. چیرۆکی پیلانگێڕی و پیلانە بوێرەکانی ئەڵمانیا بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەك لە کوێت – کۆتایی ئایدیاڵ لە کەنداو – و پووچەڵکردنەوەی لە هەموو دەرفەتێکدا بەهۆی هاتنی بەلەمێکی چەکداری بەریتانی لە کاتی خۆیدا بەڵام چاوەڕواننەکراو بۆ بەندەر (وەك لە تایمزدا مێژوویەکی بۆ شەڕەکە گێڕاوەتەوە)، هەموو توخمەکانی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی کوڕانی قوتابخانەی تێدایە. ئاشکرایە کە تەواوی پرسی

هێڵی ئاسن، لەگەڵ درێژبوونەوەی چاوەڕوانکراوی بۆ بەسرە یان کەنارەکانی کەنداو، یەکێکە لەو کێشە ئاڵۆز و سەرلێشێواوانەی کە سەرمایەدار و دیپلۆماتکارەکانمان لە کۆتایی شەڕدا دووچاری دەبن.

پرسی نەوت هەرچەندە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵمەتی میزۆپۆتامیا بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا پرسێکی پێرشاییە نەك تورکیا. لە ساڵی 1901 ئینگلیزێك ئیمتیازێکی لە حکومەتی پێرشا وەرگرت کە قۆرخکاریی ئیستغلالکردنی زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی ئیمپراتۆریەتەکەی پێبەخشی. دوای هەشت ساڵ، ئیمتیازەکە بۆ کۆمپانیایەك بە ناوی کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ-فارسیەوە گواسترایەوە، کە بە توانایەکی مەزنەوە بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی دەستی بە کارکردن کرد. نەوت لە چەند شوێنێکی جیاوازدا "سەلمێندرا" و یەکەم بیرە گرنگەکان لە قەسری شیرین دەرکەوتن، کە زیاتر لە سەد میل لە ڕۆژهەڵاتی بەغداوە دوورە. گواستنەوەی نەوت لەم بیرە دوورانە لە هەر بەندەرێك سەختییەکی گەورەی هەبووە و تا ئێستاش بەرهەمهێنانیان تەنیا بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان بەکارهێنراوە. بەڵام کاتێك کە پێداویستییەکانی ئەهواز لە دەستی کەنداودا قۆرخکرا، بۆرییەك درێژکرایەوە بۆ کەنداوی عەرەب و پاڵاوگەی گەورەی عەبادان دامەزرا، کە پێشتر باسمکردووە. ڕەنگە زۆربەی خوێنەران ئەو باسەیان لەبیربێت کە لە پەرلەمان و

ڕۆژنامەکاندا بەهۆی ڕاگەیاندنی ئەوەی کە حکومەت لەسەر ئامۆژگاری دەریاوان، پشکی لە کۆمپانیاکەدا بە بەهای دوو ملیۆن پاوەند بەدەستهێناوە. بە هاوکاری سەرمایەی نوێ بڕیار بوو بۆرییەکی نوێ دابنرێت بۆ دوو هێندەکردنی بەرهەمهێنان کاتێك شەڕ دەسپێدەکات. تورکەکان لە سەرەتای ساڵی 1915 بۆریە کۆنەکەیان بڕی، بەڵام دوای ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتووەکانی سوپای ژەنەڕاڵ گۆرینج Gorringe لە ئەهوازەوە، دوژمن لە دەوری هێڵەکە ڕاونرایەوە و خرایەوە کار.

ڕووداوی سێیەم کە هەرچەندە لەو کاتەدا بە بەراورد بێ ئەنجام بوو، لە کۆتاییدا ڕەنگە لێکەوتەی گەورەتری هەبێت لە هەموو ڕووداوێك، بەڵام کارەکەی حکومەتی تورکیا بوو کە نزیکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر داوای لە سێر ویلیام ویلکۆکس Sir William Willcocksکرد بۆ ئامادەکردنی پلانێکی گەورەی ئاودێری و ئاوەڕۆ بۆ ئەوەی هەموو میسۆپۆتامیای خوارەوە بگرێتەوە. سەرەڕای سەختییەکی زۆر کە ڕووبەڕووی بەرپرسانی پارێزگا و عەرەبە ناوخۆییە بێ ئیدارەکان بووەوە، سێر ویلیام Sir William توانی ئەو ئەرکە تەواو بکات. تێچووی مەزەندەکراوی جێبەجێکردنی پرۆژەکە نزیکەی 20 ملیۆن پاوەند بووە، کە بڕە پارەیەك زۆر لە دەرەوەی بازنەی خەزێنەی تورکیایە و پێناچێت لە شێوەی قەرزی دەرەکیدا بەشداری بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناسەقامگیری عێراق. بۆ ئەوەی

بیرۆکەیەك لەسەر ئەو ڕووبەرە فراوانە بدەم کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، لە ڕاپۆرتەکەی سێر ویلیام ویلکۆکسەوە سەبارەت بە ئاودێری لە میسۆپۆتامیادا وەرمگرتووە. دەڵێت: "دەلتای، یان یەکاوی ڕاستەقینەی ڕووباری دیجلە و فوڕات ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دوو ڕووبارەکە و لقەکانیان لە باشووری هیتەوە لەسەر ڕووباری فوڕات و سامەڕا لەسەر ڕووباری دیجلە پێیدا ڕۆشتووە". ئەمەش بەو مانایەیە کە مەوداکەی بە هێڵێکی ڕاستی 400 میل لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات ڕووبەرەکان نزیکەی 12,000,000 دۆنم ڕووبەرە، کە بەپێی خەمڵاندنەکان زیاتر لە نیوەی ئەو دۆنمانە دەتوانرێت بچێنرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تۆڕە کۆنەی کەناڵەکان کە ڕووی زەوی داپۆشیوە، سێر ویلیام زۆر حەزیدەکرد ئاماژە بەوە بکات کە "پێشتر لە مێژووی میسۆپۆتامیادا هەموو وڵاتەکە لە یەك کاتدا ئاودێری نەکراوە." قەبارەی ئاوەکە هەرچەندە گەورەیە، بەڵام بەس نابێت. هەندێك لە کەناڵە کۆنەکان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابل. هەندێکی تر تەنیا لە سەردەمی خۆشگوزەرانی خەلافەتەوە هاتوون؛ هەروەها لە ڕۆژگاری ئێمەدا، لەگەڵ داگیرکردنی زۆری قووڵایی کەشتییەکان، بێگومان پێویستە قووڵایی زیاتری ئاو لە خودی بنی ڕووبارەکاندا بپارێزرێت. بەڵام هەندێك لە بەرهەمە کۆنەکان قەبارەیەکی سەرسوڕهێنەریان هەبوو – شایەتحاڵی کەناڵی نەهرەوان بن،

که مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلدانەکان، کۆی گشتی درێژاییەکەی نزیکەی 300 میلە بە درێژایی لای ڕۆژهەڵاتی دیجلە. بەدرێژاییەکی زۆرەوە 100 بۆ 150 مەتر پانیەکەی بوون و 40 بۆ 50 پێ قووڵ بوون، ڕەهەندەکانیان لە هەموو شتێك زیاتر بوو کە لە هیندستان و میسردا بدۆزرێتەوە. ئەم تاکە کەناڵە ئەوەندە ئاوی هەڵگرتبوو کە بە بۆچوونی سێر ویلیام، دیجلەی بەڕاستی پەکخستبوو. وێرانبوونی نەهرەوان بە گۆڕینی ڕێڕەوی دیجلە و کاریگەرییە دەستکردەکان و لێدانی هێندە بەرەو ڕۆژهەڵات کە ڕاستەوخۆ خودی کەناڵەکە ببڕێت، بە ناچاری کارەساتێکی ترسناکی بەدوای خۆیدا هێنا کاتێك ئەو کارەی کرد.

پێدەچێت دەلتاکە، یان یەکاوەکە نەك ئەوەندە بەهۆی پشتگوێخستنەوە بەڵکو بەهۆی زیادەڕۆیی لە پەرۆشەوە وێران و لەناوچووبێت، چونکە ئاودێری بە کۆی زۆر و نازانستی خاکەکە لە کۆتاییدا ئاوە ژیانبەخشەکانی ڕەواندەوە و بووە هۆی گۆڕانکاری کارەساتبار لە ئاست و کەڵەکەبوونی لیتە و قوڕ لە کەناڵە گونجاوەکاندا. دۆخی ئاوڕژانی بەشێك لە یەکاوی میسر کە ساڵێك یان دوو ساڵ لەمەوبەر پێویستی بە کارەکانی ئاوەڕۆی گرانبەها بوو، بەڵگەیەکی بەسە بۆ ئەوەی کە چەندە بە ئاسانی دەتوانرێت چاکەیەك زیادەڕەوی تێدا بکرێت و بگۆڕدرێت بۆ خراپەیەك، تەنانەت لە سیستمی ئاودێری مۆدێرنیشدا. ئەو پلانەی کە سێر ویلیام ویلکۆکس

بەهۆیەوە کاردەکات بۆ بوژانەوەی میسۆپۆتامیای خواروو، ئەگەر بە تەواوی جێبەجێبکرێت، کاریگەری لەسەر ڕووبەرێکی زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم دەبێت. کەڵکێکی زۆر لە سیستمی کەناڵە کۆنەکان دەکرێت، لەوانەش نەهراوانی گەورە. بێگومان پلانەکە جگە لە گواستنەوەی ئاو لە ڕووبارێك یان ڕووبارێکی ترەوە بۆ هەندێك ناوچەی بیابانەکە، مامەڵە لەگەڵ چەندین کێشەش دەکات. سود وەرگرتن لە بەنداوە سروشتییە گەورەکان لەخۆدەگرێت، کە بەستنەوەی بە ڕووبارەکانەوە لە ڕێگەی "دەرچە"وە دەبێتە هۆی هەڵگرتنی قەبارەی زیادەی ئاو کە لە قۆناغەکانی بەهاردا دادەبەزێت کاتێك بەفر لە شاخە دوورەکانی ئەرمینیاوە دەتوێتەوە. دروستکردنی "ئاوەڕۆی" بێشومار بۆ ڕێگریکردن لە ئاوڕژان و بەفیڕۆدانی بەرفراوانی زەلکاوەکان و هەموو کەرەسە ئاڵۆزەکانی یەك لەسەریەك، بەنداو، ڕێکخەر، بەست، کەنارەکانی لافاو و هتد، کە لە ئاودێریی هاوچەرخدا بەشدارن. لە کۆتاییدا پێشنیاردەکرێت ئاستی کەشتیوانی دیجلە بپارێزرێت – گرنگترین خاڵ، چونکە لە ئێستاوە لە هەندێك وەرزدا ئەوەندە نزمە کە تەنیا کەشتییە هەڵمییەکانی زۆر قووڵ دەتوانن بەرزببنەوە – بە دروستکردنی سەری ڕێکخستنی لە دەمی سێ لق کە بەرەو ئەوێ دەڕۆن و تا ڕادەیەکی دیاریکراو بەرپرسیارن، کێشەی زۆر هەیە، بەو پێیەی ئاستەکەی لە ئاستی خودی ڕووباری

دیجله نزمتره. کردنەوەی بەنداوی هیندییه له ساڵی 1914 یەکەم بەرهەمی ئەم پلانه بوو. ئەم بەنداوه له هیندییەوه دەگۆڕێت بۆ لقەکانی حله لەسەر فوڕات (ئەمەی دواییان که له نزیك بابلەوه تێدەپەڕێت، به زەلکاو داپۆشراوه)، جارێکی دیکەش ڕووبەرێکی گەورەی وڵات ئاودێری دەکات که له مێژه کشتوکاڵی تێدا ناکرێت. هەموو ئەو کارانەی پەیوەست بوون بەو بەنداوەوه لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەی بەڵێندەری ئینگلیزییەوه ئەنجامدەدرا– ئەویش کۆمپانیای سێر جۆن جاکسن Sir John Jackson بوو.

با له کۆتاییدا بێینه سەر جێنشینه مۆدێرنەکانی بریکارەکانی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان که بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ له میسۆپۆتامیادا نوێنەری نەتەوەکەمان بوون. ئەو ئینگلیزەی ئەمڕۆ که چارەنووس هەڵیداوەته سەر کەنارەکانی دیجله، پێویست ناکات مرۆڤ بڵێت، له ژێر بارودۆخێکی زۆر خۆشتردا دەژی لەو پێشەنگه کۆنانەی که بەپێی تۆمارەکان، بوونیان له کەشێکی گەرمی ئاوادا به واتای وشه و هەستی ڕێکوپێکەوه بەسەربردووه. له هەریەك لەو سێ شارەی که شانازی به دانیشتوانی ئینگلیزی خۆیانەوه دەکەن، موحەممەرە، بەسرە و بەغدا، یانەیەکی ئینگلیزی گەشەسەندوو هەیه (بێگومان باسی کاته ئاساییەکانی ئاشتی دەکەم)، ئینگلیزەکانیش بۆ پێشبڕکێ، یاری کریکێت، تێنس، و گۆڵف کۆدەبنەوه وەك

ئەوەی لە هەموو جیهاندا دەیکەن. لە کاتێکدا لە موحەممەرە کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ فارسی بەشداری لە گەورەترین بەشی کۆلۆنیەکەدا دەکات، کۆلۆنی بەسرە بە شێوەیەکی سەرەکی بازرگانن کە سەرقاڵی ناردنی خورمان. بە بەهای نیو ملیۆن پاوەند لەم میوەیە لە دۆخی وشکبوونەوەیدا ساڵانە بە تێکڕا لە بەسرەوە هەنارده دەکرێت. خورما ئەو جۆرە شیرینیانە نییە کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە دوو ڕیزدا لەناو سندوقێکی داری هێلکەییدا کۆکراونەتەوە – لە تونس و جەزائیرەوە دێن – بەڵام زۆربەیان ئەو جۆرە مامناوەندیانەن کە بە شێوەیەکی سادە لەسەر عەرەبانەیەك دەیانبینیت. بازرگانییەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە دەستی ئەوروپییەکاندایە و یەکەم بارەکانی ئەم وەرزە لە بەسرەوە بە نزیکەی ئەوەندە جۆشوخرۆشەوە ئامادەدەکرێن کە لە سەردەمی کۆن و چا بڕینەکاندا هەبووە. لە بەغدا، ئینگلیزەکان بەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە گروپەکاندا دابەشکراون – بانکدار، بازرگان، بار گواستنەوە، مژدەدەر و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندازیارەکان.

هەرچەندە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرمی هەندێك مانگی هاوین لە بەغدا نزیکەی 110 پلەیە لە سێبەردا و 120° پلە بە هیچ شێوەیەك لە هەندێك شوێن نادیارە، بەڵام بە دڵنیاییەوە وڵاتەکە "وڵاتێکی پیاوی سپی پێستە". تاکە نەخۆشییەکی ترسناکی ناوچەیی هەیە کە "زیبکەی بەغدا"یە، درەنگ یان زوو هێرشدەکاتە سەر

نزیکەی هەموو دانیشتوویەکی ئەو شوێنە و بە تایبەتی پێشوازی لێناکرێت چونکە – بەهۆی پێوەدانی مێشوولەکەوە – زۆرجار لەسەر دەموچاوی قوربانییەکە ڕوودەدات. پێدەچێت بۆ هەتا هەتایە پەڵەیەك بەجێبهێڵێت؛ ئەگەرنا وڵاتەکە سەرەڕای گەرمایەکی زۆر تەندروستە و جێگەی سەرنجە کە بە دەگمەن گوێت لە "ناڕەزایەتی" دانیشتوویەکی ئینگلیزی دەبێت سەبارەت بە کەشوهەوا. لە بەغدا ژیان لە هاویندا لە سایەی ژێرزەمینەکانەوە زیاتر گونجاوتر دەکرێت. سەرداب serdab، وەك خوێنەر پێشتر لەوانەیە بزانێت، ژێرزەمینێکە کە بەهۆی باکێشێکەوە هەواگۆڕکێی بۆ دەکرێت کە بەناو خودی ماڵەکەدا دەڕوات و لەسەر سەقفەکە کۆتایی دێت لە جۆرێك لە سەرپێچی بەردکاریدا کە بەشێوەیەك دیزاینکراوە تا شەماڵی باکوور بیگرێتەوە. کاتێك وەك ژووری میوان ڕێکدەخرێت، تاقمێ قەنەفەی ڕێکوپێکی تێدا دادەنرێت، ئیدی شوێنێکی فێنك و گونجاوە بۆ حەسانەوە و پشودان. کاتێك ئینگلیزێك ئارەزووی ئەوە دەکات لە زێدی خۆیەوە گەشت بکات بۆ بەغدا، ئەوا مافی هەڵبژاردنی چەند ڕێگایەکی هەیە. ڕێگای ئاسایی، هەرچەندە خولگەییەکی سەرسوڕهێنەرە، بەڵام لە ڕێگەی بۆمبای و کەنداوی فارس و بەسرەوە و بە بەلەم بەرەو دیجلە دەیبات. نزیکەی یەك مانگ دەخایەنێت و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی نایەتەڕێ. بەڵام دەکرێت هێڵێکی ڕاستەوخۆتر لە ڕێگەی وشکانییەوە

پەیڕەو بکرێت، بە چوون لە بەندەرێکی کەنارەکانی سوریاوە بۆ حەلەب و دواتر بە ئۆتۆمبێل بەرەو بەغدا، کە کەم تا زۆر بە درێژایی فوراتە؛ بەڵام نارەحەتی نائاسایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بۆ چەند ڕۆژێك لەسەر یەك بەناو بیابانەکاندا ڕێگری دەکات لەوەی ئەم شێوازە زۆر بەناوبانگ بێت. ڕێگای کاروانەکان لە دیمەشقەوە بە دەگمەن لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بەکاردەهێنرا، چونکە گەشتکردن بەناو بیاباندا یەکێکە لە سەختترین جۆرەکانی گەشتکردن بە وشتر بە ڕێگایەکی نیمچە وشکان و بێ ئاودا. تاکە سەرنجڕاکێشییەکەی چێژوەرگرتنە لە تێپەڕبوون بەناو شارە وێرانەکەی تەدمورا. هێشتا دوو ڕێگای دیکە ماوە بۆ گەیشتن بە پایتەختی عێراق، یەکێکیان بە دەگمەن پێیدا دەڕۆن، ئەوی دیکەیان بە دەگمەن لەلایەن فەرەنگییەوە پێیدا تێپەڕدەبن: یەکەمیان ڕێگای ڕووبارەکەیە لە موسڵەوە، لەوێوە ڕێبوارە سەرگەردانەکە بە کەڵەکێکەوە بەرەو دیجلە دەڕوات. پێستی هەڵئاوساو، ئازابوون لە مەترسییەکانی کەشتی نوقمبوون یان کونبوون بە گوللەی عەرەبێك، ڕێگاکەی تر لە کرمانشاوە، کە لە بەشی داهاتوودا باسیدەکەم.

## بەشی دەیەم

# چوونە ناو کوردستان

شوێنی مەبەستمان لە کاتی جێهێشتنی بەغداد، شارۆچکە بچووکەکەی قەسری شیرینی پێرشا بوو، لەو کاتەدا کۆمیسیۆن لەم نێوەندەدا لە مەندەلییەوە سنوورەکەی بردبووە پێشەوە. نزیکەی 100 میل لە بەغداوە دوورە، بەشێکی زۆری – تا ئەو شوێنەی خانەقین – دەتوانرێت بگوازرێتەوە؛ لەودیو ئەو خاڵەوە، ئۆتۆمبێلی پێچکەدار هەندێك جار دەڕۆن، بەڵام بیرۆکەیەکی باش نییە کە لە یەکێکیاندا بیت. پۆستی تورکی هەفتەی دوو جار بەرەو خانەقین دەڕوات و کاپتن دایەر Captain Dyer بدۆزەرەوە چونکە بەوە دەگەڕێتەوە، کە خەریکی ڕێکخستنی کۆتایی بوو بۆ گواستنەوەی لیژنەکە، منیش وەك سەرنشینێك پەیوەندیم پێوە کرد. ئەو پۆستەی کە باسی لێوە دەکرێت لە جۆرەها کۆششی ناوخۆیی پێکهاتووە، سەقفدارە، بەڵام لە هەر چوار لاوە کراوەتەوە، لەلایەن تیمێکی چوار ولاخەوە ڕادەکێشرێ کە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و لەناو تەنەکەدا داپۆشراوە– ئەوەش ئەو تایبەتمەندییەیە کە لە نێو خەڵکی ئینگلیزدا لە بەغدا ناوی – پاسی تەنەکەی – لێنراوە. دوای ئەوەی ناوەوەی "پاسەکەمان" پڕکرد لە

کەلوپەل، ئیدی خۆمان لە سەرەوە ڕێکخست و خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیست و چوار کاتژمێری لێخوڕین. ئەو مەیدانە گەورەیەی کە لێیەوە دەستمانپێکرد، ئەو شوێنە بوو، کە کاروانەکانی بەرەو پێرشا تێیدا کۆدەبوونەوە و باریاندەکردن و بەشێکی زۆری بە بالە و سندوق داپۆشرابوو کە چاوەڕێی گواستنەوە بوون. ئەمانە کەڵەکەبوونی شەش هەفتەی ڕابردوو بوون، لەو ماوەیەدا ڕێگاکە "راگیرابوو " – دۆخێکی زۆر باوی کاروبارەکان – لەلایەن هۆزە نائارامەکانی ئەودیوی سنوورەکانەوە. بێگومان هەموو کاڵاکان خەریك بوو خراپ دەبوون و قازانجی بازرگانەکان بەبا دەچوون، بەڵام هیچ شتێك نەبوو جگە لە چاوەڕوانی، چونکە تاکە کاروانێك کە هەوڵی تێپەڕاندنی دابوو، ڕێی لـێ گیراوە و تاڵانکرابوو.

نیوەی شەو تێپەڕیبوو، مانگ تازە ئاوا بووبوو، کاتێك گەیشتینە باقوبە و بە بێزارییەوە بۆمان دەرکەوت کە بەو پێیەی پردی قەیاغەکە بۆ هاتوچۆی پێچکەکان زۆر ترسناك بوو، ناچاربووین لە کوفە بسووڕێینەوە و ڕووباری دیالە ببڕین. دوای ئەوەی چووینە سەر کەنارەکەی تر و میلێك لە تاریکییەکی تەواودا ڕۆیشتین، لە کاتێکدا کۆڵهەڵگرە بەدبەختەکان لە ژێر بارەکانیاندا لە پشتمانەوە دەلەرزین، عارەبانەیەکی دیکەمان بینی کە چاوەڕێیاندەکرد، کە کۆپییەکی وردی یەکەم بوو.

ئەمجارەیان پۆستەچی و شەش کیسە پۆستەکەمان لەناوەوە بوو، بۆیە چیتر نەدەکرا خۆمان "بڵاو بکەینەوە" و ناچاربووین کورسییە دارە تەسکەکان لەگەڵ هاورێ نوێیە بۆن ناخۆشەکەماندا هاوبەشبکەین. کاتژمێر لە دوای کاتژمێر ڕایدەژەنین و دەلەرزین و بەسەر دەشتە بێکۆتاکەدا دەجووڵاینەوە، بەسەر کەناراوەکاندا و بەناو چەمەکاندا، لەگەڵ "پاسە" کۆنەکەدا کە وەك کەشتییەك لە زریانێکدا دەلەرزی و دەیقیژاند. ئیدی خۆر هەڵهات و لەگەڵ زیادبوونی هێزی تیشکەکەی، گالیسکە تەنەکەکەی ئێمەی کرد بە فڕنێکی ڕاستەقینە. ئەوە تەواوترین گەشتی گوناح سڕینەوە بوو کە تا ئێستا ئەزموونم کردبێت. دیمەنەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، جگە لە حاجییەکان، باڵندە هەنگخۆرەکان تاکە بوونەوەری زیندوو بوون کە ڕێگاکەیان ئاوەداندەکردەوە. چۆن بە سنگی زەمروت و باڵە مسییەکانیانەوە لە کاتی تێپەڕینماندا لە وایەرەکانی تەلەگرافەکەوە دەکەوتنە خوارەوە، بەرەکەتی بەو بوونەوەرە بچووکانە بەخشی و زەویەکەی ڕازاندەوە کە لانیکەم بڕێك جوانیمان پێدەبەخشێت! مرۆڤ هەرگیز بێزار نابێت لە سەیرکردنی ئەوان کە لە هەوادا دەفڕن، هەروەك چۆن پەپوولە گەورە گەورەکان، پاشان لەناکاو "دادەبەزنە" سەر زەوی، بە جەستەی ڕەنگین و باریك و کلکەکانیان کە لە شێوەی پانکەدان و وەك فرۆکە ڕەقن.

لە گوندی قزلڕەبات وەستاین بۆ گۆڕینی ولاخەکان، بەڵام هەموو ئەندامەکانی لەشمان تەواو شەکەت و بێ وزە بووبوو، لە حەوشەی میوانخانەکەدا پاڵکەوتبووین بۆ پشوودان. پاشان جارێکی دی جیڕە و گرمەگرممان دەستپێکردەوە. لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژەکەدا، شاخەکان ئەو دیمەنە ناڕاستەقینەیەیان لەدەستدا کە مەودا و تەم پێی بەخشیبوون و بوونە هێڵێکی زەق بەسەر ئاسۆوە. ئیدی بەرەو ئێوارە، دەشتە بێکۆتاکە گۆڕا و بوو بە شەپۆلێکی گردە نزمەکان، کە لەودیوەوە چاومان بە خانەقین کەوت. بەناو شارەکەدا ڕووبارێکی خێرا دەڕوات، کە پێی دەوترێ (ئەلوەند)، بە پردێکی نائاسایی بەردرێژی ورددا پەڕینەوە، (ئەگەر چیرۆکی شۆفێرەکەمان ڕاستبێت) دیارییەك لەلایەن خانمێکی فارسی خواپەرستەوە کە بناغە خێرخوازیەکەی ئەم شێوازە پراکتیکییەی گرتەبەر بۆ یارمەتیدانی زیارەتکاران. لە ماڵی قایمقامدا هاوکارە تورکەکانمان دۆزیەوە (کە هەمیشە حەزێکی تەواو سروشتییان بۆ نیشتەجێبوون لە دیوی خۆیان لە سنوورەکەدا نیشاندابوو)، دوای نانخواردن لەگەڵیان، ئەندامانی ماندوومان بۆ کاروانسەراکە بەکێشکرد.

لەوێ، لەسەربانەکەی ڕاکشاین، تا بۆمان بکرێت دووربین لە هاوخانە چڵێسەکانی دی و خەوێکی باشمان کرد.

بەیانی داهاتوو: ئەسپەکانیان بۆ هێنایین، بیست میل بەناو دیمەنێکی گردە نزمەکاندا سوار بووین بۆ قەسری شیرین، کە لایەنە نارێکەکانی پاشبنەمایەکی دیمەنێکی تاریکیان پێکهێنابوو لە قەلا نیوە وێرانەکان، کە تەواو لە باکووری ئیتالیا دەچوو.

قەسری شیرین شوێنی حەوانەوەی نیوەی رێگاکەمان بوو. تەنانەت لێرەشدا بەسەر دەشتەکاندا گەشتماندەکرد، دیجلە لە ماوەی چەند رۆژێکدا بووبووە هاوپەیمانی متمانەپێکراومان؛ بەڵام لێرەوە شاخەکان چاوەڕێمان دەکەن و پەیوەندییەکانمان سەخت و ناجێگیر دەبن تا دەگەینە سنووری رووسیا.

لەئەنجامدا هەموو ئامێرە یەدەگەکانمان لە مانگی شوباتدا پێشوەختە لە موحەممەرەوە رەوانەی قەسر کران، کە لە کاتی گەیشتنماندا لەوێ دۆزیمانەوە و کاتێکی سەرقاڵیمان بەسەربرد لە دووبارە سازکردنەوە و دووبارە پێچانەوەیدا. چادرە بچووکەکان جێگەی چادرە گەورەکانیان گرتەوە، جل و بەرگی گەرم کە لە بنی پێچراوەکاندا لە بەرامبەر سەرمای بەرزاییەکاندا شاردراوەتەوە، ئەسپەکان نالکران، پێچراوەکان ئاسان کران، سەد و یەك ئامادەکاری دیکەش بۆ شێوازی نوێی ژیانمان کرا.

له بارەی سووککردنی بارەکانمانەوە، خەڵکی ناوچەکە چالاکانە دەستێکی یارمەتیان بۆ درێژکردین. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە وا گریمانە دەکەین، لە کاتی جێهێشتنی وڵاتی عەشیرەتی بەنی لام، بارودۆخە خراپەکان کۆتایی هاتووە؛ بەڵام زۆری نەخایاند ئەوە ڕوونبووەوە کە گۆڕانکارییەکە تەنیا بازدانێکە لە خراپەوە بۆ خراپتر. سەرەڕای دوو پاسەوان و هەموو خۆپارێزییەکی دیکە لە دزەکان، خەڵکی قەسر ئەسپەکانیان دزین؛ کۆکراوە و کەشکۆڵی سروشتناسە ڕووسیەکەیان دزی (پیاوە هەژارەکە!)؛ تەنانەت جێگەی نوستنەکەی حاجی ساحیبیان دزیوە. ئەمەی دووەمیان لە خاڵی وەرچەرخان دەچێت، بەڵام با بارودۆخی دۆسیەکە ڕوونبکەمەوە. حاجی ساحیب، سەرۆکی ڕووپێوکارە هیندیەکان، پیاوێکی بەرێز بوو لە ڕەهەندە شکۆدارەکاندا، تەرازووەکانی لە شوێنێکدا لە ناوچەی هەژدە بەردا دەجووڵاند. شەوێك بە ئاگادێتەوە شتێك کە لە ژێرەوەیدا دەجووڵێت، لە خەو هەڵسا و لە کاتی خۆیدا کۆنترۆڵی تەواوی هەستەکانی وەرگرتەوە تا دوا بەتانیەکەی ببینێت کە لە دەرگای چادرەکەوە دەکێشرێتە دەرەوە. ڕاخەری جێگاکەشیان لە ژێرەوە دزیبوو!

قەسری شیرین خۆی شارێکی تابلۆیی جوانە کە بە بناری گردێکی زۆر لێژەوە چەسپیوە. لوتکەیەك کە تاجی سەری وێرانەیەکی گەورەی لەسەرە و لە ڕێگەی



خان له قزلّڕەبات



قەسری شیرین

دیواره درزاوییەکانییەوە پارچە پارچەی ئاسمانی پیشاندەدات. شەقامی سەرەکیش بازاڕە، بە بەردی قەبارە گوێزی هێندی بەردڕێژ کراوە و ڕاستەوخۆ بەسەر بناری گردەکەدا سەردەکەوێت، بەدەوری بنکەکەی ئەڵوەندا بەخێرایی دەسوڕێتەوە، کە ئاوی باخەکانی هەنجیر و هەنار دەدات. کێڵگەی گەنمەشامی و دەشتودەری سەوز، لەگەڵ لێرە و لەوێ پەڵەیەك خەشخاشی سەر وەنەوشەیی. ڕووبارەکە لە لایەن ئەم شریتە ڕووەکییەوە لە هەر کەنارێکدا، وەك دەمارێکی مەلەکایت " بەردی گۆڕانکاری" بەناو دیمەنی گردە سوور و قاوەییەکاندا دەڕوات، کە درێژدەبنەوە بۆ شاخە گەورەکانی ئەودیو.

لێرە لە سەردەمی ساسانەکاندا شارێکی گەورە هەبووە و وێرانەکانیشی فراوانیەکی گەورە لە باکووری شارۆچکە هاوچەرخەکەدا دەگرێتەوە. زۆر شت بەسەر زەویەوە نەماوە، بەڵام دوو بینای سەرنجڕاکێش هێشتا سەرپێچی لە هەڵبژاردنە تێکدەرەکانی خەڵکی ناوچەکە دەکەن، کە ئەم شوێنەوارانەی گەورەترین سەردەمی وڵاتەکەیان وەك کانە بەردەکان زیاتر نابینن کە لێیەوە بەرد بۆ کوخە پیسەکانی خۆیانی لـێ هەڵدەکەنن. یەکێك لەم شوێنەوارانە ئەو جۆگەیە یان ئاوبارەیەیە کە لە خاڵێکەوە لەسەر ڕووباری ئەڵوەندەوە چەند میلێك بەرزتر بووە، ئاوەکەی هێناوەتە ناو شارۆچکەکە و بینایەکی دیکەش بینایەکی گەورەیە کە دەوترێت شوێنی تەختی

پاشاکانی ساسانییه. پلانی زەوییەکەی چوارگۆشەیە و هەر لایەکی بە کەوانەیەکی بەرزەوە کون کراوە – هێمایەك کە پاشا لە هەر چوار گۆشەی دەسەڵاتەکانییەوە لێیەوە دەستی گەیشتووە بە داواکاران یان تکاکاران. دیوارەکان لە بەردی گەورەی نەبڕاوە دروستکراون کە لەناو ڕەقترین قوڕ و قسڵدا دانراون (ناوەوەی کەوانەکان بە خشت هێڵکاری کراوە) و ڕازێنراونەتەوە بۆ ئەوەی بنەمایەك بۆ ئەو قوبە گەورەیە دابینبکەن کە ڕۆژێك بڕیار بوو دایانپۆشێت. من پێم سەیرە چی دیمەنێك لەو هۆڵە فراوانەدا نمایشکرا کاتێك شاژنە "شیرین"، جوانترین خانمی هاوبەشی تەختی فارس، سەردانی ئەو شارەی کرد کە تا ئێستاش بە ناوی ئەوەوە ناو دەبرێت!

کاری سنوورەکان لەم قۆناغەدا ئاڵۆزترین کار بوو کە لیژنەکە هێشتا مامەڵەی لەگەڵدا نەکردبوو. هێڵی دامێنی گردەکان، کە زۆر لە مێژە ڕێبەرمان بوو، وازی هێنا و هێشتا مەودایەکی دوور لە پێشمان بوو پێش ئەوەی سنوورەکە بگاتە بەشە ئاوی زنجیرە سەرەکییەکە، کە بە چەند لادانێك بە درێژایی ڕێگاکە تا ئارارات هەڵیدەگرت. دابەشبوونەکە لە ناوچەیەکی دابڕاو پێکهاتبوو کە سیستمێکی ڕووباری ڕوون و دیاریکراوی نەبوو، هەروەها چەندین ناوچەی کشتوکاڵی پەرش و بڵاوی لەخۆگرتبوو، کە دەبوو سنوورەکە بە وردی لە نێوانیاندا بکێشرێت. هەروەها پێرشا لەم خاڵەدا بەشێکی بەرچاوی خاکی خۆی بە تورکیا دابوو، لەوانەش شوێنی کێڵگە

نەوتییەکانی چیای سورخ کە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ- فارسییەوە قۆرخ دەکرا، کە بێگومان ڕێکخستنی تایبەتی بۆ کرابوو. بەهۆی ناتەبایی نەخشە و هۆکاری هاوشێوە، ئەرکی کۆمیسیۆن بۆ سنووردارکردنی ئەو هێڵە کە لە قوستەنتینیە دانرابوو، هەمیشە نەدەکرا کاتێك گەیشتینە شوێنەکە. بۆ نموونە لە شوێنێکدا ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی ئەوە بووینەوە کە سنوورەکان بە درێژایی سنوورەکە بڕۆن دوو لوتکەی گرد لە ژیانی ڕاستەقینەدا دۆزرایەوە کە هاوتەریبن لەگەڵ یەکتر، نهێنیەکی سەرسوڕهێنەر کە تەنانەت هۆشیارترین ئەندازەکارەکانیش بەزەحمەت چارەسەری دەکەن. بەڵام لە کۆتاییدا سەختییە کوتوپڕەکانمان یەکلایی بووەوە و دەستمانپێکرد.

سێ میل لە قەسرەوە دوور، لەو شوێنەی کە ڕێگاکە دابڕاوە بۆ ناو کەناڵێکی کۆنی ئاو، هەشت سیسارکە کەچەڵەی قێزەون بەڕیز لەسەر دیواری شوورا داڕماوەکە هەڵنیشتبوون و چاویان لەسەر لاشەی ئەسپێکی مردووە کە لە کەناری ڕێگاکە لە خوارەوە کەوتووە.

بەناو ئەو دیمەنە دڵتەنگەی وێرانەی ئیمپراتۆرێکدا تێپەڕین، هەر کە ڕێگای سەرەکی کرمانشامان بڕی، ئیدی گەشتینە شوێنێ پێیان دەووت تانگی حەمام،

گەڕاوی حەمام کە کانیاوی گەرمی گۆکردی لێ هەڵدەقوڵا. گردەکان لە هەموو شوێنێك بێ درەخت و بێ دار بوون و گیانلەبەرانی قەزاکە، ئەگەر بەو نمونانەی کە بینیمان حوکم بدەین، بەقەد شوێنی نیشتەجێبوونیان جوان نەبوون. کاتێ کەمتیارێك بە خلیسکانەوە بەسەر گردەکەی نزیك ئێمەدا ون بوو، دواتر ڕووبەڕووی دوو گیانداری خشۆکی ترسناك بووینەوە، کە لەوانەیە ichthyosauri ئیختیۆساوری گەنجەکان بن - بوونەوەرە ژەهراویە توێکڵدارەکانی کە درێژیان نزیکەی پێ و نیوێکە. دواتر لە ڕۆژەکەدا دیمەنێکی سەیر دەرکەوت. دیواری بێکۆتایی، لە وێرانە بەڵام بە ڕوونی شوێن پێی هەڵدەگیرێت، بە هێڵێکی ڕاست بەسەر دیمەنەکەدا دەڕۆشت. لە هەر شوێنێکدا بپەڕینایەتەوە وەك بارستەیەکی وردبووی بەردی گەورە دەردەکەوت، کە لە ڕێگەیانەوە بۆشاییەك بۆ ڕێڕەوەکە دروستکرابوو. لە ماوەی چەند ڕێپێوانی داهاتوودا چەندین جاری دیکە چاومان پێی کەوتەوە و دواتر زانیم کە دەوترێت دیوارەکە سەد میل یان زیاتر درێژ دەبێتەوە. فارسەکان وەك زۆربەی شوێنەوارە کۆنەکان دەیگەڕێننەوە بۆ فەرەیدونی ئەفسانەیی و گومانم هەیە کە ئایا لە ڕاستیدا هیچ شتێك لەبارەی مێژووەکەیەوە بزانرێت یان نا. بەڵام ڕەنگە مرۆڤ بە دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە بکات کە ئەوە نیشانەیەکی سنووری هەندێك ئیمپراتۆریەتی ڕابردوو بووە کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هاوکات بووە لەگەڵ

ئەو سنووورە نوێیانەی کە ئێمە دامانده‌نا؛ من حەزمدەکرد پیرۆزبایی لە خۆم بکەم، لەکاتی سەیریکردنی تاوێرە بەردەکاندا، چونکە من ئەندامی ئەو لیژنەی سنووورە نەبووم.

ئۆردوگاکەمان ئەو ئێوارەیە لە لێواری شوێنێکدا کە لە نالّی ئەسپێك دەچوو کە ڕووی لە دەشتی زەهاو بوو. دەشتە درێژ و ئاودارەکە کە بە سێبەری هەورەکان پەڵە پەڵە بووبوو، هەروەها بە گردەکان دەورە دراوە و شاخەکان چین بە چین لە پشتیانەوە بەرز دەبوونەوە، دیمەنێکی جوان بوو. بەڵام بەڵای ئاژاوەگێڕی دەکەوێتە سەر زەهاو، وەك لە بەشێکی زۆری پێرشادا، خاکی کشتوکاڵی نەکێڵراو جگە لە گژوگیای کێوی و درشتی درێژ هیچی تر بەدەستناهێنێت، تەنیا چەند پارچەیەکی هەژاری گەنمەشامی نەبێت کە لەلایەن خەڵکی خێڵەکانەوە دەچێنرێن.

ساڵانێکی زۆر نەبوو شارۆچکەیەکی گەشەسەندوو بە هەمان ناوی دەشتەکەوە لە نزیك لێواری ڕۆژهەڵاتیدا هەبوو، بەڵام ئێستا بە تەواوی وێرانە. ناوچەی دەوروبەری شوێنی نیشتەجێبوونی تیرەی گۆرانە، کە هۆزێکی گرنگی کوردییە و لەم ساڵانەی دواییدا لەم ناوچەیەدا سەریهەڵداوە؛ لەنزیك زەهاو، لەسەر شاخێك بە ناوی دەلاهو، "شوێنی پیرۆز"ی زەردەشت، مەزارگەی عەلی ئیلاهیەکانە، کە ئەم هۆزە پابەندە

پێوەی. عەلی ئیلاهیەکان شوێنکەوتووی ئایینێکی زۆر سەرنجڕاکێشن کە کەمێك لەبارەیەوە دەزانرێت. هەرچەندە توخمەکانی ئاگرپەرستنی هەیە؛ بەڵام سۆن[1] Soane دەڵێت "هیچ گەرەنتییەك نییە کە زەردەشتی ئایینێکی ڕەسەن بووبێت، هەرچەندە شوێنەواری بەهێزی هەیە": ئەو پێی وایە زیاتر کۆمەڵێك داب و نەریتی چەند سیستمێکی ئایینی جیاوازە کە ناوەکییەك لە ڕێوڕەسمی نهێنی لەخۆدەگرێت کە خۆیان عەبایەکی دیاریکراویان لەبەرکردووە. ڕێوڕەسمی ئۆرتۆدۆکس بۆ ئەوەی لە گۆشەگیری دووربکەونەوە. سێر هێنری ڕاولینسۆن، Sir Henry Rawlinson کاتێك کونسوڵ بوو لە بەغدا لە ساڵانی 1930، سەردانی زەهاوی کرد و ئەوەی لەبارەی هەندێك بابەتەوە فێری بووە، تۆماریکرد.

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی عەلی ئیلاهیەکان. دەڵێت باوەڕیان بە دەرکەوتنەکانی خودا هەیە کە لە شێوەی هەزار و یەك کەس لە تەمەنی جیاوازدا جەستەیان کردووە، گرنگترینیان بریتین لە بنیامین، موسا، ئەلیاس، داود، عیسای مەسیح و عەلی، وەك ناوەکەیان دەردەکەوێت. ڕاولینسۆن Rawlinson لەسەر بەڵگەی لاواز کە بەڕواڵەت، ئەوانی لەگەڵ هۆزە ونبووەکاندا ناساند. لە لایەکی

---


[1] نووسەری کتێبی " گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی ناددیاردا."

ترەوە سۆن بە گێڕانەوەی نووسەرانی فارس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان بە ڕەچەڵەك موسڵمان بوون و بۆ یەکەم جار لە ژیانی عەلیدا دەرکەوتوون. عەلی خۆی ڕێوشوێنی توندی لەگەڵ شوێنکەوتووانی داهاتووی گرتەبەر و کۆیکردنەوە و لە چاڵێکدا ئاگری تێبەردان. بەهەرحاڵ ستەمکاری، وەك زۆرجار ڕوودەدات، تەنیا بۆ بەهێزکردنی چەوساندنەوە بووە و تاکە وەڵامی زاهیدە بەدبەختەکانیش بۆ عەلی کاتێك مەشخەڵی ئاگر کەوتە سەر سەریان ئەوە بوو: "ئێستا دڵنیاین کە تۆ خودایت، چونکە پێغەمبەر وتوویەتی: جگە لە خودا کەس بە ئاگر ئەشکەنجە نادات."


لە پشت دەشتی زەهاوەوە دەشتی دوانەی سەرقەڵا هەیە کە بە ملێکی تەسك یان گەرییەکەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بۆیە ئەو دووانەیە پێکەوە زۆر لە شێوەی کاتژمێری لم دەچوون. ڕۆژی دواتر گردەکان بە هەور داپۆشران و شەپۆلێکی هەڵم بەسەر دەشتەکەدا دەسوڕایەوە و پرپاندەکرد لە گەمەیەکی خۆشی ڕووناکی و سێبەر. گیاکە کە لە قووڵایی دەوریدا بوو، بە گوڵی گەنمەشامی و کۆمەڵێك گوڵە هێرۆی کێوی- یان هەندێك گوڵی نزیکەی هاوشێوەی- دڵخۆش بوو، گەڵاکانی لە پێکهاتەی ورد و لوولی کرێپی چینی و سێبەری جۆراوجۆری سوور و بنەوشەیی و پەمەیی بوون. ووردە گیای ئاوریشمی لەسەر بناری گردەکان کە لە تیشکی

سەرەتایی خۆردا شەپۆلیان دەدا، جوانی دیمەنەکەی زیاتر دەکرد و سروشت لە هەموو شوێنێکدا پێدەچوو هەموو هەوڵێکی خۆی بدات بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕێپێوانە خەمناکەکانی بیابانەکانی چەند مانگی ڕابردوومان.

لەگەڵ تێپەڕین بە گەریدا، چووینە سەر دەشتی سەرقەڵا، کە سەلماندی لە زەهاو زیاتر کشتوکاڵی تێدا کراوە، بۆیە چەند کاتژمێرێك بەناو گەنمەشامی پێگەیشتوودا بەسواری تێپەڕین، پێش ئەوەی بگەینە شوێنی هەوارگەکەمان، لە ژێر سێبەری شاخی بەموی سەختدا. "سەخت" بەڕاستی تاکە زاراوەیە کە گوزارشت لە بوێری نزیکەی هەڕەشەئامێزی هێڵکارییەکانی ئەم بارستە شاخە جوانە دەکات، کە 1000 پێ لە لێژبوونەوەی هەزار بەهەزار بە درێژایی سێ بەشی سەرەوەی تەواوی ڕووی ڕۆژهەڵاتیدا دەڕوات. شوێنەکە بەناوبانگە وەك شوێنێکی باش بۆ ڕاوکردنی بەور یان پڵنگەکان، ڕاوچییەکانیشمان بە تفەنگەوە بەدوایاندا گەڕان؛ بەڵام تاکە یاری گەورە کە تووشی بووین ورچێکی پیری زانخواز بوو، کە شەوێکی تاریك لە نزیك خێوەتگەکەمانەوە بە بۆنکردنەوە هات، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر تاریك بوو بۆیە نەمانتوانی بەدوایدا بچێتە دەرەوە. هەرچەندە چێژمان لە وەرزشێکی سادە دەبینی، بەداخەوە، ئێمە بەمەرجێ باشترین ڕاوچیمان ئامادەکردووە کە ساڵانێکە دەوروبەرەکە بینیبێتی.



دەشتی زەهاو



بەمۆ

چادرەکانمان بە ناژیرانە سەد مەتر لە هەوارگەی کوردەکانەوە لە زەوییەکدا هەڵدرابوون کە ماوەیەکی زۆر نەبوو بۆ لەوەڕگەی هاوینە جێهێڵرابوو. بەڵام هەرچەندە دانیشتوانی مرۆڤ نەمابوون، بەڵام لەدوای خۆیان لەشکرێك لە هاوڕێ چالاکەکانیان بەجێهێشتبوو، کە بە ژمارەیەکی زۆر بازیاندا بۆ ناو خێوەتگەکەمان و بۆنی نێچیرێکی تازەیان دەکرد و بە شێوەیەکی شاهانە ئاهەنگیان لەسەر ئەو خواردنە نامۆ و سەیرانە دەگێڕا کە لەوێ دۆزیبوویانەوە. ژیانی ئەو ئۆردوگایە کۆتایی بوو! هیچ نووسەرێك لەسەر کوردستان، بە ئەزموونی من، تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ لێدوانێك لەسەر ژمارە و خۆبەخشی مێشوولە ناوخۆییەکان بدات؛ تەنانەت میستەر سۆن Mr Soane کە ستایشکەرێکی سەرسەختی هەموو شتە کوردیەکانە، ناچارە دان بەو تۆمەتەدا بنێت، هەرچەندە ئەو تۆمەتە لە دژی شوێنکەوتووانی بە پاراستنی ئەو تیۆرییە تا ڕادەیەك داهێنەرانەیە کە تەپوتۆزی وڵاتەکە خۆکارانە ئافاتەکان بڵاودەکاتەوە. لە دوورییەکی کورت لەو شوێنەی کە لاماندابوو، گوندێك هەیە بە ناوی پوختە یان پوشتە Pouchteh. لە نزیکەوە بەردێکی نەخشداری سەرنجڕاکێش دەبینرێت، کە شەیلی Sheil شوێنەوارناس لەبارەیەوە دەڵێت: ڕەنگە کۆنترین تۆماری ناسراو بێت لە جۆری خۆیدا لە هەموو ئاسیادا. بە یاوەریی گوندنشینێك وەك ڕێبەرێك، چووین بۆ بینینی. دوای ئەوەی

سەرکەوتین بەسەر گردە بەرزەکەدا، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی ئامانجەکەمان ببینین، ترساین لەوەی کە ڕێبەرەکەمان ئێمەی بردبێتە سەر ڕاوکردنی قازی کێوی، واتە گەڕانێکی گەمژانە و نائومێدانە بەدوای شتێکدا یان بەدواداچوون بۆ شتێك کە بەدەست نەهێنرێت. ئیدی پیاوەکە وەستا و ئاماژەی بۆ سەرەوە کرد. وتی: ئەوەتا لە سەرەوە. "بەڵام لەکوێ؟" وەڵاممان دایەوە، چونکە جگە لە دیوارێکی سپی بەرد کە بەرزییەکەی نۆ یان دە پێ دەبوو، ئەوە نزیك بوو لە ڕاستەوە، هیچی تر دیار نەبوو. وتی: سەرکەونە سەر شانم. بۆیە ئێمەش سەرکەوتینە سەر شانەکانی و بە یارمەتی هەندێك درز و کەلەبەری ناو بەردەکە توانیمان خۆمان لەسەر لێوارێکی تەسك بەرزبکەینەوە کە دەیڕوانی بەسەر بەردەکەدا. بەدوای لێواری گۆشەکەدا ڕۆیشتین، لەوێش گەیشتینە بەردە هەڵکۆڵراوەکە. لە ڕووی بەردەکەوە بڕدرابوو، یەك یان دوو پێ لە ئاستی ڕیزبەندییەکە بەرزتر بوو– کە بە دەگمەن پانیەکەی هەژدە ئینج بوو– بەم جۆرە لە هەر ڕوانگەیەکی دیکەوە جگە لە دیدگای خۆمان تەواو شاراوە بوو؛ لە ڕاستیدا هەر کەسێك نهێنی شوێنی وردی نەزانیبێت، ڕەنگە بە درێژایی ژیانی بێهودە بەدوایدا گەڕابێت. زەحمەتە بتوانین بیهێنینە بەرچاوت کە چ ڕەچاوکردنێك وایکردووە پەیکەرتاش ئەم شوێنە شاراوە و دوورەدەستە هەڵبژێرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە پاراستنی ( لە دۆخێکی

نایابدایه) تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی هەڵبژاردنی ئەوەوەیە. هەڵکۆڵراوەکە، لە ئاستێکی بەرزدایە، ڕەنگە پێ و نیوێك چوارگۆشە بێت، پێدەچێت نوێنەرایەتی پاشایەك بکات کە بە تیروکەوانەوە چەکدارە، دیلێکی جەنگ لەبەردەمیدا بەچۆکا هاتووە و لێی دەپاڕێتەوە و لە پەراوێزیدا نووسراوێکی میخیی هەیە. بەداخەوە ناتوانرێت ئەوەندە دوور بکەویتەوە کە بتوانی وێنەیەکی بگریت. کوردەکانی ناوچەکە باسیان لەوە کرد کە پەیکەری گەورەتر لەو ناوەدا هەبوون، بەڵام نەمانتوانی بیاندۆزینەوە.


ئێستا ئێمە بە باشی چووینە ناو جەرگەی کوردستانەوە و زمانی فارسی و عەرەبی کە تا ئەو کاتە خزمەتیان بە پێداویستییە زمانەوانییەکانمان دەکرد، ئیدی بۆ ئێمە هیچ سوودێکی نەمابوو. هیچ کام لە ئێمە وشەیەکی کوردیمان نەدەزانی و تەنیا سێ شوێنکەوتوومان بەو زمانە قسەیان دەکرد، بۆیە کەم تا زۆر لە خەڵکی دابڕاوین. ڕەگ و ڕیشەی فارسی ڕۆڵێکی هێندە گەورە لە زمانەکەدا دەگێڕێت کە دواتر توانیمان ناوبەناو لە وەرچەرخانی تێبینییەکانی کوردێك تێبگەین، بەڵام سەرەتا تەنانەت ئەمەش نەدەکرا و خۆشبەختانە وەك کۆمەڵێك، ئەوەندە خۆبەخۆ و خۆبژێو بووین بۆ ئەوەی تارادەیەك سەربەخۆ بین لەو کەسانەی کە بە وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕین. دەوترێت زمانەکەیان شایەنی لێکۆڵینەوەیە و بە دڵنیاییەوە پێدەچێت

ئەمە لە کاتی حوکمدان لەسەر دەربڕینی هەندێك لە ناوی شوێنەکانیاندا وابێت. بەرامبەر بەمۆ شاخێکی زۆر سەخت هەیە کە ناوی Shevaldyr / شەروالدڕ، کە بۆ ئێمە بە مانای "پانتۆڵ دڕێنەر" لێکدرایەوە، لە کاتێکدا دراوسێیەکی بەردین بە ناونیشانی تاڕادەیەك هاوشێوەی "نینۆك شکێن" دڵخۆشە.

کاتێك سنوورەکە بە سەلامەتی گەیشتە لوتکەی بەمۆ، لیژنەکە ڕێپێوانێکی سێ ڕۆژەی بۆ سیروان دەستپێکرد. ڕووباری سیروان تەنیا ناوێکی دیکەیە بۆ ئاوەکانی سەرەوەی ڕووباری دیالە، ڕووبارێك کە دووجار لە ڕێگەی چوونە بەغدا و هاتنەوەماندا پێیدا پەڕینەوە. تایبەتمەندییەکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ زۆرێك لەو ڕووبارانەی کە پێیدا پەڕیونەتەوە. پیرە باوکی دیجلە ڕاوچییەکی دێرینە و لە دیوی پێرشا زنجیرە سنوورییەکان شوێنی زۆر دەگرێتەوە، بەم شێوەیە هێڵێکی سەرەوە کە بە توندی، نوێنەرایەتی خاڵی وەرچەرخان ناکات. ڕووبارەکانی وەك سیروان کە لە بناری ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، ڕەتیانکردووەتەوە خاکی زێدی خۆیان ئاودێری بکەن، بەڵام پێدەچێت بەدرێژایی زنجیرە چیاکان هەستیان بە ڕێگەی خۆیان کردبێت تا خاڵی لاوازیان دۆزییەوە و ڕێگەی خۆیان گرتەبەر. بەناو گەرووەکانی کۆتاییدا بەرەو ڕۆژئاوا دەڕژێن بۆ ئەوەی ئاوی ڕووبارە گەورەکە بەرزبکەنەوە.



کوردانی هەڵەبجە



گوندێک لەناوەندی کوردستان

ڕێگاکەمان بۆ سیروان سەرەتا بەسەر شانی بەمۆدا بردینی و بۆ ماوەی ڕۆژێك بە درێژایی لێوارەکانیدا ڕێمانکرد، کە لێرە و لەوێ بە کەمێ دار و دەوەن داپۆشرابوون – چەمێکیش لە سەرەوە دەهاتەخوارەوە – لە تەنیشت باخچەیەکی هەنار بە شکۆمەندی گوڵی سووری تەواوەوە. پاشان ڕێکردنێکی یەك ڕۆژە و شۆڕبوونەوە بۆ دۆڵی زیمکان و لە ڕۆژی سێیەمدا سەرکەوتنێکی سەخت بەسەر شانی شاخێکدا گەیاندینی بە دیمەنی تەواوی دەشتی شارەزوور. لە پێگە بەرزەکەمانەوە هەموو دەشتە گەورەکە دیار بوو، پڕ بوو لە گردێکی زۆر کە ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ڕۆژێك بە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان لەو ڕۆژە دوور و تاریکانەدا قەرەباڵغ بووە، کاتێك ڕەگەزێکی زۆر شارستانی شارەکانی خۆی دامەزراند کە ئێستا هەموو شتێك تێکچووە و وێرانەیە. زۆر لە خوارەوە، سیروان لە ژێر خۆردا بە پێچاوپێچ دەڕۆشت و دەدرەوشایەوە؛ لە باکووری ڕۆژئاوای دەشتەکە بێکۆتایی بەرەو شاری سلێمانی درێژدەبێتەوە. لە کاتێکدا لە باکووری ڕۆژهەڵات، لوتکەی سپی پۆشی هەورامان – کە ئامانجی ئێستامانە – تا ئەو شوێنەی چاو بڕبکات درێژبووەتەوە. ئێمە بە پێچاوپێچ بەسەر لێوارە بەرزەکەدا ڕۆیشتین، کە هێندە بەچڕی دارودەوەن گەشەیان کردبوو، تەنیا زەنگی زەگوڵەی وڵاخەکان کە بەرەو سەرەوە دەسوڕانەوە، یەکێك لە کاروانەکانی خوارەوەی ئاگادار دەکردەوە و گەیشتینە

کەناری ڕووبارەکە. لێرەدا کوردەکانی ئەو ناوە کە نەفەرەکانیان دەگواستەوە، پێیانوابوو ئێمە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایin، ڕێککەوتنێکیان ڕەتکردەوە کە ڕۆژی پێشوو بە ڕێژەی پێنج شیلین shilling بۆ هەر کەڵەکێك ئەنجامدرابوو، لەبری ئەوە داوای چوار pound پاوەنیان کرد. بەڵام بە بێزارییەکی زۆریان، دوای ئەوەی کاروانەکە بە وردی مامەڵەی لەگەڵ باری هێسترەکاندا کرد، توانی لە ڕووبارەکەدا بپەڕێتەوە و هەرچەندە ئاوەکە گەیشتە ئاستمان و چادرەکان تا ڕادەیەك تەڕ بوون، بەڵام بەبێ هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو پەڕینەوە. ڕۆژی دواتر بەرەو هەڵەبجە ڕۆیشتین، شارۆچکەیەکی بچووکی تورکیا کە کەوتۆتە ناوەندی پێچێکی دەشتەکەوە.

## بەشی یانزەیەم

# بەدرێژایی هەورامان

تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی هەڵەبجە، یان تا ئەم دواییانە خاتوو عادیلە بوو؛ عادیلە خانم، بۆ ئەوەی نازناوی ئاسایی خۆی پێ ببەخشرێت، لە لەدایکبوونەوە سەر بە بنەماڵەی وەزیرەکانی ئەردەڵان بووە، هۆزێکی کورد کە ئەگەرچی ئێستا زۆر کەمبووەتەوە، بەڵام چەند سەدەیەك لەمەوبەر سوڵتانییەتێکی پراکتیکی سەربەخۆ بووە و تا ئێستاش بەشێك لە شکۆمەندیە کۆنەکەی خۆی پاراستووە. هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە سەرکردەکانی عەشیرەتی جاف کرد کە بنکەکەیان لە هەڵەبجە بوو. حکوومەتی تورکیا بەگوێرەی خووی تەقلیدی خۆی کە پشتیوانی لە سەرۆکی ناوچە سنوورییەکان دەکات کە زۆر دەسەڵاتدار بوون، بۆ ئەوەی بە زۆر ناچار بکرێن، وەسمان پاشای هاوسەری وەك قایمقامی شارەزوور دەستنیشانکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری ساڵەکە لە ماڵەوە نەبێت، لە ئەنجامدا خاتوو عادیلە کە کەسێکی خاوەن توانا و کارەکتەرێکی بەکلاکەرەوە بوو، جێگەی خۆی لە ماڵەکەدا گرتەوە. ئەو نەك هەر کاروباری خۆی و هاوسەرەکەی بەڕێوەدەبرد، بەڵکو (ئەگەر مرۆڤ ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێنێت) هەڵەبجەی

"بەڕێوەدەبرد". زیندانێك و دادگایەكی یاسایی دروستكرد – كە وەك سەرۆك كاری تێدا كردووە – و بازاڕێكی گەورە دروستدەكات، لەگەڵ چەندین خانووی جوان، هەڵەبجە لەوەی كە بووە ڕزگاردەكات، كە لەوانەبوو تەنیا گوندێكی پیسوپۆخڵی كوردنشین بووایە.

لەو سەردەمەدا كە ئەم خانمە كارگێڕە لە لوتكەدا بوو، هەموو قەزای شارەزوور بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی عەشیرەتی جافدا بوو. بە هاوپەیمانی لەگەڵ عەشیرەتێكی بچووكتر و شەڕخوازتر بە ناوی هەمەوەند، هەموو ڕێگاكانیان كۆنترۆڵدەكرد و بەبێ مۆڵەتی ئەوان مەحاڵ بوو كاروانێك لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە تێپەڕێت بەبێ ئەوەی تاڵان نەكرێت. قوستەنتینیە بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی نەبوو، كاتێك هێڵی تەلەگراف/ بروسكەی حكومەت دانرا، خێڵەكان تەنیا پۆست و وایەرەكانیان بۆ بەكارهێنانی تایبەتی خۆیان تەرخاندەكرد بەبێ ئەوەی یەك وشە بڵێن. بەڵام لەگەڵ دەستووردا ڕێكوپێكییەكی نوێی شتەكان دامەزرا و كاتێك سەردانی شارەكەمان كرد بۆمان دەركەوت كە خزمەتگوزاری پۆستە و تەلەگرافی توركیا بە ڕێكوپێكییەكی جێی ستایشەوە كاردەكات. جگە لەوەش، بە نائومێدییەكی زۆرەوە، عادیلە خانم ناچاربوو خانەنشین بێت، چونكە چەند ساڵێك پێشتر هاوسەرەكەی كۆچی دوایی كردبوو. بەڵام ئەو كارەكتەرێكی هێندە سەرنجڕاكێشە و هەڵوێستەكەی ئەوەندە جیاوازە لەگەڵ چەمكی ئاسایی پێگەی ژنان لە وڵاتانی موسڵماناندا، كە ناتوانم لە

کتێبەکەی میستەر سۆنەوە وەسفێکی دیدارەکەی لەگەڵیدا لە ساڵی 1909 دا ئەهێنمەوە. میستەر سۆن وەك بازرگانێك لە شیرازەوە بۆ کوردستان سەفەری دەکرد و بەم شێوەیە باسی ڕووداوەکە دەکات:- " لەسەر شێوازی کوردستان ئەوە دیدارێکی تایبەتی بوو، بۆیە لە دوانزە خزمەتکار، سەرباز و پیاوە چەکدارەکان زیاترم نەبینی، کە لەبەر دەرگاکەدا وەستابوون. ژوورەکە درێژ و تەسك بوو، دوو دیواریان کونکراوە لەگەڵ هەشت دەرگای دووتاکی دەکرێتەوە بۆ سەر هەیوانەکە، دیوارەکانی تر سپیکاری کراوە و تاقی تێدایە، وەك ئەوەی لە هەموو خانووەکانی پێرشادا هەیە. ناو ژوورەکە بە فەرشی نایابی سنە فەرشڕێژکراوە و لە کۆتایی ئەو سەرەوە چەرپایەکی مسی زەردی گەورە و بەرز دانراوە لەگەڵ لێفەی پەڕ. لە پێش و لەبەرپێی ئەوەدا ڕاخەرێکی ئاوریشم ڕاخراوە و عادیلە خانم خۆی لەسەری دانیشتووە و جگەرە دەکێشێت. لە یەکەم نیگادا دەردەکەوێت کە لە بنەڕەتدا کوردێکی تەواوە. ڕووخساری باریکەلە و هێلکەیی، دەمی زۆر گەورە، چاوە ڕەشە بچووك و گەشەکان، لوتی باریك کەمێك وەك دەنوکی باز هەڵکەوتووە، نیشانەکانی لەسەر بوون و تەنکەڵەیی خۆی وەك سروشتی کورد بە جوانی پاراستووە، کە هەرگیز قەڵەو نابێت.

بێبەختانە، ئارەزووی بۆدرەکردن و بۆیەکردنی هەیە، بۆیە لێواری پێڵوی چاوەکانی ڕەشتر دیار بوو لە بەراوردێکی ناسروشتیدا بۆ ناوچەوانی سپی و کوڵمە ئاڵەکانی. سەرەڕای ئەو هەڵەیە هەموو هێڵەکانی سەر ڕووخساری شاراوە نەبوون، لە

چاوەکانەوە کە پێیدەڕوانێت، بۆ دەم و چەناگەی ڕەقەڵی. سەروبەستەکەی کوردانەی پێرشای بوو، سەروکڵاو نەخشێنرابوو بە لیرەی ئاڵتونی یەك لەسەر یەك دانراوە و بە سەرپۆشێکی ئاوریشمی یەزد و کاشان داپۆشراوە. لە هەر لایەکی ناوچەوانەوە زوڵفیکی ڕێکی نموونەیی لە لاجانەکانەوە بۆ ڕوومەتەکەی ئاوێزانە، لە خوار گوێچکەوە و بە پەردەیەك لە قژ شاراوەتەوە، کە بە شێوەزاری باشووری کوردستان پێیدەوترێ "ئەگریجە". قژەکەی دواوە هۆنرابووەوە و لەژێر سەرپۆشی ئاوریشمدا شاررابۆوە. هەموو جلوبەرگەکانی ئاوریشم بوو، لە کەوایەکی درێژی هاودامانەوە بۆ ئاوەڵکراسە دەڵبەکەی. قاچەکانی ڕووت بوون و خەنەی تێگیراوە و لەسەر قولەپێی و مەچەکی پاوانە و بازنی ئاڵتونی کاری پێرشای تێکرابوون. دەستەکانیشی حەڤدە ئەنگوستیلەی تێدابوو. بە سەنگینی خشڵڕێزکراوە و لەسەر گەردنیشی ملوانکەیەکی مرواری گەورە، ناوبەناو ماسیە ئاڵتونەکان کە کوردی پێرشا و زۆر لە فارسەکان خۆشیان دەست لە خشڵی وا هەڵناگرن.

ژنێك باوەشێنی دەکرد، لەکاتێکدا یەکێکی دی جگەرەی بۆ ئامادەکردووە و کارەکەرێکیش بە شەربەت و گوڵاوەوە وەستاوە. کاتێ چوومە ژوورەوە، عادیلە خانم زەردەخەنەیەکی کرد و هێمای بۆ کردم کە لە تەنیشت ئەوەوە لەسەر دۆشەکەکە دابنیشم و بەخێرهاتنێکی کۆنی کوردانەی کردم.

"وەخێر هاتن، وەبانی چاو، ئەحواڵەکیتان خاسە شەڵڵا."

Wa khairhatin, wa ban i cho, ahwalakitan khassa sha

ەخێربێن، بەسەرچاو، ئەحواڵەکەتان باشە ئینشائەڵلا.)

ڕەکەرە تەرپۆشەکان لە بەرگی ئاڵوواڵا و سەروپێچی لاردا، لە دەوری ڕاوەستاون،
ن جگەرە دەگێڕن، یان باوەشێنی عادیلە خانم دەکەن– بۆ ژوورەکەش لە ڕۆژانی
ڕمدا– یان مەقەست و شریت بۆ قوماشی ئاوریشم دەهێنن کە ئەو تاوتوێیدەکات.
ولەکەیەکی بازاڕ شتومەکەکانی پێشان دەدات، داخوازیەکی زۆر لە هەموو جۆرە
شتێك هەڵدەگرن، لەبەردەمیدا دایدەنێن، تێبینیەکان لەسەر پارچە کاغەزێك بە
مانی عیبری دەنووسێت.

ارەکەرەکان ئامۆژگاریکران، هەڵسەنگێنن و جلوبەرگ و شتی پێویست بۆ خۆیان
ەڵبژێرن، کە عادیلە خانم، یان بەخێرایی ڕەتیدەکاتەوە، یان جارجارە خەڵاتیان
ەکات، چونکە زۆر بە جوانی مامەڵەیان دەکات.

مادەبووان لەبارەی ئەوەی ڕوودەدات سەرنج دەردەبڕن، زۆر جاریش گاڵتە لەگەڵ
ادیلە خانم دەکەن لەبارەی ئەو شتانەی کڕیویەتی، کاتێ ئەویش خێرا بە کوردی
، باشترین گاڵتەوگەپ بەرپەرچیان دەداتەوە، هەر هەموو دەستدەکەن بە پێکەنین
ە زۆر دەگمەن دژی ئەو بوو."

هەرچەندە پێگەی خاتوو عادیلە ڕەنگە بەهۆی تێکەڵبوونی خۆشی پلە .و کارەکتەری ناوازەوە بووبێت، بەڵام ئازادی ڕەگەزەکەی کە بەرجەستەی دەکات، تایبەتمەندییەکی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستانە.

پەچە و سەرپۆشی پەرستیار و هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەی پێدەکات نادیارە و ژنان بۆ هەموو مەبەستێکی پراکتیکی وەك ژنانی ئینگلتەرا ئازادن. یەکەم پیاسەکردنم بە شەقامەکانی هەڵەبجەدا ئەمەی بە ڕوونی دەرخست. لەبری ئەو جنۆکە ڕەشپۆشانەی کە لە وڵاتانی دیکەی موسڵماندا چاویان لێدەبڕن و پێدەکەنن، یان وەك دوپشکی ترساو بە دەرکەوتنی لەناکاوی ئەوروپییەك بە پەلە دەسوڕێنەوە، خانمە باشەکانی هەڵەبجە هەر وەك خاتوو براون Mrs Brown و خاتوو جۆنز Mrs Jones لەبەردەمی دەرگاکانیان دانیشتبوون و قسەیاندەکرد، بە تەواوی بێ کێشەن لە ڕاگوزەرکردنی غەریبێك بەلایاندا. بچووکترینیان کچانی جوانی سەرنجڕاکێش بوون، کەمێ جوولەکە ئاسا، بە ڕەوشتێکی نایاب و ڕاستگۆیانە و دەربڕینێکی ڕاشکاوانە، هەروەها جیاوازە لە ڕەنگی کاڵ، "جوانە" چاو ڕەشەکانی حەرەم تەندروستن وەك کچی لادێی ئینگلیز .

دوای چەند ڕۆژێك لە مانەوە، هەڵەبجەمان جێهێشت و دواجار ڕاستەوخۆ بەرەو شاخەکان ڕۆیشتین. زنجیرە چیای هەورامان لەم خاڵەدا دیوارێکی بەهێز پێکدەهێنێت کە بەبێ پچڕان درێژدەبێتەوە بۆ باشترین بەش لە 50 میل لە گەرووی سیروانەوە بەرەو باکوور. بەرەو لای تورکیا ئەم دیوارە بەرزە، هەرچەندە

بەهۆی چەندین لوتکەی نزمترەوە کە بە دۆڵی قووڵ لە یەکتر جیاکراونەتەوە، کە زۆربەیان بە باشی ئاویان پێدا دەڕوات بەهۆی بەفری سەر شاخەکانەوە. سەرجەم گوندەکان لە داوێنی ئەو دۆڵانەدا هەڵکەوتوون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هێڵی لوتکە سنوورێك پێکناهێنێت، بۆیە سەختییەکی زۆری لە کارەکانی لیژنەکەدا دروستکردووە.

کوردانی دیوی پێرشا، هۆزی هەورامان (خێڵێکی زۆر دێرین، کە بانگەشەی ڕەچەڵەکیی خۆیان لە ڕوستەمی قارەمانی گەورەی فارسەوە دەکەن) لە ساڵانی ڕابردوودا لووتکەیان بەزاندووە و گوندەکانیان لە سەر زۆرێك لەو دۆڵانە دامەزراندووە، کە چەند سەد مەتر لە خوارەوە خۆراکیان بە گوندەکانی تورکیا دەدا. هەندێك جار تاکە گوندێك نیوەی پێرشایە و نیوەی تورکییە. لیژنەکە دەبوو بەرەو ئەم ناوچە کوێستانیە بەرزبێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە ئاڵۆزەکانی لەو شێوەیە و بەو پێیەی لەم خاڵەوە ئەوەی من دەبێ بیڵێم تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەزموون و کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی گەشتەکەمان دەکات، پێشنیاردەکەم کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە نامە و یاداشتنامەکانم کەڵك وەرگرم.

بەڵخە، 31/ ئایار. ئەم بەیانییە هەڵەبجەمان بەجێهێشت. بۆ یەك دوو سەعاتی یەکەم، لە کاتێکدا کە کاروانەکە هێشتا لە لێواری دەشتەکەدا یان لە نێو گردەکانی خوارەوە بوو، بە چەند گوندێکی کوردنشینەکاندا تێپەڕین. هەریەکەیان لە تەنیشت چەمێکەوە دروستکرابوون و بە دار و درەخت دەورەدراون، بە شێوەیەکی سەرەکی

دار هەنار. بەزۆری گۆمێکی دەستکرد، یان باشتر بڵێین حەوزێك، لە ناوەڕاستی گوندەکەدا لە ژێر هەندێك درەختی قەبارە گەورەدا هەیە. حەوزەکە ئاوی بەردەوامی لەسەرە، بە ڕیزێك بەردی پان دەورەدراوە کە بەرزییەکەی نزیکەی 3 پێیە، لە لای ناوەوەیدا ڕیزێکی بەرزی گونجاو هەیە کە وەك شوێنی دانیشتن خەڵکی ڕیش سپی گوندەکە بەکاریدەهێنێت، کە لەوێ دادەنیشن و جگەرە دەکێشن و دەمەتەقێ دەکەن. ئەوان لە ئاودا سەیری ڕەنگدانەوەی خۆیان دەکەن، پیشەیەکی ئێرەییبەخشە لەم کەشوهەوا گەرمەدا.

گوندەکان خۆیان چۆڵ بوون و خەڵکەکە لە دەوارەکاندا دەژیان کە لە دەرەوەی ئاوایی بوون. دەمویست بزانم کە ئایا پاککردنەوەی بەهارە بەردەوامە یان خۆیان بە "ژیانێکی سادە"وە سەرقاڵدەکەن. هیچیان وا نەبوون– ئەوان تەنیا لە مێشوولە هەڵهاتبوون. پێم گوترا کە ساڵانە کۆچێکی هاوشێوە ڕوودەدات، لە "وەرزی مێشوولە"دا، کاتێك مرۆڤە بەدبەختەکان بە شێوەیەکی ڕستەیی لە ماڵەکانیانەوە لەلایەن ئەم مشەخۆرە قێزەونانەوە ڕاودەکرێن، ژمارەکانیان تەنیا دوای گۆڕینی تەواوی ماڵەکە دادەبەزێت بۆ ئاستێکی بەرگەگرتن. لە ناوەوە بۆ دەرەوە هەموو جۆرە فەرش و بەتانییەك بۆ چەند ڕۆژێك لەژێر گەرما و هەتاوی خۆردا بڵاوکرابوونەوە.

دوای پێنج کاتژمێر و نیو سەرکەوتن بەسەر دۆڵێکی بەردەڵان و تێپەڕین بە لێوارە بەرزەکاندا، شوێن و هەوارگەی ئێستامان بینی. دوا بەشی نزیکبوونەوەکە چێژێکی پێشوەختەی بە تامی بەو دیمەنانە بەخشی کە ڕەنگە لەم شاخانەدا چاوەڕێی بکەین. ڕێگاکە بە شێوەیەکی زۆر لەناکاو بەسەر لێواری دۆڵێکی تەسکدا دادەبەزێت کە لایەنی بەرز و پڕە لە دار گوێزی جوان؛ لە کۆتاییەکەی تردا، هاژەی دەنگی تاڤگەیەك دێت و لە نزیکەوە پەڵەیەك گوڵی سۆسەنی وەنەوشەیی نایاب پەرش و بڵاوبۆتەوە. خودی گوندەکە دەکەوێتە سەر لێوارەکەی بەرامبەر، کە پێدەچێت وەك قارچك لەسەر بەردەکە گەشە بکات. گۆشەکە ئەوەندە بەرزە کە سەربانە قاوەییە تەختەکان قات بە قات یەك لە سەرووی ئەویترەوە دەردەکەون، دەرگای هەر ماڵێك ڕاستەوخۆ دەکرێتەوە بۆ سەر سەربانی دراوسێکەی لە خوارەوە بەجۆرێك ڕێگاوبانەکان دەبنە شتێکی تەواو ناپێویست. چاخانەیەکی بچووکی کەناری ڕێگاکە، کە هەندێك لە بەڕێزانی ناوچەکە بە جلوبەرگی لۆکەی گوڵدارەوە لە دەوری کۆدەبوونەوە، لەگەڵ درەختەکان و هاژەی تاڤگە و کاریگەرییە پەرستگاکانی سەربانە سەریەککەوتووەکان، کەشێکی ئارام و دیمەنێکی ژاپۆنی بە ناوچەکە بەخشیبوو.

1/ حوزەیران. سەرماوسۆڵەیەکی توندوتیژ لە هەوادا هەبوو کاتێك ئەم بەیانییە لە جێگاکەمان ڕاپەڕین. هەوارگەکەمان نزیکەی 5000 پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە، هێڵەکانی بەفر لەسەر زنجیرە سەرەکییەکە ئەوەندە زۆر لە سەرووی سەرمانەوە نین. هەرچەندە تازە پێمان ناوەتە مانگی حوزەیرانەوە، بەڵام گوڵی مانگی مایس و گوڵە شیلانە کێوییەکان کەمێك زیاتر بەرەو سەرەوەی لێوارەکە لە شکۆمەندی تەواودان.

ئەم بەیانییە هەموو لیژنەکە چوونە دەرەوە بۆ دانانی ستونێ لە دۆڵی تەوێڵەدا کە دوو میل لێرەوە دوورە. لاکانی دۆڵەکە ڕێکخراوە بە ڕیزە دارتوو، بەڵام داوێنی دۆڵەکە پڕە لە دار گوێز و تێیاندایە زۆر بە قەوارەن، هەروەها لێرە و لەوێ پەڵە سەوزایی و چیمەنی فەرشکراو وەك یاریگای یاری بۆڵێن. بەڵام سەرنجڕاکێشیی ئەم شوێنە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژمارەی ئەو کانیاوە بچووکە خێرا و ڕوونانەدایە کە لە هەموو شوێنێکدا دەیبینیت. چەندین جۆگەی بچووك لە چەمی سەرەکییەوە سەرچاوەدەگرن و بە لێهاتووییەوە بە درێژایی ڕیزەکە ئاڕاستەدەکرێن بۆ ئاودێریکردنی ئەو پەڵە کشتوکاڵیانەی کە وەك ئەوەی بە برۆکانیانەوە هەڵواسراون، 400 یان 500 پێ لە سەرووی بنی دۆڵەکەوە. هەندێك لەو جۆگایانە لە کۆتاییدا بە تەواوی بەسەر گردەکاندا دیارنامێنن و لەوێشەوە دەگوازرێنەوە بۆ هەندێك دۆڵی بێ ئاوی دراوسێ.

ـەعات هەشتی بەیانی گەیشتینە تەوێڵە، لە ڕێگادا بە تەکیەی دەروێشەکانی ـەقشبەندیدا تێپەڕین. خێزانێکی پیرۆز لەم دەروێشانە لێرە دەژین، ئەوەندە ـەناوبانگن کە تەنانەت زیارەتکارانیان لە هیندستانەوە دێنە ئەم گوندە شاخاوییە بۆ ئەوەی چێژ لە کەشوهەوای پیرۆز وەربگرن. ئەوان سەر بە مەزهەبێکن کە بە هیچ شێوەیەك زاهید نین، و شوێنی نیشتەجێبوونی دڵڕفێنیان هەیە، بینایەکی تاقدار و ڕیزێك چنار لە پێشەوەیە و گۆمێکی ماسییان لە باخچەکەیاندا هەیە کە تەواو لەگەڵ پیشەی خانەقاکەیان دەگونجێت. بەڵام وەك وشکەسۆفیەکان هەمیشە فەرمانی "بیرکردنەوە لە مردن " لەبەردەم چاویاندا دەهێڵنەوە. نازانم گۆڕی خۆیان هەڵدەکەنن یان نا، بەڵام گۆڕی باوباپیرانیان دیارترین پێگە لە نزیك دەرگای پێشەوە داگیردەکەن. هەندێکیان بەڕاستی بەردی گۆڕی نەخشێنراوی جوانیان تێدایە کە لەناو کۆمەڵە گوڵی سەوسەنی وەنەوشەییدا هەڵدەستن کە گۆڕستانەکانی ئێرە دەڕازێننەوە، وەك هەموو شوێنێکی تر لە کوردستان. دەروێشە کۆچکردووەکانی دیکە لەژێر پێکهاتەیەکی سەرنجڕاکێشی هاوشێوەی کڵێسە پشوودەدەن کە لە دەبەی نەوتی سپی دروستکراون و بەرزییان لە 2 - 8 پێیە، جا بە ڕێژەی تەمەن یان پلەی مردووەکە بێت، ناتوانم بیڵێم. نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە کە چۆن سەلیقەی ڕۆژهەڵاتی دەتوانێت کۆمەڵە شتێکی نایاب لە شێوە و ڕەنگدا دروستبکات لە هەمان کاتدا چاوپۆشی نائاساییترین هێرشکردنە بۆ سەر مانای هونەری.

دوای گەشتکردن بە بازاڕی داپۆشراوی گوندەکەدا، کۆمیسیاران لە قەرەگۆل کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. تایبەتمەندی گوندە کوردنشینەکان ئەوەیە کە هەرگیز نازانیت لەسەر زەوییەکی پتەو وەستاویت یان لەسەر سەربانی کەسێك. لەم دۆخەی ئێستادا هیچ شتێك نەبوو ئاگادارمانبکاتەوە کە جگە لە زەوییەکی پتەو لەسەر هیچ شتێك بووین، تا لەناکاو گەیشتینە کونێکی فراوان کە لەوێوە دەتوانین ڕاستەوخۆ سەیری ژوورێکی گەورە بکەین، لەگەڵ گۆمێکی ماسی لە خوارەوە کە ماسی قەبارە گەورەی زێرینی تێیدا دەژیا! منیش هەمان ئەو سەرسامییەم بەسەرهات کە بە خەیاڵمدا دێت کۆرە Korah، داتان Dathan و ئەبیرام Abiram لە هەلومەرجێکی زۆر هاوشێوەدا هەستیان پێکردبێت. تا ئەو کاتەی هەموو لیژنەکە و کوردەکانی دەوروبەرمان لەسەر سەربانەکە کۆبوونەوە، جگە لە سەلامەتی هەستیان بە هیچ شتێك نەدەکرد و منیش پەشیماننەبوومەوە لەوەی کە لەگەڵ سەربازێکی تورك و ڕێبەرێکی شارەزای ناوچەکە بۆ گەڕان بەدوای ئەو سەری دۆڵەکەدا ڕۆیشتم. بۆ ماوەیەکی کەم ڕێگاکە کە نزیکەی 4 پێ پانی بوو، بە شێوەیەکی توند لە نێوان خانووەکاندا دەسوڕایەوە و ناوبەناو بەژێر نهۆمی سەرەوەی ماڵێکدا خۆی دەخزێنێتە ناوەوە. "ئارچیباڵد"[1]*ی هەژار کە ڕێبەرەکەم پێشی کەوتبوو، وەك پشیلەیەك وابوو کە بەسەر کاشیەکاندا سەردەکەوێت و هیچ ڕێگەیەك نەبوو بۆ هێنانەوەی، بۆیە ناچاربوو شوێنی بکەوێ. دوای ماوەیەك لێژاییەکە خاو بووەوە و

---

* ئارچیپاڵد، ناوی ئەسپەکەی نووسەری ئەم کتێبەیە.

توانیم چەند میلێك سواریم بۆ گوندەکەی دواتر. لەوێ، گەیشتمە چاخانەیەکی کەناری ڕێگاکە کە کۆمەڵێك کورد دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە، تفەنگەکانیان – زۆربەیان دەمبەستێکی مسیان پێوەکردبوو – بە لقێکی سەرەوە هەڵواسرابوو. دیارە ڕێبەر و سەربازەکەم پێیان وابوو کە چوونە سەرەوە بۆ پێشەوە پێویستی بە پێشەکیەکی ناساندن هەیە، بۆیە ئێمە "دابەزینە خوارەوە." شێوازی چایخانە کوردییەکە بە شێوەیەکی دڵگیر سادەیە. چوار دیواری بەرد چوارگۆشەیەك پێکدەهێنن، کە لای ناوەوەی بە لێوارێك دەورە دراوە بۆ دانیشتن لەسەری. کۆشکێکی قووڵی زیادە لە گۆشەیەکدا وەك مێزێك بەکاردێت، کە کەمێك ئاگری دار دەسوتێت بۆ ئەوەی خەڵوز بۆ سەماوەرەکە دابینبکات. کەلوپەلی خاوەنەکەی پێکدێت لە سەماوەرێك، دوو یان سێ قۆری بچووکی چای چینی، کۆمەڵەیەکی گەورەی ئیستیکان (پیاڵەیەك کە بەرزییەکەی نزیکەی 2 ئینجە لە کەمەرەوە تەسکبۆتەوە و ڕەنگێکی جوانیان هەیە)، ژمارەیەکی یەکسان لە کەوچکی کونکراو و حەوزێکی کانزایی بۆ... پیاڵە شۆردن. ئەو چەمە ڕوونەی کە لە دەرەوە تێدەپەڕێت، هەموو پێداویستییەکی دیکە دابیندەکات جگە لە چای ڕاستەقینە و شەکرەکە، کە بە دەستێکی بەخشندە دابەشدەکرێت. سەردانی ئەم چایخانانە بکەن کە لە شوێنە چاوەڕواننەکراوەکاندا هەن و سەرنجڕاکێشییان لە ڕۆژێکی گەرمدا نزیکە لە باوەڕنەکردنەوە. بەو بۆنەیەوە، ئێمە حانوتێکی خۆمانمان هەیە تەنیا لە دەرەوەی خێوەتگەکەمان، کە تایبەتمەندییەکی تازەی زیادکردووە بە

هەڵواسینی ڕیزێك کەلوپەل لە دارەکە لە سەرەوە، بەڵام هیچ شتێکی گەورەتر بۆ فرۆشتن پێشکەشناکات، جگە لە شەکرلەمە لە کاغەزێکی شین پێچراوە و شووشەیەکی بەتاڵی شامپانیا کە توانیویەتی لە خزمەتکارەکەی وەربگرێت.

بەهەرحاڵ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بابەتەکە، دوای ئەوەی "کوپی میهرەبانی" یان باشتر بڵێین دوو یان سێ پیاڵە چامان لەگەڵ کۆمەڵێکی توندوتیژا بەڵام گونجاودا خواردەوە، ئیدی بە پێ بەردەوام بووین لە سەرکەوتن بەسەر دۆڵەکەدا تا گەیشتینە ملەکە، لەوێشەوە دیمەنێکی جوانی گەرووی سیروان دەرکەوت. زۆر لە خوارەوە گوندێکم بینی، بیرم لەوە کردەوە زیاتر بچمە پێشەوە، بەڵام کوردەکە دڵنیایکردمەوە کە ئەوانە "خەڵکی باش نین" لەم ڕووەوە (واتە سەر بە خێڵێکن کە لەگەڵیدا کێشەیان هەیە)، ئەو بەرپرسیار نابێت لە جۆری پێشوازیکردنمان، بۆیە بە هەڵگرتنی بارستەیەك لە بەفر گەڕاینەوە ماڵەوە، کە پێچرابوو لە پاڵتۆی سەربازە تورکەکە، ئەو و کوردەکە هەردووکیان هاوڕێی باش بوون، پێکەوە لەسەر چەندین بابەت بە تێکەڵەیەکی نایابی زمانی تورکی و فارسی و کوردی قسەمانکرد.

یەکەم سەرنجەکانم لەسەر کورد ئێستا کە لە نزیکەوە لە شاخەکانی زێدی خۆیاندا دەیانبینین، بە تەواوی پشتڕاست بووەتەوە. بەدڵنیاییەوە خەڵکانێکی باشن.



دەروێشی تەکێی تەوێڵە




دەروێشە نەقشبەندیەکان

پیاوەکانیان بە شەروالی دەڵب و سەڵتەی چنراو و مێزەری ڕەنگاوڕەنگەوە وێنەیەکی یاخی و کێوی دەنەخشێنن. لێرە لەناو چیاکاندا زووربەیان کوڵەباڵێکی ئەستووریان لەبەردایە کە قۆڵێکی خەیاڵیی هەیە و لە ژێریەوە کۆنێکی تێدایە تا باڵەکانی لێوە دەرچێت، تا ڕادەیەك هاوشێوەی ڕۆبی دەرچووانی زانکۆیە. هەرچەندە گەرمە، هەندێك جار تەنانەت لە دۆڵەکاندا دەبرژێیت، بەڵام بای نزیك لوتکەکە کە لە کێڵگە بەفرییەکانەوە دێتە دەرەوە، زۆر ناخۆشە و شوانەکان بەقەد ئەوەی مەڕەکانیان پێویستیان بە پاڵتۆی خوری خۆیان هەیە، ئەوانیش پێویستیان بەم جلوبەرگانەی ئەم گۆشەی باکوورە هەیە. ژنەکانیان تا گەنجن زۆر جوانن و لێرە زیاتر لە هەموو وڵاتێکی تری ڕۆژهەڵات بازدانێکی کتوپڕ لە گەنجیەوە بۆ پیری سەرسامت دەکات. زۆر لەو کچە وردەلە ڕاوەستاوەکان دەبینیت کە نزیکەی حەڤدە یان هەژدە ساڵانن دەڕوانن و ژمارەیەکی یەکسان لە پیرێژنی وشك و چەماوەش دەبینی، بەڵام نزیکەی بە شێوەیەکی ڕستەیی ڕاستە کە قۆناغێکی نێوانیان نییە؛ پێم وانییە تاکە ژنێکم بینیبێت کە تۆ بە "تەمەنێکی ناوەڕاست" وەسفی بکەیت. ڕەنگە مۆدەی ئارایشتکردنەکانیان پەیوەندی بەمەوە هەبێت. قژیان بە شێوەیەکی ڕاست شۆڕبۆتەوە و بە شێوەی چوارگۆشە، لە ئاستی شاندا دەیبڕن – شێوازێك کە بۆ کچانی چاو ڕەش گونجاوە، ئەوەندەش بۆ خانمە پیرە چرچ و لۆچەکان

گونجاوه. خوویەکی دیکە وەك لوتەوانەی سەر پیرۆزە دەکرێتە کونی لای ڕاستی لووتەوە. بەڵام ئەوەی زۆرتر سەرنج ڕادەکێشێت لە ژنی کورددا سەرپۆشەکەیەتی. لە بنەڕەتدا لە کڵاوێکی تەوقەسەری قوماش پێکهاتووە کە لە دەوری لێوارەکەیدا پەڕۆیەکی شین هەیە، هەروەها دراوی زیوی پێوە دەلکێنرێت، لە چاوپێکەوتنێکدا سامانی خانمەکە بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت. کەسانی بچووکی بەستەسزمان دەبینیت کە تەمەنیان پێنج شەش ساڵە و ڕیزێکی کەمی دوو فلسی بەدەوری کڵاوەکانیانەوەیە و دەبینیت کچانی تەمەنی هاوسەرگیری سەریان بەستراوە و بە تەواوی داپۆشراوە وەك ئەوەی بە تەرازووی زیوین، باسی بڵاوبوونەوەی دراوەکان ناکەم کە بە زنجیر بەدەوری گوێچکەکانیاندا هەڵواسراون.

دڵنەوایی بەخشە لە نێو گەلێکدا بیت کە وەك کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ژنەکانیان ناکەن، بەڵام من بە کردەوە هەمان ئازادی پیاوانیان پێوە دەبینم. لێرەدا وا دیارە کە جگە لە سوڕانەوە لە دارستانەکاندا، کارێکی کەمیان هەیە، سەبارەت بە لاوەکانیش هیچ ناکەن. پیرەژنەکان لەسەر مەچەکێکیان گلۆڵەیەك خوری هەڵکراوە و بەدەستەکی تری تەشییەکە بادەدا و دەخولێنێتەوە: ئەگەری ئەوەش هەیە ئامادەبوونی لیژنەکە بووبێتە بۆنەی پشوویەکی درێژخایەن.



مالّی کورد



کاروانی له کوردستان

**بیارە، 4/ حوزەیران.** – ئەمە دۆڵێکی دیکەی وەك تەوێڵەیە، کە لە هەموو شوێنێکدا چەم و جۆگاکانی تێدایە کە دار گوێز و دار توووەکان ئاودەدەن. خێوەتگەکەمان لە باخێکی دواتردایە. ئەمە کەمتر ژیرانەیە لەوەی کە پێدەچێت، چونکە توووەکان ئەو جۆرە سووورە نین کە لە ئینگلتەرادا دەبینرێن، کە پەڵەیەکی نەسڕاوە لەسەر هەموو شتێك بەجێدەهێڵێت کە دەکەونە سەریان، بەڵکو جۆری سپییە.

جۆری یەکەم بوونی هەیە، بەڵام دەگمەنە و پێی دەوترێت تووی "پاشا"، یان شاتوو، تووی سپی باوترین جۆریەتی و بە بڕێکی زۆر دەچێنرێت بۆ ئەوەی لەبەر خۆر وشکبکرێتەوە و هەناردەبکرێت. هەرچەندە وەك ئەوانی تر بە تام و چێژ نییە، بەڵام تامێکی زۆر تایبەتی هەیە. دۆڵی بیارە لەبری ئەوەی وەك تەوێڵە بەدەوری خۆیدا پێچبکاتەوە، تەواو ڕاست دەڕوات، ڕاستەوخۆ دەڕواتە ناو زنجیرەی سەرەکییەوە بەجۆرێك کە دەبینیت تەواوی بەرزییەکەی لەناکاو تەنیا سێ میل لە دوورییەوە بەرز دەبێتەوە و دیمەنێکی دەگمەنە.

تەنیا چەند کاتژمێرێکی پێچوو تا گەیشتینە ئێرە، بەڵام ڕێگاکان دەستیانکردبوو بە بێزارکردن. لە ڕاستیدا ئێمە تا ئێستا هیچ وڵاخێکمان لەدەست نەداوە، هەرچەندە

ویلْسن Wilson (کە ناچار بوو بۆ هێنانی پارە بچێتە کرمانشا) لە لێواردا دوو هێستری لەدەستدا و پێرشایەکانیش یەك دوویەکیان لەدەستداوە. بەو بۆنەیەوە، پارە یەکێکە لە سەختییەکانی سەفەرکردن لە پێرشادا، لانیکەم لە حاڵەتی گەشتێکی گەورەی وەك ئەوەی ئێمە. تاکە دراوێك کە شایەنی هەڵگرتنە، قرانە، کە وەك ڕوپیەی هیندی سەردەمی کۆن، شایەنی کێشەکەیە بە زیو، هەربۆیە تەواو گەورەیە، پارچەیەك لە 2 قران – بەهای 8د. قەبارەی دراوێکی فلۆرین. (فلۆرین، دراوێکی سەردەمی کۆنە و یەکسانە بە دوو شلینگی بەریتانی. وەرگێڕ). چەند هەزارێك لەو شتانە، وەك دەتوانن گریمانە بکەن، ئامرازێکی مەترسیداری گواستنەوە پێکدەهێنن. لەسەر ڕێگا لێرە یەکەم وانەی پراکتیکیم لە لێخوڕینی هێستر وەرگرت. لەگەڵ وڵاخدارەکەدا، دواوەم هێنایە سەرەوە. هێسترێکی خراپ بارکراو ئێمەی دواخست و ڕێگەی بە بەشی سەرەکی دا زۆر پێشبکەون بەجۆرێك لە ئێستادا خۆمان دۆزیەوە گروپێکی بچووکی سێ کەسی، لەنێویاندا یەك وڵاخدار و دوو هێستر، یەکێکیان ئەوە بوو کە باری قورسی داری چادرەکانی هەڵگرتبوو... یەکێکی تریان کە پشتی ئازاری هەیە و هیچ بارێکی هەڵنەگرتووە. لە هەر دەرفەتێکدا ئەو ئاژەڵە کە هیچ بارێکی هەڵنەگرتبوو، بۆ لەوەڕاندن بەسەر گردەکەدا سەردەکەوت. لە کاتێکدا وڵاخدارەکە بەدوایدا دەگەڕا، هاوەڵەکەیشی بەرەو

بەردەکە دەڕۆیشت و بارەکەی لەوێ فڕێدەدا. ئیدی دەبوو هەردووکیان بگێڕێنەوە، داری چادرە نائاساییە 9 پێکان ڕاکێشرانەوە سەر ڕێگاکە، بارەکە کۆکرایەوە و جارێکی دیکە بەرزکرایەوە بۆ سەر پشتی هێسترەکە، کە لەسەر ڕێڕەوێکی دوو پێ پانی ئەم کارە ڕوودەدات، لەگەڵ دوو ئەسپ بۆ گرتن و لانیکەم یەکێك لە نمایشکارەکان تازەپێگەیشتووی هونەرەکە، کارێکی زۆر ئاسان نەبوو!

بیارە بە ڕوونتر لەسەر سیستمی پاگۆدا ( پەرستگای چەند نهۆمی بوددا) ڕێکخراوە لە چاو بەلّخە یان تەوێڵە و کاتێك لەو دیوی دۆڵەکەوە سەیردەکرێت، وەك زنجیرە هەنگاوێکی گەورە دەردەکەوێت، کە لە بنی دۆڵەکەوە چەند سەد پێیەك بەرەو سەرەوە دەڕوات. لە داوێنەوە، ڕاستەوخۆ لە سەرووی چەمەکەوە، مزگەوتێکی گەورە هەیە کە دوو دەستە زنجیرەتاقە و جۆرێك لە چرای فانووس (بە مانا تەلارسازییەکە)، بە تەنەکەی نەوتی سپی سەقفەکەی گیراوە، ئەگەر هەڵە نەبم، لە بنەڕەتدا وەك قاچی کورسی دروستکراون. دوای ئەوەی ئاشنای پیاوێکی کوردی زۆر بەڕێز بووم کە بتوانێت بە زمانی فارسی بدوێت، بەتایبەتی ئەوەش سەرنجی ڕاکێشاوە، وەك خۆی ڕوونیکردەوە، بەو ڕاستییەی کە من ددانێکی زێڕینم هەبوو (کە ڕەنگە وەك پارچەیەکی بێ وریا لە ڕازاندنەوەی کەسی سەیری کردبێت)، داوام لێکرد بمبات بۆ بینینی مزگەوتەکە. لەوێدا تووشی کێشەیەکی گەورە بووین لەگەڵ

ئەو مەلا پیرە ڕێزدارەی کە لە ژوورەوە دانیشتبوو، زۆر دڵتەنگ بوو کاتێك بینی کافرێك هاتە ژوورەوە. "تۆ کێی؟" بە تووڕەییەوە هاواریکرد. "چیت دەوێت؟ ئایینتان چییە؟" من هەڵمبژارد وەڵامی دوا پرسیارەکانی بدەمەوە و زۆر بە ئیحترامەوە ڕوونمکردەوە کە ئایینەکەم جۆرێکی تایبەتە بە ناوی دینی ئینگلیزەوە (وەرگێڕانێکی ناڕێکی " کەنیسەی ئینگلتەرا "). بێگومان ئەو هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە مەبەستم چییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتدارێکی گەورەی ئایینی گرنگی پێنەدەدا لە ئامادەبوونی ئەو کوردانەی دیکە کە لەو دەوروبەرەدا وەستابوون، دان بە نەزانی خۆیدا بنێت؛ بۆیە بە چەند قسە و قسەلۆکێك، ڕێگەی پێداین تێپەڕین. بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ بینین و کاتێك هاتمە دەرەوە تەنیا خۆزگەم دەخواست کە مێشوولەی بیارە لە جیاکارییاندا لە دژی مەسیحییەك هێندەی مەلا پیرەکە گرژ و مۆن بوونایە.

9/ حوزەیران. لیژنەکە لێرە ماوەیەکە بەهۆی دانوسانە سەختەکانەوە دواکەوتووە. دۆخەکە لە هانە گەرمەڵەوە کە گوندێکە دوو میلێك لە سەرەوەی دۆڵەکەوە دوورە، ئەوەندە ئاڵۆزە کە هێڵی سنووری بەرئەنجامی بەرەو سەرەوە و خوارەوە، پێش و دواوە، بە درێژایی کەناڵەکانی ئاودێری دەڕوات کە بە ئاسانی دەتوانیت بپەڕیتەوە. پێدەچێت جێگەی داخە کاتێك لوتکەی شاخێك هەیە کە شیاوی ئەوە نیە بەسەریدا

تێپەڕیت و تەنیا چوار میل لە دوورییەوەیە، باشترین سنووری سروشتییە کە خەیاڵ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ڕێز لە مافی خەڵکی بگیرێت، بەو پێیەی خەڵکانی سەر دۆڵەکە ئەمەکدارییان بۆ پێرشا هەیە، دەبێ دەستهەڵگرتن هەبێت لە زەویوزارَ تا شتەکان بگۆردرێ. لێرەوە سنوورەکە تا ترۆپکی هێڵەکە دەپارێزێت. لەو ماوەیەی لێرەدا ماوینەتەوە دوو سەرکەوتنی باشم هەبووە. یەکەمیان ئەوە بوو کە بە پەلە بچینە لوتکەی هێڵەکە بۆ ئەوەی دیمەنی شاخەکانی لای پێرشا ببینین و دەریاچەی مەریوانیش کەوتووەتە ناو دۆڵە جوانەکەیەوە. ڕێبەرەکەم کوڕێکی کوردی چالاکی خەڵکی گوندەکە بوو، دوور لەوەی کە وەك شێتێکی بێتاوان مامەڵەم لەگەڵ بکات، بەهۆی ئەوەی دەمەوێت سەرکەوم بۆ لوتکە، وەك ڕێبەرە ناوخۆییەکان بەزۆری دەیکەن، هانیدەدام بۆ گەشتەکانی دیکە و زیاتر، وەك ئەوەی زۆرجار دەیگوت تەنیا بۆ چێژی سەرکەوتن دروستکراوە. تاکە داوای لە گەڕانەوەیدا ئەوە بوو کە ڕیشتاشی ئینگلیزی بدەمێ سەری پێ بتاشێت. بەڵام تێبینیم کرد بە وریاییەوە بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا بردمیەوە ماڵەوە کە بە گوندێکدا دەڕۆیشتین کە زۆرێك لە خزمەکانی تێیدا دەژیا، بەو یەکدەنگییەی کە هەموو دانیشتووان لەو ساتەدا کە تێدەپەڕین، ڕوویان لە سەربانەکان دەکرد بۆ ئەوەی تەماشامان بکەن، من حوکمم دا کە ئەو سەرکەوتنێکی بەدەستهێناوە بە ئاگادارکردنەوەیان کە ئەو

زانخوازێکی نامۆ، لە شێوەی ئینگلیزێکی ڕامکراودا، بە گوندەکەیاندا لەو ئێوارە وەختەدا بەڕێوەدەبات.

دووەم سەرکەوتنم بابەتی بازرگانی بوو. پێویست بوو ستوونی زۆر لەم بەشەدا دابنرێت تا لیژنە لاوەکییە ئاساییەکان تەواو بوون، دروستکردنی یەك ستوون – (کە کەمترین ستوونی دەستڕاگەیشتنە) – بە دەستەی ئەمینداران سپێردرا. ڕێگاکە درێژ و بەرز بوو، هاوکارە تورکەکەم سەلماندی کە شاخەوانێکی بەهێزە؛ بەڵام "جوانی ئیمپراتۆریەت" کە مەیلی قەڵەوی هەبوو، لە ڕێگەدا کەمێك دابەزی. لە لوتکەدا بە ژاوەژاوی ناڕازیبوونی پیرە کوردێك لە گوندێکی نزیکەوە پێشوازیمان لێکرا، کە چەندین جار دووبارەی کردەوە گوایە بڕیاری لیژنەکە بۆ پێدانی بەشێك لە خاکی پیرۆزی پێرشا بە تورکیا، کە لە 1320 ساڵ لەمەوبەرەوە خاکی ئەو بووە. (نەمتوانی بنەمای تۆماری مێژووییەکەی بدۆزمەوە). سەرەڕای هەموو ئەو دەنگە دەنگانەی، هەرچۆنێك بێت، لە کۆتاییدا پیرە هەژارەکە گەڕێنرایەوە بۆ گوندەکەی و بە یارمەتی گروپێکی سەربازانی تورکیا پایەیەك بە قەبارەی 9 x 9 پێ دروستکرا، ڕەهەندەکان کە (وەك تەلارسازەکان بە وریاییەوە ئاماژەیان پێدەکرد) تۆمارێکیان بۆ سنووری تورکیا–پێرشا تا ئەو خاڵە پێکهێنا.

## بەشی دوانزەیەم

# ناو جەرگەی کوردستان


**گوڵئەمبەر، 11/ حوزەیران.** – پلەی گەرما زۆر بەرزە. دیسان دەگەینەوە دەشتی شارەزوور و بەدرێژایی دامێنی هەوراماندا دەڕۆین تا دەربەندێك دەدۆزینەوە. ئەم بەیانییە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لەو دەشتودەرە، شتەکان ئاڵۆزتر بوون. پێم وایە لەلایەن چەند وڵاخدارێکی کەمتەرخەمەوە لە سەری کاروانەکەوە دەستپێکردووە و لە چەند خولەکێکدا پوشوپەڵاشە وشکەکە بۆ ماوەی میلێك یان زیاتر قرچە قرچی دەهات و دەسووتا و بەدرێژایی ڕۆژ دوکەڵەکەی دیاربوو. لادێییەکان بەو جۆرە ئاگرانە ڕاهاتوون، چونکە تێبینیمکرد کە هەموو ئەو کۆمەڵە پوشانەی بە ئەڵقەیەکی فراوان لە دەوری خۆیان لە ترسی سووتاندن کەنار خراون.

کەم شوێن هەیە لەسەر زەوی لە گوڵئەمبەر جوانتر. گەوهەرێکی ڕاستەقینە لە ناوەڕاستی ئەم دەشتە وشکە ناوێزەیەدا هەڵکەوتووە و بە تەواوی شایەنی ناوی " گوڵ ئەمبەرە ". بەڵام هەموو گوڵێك دڕکی خۆی هەیە و گوڵئەمبەریش بە هەموو ئەو ناوبانگەوە شوێنێکە زۆرترین ماری هەیە لە هەموو وڵاتەکەدا. هەمووان لەبەر ئەم هۆکارە خۆیانی لێ بەدووردەگرن و خێوەتگەکەمان چەند میلێك لە دوورییەوە


دادەنرێت. پێشتر چەندین حاڵەتی پێوەدانی دوپشك لە خێوەتگەکەدا هەبووە، بۆیە ئێمە وریایەکی زیاترمان هەیە.

دەروێشەکان لێرەن و سەرۆکەکەیان شێخ عەلی کە لە گوڵئەمبەر نیشتەجێیە، کەسایەتییەکی زۆر گەورەیە. ماڵەکەی خۆش و دڵگیرە. دەچیتە ناو حەوشەیەکەوە کە حەوزێکی گەورەی قووڵی تێدایە، بەڵام هەموو ئاوەکەی لە کانیاوەکانی ژێرەوە هەڵدەقوڵێن. بەردی قاوەیی دەوڵەمەندی ماڵەکە لە نێوان پەڵە ڕووەکی سەوزی ئاودا ڕەنگدانەوەی هەبوو، وێنەی شەش بەڕێزی بەساڵاچووی ڕێزدار کە جلوبەرگی ڕەنگی گەشیان لەبەردا بوو، لەسەر سەکۆیەکی بەرز دانیشتبوون، وێنەکانی پشت ڕەنگەکانی تەواودەکرد کە بەڕاستی شایستە بوو.

خانووەکانی گوندەکە لە دەوری منارەی مزگەوتێکی زۆر دێرین کۆبوونەتەوە، دەوترێت لە سەردەمی سوڵتان سەلیمدا دروستکراوە و لە سەرەوەیدا هێلانەیەکی حاجی لەقلەقە. لە دیوەکەی تری گوندەکەدا، لە نێوان باخە چنارەکاندا، چەندین کانیاوی زۆر لە بەردەکانەوە دەردەچن و دەریاچەیەکی بچووك پێکدەهێنن کە بە داری بی دەورەدراوە، ئاوێنەیەکی تەواو بۆ منارە کۆنەکە و بنەماڵەی حاجی لەقلەقەکان پێکدەهێنن.



گوندێکی گوڵەنبەر



پیران

سەرڕێژەکە – ڕووبارێکی جوان و ڕوون و پڕ لە ماسی ترۆت و کیسەڵ – بە ڕێگایەکی پڕ لە دارچناردا تێدەپەڕێت، کە پێدەچێت هەموو چۆلەکەکانی کوردستان لەنێو لق و پەلەکانیدا کۆبووبێتنەوە. وێرانەکانی پردێکی زۆر گەورە، وەك ئەوەی ڕۆمەکان دروستیانکردووە، هێشتا بەشێکیان بەسەر ڕووبارەکەدا درێژدەبنەوە و تەنیا لە ژێرەوەیدا کانیاوی گەرمی گۆگرد هەیە، کە دیواریان لەسەرە و بە دوو سێ ستوونی ڕاست دیاریکراون کە بە پارچە بەڕەیەکی نزایی داپۆشراون. بێگومان بۆنی گۆگردەکە ناخۆش بوو، بەڵام کاریگەریەکی سەیر و سەمەرەی هەبوو، هەموو ئەو بەردانەی بە سێبەرێکی شین پەڵە پەڵە کردبوو کە ناوپۆشی حەوزەکەی کردبوو.

**دەربەندی چاکان.12** Chakan Pass */ **حوزەیران.** بە وەرگرتنی هۆشداری لە لێپرسینەوەکەمان دوێنێ، ئەم بەیانییە زوو لە جووڵەدا بووین و کاتژمێرێك بە پێ ڕۆیشتین پێش ئەوەی خۆر لەسەر لوتکەی شاخەکان هەڵبێت. ڕێڕەوەکە ڕێگایەکی تەسك بوو بەناو دەشتودەرێکی پڕ دڕکوداڵی کێویدا دەیبردین، لەگەڵ ناوبەناو دارودەوەنی هەمیشە سەوزی گوڵدار. کورد دروێنەی چاوبازە دەکات کە لێرە زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەر گەشە دەکات، بەڵام نازانم چ سوودێکیان لێ وەردەگرێت.

---

* ئێستا پێی دەوترێت "سێ چاکان"

گەنمەشامی بە شێوەیەکی ئاسایی لە دەشتەکاندا دەچێنرێت و یەکسەر دەبڕدرێتەوە. ئێمە بەناو ژمارەیەکی زۆر لەو زەوییانەدا تێپەڕین، کە لە شوێنی بازنەیی زیاتر نین و گەنمەشامیەکە بە چینێکی ئەستوور بڵاودەبێتەوە و گاکان بە دەوری خۆیاندا دەسوڕێنەوە و گێرەی تێدا دەکەن. ئامێرەکان بۆ کەمترین ئاست کەم دەکرێنەوە و گاکان کە پێنج یان شەش دانە پێکەوە، بە یەك گوریس بەیەکەوە دەبەسترێنەوە کە لە ملیان دەئاڵێنن. دیمەنێکی جوانیان پێکهێنابوو، لەگەڵ یەکەم تیشکی زەردی خۆر کە بەئاستەم لە پشتیانی دەدا و لەسەر کێڵگەکانی گەنمەشامی دەدرەوشایەوە، کاریگەرییەکی دڵگیری هەبوو.

بەیانی Wilson ویڵسن – مان بینی، کە لە کرمانشاوە بە ڕێگایەکی تردا گەڕابووەوە، لەگەڵ هێسترەکانی کە بارکرابوون بە شتومەکی بەهای 2000 پاوەن، کە بڕێکی باش بوو بۆ ئەو ڕێگرانەی بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕیوە. ئەمە ناوچەیەکە بە تایبەتی پابەندی یاسا نیە، بەو پێیەی ئێمە لەناوەندی چوار هۆزی جیاوازداین، بۆیە کەس نییە دەستوور جێبەجێبکات. دوێنێ شەو جەردەکان هاتنە ناو خێوەتگەکە و پاسەوانی ناوچەکەمان بە هەموو ئاراستەکاندا تەقەیاندەکرد بۆ ئەوەی وریایی خۆیان نیشانبدەن. سەرۆکەکەیان ئەم بەیانییە بەپەرۆشەوە لە دەوروبەری خێوەتگەکەدا بۆ خوێن دەگەڕا، بەڵام من پێموانییە هیچ زیانێکی گیانی

هەبووبێت. ئێمە بە درێژایی ئەو ڕێگایەدا گەڕاینەوە کە ویڵسن Wilson پیا هاتبوو، دوای سەرکەوتن چەند هەزار پێیەك کە (پێشتر لە ساڵی 1900دا پێیدا دابەزیبووین) و لە نزیك سەری دەربەندەکەوە کەمپمان دانا.

**پیران، 16/ حوزەیران.** – ئێمە لەم دیوی هەورامانەوە گەیشتوینەتە دیمەنێکی زۆر جیاواز. بە پێچەوانەی درزە بەرزەکانی تەوێڵە یان بیارە، ئەو دۆڵەی ئێستا لێی هەڵمانداوە لەجۆری ئاسودە و ناوەند پڕە بە کێڵگە و دارستانی داربەڕو داپۆشراوە، بۆ چەندین کیلۆمەتر بە هێڵێکی ڕاست درێژدەبێتەوە تا دواجار بەرەو لوتکەکە پێچدەکاتەوە لەگەڵ لێژبوونەوەیەکی فراوان کە زۆر لە سەهۆڵبەندانێکی کۆن دەچێت.

کارەساتێك ڕوویدا کە سێبەری بەسەر ئەم ژینگە خۆشەدا هێنا. ئەو دکتۆرەی پەیوەند بوو بە کۆمیتەی پێرشاوە، ئەندامی دوایین ئەنجوومەنی پێرشای و خۆشترین هاوڕێی ئەم سەفەرە، دوێنێ بۆ ڕاوە کەروێشك چووە دەرەوە. لەکاتێکدا تفەنگەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بەسەر بەردێکدا کەوتە خوارەوە و تەقی و دواتر بە کردەوە دەستی داغانکرد. خۆی بەست و بە بەجەرگانەترین شێوە گەڕایەوە بۆ کەمپ، بەڵام کاپتن پیرپۆینت Pierpoint دەستبەجێ بەناچاری ناردنی بۆ ئەوەی

دەستی بېرێتەوە. دەستی ڕاستی بوو، مرۆڤ هەستدەکات کە لەدەستدانی بە تایبەتی بۆ پیاوێك لەو پیشەیەدا جێگەی داخە، بە تایبەت کە ئەو یەکێکە لەو چەند پزیشکە پێرشایانەی لە ئەورووپا ڕاهێنراون. بێگومان هیچ ئەگەرێك نییە لێرەوە بنێردرێت بۆ هیچ شوێنێکی شارستانی کە ڕەنگە سەرنجی ڕابکێشێت، بۆیە دەبێت یاوەری لیژنەکە بێت لەناو زبڵ و خاشاکدا تا ئەو کاتەی دەتوانێت سواربێتەوە.

**بناوە سوتە، 17/ حوزەیران.** – بۆ ئەوەی بگەینە ئەم شوێنە، دەربەندێکی دیکەمان بڕی، پزیشکە پێرشاییەکە بە باشی خۆی ڕاگرتبوو لە بەردەم تیمێکی نیازپاك، بەڵام زۆر بێ ئەزموون لە داربەست هەڵگرتندا.

لە دارستانەکاندا هێلانەیەکی گەورەی حاجی لەقلەق هەیە، کە لێرەوە دوور نییە. تا ئێستا هەمیشە حاجی لەقلەقەکانمان بینیووە کە لە گوندەکان و لەسەر سەربان و دیوار و منارەکان هێلانەیان دەکرد، بەڵام ئەمانە کەمتر هاودەمییان پێوە دیارە و شارێکی ئاساییان لەناو داربەڕووەکاندا بۆ خۆیان کردووە. لە دوورییەکی کورتەوە لە دەرەوەی کۆچەرگاکەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. هێلانەکان بە سادەیی سەکۆیەکی گەورەن، تیرەکەیان پێنج شەش پێیە، لە چیلکە و شوڵەکان چنراون و زۆر لە لوتکەی کەشتییەکی جەنگی دەچن، لە کاتێکدا پێویستی بە هەوڵێکی زۆر

بچووکی خەیاڵ هەیە بۆ گۆڕینی ئەو بوونەوەرە بێ جووڵانەی کە تێیدا وەستاون بۆ چاودێریکردنێك لە چاکەت شینەکان (سەربازانی ئینگلیز). لەسەر زەوی ژێر هەر هێلانەیەك، کۆمەڵەیەکی ترسناك لە پاشماوەی ژەمی ئێوارە دەبینیت. – دەیان قاوغی کیسەڵە بەتاڵەکان، تەنانەت ئێسکەکانیش. باڵندە پیرەکانی لەق لەق بە شێوەیەکی سەرپێچیکارانە هێرشدەکەنە سەرت تاوەکو زۆر نزیکنەبیتەوە، لەگەڵ فڕینیشدا و ناوبەناو حاجی لەقلەقێکی سەرگەردان بە دزییەوە بەسەر لێوارەکەدا دێتە سەرت. هەمان دارستان پڕە لە باڵندە شینە پۆپنەدارەکان و دارکونکەرە ڕەش و سپییە جوانەکان، لە کاتێکدا کۆمەڵە... کیسەڵەکانی ژێر پێ بێزارکەرێکی ئەرێنین، تەنانەت هەندێك جار خێوەتگەکەمان داگیردەکەن. Brooke بروك کە ڕێگەیەکی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئاژەڵی ماڵی بە هەموو وەسفەکانەوە، لە شوێنێکەوە جووتێك بەچکە ڕێوی بەدەستهێناوە، کە بە حەبلێکی درێژ بە دارێکی چادرەکەوە بەستراوەتەوە. ئەوان زۆر ڕام و یاریزانن و ڕێزێکی زۆریان هەیە و لە هەمان کاتدا سۆزێکی زۆریان بۆ Azaphela ئازافیلا، سەگە بچووکە ئەڵمانیەکە هەیە، کە بێ گومان لە دیدی ئەوانەوە لە سەگێکی گەورەی ڕاستەقینە دەچێ.

ڕەنگە ئاماژەکردن بە توانای مرۆڤ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ شێوازی ژیانی نوێدا شتێکی کلیشەیی بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم گەشتە نموونەی ئەوەیە.

ئێستا نزیکەی نیو ساڵە لە گەشتێکی بەردەوامداین، بەدەوری خێوەتگەکەدا دەسوڕێینەوە، بە تێکڕا، سێ ڕۆژ جارێك. لە سەرەتاوە یەکێکیان بە ئاگادارییەوە ئێمە بووین. من گەشتیارم، بەڵام ئێستا خۆم دەبینمەوە کە گەیشتوومەتە قۆناغێك کە جووڵەکردن بووەتە شتێکی ئاسایی و وەستان بۆ زیاتر لە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ ناسروشتییە. پێموایە مرۆڤ دەستدەکات بە وەرگرتنی بیرۆکەیەك کە ژیان بۆ کۆچەرییەکی ڕاستەقینە چۆنە. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێواندا هەیە: لە کاتێکدا کۆچەرییەکان کەم تا زۆر لە سنوورە دامەزراوەکاندا دەسوڕێنەوە، ئێمە بەردەوام دەچینە پێشەوە؛ هەمیشە هەستێکی سەیرە کە دۆڵێك بەجێبهێڵیت کە لیژنەیەك بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ کەمپیان تێدا کردووە (نائاساییە کە ئەو کاتە ئەمە چەندە باو بووە)، دەزانیت کە ملیۆنێك بۆ یەك چانسی هەیە کە جارێکی تر نەیبینیتەوە. ئارەزووی سەردانی شوێنەکان مەیلێکی سەیر و سەمەرەی ڕەگداکوتاوە، کە گومانم هەیە کۆچەریی سەرەتایی بە توندی لە خۆیدا چاندبێتی.

**چەمپاراو، 23/ حوزەیران.** ئەم گوندە بچووکە شاخاوییە، کە ناوەکەی زۆر لە جەژنێکی سویسرا دەچێت، هۆکاری مشتومڕێکی زۆر بوو کاتێك لە قوستەنتینیە باسی سنوورەکە کرا. کەس نەیدەتوانی بە دڵنیاییەوە بڵێت سەر بە تورکیایە یان پێرشا و بەرئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوە بوو کە بەجێهێڵدرا بۆ کۆمیسیۆن تا بە

ژێریی خۆی بڕیاری لەبارەوە بدات. بڕیاری کۆتایی پەیوەستە بەوەی کە پێگەی کاروبارەکان لە ساڵی 1848دا چۆن بووە وەك لە لێکۆڵینەوەکانمان لە شوێنی ڕووداوەکەدا دەرکەوتووە. بەو پێیەی دەتوانرێت پشت بە هەردوو لایەن ببەسترێت بۆ پەیداکردنی کەسانی هەشتا ساڵان کە ئامادەبن سوێندبخۆن کە منداڵیی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی بێگەردی شا یان سوڵتاندا بەسەربردووە (وەك ئەوەی کە ڕەنگە)، مرۆڤ خەیاڵی ئەوەشی لێ دروستبێت کە ئەو پێشنیارە قێزەونە کە پێویستە فڕێی بدەینە ناویەوە! لە نێوان بناوەسوتە و ئەم شوێنەدا، سنوورەکە، دوای لوتکەی زاگرۆس، "پێچپێکی تیژ"ی گەورە پێکدەهێنێت. دوای ئەوەی نزیکەی شەست میل بەردەوام دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ دووری بیست لەو شوێنەی کە دەستپێکردووە. خۆشبەختانە هێڵێکی دابەشکردن زۆر ورد پێناسەکراوە، بۆیە گروپی سەرەکیمان لە "ئەڵقەیەکی بازنەیی" ڕزگاری بوو؛ تەنیا یەك ڕۆژ گەشتمانکرد بە نۆرە بۆ ئەوەی کۆمیسارییەکان ئامادەبن و داوا لە لیژنە لاوەکییە جیاوازەکان کرا کە ستوون لەسەر ڕێڕەوی ڕۆیشتنەکان دابنێن. لە لای باکوور خاڵێك هەیە کە لە ڕوانگەیەکی جوگرافیای بچووکەوە جێگەی سەرنجی زۆر دراماتیکییە. هێڵی دابەشکردنە لە نێوان دوو ڕووباری بچووك کە قەبارەیان یەکسانە بەڵام زۆر جیاوازن، یەکێکیان لە کۆتاییدا دەگاتە کەنداوی فارس و ئەوی دیکەیان دەگاتە دەریای خەزەر. ڕەنگە

فەیلەسوفێك وەسوەسەی ئەوە بكات كە ئەخلاقی خۆی لەبارەی بێ بایەخی ڕواڵەتی "هێڵە دابەشكەرە" گەورەكانەوە لە سروشتدا بناسێنێت.

ئەو ڕێگایەی كە لە پێچە گەورەكەدا ڕۆیشتینە خوارەوە زۆر جیاواز بوو لەو ڕێگا تەسكانەی كە لەم شاخانانەدا ڕاهاتبووین. ڕێگایەكی فراوان و لێدراو بوو، لە هەر شوێنێكدا بەناو كێڵگەی كشتوكاڵیدا تێدەپەڕی، لە هەردوو لایەوە سیاج كرابوو. نەوەكانی عەشیرەتی جاف لە كاتی كۆچی ساڵانەیاندا لە ناوچەی قزڵڕەبات لەسەر ڕێگای بەغدا – كرمانشا بۆ لەوەڕگە بەرزەكانی نزیك سەقز لە پێرشا پێیدا تێدەپەڕین. ئەوان تیرۆری هەموو وڵاتن كاتێك بە مەڕەكانیانەوە تێدەپەڕن، هەركاتێك دەرفەتیان بۆ ڕەخسا تاڵان و وێرانكاری دەكەن و جووتیارە ناوخۆییەكەش هەوڵێكی بەزەییدار دەدات بۆ پاراستنی بەرهەمەكانی بە دانانی سیاجێك بە دەوری زەویەكەیدا.

لە گەڕانەوەماندا بە كەناری ڕووبارێكدا ڕۆیشتین كە پڕ بوو لە ماسی. پزیشكەكە كە قوتابیەكی بەئەمەكی ئایزك واڵتنە Isaak Walton، ئێوارە لە خێوەتگەكەدا بە سەركەوتوویی دەركەوت كە قورسایی سێ پاوەند و نیوی هەڵگرتبوو. دوێنێ بە درێژایی ڕۆژ ماسیمان گرت بە سەركەوتنێكی لەبار: یەكێكی دوو پاوەندیم لەسەر

"دانەخۆرەی ماسی گرتن" گرت و یەکێکی ترم بە هەمان قەبارە لەدەستدا لەکاتێکدا هەوڵمدەدا لە شوێنێکی سەختدا بیخەمە خوارەوە. ئەوان جۆرە ماسیەکی زۆر وەرزشین و خواردنیان زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە کۆمیسیۆنەکەمان وەك ئێستا ژمارەیان کەمە. هیچ کەسێك لە کۆمەڵەکەی ئێمە ناتوانێت بە دڵنیاییەوە جۆرەکانیان بناسێتەوە؛ بەڵام پێم وترا، جگە لە قەبارەکەیان، زۆر لە ماهسیری گەورەی هیندی دەچن. کۆمەڵە نێچیرە ڕاوکراوەکانمان لە کاتی گەشتی ماسیگرتنەکەماندا بەهۆی یەك دوو بەچکە قەلەباچکەوە زیادیکرد. هێلانەکەیان لەناو بیەکانی لای ڕووبارەکەدا بوو، هاتنی ئێمە ئەوەندە بێزاری کردن کە کەوتنە ناو ئاوەکەوە و "بێن – Ben " بە تەڕ و ترساوی بەڵام بێ زیان ڕزگاریکردن. قەفەسێکی گونجاویان لە ژێر چاودێری Brooke ـ بروکدا بۆ دروستدەکرێت، دواتر زیادکردنێك بۆ ئاژەڵەماڵییەکانی ناوچەی پێرشا پێکدەهێنن.

27/ **حوزەیران.** – خێوەتگەکەمان گواستەوە بۆ 6000 پێ و دیمەنەکەش دڵگیر بوو، وەك لێرەوە لەسەر ئەو تەختاییە بچووکەی بەردەم چادرەکاندا لە کاتژمێر 6.30ی بەیانیدا خەریکی نووسینم. تەنیا ڕووبەرێکی گەورەی لوتکەی شاخەکان هەیە، لە نێوانیاندا ڕووبەرێکی تەمی خۆڵەمێشی هەیە. مرۆڤ تەنیا لە خوارەوەی 2000 پێ گوێی لە خوڕە خوڕی ڕووبارەکە دەبێت، بەڵام هیچ دەنگێکی دیکە نییە.

لە باکووری دوورترەوە، لوتکە سپییەکانی زنجیرە چیای قەندیل بە شێوەیەکی کەم دیارە، هەرچەندە هێشتا نزیکەی سێ هەفتە ڕێکردنی ماوە.

کاتژمێر 7.30 ی ئێوارە لە کاتێکدا هێشتا دانوسانەکان لەسەر چەمپاراو لە بنبەستدا بوون، من و .W_ دەبلیو، کە بێزاربووین لە چاوەڕوانیە درێژخایەنەکە، ئەم دەرفەتەمان قۆستەوە و سەردانێکی خێرامان بۆ بانە کرد. ئەمشەو بە تەواوی نەمانتوانی بگەینە ئەوێ و لە تەنیشت ڕێگاکە هەڵماندا – واتە جێگەی خێوەتگەکانمان لە کێڵگەیەکدا لە نزیك گوندێکی بچووك دانرابوو، دانیشتووانەکەی پێکەوە هاتنەدەرەوە و بە گرنگییەکی زۆرەوە بەدوای هەموو وردەکارییەکی ژەمی خواردن و ئاودەستەکەماندا دەگەڕان. هەروەها سەرگەورەکەشیان هات و .W دەبلیو کە بەهرەیەکی خۆشی هەبوو بۆ ئەوەی خەڵکی بخاتە پێکەنین، بە چەند نوکتەیەکی خۆش و گاڵتەیەکی سادە بەزمێکی پڕ لە پێکەنینی سازدەکرد. "داهاتت چەندە؟" لە ئاغا دەپرسێت (ئەمەش بە هەمان شێوەی لێکۆڵینەوە لە تەندروستی کەسێکی نامۆ لە ئینگلتەرادا لێرە پرسیارێکی ئاساییە). "دە تۆمان" وەڵامەکەی بوو. " ئەی سەرەموچەکانت؟" W. بەردەوام دەبێت. "ئۆه، من هەرگیز دزی ناکەم" ئاغا دەڵێت. W لە وەڵامدا دەڵێت: باشە کەواتە تۆ زۆر کورد نیت؛ قەرەباڵغیەکە بەدەم پێکەنینەوە هاوار دەکات، کورد بە ئاشکرا خۆی تاوانبار

دەكات بە لێهاتوویی خۆی وەك دزێك. لەنێو ئەو پێداویستیانەی كە خەڵكی گوندەكە بۆ ژەمی ئێوارەمان هێنابوویان، كەمۆڵەیەك لە شیرینترین هەنگوینی كێوی تێدابوو. پێكهاتەیەكی زۆر گرنگە لە خۆراكی خەڵكی ئەم وڵاتەدا؛ لەگەڵ نانی ڕەقی خۆماڵی (بێ خەمیرە، شێوەی شلكێنە وەك چاپاتی هیندی) و قاپێك ماستی خەست (جۆرێكە لە ژەمە خۆراك) تێكەڵدەكرێت، ژەمێك بۆ پاشا دروستدەكات. سەبارەت بە هەنگوینی كێوی، چیرۆكی گفتوگۆیەكم بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ هەندێك كۆچەریدا، كاتێك لە چادرەكانیان لە لوڕستان دەژیان. ئەوان هەنگوینیان دەخوارد و W دەبلیو دەستیكرد بە ڕوونكردنەوەی بۆ خانەخوێیەكەی كە چۆن لە ئینگلتەرا هەنگی "رامكراو" لە شانەدا دەهێڵینەوە. بەڵام لوڕە جوامێرەكە نەدەبوو بە بەسەرهاتی گەشتیارێكی ئاواوە سەرقاڵكرێت. وتی: هۆ، هۆ! – كەواتە پێم وایە كە كاتێك دەچیتە سەرەوە بۆ لەوەڕگە هاوینەكانتان، وەك مەڕ پێش خۆتیان دەخەیت! پێكەنینەكە لەسەر W بوو، وەك ئەمریكییەكان دەڵێن.

لە ڕێگای خۆماندا بۆ ئێرە وەستاین، تەنیا پێش خۆرئاوابوون، بۆ ئەوەی لە چایخانەیەكی سەر ڕێگاكە چا بخۆینەوە. لە كاتێكدا ئێمە لەوێ دانیشتبووین، كۆمەڵێك سوار بە یاوەری یەكێك لە سەرۆكەكانی بانە بەوێدا تێپەڕین. دوا درەوشانەوەی خۆر كە ئاستێكی بەرزی بەسەر لوتكەی شاخەكاندا دەدا، كەوتە

سەریان و کۆتاییەکی بە وێنەکێشانی سوارچاکییەکە زیادکرد. هەموو پیاوەکان مێزەرێکی بێ ئەندازەیان لەسەردا بوو کە لە سێ چوار دەستماڵی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتبوو کە بە پەراوێزی ڕیشووەکانەوە تێکەڵ بووبوون کە هەموو دەوروبەری سەریانی گرتبوو، تەنیا یەکێکیان نەبێت کە بەهۆی ئەوەی موکریانی بوو، سەروبەستی جیاوازی هۆزەکەی لەسەردا بوو - کڵاوێکی کەللە شەکری، بە ڕیشویەکی درێژ کە بە لوتکەکەوە بەستراوەتەوە و لەناو پێچێکی مێزەرەکەدا بە دەوری بنکەکەیدا گیربووە. شەرواڵەکانیان وەکو هۆڵەندییەکان بڕاوە، زۆر گەورە بوون و بە توندی لە دەوری پاژنەی پێدا جێگیربوون و پشتێنەکانیان لە قوماشی لۆکە یان ئاوریشمی گوڵدارە و ئەوەندە گەورە بوون کە خەنجەرە دەسک زیوین و ئەو دەمانچەیەی کە هەر پیاوێك هەڵیگرتبوو نزیك بوو لە توێی پشتێنەکاندا دیارنەمێنێت.

بۆ پێڵاو، پێڵاوێکی ئاسایی وڵاتییان لەپێدا بوو- کە لە قوماشێکی نەرم دروستکرابوو، جیاواز نەبوو لەو ئێسپادریلانەی (کالە) کە باسکەکان لەپێیان دەکرد و باشترین شت بوو لە جیهاندا بۆ سەرکەوتن بەسەر بەردەکاندا. پێدەچێت هەڵبژاردنێکی تەواو بێ سنوور هەبێت سەبارەت بەو ڕەنگ و کەرەستانەی کە لە پاڵتۆکانیاندا بەکاردەهێنرێن. یەکێکیان پاڵتۆیەکی لەبەردا بوو کە بە هێڵی سپی و

برۆنزی خەتدار بوون، یەکێکی دیکەیان قوماشێکی بلێسەی لەبەردا بوو کە گوڵی سوور و گەڵا سەوزەکانی لەسەر تەختێکی سپی بوو، سێیەمیان بە قوماشێکی ئاوریشمی سەوزی سووک درەوشاوە بوو؛ هەندێك لە پاڵتۆکان سادە بوون، هەندێکی تریان ناودار بوون و لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا دوو پاڵتۆی تا ڕادەیەك هاوشێوە نەبوون. بەڕاستی دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر بوو کاتێك لە ژێر تیشکی نزیکە ئاوابووی خۆردا بەسەر ئەسپە ڕازاوەکانیانەوە تێدەپەڕین، بەڵام تەنانەت لە ژێر سێبەر دڕەندیەکەیاندا کە "هەڵگەڕانە" مرۆڤ نەیدەتوانی بە سەرسامیەوە سەرنجی سیمای جوان و بەرگەگرتنی ئەم شاخەوانە ڕەگەز پاکانە نەدات.

دوای ئەوەی تێپەڕین، ئێمەش لە نیوەی زەردەپەڕدا بە دۆڵەکەدا سەرکەوتین و گەیشتینە لوتکەی دەربەندەکە، تەنیا لە کاتی خۆیدا بۆ ئەوەی تەواوی مەودای داهاتوو ببینین، کە سوور هەڵگەڕابوو لە بەرامبەر ئەو خۆرەدا کە چەند خولەکێك پێشتر لەسەرمان ئاوابوو. لەگەڵ دەستپێکردنی دابەزینمان و زۆر پێش ئەوەی بگەینە خێوەتگەکەمان لێرە، ڕەنگەکە هێواش هێواش کاڵ بووەوە و درەوشاوەیی گەرم جێگەی بە ڕووناکیەکی جوان، بەڵام فێنك و سارد و سڕی مانگی یەك شەوە گرتەوە. سبەینێ بەر لە بەرەبەیان بەڕێدەکەوین و هیوادارین لە یەك دوو سەعاتدا بگەینە بانە، لەوێشەوە نامەبەرێك پۆستەکان دەبات بۆ کرمانشا.

**بانە، ۲۹/ حوزەیران.** شەوێکی نائاراممان بەسەربرد. دوێنێ ئامادەیی خۆمان ڕاگەیاند بۆ پشکنینی هەر فەرشێك کە ڕەنگە خەڵکی باشی بانە بۆ فرۆشتن هەیانبێت. دەیان یان زیاتر لە گوندەکەوە هێنران و چەند فەرشێکی سەرنجڕاکێشی ئەسفەهان لەبەردەم چادرەکەماندا دانران بۆ ئەوەی سبەی بەیانی وردتر سەرنجی بدرێت. W بە نازیرانە جێگاکەی خۆی لەسەر کۆمەڵە فەرشەکە دانابوو. وا دیارە نیوەی مێشوولەی ئەسفەهان دەبێ لەناو فەرشەکاندا گەشتیان بۆ ئێرە کردبێت و لە شەودا شوێنی نیشتەجێبوونیان گۆڕیبێت بۆ ناو پێخەفەکەی .W. سوێند دەخوات شەست دانەی کوشتووە! من خۆم بە سووکیی ڕزگارم بوو، چونکە جێگاکەم لەناو چادرەکەدا بوو، تەنیا کەوتمە ژێر دەستی چەند دیدەوانێکی دوژمنەوە. "مرۆڤ پێویستە زۆر وریا بێت لە دانانی تۆڕی مێشوولە لەم وڵاتەدا، چونکە جگە لە مێشوولە بێتاوانەکان تاڕادەیەك، شوێنەکە پڕە لە قێزەونترین جاڵجاڵۆکەی توکن، هەروەها جۆرە سەدپێیەکی زۆر ژەهراوی هەیە، ئەگەر هەوڵبدەیت بۆ ئەوەی بیانکوژیت، چزووەکەیان لەناو تۆدا بەجێدەهێڵن.

شارۆچکەی بانە، نزیکەی 700 خانووە و 7 یان 8 مزگەوتی تێدایە، لە دۆڵێکی فراوان و لەناو ئاوی باشدا هەڵکەوتووە و بەرزییەکەی زیاتر لە پێنج هەزار پێیە. نموونەی شارێکی تەواو کوردییە، تاڕادەیەك بە تەواوی لە باقی وڵاتی پێرشا

دابڕاوە، پێموایە هیچ باجێکی نەداوە بە خەزێنەی ئیمپراتۆری. لە کاتی سەردانەکەماندا کارگوزاری دارایی لەوێ بوو، یان نوێنەری وەزارەتی دەرەوە، پیاوێکی قسەخۆش، پالتۆیەکی سادەی لەبەردایە، هەروەها کراسێکی دەڵب و چڵکنی بێ یاخە. بەڵام ڕەنگە کاریگەرییەکەی کەمتر بووبێت و حکومەتەکە بە تەواوی لە دەستی ئەو بەگزادە ناوخۆییانەدا بوو کە سەرۆکەکەیان محەمەد خان لەلایەن حکومەتی پێرشاوە وەك "ئوستاندار" ناسرابوو. نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر دوای ئەوەی تووشی ناکۆکییەکی تایبەتی بوو، تورکەکانی وەك هاوپەیمانی خۆی بانگهێشتکرد. دیاردەیەکی مێژوویی باو دووبارە بووەوە: میوانەکانی بە ئاغا مانەوە و خانەخوێی خۆیان لە پۆستەکانیان لابرد. بەم شێوەیە بۆ ماوەی شەش ساڵ شارەکە لەژێر دەستەڵاتی تورکدا مایەوە، بەڵام لە سەرەتای دوا دانوسانە سنوورییەکان ڕێککەوتنکرا کە سەرباز و بەرپرسانی تورکیا شوێنەکە چۆڵبکەن و شارەکە گەڕێنرایەوە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی پێرشا. ڕووداوەکە نموونەیەکی باشە بۆ ئەو دۆخەی کە بۆ چەندین نەوە بەدرێژایی ئەم سنوورە زاڵە و کاری سنووردارکردنی ئێستای ئێمەی زۆر پێویستکردووە.

شەوی ڕابردوو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ محەمەد خان کرد. کۆمەڵەیەکی بچووك لە کەسایەتییە دیارەکان ئامادەبوون و میرزا یان سکرتێرەکەی کە بە قەڵەمە

گەورەکەیەوە چەکدار بوو، لەسەر فەرشەکە لەبەردەمیدا دایدابوو. خزمەتکارەکەی خان لە پشتیەوە وەستابوو، جارجارە جگەرەیەکی دەخستە ناو دارجگەرەیەکی عەمبەری کە درێژییەکەی نزیکەی 10 ئینج دەبوو، دایدەگیرساند و دەیدایە دەست ئاغاکەی. دەربار و دەستوپێوەندەکان لە دەرەوەی چادرەکە بە بازنەیەك وەستابوون و بە وردی سەیری دیمەنی نائاسایی دوو ئینگلیزەکەیان دەکرد. مرۆڤ هەموو هۆکارێکی هەبوو بۆ گەڕاندنەوەی دەستخۆشییەکە، چونکە هەندێك لە جلوبەرگەکانیان تەنانەت سەرنجڕاکێشتر بوون لە جلوبەرگەکانی ئەو جەنگاوەرانەی دوێنێ توشیان بووین. تێبینییەکی دەروونیم لەسەر هەندێك لەو ڕەنگانە کرد کە لە ژێر کاریگەری ئەم ئاغایانەدان: خەردەل و ئەرخەوانی و سووری جەرگی و جۆرێکی بەڕاستی جوانی زەردی ئاڵتوونی لە سەرنجڕاکێشترینەکان بوون. ئەوان قۆڵە فەقیانەی درێژیان لەبەردەکرد کە بە شێوەیەکی جیاواز لە نزیکەی هەموو کوردستاندا دەیبینیت. لە ئانیشکەوە درێژدەبێتەوە بۆ خوارەوە، بەجۆرێك خەریکە لە زەوی بدات، کاتێك قۆڵەکان دەچەمێنرێنەوە (وەك جۆرێکی زیادە)، بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی شل لەبەردەمی کەسێکی گرنگدا دەپۆشرێت، لە کاتەکانی دیکەشدا بەتوندی بە دەوری مەچەکدا بەستراوەتەوە. چەند کوڕێکی زۆر گەنج لەناو خەڵکەکەدا بوون، بە تایبەتی بە چاکەت و شەرواڵە بچووکەکانیانەوە کۆمیدی

بوون، چەند نیشانەیەك لە مادەیەکی سپی وەك فەقیانەی ساختە بە کراسەکانیانەوە هەڵواسرابوو. پشتێن یان کەمەربەند، بەو بۆنەیەوە هەندێ لە خێڵەکان بەجۆرێکی سەیر دەیپۆشن. بە توندی بە جۆرێك لە پەتی ئەستوور دەپێچرێتەوە و دواتر دەیئاڵێنێ لە دەوری جەستەی، بە شێوەیەکی زەق لە ئانیشکەکانەوە تا کەمەر؛ هەندێك جار لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاست لول بکرێت، لە پێشەوە تا ڕادەیەك لەیەك دەئاڵێنرێت.

**مووسیك Moussik، 1/ تەممووز.** - ئێمە لێرە دوای ڕێپێوانێکی دوور و درێژ لە بانەوە پەیوەندیمان بە کۆمیسیۆنەوە کردەوە. لە نێوانیاندا جگە لە شاخ هیچی تر نییە و لەگەڵ بڕینی ڕێگاکەمان بەسەر دانەوێڵەکاندا، هەرگیز لە هیچ شوێنێك سەد مەتر نێوانمان نەبووە. بەڵام ئاو زۆرە و ئێمەش بە جوانترین دیمەن قەرەبوو کراینەوە. پێدەچێت دارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە گەشە بکەن؛ سەرنجمدا دار بەڕو و چنار و توو، هەرمێ کێویلە و دڕکەڕەشە و چەند جۆرێکی دی کە نەمتوانی بە تەواوی ناوەکانیان بزانم. بەلای توویەکی ڕەشدا تێپەڕین (یان "شاتوو" وەك پێرشایەکان پێی دەڵێن) کە دیارە تا ڕادەیەك بەخۆڕسکی گەشە دەکات، بەڵام بە باشترین میوە داپۆشرابوو. لقەکانی خوارەوە بەداخەوە لە دەست دەرچوون. ئێمە دەمانتوانی شاتووەکە تەنیا بەو شێوەیە بەدەستبهێنین کە من بچمە سەر شانی

دەبلیو .W و بە یەکەوە هاوبەش بین لەوەی کردومانەتەوە– ڕێکخستنێك کە ئەو نارەزایەتی دەربڕی، بەو پاساوەی کە دەبوو زۆر متمانە بە یەکپارچەیی هاوبەشەکەی بکات. بۆ پشکی شیاوی خۆی لە شاتووە گەیوەکان! نیوەڕۆخوانەکەمان لەگەڵ خۆمان برد و لە چایخانەیەکی کوردیدا خواردمان، لەسەر کورسی بەرد لە دەوری حەوزێکی دەستکرد لە ژێر سێبەری دار کەستەنە یان بەڕووی شاهانە دانیشتبووین. خێزانێك خەڵکی گوندە دراوسێوەکە لە گۆشەکەی بەرامبەردا دانیشتبوون بە شێوەیەکی مەترسیدار جگەرەی دەکێشا، هەروەها شوێنی مانەوە و حەسانەوە بۆ کۆرپەکانیش لە شێوەی بێشکەدا دابینکرابوو. شوێنەکە سەرقاڵی بوو کاتێك گەیشتین، بەڵام دیارە ئێمە زۆر مەترسیدار دەرکەوتین، کاتێك دایکەکە کۆرپەکەی ڕفاند و بردییە سەرەوەی بناری گردەکە، لەوێ بینیمان کە بە شڵەژاوی هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی پیاڵە چایەکەی تەواو بکات کاتێك بەلایدا تێپەڕین. ئێمە ئێستا لە وڵاتی تووتنداین و ڕووەکی تووتن تا ڕادەیەك بە ئازادی لە بناری خوارەوەی گردەکاندا گەشە دەکات. بەپێی بنەما زانستییە سەرسوڕهێنەرەکان دەچێنرێت، بەو پێیەی نەمامەکان لە "نەمامگە"دا بەخێودەکرێن تاوەکو بەرزییان دەگاتە چەند ئینجێك، دواتر بە وریاییەوە دەچێنرێت لە نێوان ئەو دێراوانەدا کە بە وردی بیرکاری هەڵکەندراون بە شێوەیەکی


کەمێك لار، هەر دێراوێك درێژییەکەی 8 بۆ 10 پێیە، لە هەردوو سەرەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، دوو سەرەکەی دێراوێکە یەکیان بڕیوە و درێژدەبێتەوە بۆ خوارەوەی لێوارەکە. بارودۆخی وڵات ئەوەندە ناجێگیرە کە هیچ شتێك لە تووتن هەناردە ناکرێت و من باوەڕم وایە حکومەتی پێرشا یەك فلس داهاتی لێ وەرناگرێت، بەڵام دەبینن کە تووتن یەکێکە لە بەنرخترین بەرهەمەکان و سامانی ئەگەریی بەرچاوی ئەم هەرێمە دەبێت.

دوای چەندین سەعات لە سواربوون بەناو وڵاتەکەدا کە تەنیا دەتوانرا بە شێوەیەکی گونجاو بەراورد بکرێت لەگەڵ ڕێگەیەکی پێچاوپێچ بە بەرەوژوورکەدا، درەنگانێ پاشنیوەڕۆ گەیشتینە خاڵێك کە پێنج میل زیاتر لە موسیکەوە دوور نەبوو. لە نێوان ئێمە و ئۆردوگاکەدا شاخێکی گەورە هەبوو بە ناوی سورکێو، کە ڕوباری زاب بە دامێنی ئەو شاخەدا دەڕۆیشت. بێگومان ئێمە وامانزانی کە ڕێگایەك بە دەوری شاخەکەدا هەبێت، بۆیە بێزاریمان بیهێنە بەرچاوت کاتێك بۆمان دەرکەوت کە تاکە ڕێگا ڕاستەوخۆ لە سەرووی خودی لوتکەکەوەیە، زیاتر لە 7000 پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە. خەریکبوو تاریکی دادەهات کاتێك گەیشتینە لوتکە، بەڵام تەنیا شتێك کە دەمانبینی چادرە سپییەکان بوون کە زۆر لە خوارەوەمان بوون لە دیوەکەی تری دۆڵەکەدا. لە لوتکەدا نە ئاو هەبوو و نە گژوگیا، بۆیە هیچ

دەرفەتێکمان نەبوو جگە لە مەترسی دابەزین. ڕێگاکە ڕێڕەوێکی سەرەولێژ بوو کە بەزەحمەت پێیەك پان دەبوو، وڵاخەکان لە لێواری مردندا بوون و هەنگاوێکی هەڵە لەلایەن یەکێکیانەوە لە هەر ساتێکدا ئەو و بارەکەی نزیکی مەرگ دەکردەوە. شێوازی دابەزنی وڵاخەکان لە ژێر تیشکی مانگە شەودا بەبێ هیچ ڕووداوێك تەواو سەرسوڕهێنەر بوو، منیش لە ناخی خۆمدا سوپاسی خوام کرد کاتێك کاتژمێر 10ی شەو بە سەلامەتی گەیشتینە خێوەتگەکە.



حاجیەکی شێتۆکە



دیمەنێکی تایبەتی ناوەندی کوردستان

## بەشی سیانزەیەم

# مێژوو و داب و نەریت و کەسایەتی کورد

ئەو سەفەرانەی لە سێ بەشی کۆتاییدا تۆمارکراون، بەرەو ناوچەرگەی کوردستان دەمانبات. "کوردستان" (وەك "ئەرمەنستان") یەکێکە لەو ناوانەی کە لە نەخشەیەکدا بە گەورەیی بەدیدەکرێت بەبێ هیچ هێڵێکی خاڵبەندی یان نیشانەیەکی دیکە بۆ پێناسەکردنی وشەکە. لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا، لە ڕاستیدا، وشەکە بە واتای وڵاتی کورد دێت و بەو پێیەی ئەم خەڵکە بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەنەوە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست تا نزیك تەبرێز لە باکووری پێرشا (مەودای 600 میل لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا) دەژین، زاراوەکە بەپێویستی ناڕوون بێت. بۆیە لە قسەکردن لەسەر "ناوچەرگە"کەی، ئەم وشەیە بە مانای توێکاری و جوگرافییەکەی بەکارناهێنم، بەڵکو بە مانای ئەو بەشەی کوردستان کە دانیشتووانەکەی بە تایبەتی کوردن و دەتوانرێت وەك قەڵای ڕاستەقینەی ڕەگەزەکە هەژمار بکرێت. بەو پێیەی تا ئێستا خوێنەرمان بردە پێشەوە، پێدەچێت شیاو بێت چەند لاپەڕەیەك تەرخانبکەین بۆ ئەو ڕاستیانەی کە

جێگەی سەرنجی گشتیترن سەبارەت بە کورد، کە ڕەنگە وەك شوێنێك بۆ گەشتە تایبەتەکەمان گونجابێت.

کورد، بە گشتی، ڕەگەزێکی زۆر کەم ناسراوە بۆ جیهانی دەرەوە. دراوسێکانیان لە باکوور و ڕۆژهەڵات و باشوور و ڕۆژئاواوە هەموویان ژیاننامەنووسی کەم تا زۆری ناسراوی خۆیان هەیە. لە"پێرشا"ی لۆرد کورزۆن 'Lord Curzon ولاتێکمان هەیە؛ وەسفێکی هەمەلایەنە لە سەروەری شا و ڕەعیەتەکانی؛ "ئەرمەنستان"ی 'Lynch لینچ، تا ڕادەیەکی کەمتر، هەمان مەبەست بۆ ئەمەی دووەمیان بەدی دەهێنێت، چونکە زۆربەمان ئاشنای بەدەوییەکانین (ئەوانەی، لانیکەم، لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدان و جیاوازییەکی ڕیشەییان نییە لەگەڵ ئامۆزاکانیان لە... عێراق). لاپەڕەکانی ,Sir Richard Burton سێر ڕیچارد بەرتن، یەکێك یان یەکێکی دیکە لە جێنشینە ئەدەبییەکانی؛ لە کاتێکدا تەواوی کتێبخانەیەك تایبەت بوو بە تورکی عوسمانییەوە. تەنیا کوردی هەژار فەرامۆش دەکرێت، یان نزیکە لەوەوە، و بۆ ئینگلیزەکان جێهێڵراوە، داخەکەم! خەیاڵ نوقم بووە لە ڕۆڵی ناوازەی بکوژێکی خوێنڕێژ کە ئەرمەنییەکانی لە چاڵێکدا کۆمەڵکوژ کردووە. ناکرێ ئینکاری ئەوە بکرێت کە چەندین جار تەسلیم بووە و بە دڵنیاییەوە شەڕی ئێستا یارمەتیدەر نابێت بۆ پاککردنەوەی ناوبانگەکەی لەم ڕووەوە، چونکە چارەنووسی

ئەرمەنییەکان لە سەرانسەری وڵاتەکەیدا یەکێك بووە لە تاریکترین لاپەڕەکانی. بەڵام پێم وایە ڕەنگە ئێمە هێشتا دوودڵ بین لە ئیدانەکردنی ئەم ڕەگەزە سەرەتاییە بە تەواوی بۆ تاوانەکانی کۆنەپەرستی ئایینی، بە تایبەت کاتێك بیرمان دێتەوە کە تۆمارەکانی ئەورووپای شارستانی خۆمان لەم ڕووەوە وەك شەوی سانت بارتۆلۆمیۆ St Bartholomew کەموکوڕییان تێدایە. لە هەر حاڵەتێکدا، بۆ ئەم بابەتە، با کوردە "خنکێنەرەکە" لە وێنەکەدا بەجێبهێڵین و تەنیا هەندێك لە لایەنە باشترەکانی لەبەرچاو بگرین.

بەڵام سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکەمەوە کە هیچ کتێبێکی ستاندارد لەسەر کوردستان نەنووسراوە، بە ئاماژەدان بەو کتێبە سەفەرییە زۆرانەی کە هەن لەسەر ئەو وڵاتە. لە ماوەی سەدەی هەژدەهەمدا، Fraser فرەیزەر، Millingan میلینگەن، Creagh کرەی و Wagner ڤاگنەر هەموویان باسی سەفەرەکانیان لە نێو کوردەکاندا نووسیوە، لە کاتێکدا لەم دواییانەدا ئی.بی. سۆن E. B. Soane کتێبێکی نووسیوە و لە بەرگی نادیاردا باسی سەرگەرمیەکانی لەوێ دەکات، کە لە ڕووی ماددییەوە زانیاریمان لەسەر داب و نەریت و زمان و ئەدەبی کوردی زیاد دەکات. بۆ بەشێکی بەرچاو لە زانیارییەکانم قەرزاری ئەم کتێبانەم.

تیۆری جۆراوجۆر سەبارەت بە بنەچەی کورد هەیە، بەڵام یەك ڕاستی هەیە کە هەموو تیۆریستەکان لەسەری کۆکن – ئەویش دێرینی ئەوپەڕی ڕەگەزەکەیە. ئەو ناوەی کە ئەمڕۆ ئەوانی پێ دەناسین، لانیکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، کە دانیشتوانی ئەو چیایانەی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئاشوورەوە، لەلایەن خودی ئاشوورییەکانەوە بە "کاردو" ناسراو بوون. پێدەچێت ئەوان هاوسێیەکی کێشەدار بووبێتن بۆ ئیمپراتۆری مەزن و هێرشەکانی تۆڵە لێکردنەوە لەئارادا بووە، هەرچەندە سەرکەوتنی زۆری تێدا نەبووە. دەوترێت سەنحاریب وەك سۆن Soane ئاماژەی پێدەکات، دژی هۆزێك لە شاخەکانی زاگرۆس کە پێی دەوترێت کاشۆ، هێرشیکردووە و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە ڕاستیدا ملکەچی کردووە. ڕوونە کە پەیوەندییەکی زۆر نزیك، ئەگەر ناسنامە نەبێت، لە نێوان ئەم دانیشتووانەی سەرەتای کوردستان و مادەکاندا هەبووە. یەکێك لە ئاماژەکان باس لەوە دەکات کە ئەوان دوای ڕووخانی نەینەوا "یەکگرتوو بوون". یەکێکی تر ئەوەیە کە تەنیا دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ماد سەردەمی گەشەسەندنی تێپەڕاند و ئیتر ئێکباتانا پایتەختی ئەوان نەبوو، مادەکان بەرەو شاخ کشانەوە و ئەو بنەماڵەیەیان دامەزراند کە کوردەکانی ئەمڕۆ لێیەوە سەریان هەڵدا. لە هەر قۆناغێکدا لەشکرکێشی ئارییەکان ڕوویدابێت، بەڵگەی زۆر ڕوون لە سەردەمی ئێستادا هەیە

لەسەر ئەو میراتە کە لە نێو ڕەگەزی شاخدا بەجێی هێشتووە، کە لە ڕووخساریاندا بچوکترین شوێنەواری خوێنی تاتار یان مەغۆلەکان دەرناکەوێت، وەك زۆرێك لە تورکەکان، بەڵام ئەوان وەك پێشتر باسمکرد، لێکچوونێکی سەرنجڕاکێشیان لەگەڵ خەڵکانی خاکی خۆماندا هەیە.

پێویست ناکات ئەزموونە ناخۆشەکانی زەینەفۆن و دە هەزار سەربازەکەی دووبارە بکەمەوە، کاتێك لە پاشەکشە گەورەکەدا بە کوردستاندا تێپەڕین. کاردوخیەکان، وەك ئێستا پێیان دەگوترێ، ناڕەزاییان دەربڕی لە یۆنانیەکان کە بە وڵاتەکەیاندا تێدەپەڕین، وەك چۆن لە سەردەمی کۆنەوە لەگەڵ هەموو نامۆکاندا دەیانکرد و هەستەکانیان بۆ دەربڕین بە تلۆرکردنەوەی بەردی زەبەلاح بەسەر سوپای شەکەتی ڕێدا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە بێ گومان کورد هەمان ئەو مرۆڤە بوو کە ئەمڕۆ هەیە، قارەمانی هاوڕەگەز " سەلاحەدین " دەبینین. ئەم نەیارە یادگارییەی "ڕیچارد شێر دڵ - Richard Coeur de Lion" کە گەورەترین سوڵتانەکانی میسر بوو، لە هۆزی هەکارییەوە هاتووە، کە لە باشووری دەریاچەی وان لە وڵاتەکەدا نیشتەجێن. وەك چۆن سروشتی بوو، سەرکردەی تیرەکانی کورد

سوودمەند بوون لە سەرهەڵدانی کەسوکارەکانیان بۆ پێگەیەکی دەسەڵاتی لەو شێوەیە و بەشێکی زۆریان وەك فەرمانڕەوا لە سوریاوە تا خۆراسان دامەزراند. ئەو قۆناغە، لە ڕاستیدا درەوشاوەترین قۆناغ بوو لە هەموو مێژووی کوردستاندا، جگە لە سەردەمی سەلیمی یەکەم، پاشای تورکیا (داگیرکاری ئەو سوڵتانییە میسرییەی کە سەلاحەدین بۆ ئەو ئاستە بڵندە بەرزیکردبووەوە) کە گەورە بوو لەلایەن وەزیرەکەیەوە. ئیدریسی ژیریش بەڕەچەڵەك کورد بووە و وەکو پێش خۆی بووە؛ لە خاکی فیرعەوندا لە ڕۆژانی خۆشگوزەرانیدا براکانی لەبیرە.

مێژووی هاوچەرخی کوردستان مێژووی تیرە لەیەکدابڕاوەکانیەتی، هەربۆیە مەحاڵە لە ماوەیەکی کورتدا هیچ جۆرە وەسفێکی بۆ بکرێت. بەڵام چەند هۆزێك بایەخی تایبەتیان بەدەستهێناوە و دەتوانم باسی دوو لەوانە کە هۆزەکانی هەکاری و ئەردەڵانە بە تایبەتی بکەم. سەبارەت بە هەکارییەکان، وەك بینیمان، کە شانازی بە سەلاحەددینەوە دەکەن وەك تاکێك لە تیرەکەیان. لە سەدەی شانزە، حەڤدە و هەژدەدا بە سەرکردایەتی سەرکردەکانیان، کە نازناوی شازادەی بەتلیسیان هەڵگرتبوو، جارێکی دیکە گەشەیانکردەوە. ئەم زنجیرە فەرمانڕەوایە، دوای ئەوەی دوایین سەرکردەیان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن تورکەکانەوە گیرا، ئیدی کۆتایی هات. سەرکردەکانی هۆزی دووەم، کە ئەردەڵانەکان بوون، بۆ چەندین

سەدە وەك والی سنە. پۆستێکی بە کردەوە سەربەخۆیان هەبوو، حوکمڕانی شانشینییەکی بچووکیان دەکرد کە لەنێو ئەوانی دیکەدا ناوچەکانی هەورامان، مەریوان و بانەی لەخۆدەگرت. لە سنە دەربارێکی بچووکیان دامەزراند کە هونەرەکانی وەك شیعری تێدا گەشەدەکات. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا یەکێکیان هاوسەرگیری لەگەڵ کچی فەتح عەلی شا دەکات، کە ژنێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزی وەك عادیلە خانمی بەناوبانگی هەڵەبجەیە. هەر ئەم شازادەیە چەند ساڵێك لە سنە حوکمڕانی کردبوو، بەڵام دوای مردنی کوڕەکەی حکوومەتی فارس توانی خەلافەت بڕوخێنێ و حاکمێکی لە سینە دانا کە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لەژێر دەسەڵاتی تاراندایە.

ئەو زمانەی کە کورد قسەی پێدەکات، "کرمانجی"، وەك ناوی لێنراوە، بەزۆری بە فارسی کۆن وەسف دەکرێت کە تێکەڵ بە چەندین وشەی بنەچەی نامۆیە، بۆ نموونە کلدانی کۆن. بەڵام میستەر سۆن کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەبارەوە کردووە، بە زمانێکی تەواو لە زۆر دێرینەوە وەسفیدەکات، کە خاوەنی ڕێزمانێکی دەوڵەمەند، بە تایبەت لە دۆخی زاراوەی موکریدا و پێدەچێت ئەدەبیاتێکی بچووکیش هەبێت، لەوانەش... بەرهەمی ڕەسەنی چەند شاعیرێکی کورد کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژێر چاودێری دەرباری بچووك لە سنە نووسیویانە. بە

دڵنیاییەوە مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات گۆرانییە فۆلکلۆرییە کۆنەکان لەناو ئەو جۆرە کەسانەدا بدۆزێتەوە و منیش خۆم پەنا دەبەمە بەر کۆپیکردنی وەرگێڕانی ئینگلیزی نموونەیەکی زۆر جیاواز لە کتێبەکەی میستەر سۆن:

" من دەمەوێت بە چیاکاندا بڕۆم بۆ دوور، هاوسەر،

بلێ، ئایا بڕۆم، یان بمێنمەوە، هاوسەر؟"

ئەگەر بڕۆی، خوا لە ڕێدا ئاگاداریت بکات،

منیش دەڕوانمە ئەو ڕێیەی پیاتێپەڕیت، تا دەگەڕێیتەوە،

لەوێدا لەبەر هەتاودا دەوەستم تا بەرگە سپیەکانت دەدرەوشێتەوە،

تا تۆ پێش دیدەنیارەکان دەکەویت کە سەفەردەکەن بەرەو شەو.

" چیم لەم هاوسەرەمدا خۆشدەوێت، گەر بگریەم یان واوەیلات بۆ بکەم؟

یان پشت لە ماڵ و کێڵگە بکەم و هاتوهاواری منالآنە بکەم.

مەسیحی، تورك و فارس نووزەنووز و ترس و لەرزە،

وەرە، ماچمکە و بە پەلە بڕۆ، پیاو و موکری، ئای ئازیزم."

فرەیزەر Fraser زۆر بە شیوەیەکی دروست کارەکتەری کوردەکانی بەراوردکردووە لەگەڵ سیمای گەلەکەی خۆی لە بەرزاییەکانی سکۆتلەندەدا. لەبارەیانەوە دەڵێت: "ئەوان بەو شێوەیەی کە هەر کەسێکی بەرزاییەکانی سکۆتلەندی یان سویسری بە درێژایی ژیانی بە دڵسۆزیەوە وابەستەی شاخەکانیانن. وەك یەکەم، دابەشبوون بەسەر خێڵدا، دانان بە باڵادەستی سەرۆك عەشیرەتەکان، کە بە پەرۆشییەکی زۆرەوە سەیردەکرێن و بە هەمان جۆش و خرۆشێکی کوێرانەوە شوێنیان دەکەون، هەموویان لەسەر یەك بنەما و پاراستن و میهرەبانی لە بەرامبەر دڵسۆزی و خزمەتکردندان. شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و خۆبەزلزانن، بە ڕێژەیەکی تەواو لەگەڵ نەزانییان، وەکو بەرزاییە کۆنەکان، کەم تا زۆر سووکایەتی بە هەموو هونەرەکان دەکەن جگە لە هونەرەکانی کوشتن و تاڵانکردن– هەموو پیشەکان جگە لە پیشەکانی چەکداری. ناکۆکییان لەگەڵ دراوسێکانیان هەیە و هەڵکوتانە سەر خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی ناوچە نزمەکان، ئای بۆ ئەو کەسەی کە هەوڵی سەرکەوتنی دەروازەی " بالیبرۆ Ballybrugh "بدات، یان بچێتە ناو وڵاتی هەر"دۆناڵد بین لەین"ێکی Donald Bean Lean کوردەوە بەبێ ڕێبەر و پەناگەیەکی ئارام. هەمان خۆشەویستی بۆ سەرگەرمی و تاڵانکردن لە هەردووکیاندا هەیە؛ هەموو نەتەوەیەك بەهۆی دڕندەیی هاوشێوە و تۆڵەسەندنەوەی ترسناکەوە

پەڵەی بەرکەوتووە، بە پیشەی میوانداری بەناوبانگە. بەگشتی بە بەکارهێنانی — هەمان ڕێزگرتن لە وشەکە کە جارێك بەڵێندرابوو — پیرۆزی بەڵێن پاراستن.

پوختەکەی ئەوەیە کە کورد خێڵەکیەکی دڵسۆزە. فێڵبازێکی زۆر دادپەروەرانەیە، بە جەنگاوەری لەدایکبووە و ڕەنگە دوا تایبەتمەندی ئەوە بێت کە زۆرترین مەترسی لە کەسی دەرەکی بکات. دکتۆر ڕۆس Dr Ross کە پزیشکێکی نەشتەرگەریی نیشتەجێی بەغدا بوو، لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، سەردانی بەهێزترین میری ئەوکاتەی ڕەواندوزی کردووە، بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەری کوێربوونی باوکی بدات، لەبارەیانەوە دەڵێت: "توخمی کورد شەڕخوازییە." لەناو بێشکەوە ڕاهێنانی تێدا کراوە و تەنیا لە شەڕ و شەڕخوازیەکاندا دڵخۆشە. من کوڕانم بینیوە کە تەمەنیان لە نێوان دوانزە بۆ پانزە ساڵدایە، بەدەست خراپترین برینەکانەوە دەناڵێنن کە لە شەڕەکانی ئەم دواییەدا تووشی بوون. من تێدەگەم کە شەڕەکانیان زۆر خوێناوییە.

بە تفەنگەکانیانەوە دەستپێدەکەن، بەڵام زۆری پێناچێت خەریکە خەنجەرەکە بەڕاستی بەکاربهێنێت. "کوردی هاوچەرخ بە جبەخانەیەکی پڕ لە چەکەوە دەسوڕایەوە، دیمەنێکی سەیر و جوانیان هەبوو، بەڵام هەندێ شت هەبوو کە زیاتر

پەشیمان بووم کاتێك بەناو وڵاتەکەیدا دەگەڕام لە دیارنەمانی ڕم و نێزە وەك قۆڵی سەرەکی. ڕمێکی درێژ بوو کە لە دارحەیزەران دروستکرابوو، چەقۆیەکی گەورە یان تۆپێکی خوری هەبوو بۆ شاردنەوەی خاڵی ئامانجکردن، وەك دەڵێن بۆ ترساندنی ئەسپی بەرامبەرێك لە مەودای نزیکەوە. بۆ بەرگریکردن لە نێزەی دوژمن، قەڵغانێکی بچووك و خڕی لە چەرم دروستکراویان هەڵگرتبوو، لانیکەم ژمارەیەکی دیاریکراویان زرێپۆشیان لەبەردا بوو، یان زنجیرە یان پلێت، ئەوەی دواییان چوار بەش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ سنگ و پشت و هەردوو لایدا بگونجێت. پەنجا ساڵ لەمەوبەر، دەبێ دیمەنێکی بەڕاستی جێی سەرنج بووبێت، کە ببینین عەشیرەتێکی کورد لە ڕێگای هەڵکوتانە سەر "زەویە نزمەکان" یان کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکی خوێن لەگەڵ خێڵێکی دراوسێ، بەدوای سەرکردەکەیدا دەڕوات و بەسەر بناری بەردینی شاخەکانیدا بگەڕێت. فرەیزەر Fraser وەسفێکی زۆر گرافیکی بۆ ڕمبازەکانی سەردەمی خۆی کردووە:

"دوێنێش و ئەمڕۆش پێش نیوەڕۆ لەگەڵ کوڕە باشەکەی خاندا، کە دەیوت شارەزای ماسیی ناو دۆڵی شنۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا من دەمویست هەل بقۆزمەوە تا زیاتر تێکەڵاوی کوردەکانی هاوڕێم ببم و لەبارەی داب و نەریتیانەوە لێکدانەوە بکەم. دیمەنێکی سەرنجڕاکێشەر بوو بۆ بینینی هاوڕێ لاوەکان، کە لەگەڵمان

هاتبوون و بەدرێژایی دەشتەکە ئەوان بەخێرایی دەڕۆشتن، بەشێوەیەکی سەربەستانە، وەکو ئەو ئاژەڵەی ڕاویان دەکردن پێچیان دەکردەوە و بە ئەسپە باش مەشقکراوەکانیان دەسوڕانەوە لە میانەی ڕمبازیدا بۆ سەرگەرمی من. بەڕاستی کورد سوارچاکە، بەرەوپێش بۆی دەرچوو وەك بەردێك بەسەر کۆڵی ئاژەڵێکی چوستوچالاکی بچوکەوە خۆی مەڵاسداوە و دابینیکردووە، گیانێکی پڕ لە ئازایەتیە، مێزەرە جوانەکەی لەبەر هەتاوەکە دەبریسکایەوە و کەوا پانەکەشی لەدواوە بەرەڵا بووە و ڕمە درێژ و باریکەکەی وەك قامیشێك دەلەرزێ هەر کە باڵە ڕووتەکانی دەجوڵاند، فەقیانە و کراسە دەڵبەکەی وەك دروشمەکان بەدەم باوە دەشەکانەوە. دڵنیات دەکەمە کە لەکاتێکدا دەرزەنێك لەو جۆرە کەسایەتیە ڕێکوپێکانە بەدەورماندا دەسوڕانەوە، هەستم بەخۆم و ئەو سێ چوار کوزیلباشانە دەکرد لە جلوبەرگی ئاغرانەدا، کە بڕاوە بەبەری کەسایەتیەکی غەمگینا. هەڵئەکوتنە سەر سنگی تۆ، کە نوکی ڕمەکانیان وەك بریسکەی هەورە بروسکە، کاتی پێچکردنەوە و سوڕانەوەی باڵەکانیان یان جەستەی ئەوان لای تۆوە هەستی پێناکرێت، ئەوان ئەوانە دوور دەگرن لە تۆوە بۆ سوڕانەوە لەگەڵ خێرایی هەستدا بۆ گۆشەیەکی تر. نواندنێکی خۆش بوو بۆ شەڕی نێوان سوارەکانی سکۆتلەندە و جەنگاوەرەکانی ساراسین لە فیلمی "ئەڵماسی

بیاباندا" کە داستانی سەرنجڕاکێشی "جادوو" دەهێنێتە بەرچاو، زۆر سەیرە لێرە کەسێك خۆی لەناوەندی هەمان خەڵکانێکدا ببینیتەوە."

دیمەنی لەم جۆرە، بەداخەوە! شتێکی ڕابردووە، بۆ 303ی هاوچەرخ، کەمتر ئامادەیە بۆ نمایشی بێ زیان. هەرچۆنێك بێت، ئەو نەریتە ماوەتەوە – یان بەو شێوەیە من وەریدەگرم – لە یارییەکی سەیر و سەمەرەی کوردیدا کە لە سەرانسەری وڵاتدا باو بووە، کە بە ڕێکەوتێکی تا ڕادەیەك سەیر، لە لایەن کوڕەکەی خانی شنۆوە، بۆ کات بەسەربردنمان یاری پێکراوە. لەوانەیە نەوەی نەوەی ئەو هاوڕێیە بێت کە فرەیزەر Fraser ئاماژەی پێدەکات. یارییەکە سروشتێکی زۆر سادە و سەرەتایی هەیە، کاتێك وەسف دەکرێت تا ڕادەیەك ناسەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، هەرچەندە بۆ بینەر ڕەزامەندیەکی یەکلاکەرەوە هەیە لە سەیرکردنی لێهاتوویی ئەنجامدەرەکاندا. پارچە زەوییەکی نەرم هەڵدەبژێردرێت کە دەتوانرێت لە هەر شوێنێك بدۆزرێتەوە و سوارەکان کە بە تاك سوار دەبن بە خێراییەکی تەواو کاتێك دەگەنە شوێنەکە، دارێکی پتەو، درێژییەکەی نزیکەی سێ پێیە، ئاراستەی خوارەوە دەکەن بۆ سەر زەوییەکە، کەمێك لە پێش ئەسپەکەوە. دارەکە ئەگەر بە باشی فڕێ بدرێت، دەگەڕێتەوە هەوا و لێهاتوویی سوارەکان پێکدێت لەوەی کە دارەکەی بەرز بێتەوە بۆ ئەوەی یان ڕاست لە

ژێرەوەیدا سواری بێت یان بە دەستی ڕاست یان چەپ بیگرێت. پێویست ناکات بڵێین فیلەکە زۆر قورسترە کاتێك دارەکە فڕێ دەدرێتە دەرەوەی هێڵەکە.

لە ڕووی ئایینیشەوە، بە بڕوای زۆربەی گەشتیاران، بەشێکی زۆری کوردەکان سوننەی دەمارگیرن، کە زۆر لەژێر کاریگەری شێخەکانیاندان. بەڵام لە دیوی پێرشادا هەندێك عەشیرەتی شیعە هەن، هەروەها ژمارەیەکی سنووردار لە غەیرە موسڵمانان، لەوانە عەلی ئیلاهی لە باشوور کە پێشتر لە بابەتێکی پێشوودا باسی بیروباوەڕەکانیان کراوە، هەروەها ئێزیدییەکان.

ئێزیدییەکان سەر بە ڕەگەزێکی سەیر و سەمەرەی خۆیانن و پێدەچێت تا ڕادەیەك نادیار بێت کە ئایا دەتوانرێت وەك کورد پۆلێن بکرێن یان نا؛ زێدی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵەوەیە و بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمە نهێنییەکانیان بووەتە جێگەی مشتومڕێکی دیاریکراو. زۆرجار، هەرچەندە هەندێك لە نووسەران بە هەڵە جەخت لەوە دەکەنەوە، وەك شەیتانپەرست پۆلێن دەکرێن و تاوسە لاساییەکە کە لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر لەنێو قەشەکاندا دەگوازرێتەوە، جێگەیەکی گرنگی لە پەرستنەکانیاندا داگیرکردووە، تا چەند ساڵێك لەمەوبەر والی بەغدا سەرکردایەتی هەڵمەتێکی دژی ئەوان کرد و باڵندە پیرۆزەکەیانی دەستکەوت و ڕەوانەی

قوستەنتینیەی کرد. بەڵام باوەڕم وایە لە کۆتاییدا گەڕێنرایەوە بۆ لای باوەڕپێبوانی.

ڕێزگرتن لە شوێنە پیرۆزەکان، تایبەتمەندییەکی تایبەتی بەرچاوە لە نێو کورددا. لە بێ بەرهەمترین ناوچەکاندا، کە تەقەی تەورداسی داربڕەکە بەبێ جیاوازی هەموو گوندەکانی ڕووتکردووەتەوە، زۆرجار تووشی یەك دار دەبیت، یان ڕەنگە کۆمەڵێك دار، کە دیارە پیر بوون و بەهۆی هەندێك پەیوەندی ئایینیەوە پارێزراون. هەندێك جار بۆت دەردەکەوێت کە تەنیا "ستوونێکی بەردینە" کە بۆ دیاریکردنی شوێنێکی پیرۆز دانراوە – داب و نەریتێك لانیکەم بەقەد سەردەمی patriarch Jacob پاتریاك یاقوب کۆنە. لە لایەکی ترەوە ئیمامزادە، یان گۆڕی قوبەیی، لە باشوور و لە سەرانسەری پێرشادا تایبەتمەندییەکی هێندە باون، کە بە دەگمەن لە کوردستاندا دەیانبینیت.

لە نزیك شاری بانە دارستانێکی قەبارە باش هەیە، کە تەواوی بناری گردەکە دەگرێتەوە و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کۆچەرگایەکی زۆر لە حاجی لەقلەقەکان دابیندەکات. بەو پێیەی تەواوی ناوچەی دەوروبەری تەواو لە دار پاککراوەتەوە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی پرسیار دەکات کە ئەم دارە تایبەتە چۆن پارێزراوە. ئەو

وەڵامەی کە بەدەستی دەهێنیت ئەوەیە کە دارەکە ددانی سولەیمان بەگی تێدا نێژراوە. وا دیارە سولەیمان بەگ پیرۆزێکی بەناوبانگ بووبێت کە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر ژیاوە و خەڵکی باشی بانە ددانی پیرۆزی ئەویان دەستکەوتووە، کە بە شانازی و مەراسیمەوە لە بناری گردەکەی بەرامبەر شارۆچکەکەیاندا ناشتویانە. لەو کاتەوە زەویەکانی ئەو گەڕەکە بێ پێشێلکاری ماوەتەوە و تا ئەمڕۆش کەس نەیوێراوە بۆ یەك میل دارێك لەو ناوە ببڕێتەوە.

گۆڕستانەکان دەکرێ وەك تایبەتمەندییەکی کوردستان وەسفبکرێن. خۆزگە ناوێکی خۆشتر لە "گۆڕستان"مان پێ ببەخشینایە – کۆمەڵە تاریك و پەستەکانی تەواو نامۆن بە شوێنی پشوودانی خۆشی مردووانی کورد. ڕاستییەکە ئەوەیە کە کورد لەجیاتی ئەوەی ئامانجی شاردنەوەی باوباپیرانی بێت و تا بتوانێت لە چاوی خەڵك دووریبخاتەوە، هەمیشە جوانترین شوێنەکانی ناو دیمەنەکە هەڵدەبژێرێت بۆ دانانی خۆڵەمێشەکەی. زۆرجار، گۆڕەکان یەکێك لەو کۆمەڵە دارە دابڕاوانە داگیردەکەن کە ساتێك لەمەوبەر باسمکرد، بەردی گۆڕی خۆڵەمێشی بە هەموو گۆشەیەکی نامۆ لە ژێر لقەکاندا وەك جۆرێکی سەیر لە دارستانەکان دەردەکەون. بەردەکان خۆیان هەمیشە نەخشێنراون– نەك بە خوێندنەوەیەکی واتاداری ناو و سیفاتەکانی مردووەکە، وەك لە حەوشەی کڵێسایەکی ئینگلیزیدا دەبینرێت، نە تەنانەت وەك

یاسایەك، بە پەرتووكی ئایەتەكانی قورئان وەك ئەوەی لەسەر بەردی گۆڕەكانی توركیا دەیبینیت، بەڵكو بە جۆرەها دیزاینی فەرمی نائاسایی كە گرنگییەكەی ئەوەیە، ئەگەر بوونی هەبێت، لە نامۆی تێپەڕبوو شاراوەتەوە. باوترین دیزاین، بە ئەزموونی من، شتێك بوو كە لە خۆرێكی تەقلیدی دەچوو كە لە هەموو لایەكەوە تیشكەكانی دەنێرێتە دەرەوە، یان ئامێرێكی هاوشێوەی توێكڵ لە خولگە و هێڵی شەپۆلدار. جێگای سەرنج دەبێت بزانین ڕزگاربووانی زەردەشتی ئاریانی چ ڕۆڵێكیان لەم پەیكەرە كۆنانەدا هەبووە. لە هەندێك ناوچەی كوردستان، نیشانەی نەریتی لەسەر بەردی گۆڕەكان هەڵكەندراوە بۆ ئاماژەدان بە ڕەگەز و پلە و پایە، شانەی دوو دەم، بۆ نموونە بۆ ژن، خەنجەر بۆ پیاو؛ لە كاتێكدا دەستێكی ئاسنین بەسەر گۆڕی پیاوانی ڕەچەڵەكی پیرۆزدا بەسترابووەوە، كە بە بڕوای من هێمای دابەشبوونی ئاڵای ئیمامە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر.

بە تایبەتی بە جوانی گۆڕستانەكانی چیای هەورامان سەرسام بووم. بەزۆری لە ژێر سێبەری دار بەڕووە جوانەكاندا بوون و بە چڕی گوڵی سۆسەن چێنرابوو، كە لە كاتی ڕۆشتنماندا بە تەواوی گوڵیان كردبوو. زۆرجار گۆڕێكی دیاریكراو بە دیوارێكی بەردی نزم دەورە دراوە، بەدرێژایی سەرەوەی ڕیزێك ڕازاندنەوەی بچووكی بەزەییدار لەلایەن دەستی خۆشەویستەوە ڕێكخرابوو– پارچە مەڕمەڕی

ڕەنگاوڕەنگ، وردە بەرد یان بەیداخ کە لە دار و پارچە قوماشی سپی دروستکرابوون. هەروەها شاخی کەڵەکێوی ڕازاندنەوەیەکی دڵخوازن لەسەر گۆڕەکان و زۆرجار جووتێك دەبینیت لەسەر گۆڕی سەرۆك هۆزێك.

هەرچەندە لە ڕاستیدا هەرگیز شاهیدی پرسەیەك لە کوردستان نەبووم، بەڵام ڕۆژێك هاتم بەسەر دیمەنێکی پەژاراویدا کە کاریگەرییەکی زۆر زیندووی لەسەر مێشکم بەجێهێشت. بە تەنیا سوار بووم بە درێژایی ڕێڕەوێکی شاخاوی زۆر دووردا، لەناکاو کەوتمە سەر خانوویەك کە لەسەر تەلانێك لە بناری گردەکەدا دروستکرابوو. کۆمەڵێك ماتەمگێڕان کە دیار بوو لە ناشتنی جەنازەیەکەوە دەگەڕانەوە، خەریك بوون لە بەرزاییەکەوە پێچیاندەکردەوە. هەموویان ژنی بە تەمەنی سەرسپی بوون، وەك سەربازانی فەڕەنسی شەرواڵی سوور و چاکەتی شینیان پۆشیوە و لەگەڵ هاتنیان ئەو هاوارە هەڵچووەیان دەکرد کە هاوار و گریانی ماتەمیینە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتدا. ژنێکی گەنج کە بە تەنیا لەبەردەمماڵەکەدا وەستابوو، دیار بوو بێوەژن بوو. پارچەیەك پەڕۆ کۆنەی لە دەست و قۆڵی ئاڵاندبوو، بەتوندیش لە هەر لایەکەوە گرتبووی. یەك بە یەك ژنە بەتەمەنەکان گەیشتنە لوتکەی ئەو لێوارەی کە بێوەژنەکە لەوێ وەستاوە و چاوەڕێیدەکرد و لەگەڵ گەیشتنیان هەریەکەیان دەکەوتن بەسەر شان و ملیا و دەگریان. بۆ ماوەی

خولەکێك یان زیاتر ئەو دوو ژنە گەنج و پیرە یەکتریان ڕادەژەند و بەسەر یەکدا دەیانلاواندەوە، هەر کە پیرە دەڕۆیشت، ئیدی پیرەژنێکی دی دەهات و هەمان دیمەنەکەی پێشو دووبارە دەبۆوە. لە خەم و پەژارەیاندا بوونی دەستدرێژکارێکی ترسناك هەستی پێدەکرا، بەڵام هیچیان تەنانەت تیلای چاوێکیان نەکردە ئەو نامۆ بیانییەی کە لە تەنیشتیانەوە بە سواری وڵاخێکەوە وەستابوو.

فرەیزەر Fraser کە ڕەنگە بە هۆی ڕەچەڵەکی شاخاوییەوە، لە نێو کورددا حەزێکی تایبەتی لە بوونی خورافات و باوەڕی ڕۆح و هتد هەبووبێت و لە لێپرسینەوەکانیدا لە بارەی ئەم بابەتانەوە زۆر گرنگی داوە، ئەوان بە ناوازە ڕایدەگەیەنێت. هیچ چەمکێکی سەروو سروشتی نییە و گرنگیەکی ئەوتۆ بە جن و بوونەوەرە هاوشێوەکانی نادەن. بەبێ ئەوەی بۆ ساتێك بەنیازی ئەوە بم کە ئەزموونی بچووکی خۆم لەگەڵ ئەزموونی چاودێرێکی زۆر وردی وەك فرەیزەردا بەراوردبکەم، دەبێ ڕووداوێك بگێڕمەوە کە لە نزیك زاب بەسەرم هات و هۆکارێکە بۆ پێچەوانەکەی.

ئێمە گەیشتبووینە شوێنی خێوەتگەکەمان کە دوور نەبوو لە گوندێکی بچووکەوە و منیش لە کاتێکدا کە چادرەکان هەڵدەدران، بەدەوریدا دەگەڕام، گەیشتمە گۆمێکی

بچووکی دیواردار کە پڕ بوو لە ئاوی ڕوونی کانیاو کە دەیان ماسی یان زیاتر تێیدا مەلەیان دەکرد. قەوارەی هەندێکیان گەورە بوو، کێشیان یەك کیلۆ یان زیاتر دەبوو؛ ڕوون بوو کە بە ڕێگای سروشتیدا نەگەیشتوونەتە ئەو شوێنەی کە لێی بوون، بۆیە لە هەندێك لەو کوردانەی کە لە دەوری وەستابوون پرسیم کە ئەمانە ماسی کێن؟ وەڵامەکە، وەك لەلایەن خزمەتکارە پێرشایەکەمەوە کە کەمێك کوردی دەزانی، پێشکەشی کرد، بەو واتایە بوو کە ئەوانە ماسی ئیمامێکن، بەڵام ئیمامەکە مردووە. کەواتە زۆر باشە، پێم وابوو بە هەندێك وردە ئامێرێ لە گیرفانی خۆمدا، بە پارچە نان چەواشەم کردن و زۆری نەخایاند سێ ماسی باشم بە سەلامەتی لە کەنارەکەدا ڕیزکرد. کوردەکان کە ئێستا ژمارەیەکی زۆریان لە دەورووبەری کۆبوونەتەوە، بە گومانێکی زۆرەوە سەیری ئەم بابەتەیان دەکرد و بەردەوام دووبارەیان دەکردەوە کە ماسییەکە ماسی"شەخسە"، کە من بە هەڵە پێم وابوو "شەخسی" (بە واتای کەسی یان تایبەت) و وەڵامیان دایەوە و وتەکانی منیان وەرگێڕا کە ئەگەر تەنیا خاوەنەکەی خۆی نیشان بدات من پارەی ماسییەکان دەدەم. دیارە ئەمە لە دەرەوەی مەسەلەکە بوو، تەنیا کاتێك بوو کە وەرگێڕێکی دیکە و لێهاتووتر لە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کە من درکم بە گەورەیی تاوانەکەم کرد. قوربانییەکانم موڵکی کەسی نەبوون، بەڵکو مرۆڤ بوون. لە ڕاستیدا


ئەوان خودی ئیمام .بوون. پیاوە پیرۆزەکە مردبوو – نازانم چەند ساڵ و سەدە پێشتر – و لە نزیك ئەم شوێنەدا نێژرابوو، و ڕۆحی گواسترابووەوە بۆ ناو ماسییەکان، بە پرۆسەیەکی ڕوونەکراوەی ڕەشبینی. تا ئەو کاتەی هەموو ئەمانەم زانی، ماسیە هەژارەکان مردبوون و زۆر درەنگ بوو بۆ ڕاستکردنەوەی تاوانەکە. کەواتە، وەك چۆن بەفیرۆدانیان جێی داخ بوو، لێنران، ڕۆح بن یان بێ ڕۆح، خوران و زۆر باشیش بوون. کورد، پێموایە، لە نێوان سەرسوڕمان لە کردەوە ترسناکەکەی ئێمە و جۆرێك لە سەرگەرمی نیوە تاوانبارانەی بوێرییەکەیدا دابەشبوو. منیش گومانم هەیە کە ئەوان زۆر زانخواز بوون بزانن چی بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە بوێریی خواردنی ئیمامێکیان هەبووە. ئەگەر هەندێك زانیاریم لەسەر زمانی کوردی هەبوایە، ڕەنگە ئەم ڕووداوە ئاشکراکردنی سەرنجڕاکێشی بیروباوەڕی میتافیزیکی کورد بەرهەم بهێنابایە. وەك خۆی، تەنانەت نەمتوانی بزانم چۆن ماسییەکان چوونەتە ناو گۆمەکەوە، یان چۆن توانیان لە ناوچەیەکی ئاوا تەسکدا بژین کاتێك گەیشتنە ئەوێ. ڕەنگە ئەوەش زیاد بکەم کە هیچ حوکمێکی دەستبەجێ لە ئاسمانەوە نەبووە بۆ تۆڵەسەندنەوەی گوناهەکەمان.

## له زابەوە بۆ شنۆ


**نزیك قەندیل، 5/ تەمموز.** – لێرەوە ڕاستەوخۆ سەیری بەرەو زاب دەکەین لەو خاڵەی کە مەودای دەشکێنێت. کەمێك لە خوار دوا کەمپەکەمانەوە وێرانەکانی پردێك بوون– واتە دەرچەکان وەستابوون بەڵام هیچ شتێك نەبوو کە بیانبەستێتەوە. زاب ڕووبارێکی پڕ لە بەفرە کە تووشی شەپۆلی کتوپڕ دەبێت، پێدەچێت دروستکەرانی سەرەتایی پردەکان بە ئەنقەست کەوانەکان یان هەر شتێك کە ڕووبارەکە بگرێت لابردبێت و بۆ کوردە ناوخۆییەکان بەجێیان هێشتبێت تا لەسەر دارێکی کاتی فرێی بدەن. پێکهاتەیەك کە بە ئاسانی دەتوانرێت بگۆڕدرێت. ئەگەر وایە، پێدەچێت کەس خۆی بەو کارەوە سەرقاڵ نەکات و ئێمەش ئەم پردە بەقەد حەفتا و پێنج ساڵ پێشتر وەك فرەیزەر بۆ پەڕینەوەکەمان کەم بەکاردەهێنین.

لە ئەنجامدا کاروانەکە دەبوو ڕووبارەکە ببڕێت و هەرچەندە بەرزبوونەوەی ئاوەکەش ئەوەندە کەم بووبووەوە کە ئەمە بتوانرێت بکرێت، بەڵام هێشتا لێشاوی ئاوەکە ئەوەندە گەورە بوو کە ببێتە ململانێیەکی سەخت بۆ وڵاخەکان.

ئێستا خێوەتگەکەمان لە لێوارێکی داپۆشراو بە دارو درەخت لە بناری گردەکە و بە بەرزایی 1000پێ لە بنکەی دۆڵەکەوە. ئێمە بەنیازی ئەوە بووین لە خوارەوە لە قەندیل بوەستین، بەڵام دوو کەسمان بە پاڵنەرەکە پێش ئەوانی دیکە کەوتین و ئەم شوێنە دڵگیرەمان لە سەرەوە بینی و ڕێگاکەمان بەرەو سەرەوە بردینی. کاتێك باقی کۆمەڵەکە گەیشتن، زۆر گەرم و تۆزاوی و ئامادە بوون بۆ نانخواردن لە شوێنی وەستانی چاوەڕوانکراو، بینییان کە پەڵە سپییە ئاشناکان بەرز لە سەرووی سەریانەوە بوون، تێبینییەکانیان، باوەڕم وایە، بەزەحمەت دەتوانرا چاپ بکرێت؛ بەڵام هەموومان ئەوەندە سوپاسگوزارین کە ئەمڕۆ لێرەین، گەرماپێوەرەکە لە پلەی گەرمی °106 پلەدایە لە ناو چادرەکاندا و زریانێکی تۆزاوی پلە یەك لە دۆڵی خوارەوەدا دەگوزەرێ کە هاوکارە هەژارەکانمان تێیدا خنکاون. لە نزیك خێوەتگەکەوە تاڤگەیەك هەبوو، یان باشتر بڵێم تاڤگەیەکی ئاو بە ستوونی دەهاتە خوارەوە، کە بەرزیەکەی 100 پێ دەبوو، کە تا ڕادەیەك ئاسودەبەخش بوو، هەروەها گەرماوێکی سروشتی باشی دابینکردووە و بڕێکی باش لە نایابترین جۆری تووی ڕەشمان دەستکەوت. لەڕاستیدا، شتێکی کەممان هەیە کە گلەییمان لێی هەبێت جگە لە کۆمەڵێك جاڵجاڵۆکەی توکن – بوونەوەرە گەورەکان کە درێژییان 4



ئۆردوگایەکی نمونەیی



بایز ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ

ئینجە، چەکدارکراون بە کۆمەڵەیەکی دووانە لە ترسناکترین بڕبڕەکانی خوارەوە – کە هێرشیان کردووەتە سەر خێوەتگەکەمان. چێژێکی تایبەت وەردەگرن لە خۆخزاندن بە درێژایی تەنیشت چادری کەسێکدا.

**سەردەشت، 10/ تەمموز.** سەردەشت شارۆچکەیەکی بچووکی پێرشاییە، 15 یان 20 میل لە سنوورەوە دوورە. کەوتبووە سەر هێڵی ڕێگاکەمان، بۆیە من و دەبلیو .W سواربووین بۆ ئەوەی سەردانی بکەین و شتێك لەو وڵاتە دەستێوەردراوە ببینین. دەبێ ڕۆژگارێك شارێکی گرنگ بووبێت، بەڵام ئێستا شوێنێکی بێ بایەخە و زۆرینەی وێران بووە. بە بەراورد لەگەڵ بانە زۆر زیاتر ملکەچی حکومەتی پێرشاە و کۆمەڵێکی 100 سەربازی لە تەورێزەوە بۆ قەڵاکە دانراوە. لێرەدا ئێمە لەسەر هێڵی سنووری نێوان دوو پارێزگای پێرشاین کە ئازەربایجان و کوردستانە (ئەم وشەی دواییەش وەك ناوچەیەکی ئیداریی پێرشا ئەم مانایە سنووردارەی هەیە) و لەمەودوا ڕەنگە چاوەڕوانی ئەوە بین کە لانیکەم بەڵگەی زیاتر لەسەر کۆنترۆڵی پێرشا بدۆزینەوە لە ناوچە نزمەکاندا.

دوێنێ شەو لە ڕێگای ئێرەدا لە ژێر ئەستێرەکاندا لە بەرزی 7000 پێدا نوستین و بەیانی کە هەڵساین و بینیمان خەریکە دەمانبەستێ. شوێنی وەستانەکەمان

شاخێکی بەرز بوو کە بە لەوەڕگەی سەوزایی داپۆشرابوو، وەك دراوسێیەك چادرێکی شوانێکی کوردمان لاوە نزیك بوو، جگە لە مەڕێکی زۆر ورد و هەندێك گامێش و بە سەرسوڕمانەوە ڕەوەیەك قاز. تەنیا هیوادارم بەرپرسی خواردن چاوەکانی بکاتەوە کە سبەی بەشێکی سەرەکی دەگات! کورد لە یەکەم گەیشتنمان دۆست نەبوون و ئاگاداریانکردینەوە کە بەڕێوڕەسمێکی زۆر کەم شاخەکەمان بەجێبهێڵین. ئێمە تەنیا کۆمەڵێکی حەوت هەشت کەسی بووین، بۆیە دەبوو دیبلۆماسیەت بەکاربهێنین، بەتایبەتی کە ئێوارەخوانەکەمان بەندە بە ڕەزامەندی خانەخوێکانمانەوە. دوای کێشەیەکی بەرچاو ئاغایان، کە زۆر خراپەکار و یەك چاو سێبەندی بوو، هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکات. پاشان هۆکاری خراپەکارییەکەی ئەوانمان دۆزیەوە. ڕۆژێك پێشتر شەڕێکی تەواو بێ بایەخ سەبارەت بە هەندێك ئالیك لە نێوان یەك دوو لە کۆزاکی ڕووسی و هەندێك کوردی ناوچەکەدا ڕوویدابوو، ڕاپۆرتی ئەو شەڕە بە شێوەیەکی هێندە شێواو گەیشتبووە ئەم خێوەتگە کۆچەرییە، دەرچووە کە پیاوەکان پێیان وابوو دوو لە هەڤاڵەکانیان کوژراون. ئێمە وەك ڕووسەکان تەماشادەکراین (کە تاکە ئەورووپیەکانن کە زۆربەی کوردەکان تا ئێستا بیستوویانە)، ئەگەر نەمانتوانیایە نەتەوەیی خۆمان بسەلمێنین، ڕەنگە بەڕاستی لە بار و دۆخێکی زۆر خراپدا بووینایە، چونکە هیچ برە قسەیەك

قەناعەتی بە کورد نەدەکرد لە هەڵەکەیان سەبارەت بە هاوکارە ڕووسەکانمان. لە ڕاستیدا هەموو هێزە قایلکەرەکانی (W) پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕوخساری گرژ و مۆنی ئاغامان بڕەوێنێتەوە و دوای چەند قومێك لە شوشە عەرەقەکان، کە (بەسوودترین چەکە دەتوانیت هەڵیبگریت لە کوردستاندا) دواجار تەمومژ ڕەوایەوە. زەردەخەنەیەکی خۆش کە دەیگوت دۆخەکە ڕزگاری بووە. لەم نێوەندەدا، فەرماندەی هیندی (W)، دیپلۆماتکارێکی سروشتی و سەرمایەیەکی بێ نرخ بوو لەم جۆرە بۆنانەدا، هاوڕێ موسڵمانەکانی تەواو خستبووە ناو نوکتەی خۆشەوە و دڵنیایکردینەوە لەو ژەمە ئێوارەیەی لە ناوەڕاستی ئەڵقەکەدا خواردبوومان. پیاوەکانی ئاغا کە ئێستا تەواو ئاشت بوونەتەوە، پڕن لە باسی ئاسایی "سیاسەت"ی ناوخۆیی. ئەم کۆچەرییە سنوورییانە زۆرتر لە یاسا هەڵاتوون و هەموویان خەڵکانێکی زۆر سەرسەختن. ئەوان باشن، تێکسمڕاون چەکدارێکی قورسن، تفەنگیان بە دەستەوەیە، دەمانچەی ئۆتۆماتیکی و خەنجەر لەبەر پشتێنەکانیاندایە و هەر یەکە تا سێ فیشەکلغی پڕ لە فیشەکیان لە پشت بەستووە. هەر کامیان دەبینی دوا فلسی گیرفانی خۆی دەدا بۆ کڕینی تفەنگێکی تازە، هەموو جۆرە چەکێك دەبینیت، لە مووزڵلۆدەری بۆری ساف کە درێژییەکەی پێنج پێیە، بە ئاسنێکی چەماوەوە بۆ چەقاندنی لە زەویدا وەك پشتگیرییەك بۆ

بۆریەکە، بۆ نوێترین مۆدێلی ماوزەر، کە نرخی لەم وڵاتەدا دەگاتە £20 پاوەند. قلیانەکانیان کە لەگەڵ چەکەکانیاندا دەکرێ بەبەر پشتێنەکانیاندا لە جۆرێکی سەیرە. پێکهاتووە لە دارێکی کونکراو کە درێژییەکەی 18 ئینج دەبێت، لە سەرێکیدا کونێکی بچووکی کانزایی هەیە بۆ تووتن و لە سەرەکەی تردا ئەو بەشەی دەنرێت بە دەمەوە لە عەمبەر دروستکراوە و نزیکەی قەبارە و شێوەی هێلکەی باڵندەیە. ئاغا و هەر کەسایەتیەکی گرنگی دی، هەرگیز قلیانەکانیان پێناکەن، بەڵکو جێیدەهێڵن بۆ خزمەتکارەکەیان تا ئەو کارە بەتەواوی ئامادەبکات بەر لەوەی ئەوان مژی لێ بدەن.

**دۆڵی وەزنە، 18/ تەمموز.** – لیژنەکە گورزێکی سەختی بەرکەوت. Mr Wratislaw میستەر ڕاتسلۆ بەهۆی باری تەندروستیەوە ناچار بوو بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەیانی ئەمڕۆ بە یاوەری پزیشکەکە بەرەو تەورێز بەڕێکەوت. هەر چوار کۆمیسیۆنەکە یەکگرتوو بوون لەوەدا کە بۆ ماوەی یەك دوو میل لەگەڵیدا بڕۆین – سوارییەکی سەرنجڕاکێش، چونکە تەنیا ڕێگایەکی تەسك بوو کە لە هەر لایەکەوە زەلکاوێك هەیە بۆ خوارەوەی دۆڵەکە بەجۆرێك کە ناچار بووین زۆربەی ڕێگاکە بە یەك ڕیز بە سواری بڕۆین. لە لوتکەی ئەو زنجیرە گردەی کە دەوری دۆڵەکەی دابوو لە ئێمە



کوردانی موکریان لە وەزنە



کورد و قلیانەکەی

جیابوونەوە و بەرەو باکوور بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتن و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ چادرەکانمان. "پێموانییە پیاوێك لە خێوەتگەکەدا هەبێت، لە خزمەتکارەوە تا دەگاتە خزمەتکراو، کە بە لەدەستدانی .Burra Sahib بورا ساحیب لەناخەوە غەمگین نەبێت". لەمەودوا ئەرکەکانی کۆمیسۆن لە ئەستۆی کاپتن ویڵسن Captain Wilson و جێگری کۆمیسەر Colonel Ryder کۆلۆنێل ڕایدەردا دەبێت.

**خانە، 25/ تەممۆز.** ئێمە لە وەزنەوە بە دوو ڕەوتی درێژ گەشتوینەتە ئێرە. پێموایە هەرگیز دیمەنێکی جوانترم لەو وڵاتە نەبینیوە کە دوێنێ پێیدا تێپەڕین. بەیانییەکی فێنك بوو، هەوایەکی خۆش و هەستی ڕۆژێکی پاییزی ئینگلیزی بوو. هەوری سپی پڕ لە پەڵە بە خۆشحاڵییەوە بەسەر ئاسماندا دەسوڕانەوە، پەچەی سێبەری بەدوای خۆیدا دەهێنا بەسەر دیمەنەکەدا و دیمەنی دووریش هاوئاهەنگییەکی نەرمی قاوەیی و خۆڵەمێشی بوو، وەك ئەوەی لە ناوچەی دەریاچەکەدا دەیبینیت. پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو پاشماوە بێ دارانەی کە لێرەوە تا ئارارات درێژ دەبێتەوە، بە دوایین بەشی دارستانی کوردستاندا تێدەپەڕین. وەك ئەوەی هەموو هەوڵێکیان بدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی، دارەکان شایستە بوون و بەشێکی زۆری ڕێگاکە بەناویاندا دەڕۆیشت.

دوای ئەوەی بەسەر دەربەندەکەدا سەرکەوتین، دارستانە ناوازەکان دەستیانکرد بە دابەزین بەرەو زاب. ئێمە هەر لەو کاتەوەی کە هەژدە ڕۆژ لەمەوبەر لە قەندیلەوە پەڕینەوە، هاوتەریب لەگەڵیدا دەڕۆیشتین، بەڵام من تەنیا جارێك لە دوورەوە بینیم کە من و .W چووینە سەردەشت. لێوارە دوورەکانی ئەودیوی ڕووبارەکە، هەموویان زەرد و قاوەیی چوارگۆشە بوون لەگەڵ کێڵگە گەنمەشامیە پێگەیشتوەکان، کە بەهۆی تەمێکی سووکەوە بە نەرمترین ڕەنگەکان ڕەنگین کرابوون، وەك پارچەی جیهانێکی تر دەهاتە بەرچاو کاتێك لە ڕێگەی بۆشایی لوتکەی دارەکانەوە چاوم پێیان کەوت. لێرە و لەوێ لەنێو دارستانەکاندا کاو پووش هەبوون، هەندێك لە گیاکە پێشتر بڕاون و کەڵەکە کرابوون، ئەوانی دیکە وەك ئاوریشمێکی تەواو لە تیشکی سەرەتایی خۆردا دەدرەوشانەوە و پڕ بوون لە گوڵی کێوی. گوڵەستێرە و لێشاوێ گوڵی هەڵاڵە و ئێستا و دواتر کۆمەڵە گوڵی هێرۆی پەمەیی و وەنەوشەیی هەبوو کە لە زەهاوەوە بە درێژایی ڕێگاکە بەدواماندا دەهات.

هاوڕێیەکی دێرینی دیکە کە لە ڕێگادا سڵاوی لێکردین، ئەویش پەپووسلێمانکە بوو. چ هاوڕێیەکی لەخۆباییە! دێت و ڕاست لەبەردەمی تۆدا دادەبەزێت، بە ئەنقەست تاجە جوانەکەی خۆی لەوپەڕی خۆباییبووندا پیشانی تۆ دەدات. شانازییەکەی لە ڕۆژانی کۆندا، ئەگەر ئەو ئەفسانەیەی دەربارەی ئەو دەیگێڕنەوە ڕاستبوو‌بێت، زۆر

کەوتووە لەسەری. چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە. سلێمان پاشا (حەزرەتی سلێمان- وەرگێڕ) کە لە نیوەڕۆدا لە بیابانەکاندا گەشت دەکات، گەرما زۆر کاریگەری لەسەری هەبوو، بەڵام بێهودە هەوڵی دۆزینەوەی سێبەرێکی دەدا. لەو کاتەدا پەپووسڵمانکەیەك بەلایدا دەفڕێ. پاشای گەورەی دەبینێ کە لە ناڕەحەتیدایە و لێی دەپرسێ. هەر کە باڵندە بچووکەکە لە هۆکارەکە تێگەیشت، بە خێرایی بەرێدەکەوێت و هەموو هۆزەکەی کۆدەکاتەوە، کە لە هەوای سەرووی سەری پاشا سلێمانەوە کۆدەبوونەوە، پەردەیەکی وایان لەبەر خۆرەوە دروستکرد کە توانی بە ئارامی نیوەڕۆ خەوی خۆی بکات. کاتێك کە تازە لە خەو هەڵسابوو، پرسیاری لە پەپووسلێمانکەکان کرد کە چ پاداشتێك هەڵدەبژێرن، هەروەها مۆڵەتی پێدان ناوی ئەو شتە بنێن کە زۆرترین ئارەزووی دەکەن. دوای سەرگەرمییەکی زۆر، پەپووەکان لە ڕێگەی وتەبێژەکەیانەوە وەڵامیان گەڕاندەوە کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئاواتی ئەوە دەخوازن هەر یەکەیان تاجێکی زێڕینیان پێبدرێت. یەکسەر لە سەری هەر یەکە لە هۆزەکە تاجێك لە زێڕی پاك گەشە دەکات. بەڵام شادمانیەکەیان تەمەنی کوورت بوو. هەرچەندە پێشتر کەس گرنگییان پێ نەدابوون، بەڵام ئێستا نێچیرێکی هێندە بەنرخ بوون کە دەستی هەموو پیاوێك لە دژیان دەسوڕایەوە. ڕزگاربووان بە نائومێدیەوە گەڕانەوە بۆ لای سلێمان و داوایانکرد ئەم نیعمەتە

لاببەن کە گۆڕاوە بە نەفرەت لەسەریان. پاشا گوتی: "باشە ئێوە بە خۆبەزلزانین ئەم بابەتەتان هێناوەتە سەر سەری خۆتان و ئێمە جگە لە خۆمان کەس تاوانبارمان نییە. بەڵام لەبیرم نەچووە کە تۆ لە بیابان چیت بۆ کردم، بۆیە لە چەوسانەوەی زیاتر ڕزگارت دەکەم." لەو ساتەوە تاجی زێڕین لەسەر سەری هەر یەکێکیان گۆڕا بۆ تاجێکی پەڕ و لەو ڕۆژەوە جارێکی دیکە پەپووەکان لە مەترسی ڕزگاریان بوو. بەڵام دەترسم بەڕاستی ئەم وانەیە فێر نەبووبن!

با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ڕێکردنەکەمان بەناو کێڵگە و دارستانەکانی داربەڕودا. لەکاتێکدا بە پێچاوپێچ بە لێوارەکەدا دەڕۆیشتین، ڕووباری زابمان لێ دەرکەوت. نزیکەی ئەوەندەی ئەو شوێنە بوو کە چل میل بۆ خوارەوەمان بەسەریدا تێپەڕیبووین؛ بێ سنوور بەردەڵانیتر، لە ڕێگەی بۆشاییە تەسکەکانی نێوان گردەکانەوە دەڕواتە خوارەوە و بە ژاوەژاو بەسەر بەردەکاندا کەف دەکات. لەبری ئەوەی لێی بپەڕینەوە، ڕێگاکەمان هاوڕێك بوو لەگەڵ ڕووبارەکە بەرەو سەرەوەی ڕووبارەکە و بۆ چەندین کیلۆمەتر بەسەر ئەو ڕیزانەی کە ڕاستەوخۆ دەهاتنە خوارەوە بۆ کەنارەکانی. ناوچەیەکی نالەبار بوو بۆ وڵاخەکان، بەڵام بۆ ڕێبوار زۆر جوان بوو. هەر دۆڵێك بە بەردە سەخت و لێژە دارستانیەکانی و شڵپە و لێشاوی ئاوەکەی دڵخۆش بوو، چاوپیاخشانێك لە دوورەوە بە دەوروبەری زنجیرە چیای

قەندیلی مەزندا، دیوارێکی سەرسەختی بەرد و پەڵەپەڵەی بەفر دەبینی. لە لوتکەی یەك بەرزیدا، لەبری ئەوەی جارێکی دیکە شۆڕببیتەوە و دابەزین بۆ ناو دۆڵێکی تر وەك ئەوەی پێشتر زۆرجار ڕوویدەدا، ئێمە هاتینە سەر تەختاییەکی گەورە و فراوانی زەوییە گەنمەشامیەکان کە دیمەنێکی فراوانی هەبوو لە دووری باکوورەوە؛ شاخێکی زەبەلاحی بەفراوی، نیوەی بە هەور داپۆشرابوو، پشتی دیمەنێکی بەرزی پێکهێنا. کێڵگەکان پڕ بوون لە پیاوانی دروێنەکەران و کۆمەڵێك خێمەی ڕەنگاوڕەنگی کورد لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووبوونەوە. لێرەدا لە دەرەوەی گوندەکە خێوەتگەمان دانا. لەم کاتەی ساڵدا هەر گوندێك هاوتای خۆی هەیە لە شێوەی خێوەتگەیەکی نزیکدا کە دانیشتووانەکەی هاوینی تێدا بەسەردەبەن. ڕەشماڵەکان لە شێوەدا زۆر جیاوازن. زۆر درێژ و نزمە، لە مادەیەکی خووری قاوەیی پێکهاتووە و بە گورسێکی درێژ لە زەویدا کۆتایی دێت، دەبەسترێ بە ڕیزە مێخێکەوە، لەناویشەوە ڕیزێ دەستەکی ناقۆڵا بەرزیدەکاتەوە و هەر خێمەیەکی زۆر باش بە ڕیشوی خووری ڕازاوەتەوە. گوندەکان خۆیان هیچ نین جگە لە کۆمەڵێك کوخی قوڕاوی بەدبەخت کە لە نێوانیاندا شاخە تەپاڵەی وشککراوە بۆ سووتەمەنی کەڵەکەبوون، ناوبەناو بینای گەورەتر کە بە تاق و داڵانەکان ڕازێنراونەتەوە، کە پێدەچێت ئاماژە بن بۆ یادەوەری شتە باشترەکان لە سەردەمی

ڕابردوودا. ئەمڕۆ لێرە بە زنجیرەیەك لەم گوندانەدا تێپەڕین، كە لە هەریەكەیان سەگە سپییە گەورەكان بە تووڕەییەوە پەلاماریان دەداین و بە قامچی و بەرد بەرپەرچ دەدرانەوە. ئاژەڵێكی كێوی دڕندەن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر ڕامن بە بەراورد بەو ئاژەڵانەی كە لە زۆربەی ئاسیای بچووك یان بەڵكان دەیبینیت.

محەمەد ئەمین ئاغا، سەرۆكێكی گەورەی ناوخۆیی، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ هات بۆ پەیوەندیكردن. وەك چۆن هەموو كەسێكی تر لە خێوەتگەكە دوور بوون یان خەریكی ڕووپێو بوون یان كۆڵەكەكانیان دادەنا، تەنیا من و .B لەوێ بووین بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی شكۆمەندی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بكەین كاتێك ئاغا و تاقمەكەی گەیشتن. پێم وایە .B ئەم پیاوە پیرە بەڕێزانە دەشڵەژێنێت كە هاتبوون بۆ سەردانمان، ڕەوشتی لەگەڵیان تا ڕادەیەك گەیشتە ئەوەی كە بكێشێت بە پشتیاندا و بڵێت "چۆنیت پیرەمێرد؟" بەم چەشنە، بەڵام وەك ڕێزێكی ڕاستەقینەی بەرز دەینرخێنن و سەردانەكە سەركەوتنێكی كۆمەڵایەتی بوو. ئەمین ئاغا پیرە كوردێكی بەئەدەب و ڕەوشتێكی تاڕادەیەك پەسەند و زۆر دڵگیرە. لە پێناو كەرامەتی خۆیدا دانیشتبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئاسوودە نەبوو، لەسەر كورسییەكی تۆڕیی دانیشتبوو، لە كاتێكدا شوێنكەوتووانی هەموویان بەدەوریدا هەڵتروشكاون. كوڕە بچووكە دە ساڵانەكەیشی هاتبوو، زۆر حەزی لە سیفونە

بریقەدارەکە بوو، تا کەسێك بە ئاڕاستەی ئەو تەقەی لێکرد و خەریك بوو لە ترسا بتوقێت. "گەورەساڵانمان" سەرقاڵدەکرد بە پیشاندانی تفەنگەکانمان – سەرچاوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەرگیز کۆتایی نەهاتووە بۆ هەر کوردێك، – ماوزەڕەکەی خۆم بە دەستکارییە سەرنجڕاکێشەکەیەوە هەستێکی نایاب دروستدەکات، وەك چۆن پێشتر یەکێکیان لەم جۆرەیان نەبینیوە. پاشان "وێنەیەکی" کۆنمان دەرهێنا کە وێنەی شا جۆرج و شاژنە ماری تێدابوو؛ زۆر بە جلە جوانەکانی پادشادا هەڵدرا، بەڵام ئاغاکە وا دیار بوو کەمێك تووشی شۆك بوو کاتێك شاژنی بە جلی شەوەوە بینی. پاشان نۆرەی ئەوان هات کە تفەنگ و خەنجەرەکانیان پیشانمان بدەن کە هەندێکیان زۆر لێهاتووانە دروستکراون.

لەم ساتەدا خزمەتکارە ئاژاوەگێڕەکە بە یەکپۆشی و عەمامە سەوزە سادەکەیەوە دەرکەوت و میوانەکەمان (کە لە وڵاتەکەیاندا سەوز تەنیا لەلایەن سەیدەوە لەبەردەکرێت) بازێکی دا و وایدەزانی خزمەتکارە سادەکەمان لە نەوەی پێغەمبەرە، هەستا و سەری بۆ دانەواند و دەستی بە گەرمی ماچکرد. خزمەتکارەکە لە ترسی ئەو ئاڵۆزییانەی کە ڕەنگە بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەپەلە لەلایەن هیندستانییەکانەوە هاندرا کە ئاشکرای نەکات کە ئەو مرۆڤێکی سادە و ئاساییە و بە نیگایەکی زۆر پەشێویەوە ملکەچی ئەو تاقیکردنەوەیە بوو. ئێمە

نەمانتوانی خۆمان لە هەستکردن بە تاوانباری تا ڕادەیەك بپارێزین، هەرچەندە بێتاوان بووین لە نیازی فریودان، بە تایبەت کە ئاغا نیشانەیەکی تایبەتی ئیحترامی نیشاندابووین کاتێك بۆ یەکەم جار چووینە ناو ناوچەکەیەوە بە سواربوون بۆ دەرەوە بۆ پێشوازیکردنمان لەگەڵ 100 لە پیاوەکانی، کە وەکو کەسێکی... جۆرێك لە پاسەوانی شەرەف، لە هەر لایەکی ڕێگاکەدا ڕیز بوون کاتێك بە درێژایی ڕێگاکەدا تێدەپەڕین.

**پاسلۆڤە، 27/ تەممووز.** – ڕێپێوانی ئەمڕۆ بە تەواوی لە دەشتەکاندا بوو، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ڕێڕەوی شاخی پشت شکێنەوە کە تاکە ڕێگای ئێمە بوون لەو کاتەوەی کە قەسری شیرینمان بەجێهێشت. وڵاخەکانمان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر جێی متمانەن و لەم هەموو ماوەیەدا تەنیا دوو قوربانیمان هەبووە. پێرشایەکان کەمتر بەختیان هەبوو؛ تەنیا ڕۆژێکی تر چوار لە وڵاخەکانیان بە شێوەیەکی خراپ کەوتنە خوارەوە و "سەرکردەی سەرکەوتوو" بە دوایدا ڕۆیشت، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە هیچ شتێکی خراپ ڕووینەدا جگە لە پەنجە گەورەی دەستی. دکتۆرە پێرشایە هەژارەکەش کەوتە خوارەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئازاری قوڵی هەبێت، خۆشحاڵم ئەوە دەڵێم.



خێوەتی کوردی



موسا خانی بچووك

ئەم بەیانییە بۆ دواجار لە زاب پەڕینەوە، تا ڕادەیەك نزیك بوو لە سەرچاوەكەیەوە. گوندێك لە بوارەكەدا هەبوو كە بە بازنەی ئاسایی كۆكراوەی كا و پووش دەورە دراوە، كە توانای دابینكردنی ئالیكە بۆ ئاژەڵەكان لە چوار مانگی زستاندا كە هەموو وڵاتەكە لە ژێر بەفرێكی زۆردایە، هەروەها شوێنی ژیان بوو بۆ حاجی لەقلەقەكان لە هاویندا.

چەند گوندنشینێك بە دەفری گەورەی خاكییەوە هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی ئاو بكێشن و لەگەڵ ئەواندا كوڕێكی بچووك كە بە كراسە زۆر كورتەكەی و كڵاوە قوچەكەی هۆزی مامەشەوە كە نیوەی لە كڵاوی قۆشمەچی و نیوەی لە كڵاوە نەخشدارەكەی قەشە دەچوو، بە شێوەیەكی سەرنجڕاكێش كۆمیدی دەركەوت. كەمێك دوورتر چاومان بە ئاغای مامەش كەوت كە زۆر جوان دەركەوت لەگەڵ پیاوە جەنگاوەرەكانی لە دەوروبەریدا، هەرچەندە كاریگەرییەكەی كەمێك تێكچوو بەهۆی بوونی چەترێكی ڕەشی ئاسایی كە لەلایەن خزمەتكارێكی سوارەوە بەسەر سەریدا گیرابوو.

**شنۆ، 29/ تەمموز.** – دوێنێ بە پەڕینەوە لە ئاوێکی بچووکی بێ بایەخ، حەوزی دیجلەمان بۆ هەمیشە بەجێهێشت و چووینە ناو ئەو حەوزەی کە دەڕژێتە دەریاچەی ورمێوە. لە لوتکەی ڕیزەکەوە تەنیا دەتوانین هێڵێکی ڕاست لە ئاسۆی باکووردا ببینین کە دەریاچەکە دیاریدەکات. دەستبەجێ لە پێشەوەیدا دیمەنێکی نایابمان هەبوو بۆ دۆڵی گادیر کە شنۆی تێدا هەڵکەوتووە. بەڕاستی دەشتێکی گەورەیە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لەبەردەم پێماندا بۆ هەموو جیهان دیمەنی تابلۆیەکی نیگارکێشێکی کۆنی هۆڵەندی بیرخستەوە. هەموو ئەو فراوانیە بە گوندی بچووک پڕ بووبوو، هەریەکەیان لە باخچەیەکی قەیسیدا بوون، ڕێگایەکی بەناو درەختی چناردا دەچووە دەرەوە بۆ دەشتە تەخت و بێ دار و درەختەکە. لە ناوەڕاستەوە گادیر خۆی لەناو زەلکاوێکی کەناڵەکاندا ون بوو کە لقیان دەچووە سەر هەر تاکە گوندێك و خۆراکیان بەو کێڵگە دەوڵەمەندانەی گەنمەشامی دەدا کە لە لێوارێکەوە بۆ لێوارەکەی تر درێژبوونەتەوە.

شنۆ خۆی لە دوورترین گۆشەی دەشتەکەدا، ڕاست لە ژێر شاخەکاندا، نیوەی لە دەشت و نیوەی لە بناری گردەکەدا، خۆی حەشارداوە. گەورەترین شارە کە لە دوای قەسری شیرینەوە بینیومانە، شانازی بە فەرمانڕەوایەکی ڕاستەقینەی فارسەوە دەکات بە جلوبەرگی سەربازییەوە و لەلایەن کەتیبەیەکی کۆزاکی

ڕووسیەوە پاسەوانی دەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێستا ئێمە لە چوارچێوەی "ناوچە"ی ڕووسیادایین. بەڵام پیاوە گەورەکەی ئەو شوێنە، سەرۆکە پیرە قژ سپییەکەی زەرزاو، کە هۆزێکی کوردە و لە شنۆ و دەشتەکاندا نیشتەجێیە. ئەوان لە هۆزەکانی تری موکری جیادەکرێنەوە بە لەبەرکردنی، لەبری کڵاوێکی نووکدار، دەستماڵێکی تاقانەترین کە پێکهاتووە لە پەتێکی پێچاوپێچی شتومەك کە بە دەوری یەکدا بە چەرخێکی هەمیشە تەسکبووەوە دەپێچرێتەوە، بەجۆرێك کە سەر و مێزەرێك بۆ سەریان دروستدەکات کە تەنیا دەتوانم بەراوردی بکەم بە ڕازاندنەوەی شەکرەکانی سەر کێکی کریسمس. من پێم سەیرە ئایا هیچ وڵاتێك لەسەر زەوی بتوانێت جۆرەها بێمانایی لە جلوبەرگدا وەك کوردستان بەرهەم بهێنێت؟

دواتر. – تازە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ حاکم و سەرکردەی هۆزەکە مەنسور ئەلمەمالیکی بەساڵاچوو (یاریدەدەری دەوڵەت) گەڕاوینەتەوە. یەکەمیان بە شێوازی دڵخوازی پێرشای میوانداری کردین- واتە لە چادرێکی بچووك و ڕەنگاوڕەنگدا کە لە لای چەمێکەوە هەڵدرابوو- هەموو پێرشاییەکان خۆشەویستییەکی تایبەتیان هەیە بۆ دەنگی خوڕە و هاژەی ئاو. دوای دوو کوپ چای فەرمی، کە تەواوکەری خواردنە خۆشەکانی بەفرە ڤانێلا و قەیسی بوو،

چووینە سەردانی مەنسور ئەلمەمالیك. کوڕە بچووکەکەی لە دەرگای دەرەوە پێشوازیی کردین، گەنجێکی زۆر جوانی تەمەن دوانزە یان چواردە ساڵان، تایبەتمەندی ئینگلیزییەکی هێندە نایابی هەبوو کە مرۆڤ بەزەحمەت دەتوانێت لەو بڕوایە ڕزگاری بێت کە قوتابیەکی ئینگلیزییە، جل و بەرگی ژیرانەی پۆشیوە. کۆت و شەرواڵێکی سەوزی تۆخی لەبەردا بوو، لەگەڵ پشتێنێکی گوڵدار، کە هەموو جەستەی دەشاردەوە. کەمێك سەرسام بووین، وەك دوای ماوەیەکی کەم بۆمان دەرکەوت کە ژنی هەیە و قومارچیە و لە یەك دانیشتندا نزیکەی 20 پاوەندی لەدەستداوە. موسا خان کە ناوەکەی بوو، بەناو باخچەیەکدا بردینی و چەند هەنگاوێك بەرەو سەروو ژووری دانیشتنەکەی باوکی چووین. ژوورێکی زۆر درێژ بوو، دیوارە گڵەکانی زنجیرەیەك سەکۆی پڕ لە دۆشەکەڵەی تێدابوو کە "هاودەمان" تێیدا دانیشتبوون، پەردەی کرێشە یان برنجۆکی پەمەیی و سەوز هەڵواسرابوو. بۆشاییەکانی نێوان تاقەکان بە خۆشنوسیەکان داپۆشرابوون، بە شێوەیەکی سەرەکی وێنەی سەرە تاجدارەکان و نموونەی خەتی فارسی، کە بە جوانی لە چوارچێوەیەکدا بوون. یەك دوو پێ لە خوار سەقفەکەوە ڕەفەیەك بە دەوری ژوورەکەدا دەڕۆیشت، کە لەسەری نایابترین کوپ و قاپی چینی و چرا و شووشەی لەسەر بوو، کە بەس بوو بۆ دوکانێکی چینی و فەخفووری فرۆش. لەسەر ئەو

دیوارەی کە بە تەنیا ڕووی لە من بوو، زیاتر لە شەست شووشەم ژمارد؛ بوتڵی شەراب و بوتڵی بیرە و پەرداخی خەردەل و پەرداخی بەهارات و دەیان بابەتی دیکە هەبوون، هەموویان تەنیا ڕازاوە بوون، بە خەیاڵمدا دێت، چونکە پیرە هاوڕێ کەسێکی مەشروب نەخۆری توند و تیژ دەردەکەوت.

ئێمە خۆمان لە کۆتایی ژوورەکەدا لەسەر ڕیزێك سندوقی خێزان دانرابووین، لە کاتێکدا ئاغا و دوو کوڕەکەی کە گەورەکەیان گەنجێکی بیست و سێ ساڵان بوو، بە بەچوارمەشقی لەبەر پێماندا دانیشتبوون. بەڕاستی خێزانێکی بەگزادەن لە خوو و ڕەوشتیاندا. پیاوە پیرەکە پێی ڕاگەیاندین کە چۆن تەنیا چەند ساڵێك پێش ئەوەی مێژووی نووسراوی بنەماڵەکەی بدزرێت و لەدەست بچێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوە، وەك خۆی دەڵێت، ٢٥٠ ساڵ و سەرگەرمیەکانی یەکێك لە باوباپیرانی دەگێڕێتەوە کە یاوەری نادر شا بووە لە هەڵمەتەکانیدا. لەوەدا هیچ شتێکی مەحاڵ نییە، چونکە کورد ڕەگەزێکی زۆر پاك و خاوێنە و سیستەمی خێڵەکیش وەك لە نێو عەرەبەکاندا، کاریگەریی ئەوەی هەیە کە نزیکەی تەواو ڕێگری لە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی نامۆ دەکات. هەردوو کوڕەکەی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش قۆز بوون، چاویان گەورە و گەش و برۆی کەوانەیی وردیان هەبوو کە مرۆڤ لە مینیاتورەکانی (وێنەی بچوککراوە) فارسی کۆندا زۆر باش ناسراون. باوکیان

حیکایەتخوانێکی بەناوبانگ بوو، چیرۆکی بێکۆتایی بۆ دەگێڕاینەوە، بە پەرۆشەوە لە خاڵە باشەکاندا دەیکێشا بە ئەژنۆی خۆیدا. زۆرێك لە چیرۆکەکانی ئەفسانەی کۆنی فارسی بوون، یەکێك کە بە گەرمییەکی تایبەتەوە دەیگێڕایەوە، ئەمەی خوارەوە بوو:

– پشیلە کێویەك کە بەناو مەرەزەکانی برنجدا دەڕۆشت، چاوی بە پشیلەیەك کەوت.

سڵاو، وتی: تۆ چ جۆرە دڕندەیەکی؟

تۆ ڕیشت وەك ئەوەی منە و کلکێکی وەك ئەوەی منت هەیە و هێڵەکانیشی وەك ئەوەی منە، بەڵام تۆ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بچووکیت؛ لە دونیادا تۆ چیت بەسەرهاتووە؟ پشیلەکە بە قسەی پشیلە کێویەکە زۆر تووڕە بوو، بەڵام بە ئەدەبەوە وەڵامی دایەوە: باشە، دەبینیت، سەردەمانێك وەك تۆ بووم، بەڵام کەوتمە ناو مرۆڤەکانەوە، ئێستاش لەگەڵیان دەژیم و زۆر بچووك و لاواز بووم. وەك چۆن من دەبینیت. ئای، کەواتە ئەم مرۆڤانە چ جۆرە بوونەوەرێکن؟ پشیلە کێویەکە پرسی. من دەمەوێت کەسێك بناسم و نیشانی بدەم کە یەکێك لە ئێمە چۆن دەتوانێت بێت – ئایا کەسێکم پێ دەناسێنیت؟ باشە، پشیلەکە وتی و ڕۆشت

ﺑﻴﺎوێكی هێنا كه له مه‌ره‌زه‌كه‌دا كاریده‌كرد. كه كابرا هات، پشیله كێویه‌كه پێی
ت: ته‌ماشام بكه. من لێره هه‌مان ڕه‌گه‌زی پشیله‌كه‌تم، به‌ڵام به‌هێزم و هێزی
ڕمت پیشان ده‌ده‌م. شه‌ڕم له‌گه‌ڵ ده‌كه‌یت؟ كابرا ترسی ئه‌وه‌ی هه‌بوو ڕه‌تی
اته‌وه، بۆیه وتی به‌ڵێ شه‌ڕت له‌گه‌ڵ ده‌كه‌م، به‌ڵام ئه‌م به‌یانییه هێز و توانام له
ڵه‌وه به‌جێهێشت، ده‌بێت ڕێگه‌م بده‌یت و بچم بیهێنم. پشیله كێویه‌كه ڕازی بوو،
ابراكه ڕۆیشت. به‌ڵام دوای ئه‌وه‌ی كه‌مێك ڕۆیشتبوو هاته‌وه و وتی: ئه‌وه هه‌مووی
ۆر باشه، به‌ڵام چۆن بزانم كه تۆ ڕاناكه‌یت له كاتێكدا من لێره‌نیم و به‌م شێوه‌یه
ه‌موو ناڕه‌حه‌تیه‌كانم به خۆڕایی ده‌ڕوات؟ پشیله كێویه‌كه سوێندی خوارد
چاوه‌ڕێی ئه‌وه ده‌كات تا پیاوه‌كه ده‌گه‌ڕێته‌وه، به‌ڵام كابرا وتی متمانه‌م پێت نییه.
ڕتی: با له كیسه برنجه‌كه‌مدا بتبه‌ستمه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی دڵنیابم، دوای كه‌مێك
ڕازیكردن، پشیله كێویه‌كه ڕێگه‌ی به خۆی دا له‌ناو كیسه برنجه‌كه‌دا ببه‌سترێته‌وه.
پاشان پیاوه‌كه گه‌ڕایه‌وه ماڵه‌كه‌ی خۆی بۆ ئه‌وه‌ی ده‌مانچه‌كه‌ی بهێنێت. پشیله‌كه
كه ده‌یزانی چی ڕووده‌دات وتی: ئای ده‌بینیت، هه‌ر وه‌ك ئه‌وه‌ی پێم وتیت. "تۆش
كه‌وتیته ته‌ڵه‌ی مرۆڤه‌وه و وه‌ك من بچووك و لاواز بوویت."

من به ته‌واوی نازانم ئاكاره‌كه له كوێدایه، یان ئایا هه‌یه، به‌ڵام چیرۆكه‌كه وه‌ك
ئه‌وه‌ی به فارسییه‌كی ساده و ڕوون له‌لایه‌ن پیره‌مێرده‌كه‌وه گێڕدرایه‌وه، به

تەواوی دڵخۆشکەر بوو. ئاغا دوای چیرۆک گێڕانەوەکە کۆمەڵە دەستنووسە فارسییەکانی خۆی پیشاندان. بە شێوەیەکی سەرەکی شیعرەکانی حافز یان سەعدی بوون، هەندێکیان مێژوویان بۆ ساڵی 1040 کۆچی دەگەڕایەوە. واتە زیاتر لە 300 ساڵ لەمەوبەر. نووسینەکە زۆر نایاب بوو، لاپەڕە بە لاپەڕە هەرگیز نە لادانێ نە لاریەکی تێدا نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت بچووکترین ناتەواوی تێدا دەستنیشانبکات و بە هەمان وردبینیەوە ئەوەی لە لاپەڕە سەددایە وەك ئەوە وایە کە لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسراوە.

لە کاتی خۆرئاوابووندا (چونکە ئێمە لە مانگی ڕەمەزاندابن) ئێوارەخوان هێنرایە ژوورەوە. قاپەکان لەسەر چوار سینی گەورە ڕێکخرابوون کە بە هێڵێك لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانرابوون. بانگهێشتکراین بۆ ئەوەی بەشداری ژەمەکە بکەین، منیش لەوەتەی لە قوستەنتینیە بووم تامی کەباب و ژەمە خواردنە بەتامەکانی لەو شێوەیەم نەکردووە. بۆ خواردنەوەکان، قاپێك دۆی ترش لەگەڵ کلۆ سەهۆڵدا بە دەوری مێزەکەدا دەسوڕایەوە و هەر کەسێك بە نۆرەی خۆی کەوچکێکی گەورەی داری بەکاردەهێنا کە لەگەڵ قاپەکەدا دەگوازرایەوە،- پێموایە بە تەواوی پاکوخاوێن نییە، بەڵام مرۆڤ ئەوە لەبیردەکات لە دەوروبەرێکی لەو جۆرەدا. ئەندامە جیاوازەکانی ماڵەکە یەك بە یەك دەهاتن و لە تەختەی هاوبەشدا

جێگەی خۆیان گرتەوە و بەم شێوەیە بەگزادەی پیری دەربارمان بۆ بەجێهێشتن، لەلایەن کوڕ و کەسانی سەر بە خۆیەوە دەورە دراوە، وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی شکۆ و سادەیی پێکەوە.

**شنۆ، 2 / ئاب.** ئەفسەرانی ڕووسیی ئۆردوگاکە ئەمڕۆ لە نانخواردنێکی نیوەڕۆدا لە ئاسمانێکی کراوەدا پێشوازییان لە تەواوی لیژنەکە کرد. بە شارۆچکەکەدا تێپەڕین، بە درێژایی بازاڕەکە، کە لە شێوەی پردێکی داپۆشراودا وەك Ponte Vecchio پۆنتی ڤیکیۆ لە فلۆرانس ڕووبارەکە دەبڕێت و چووینە ناو باخچەیەکەوە کە مێزی درێژ لە ژێر سایەبانەکاندا لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر هەڵواسرابوو، ئەوان بەبێ ئامادەکاری ئەو کارەیان کردبوو. خانەخوێی سەرەکیمان کاپتنێکی قژ خۆڵەمێشی زۆر خۆشمەشرەف بوو کە تەنیا بە زمانی ڕووسی قسەی دەکرد، بەڵام بە کردەوە ئەوەی نەیدەتوانی بە وشە دەریببڕێت بە سەردانە زۆرەکانی بۆ سەر مێزەکە و بەیەکدادانی پەرداخەکان بۆ هەریەکێکمان بە نۆرە. نانخواردنی نیوەڕۆ دوو کاتژمێر و نیوی خایاند، ساردەمەنیە شلەکان باشترین نەریتی میوانداریی ڕووسی بەدیهێنا. لە هەمان پیاڵە چای فارسی کە خواردمەوە (دراوسێکەم هیچ بوارێکی نەدام) ڤۆدکا، بیرە، شەرابی سوور و سپی، کڤاس، و براندی ڕووسی، هەموویان لە پلەی گەرمی 96° پلە لە سێبەردا! لە کاتی ژەمەکەدا سەربازەکان کات بەسەربردنی

بەردەوامیان پێشکەشکرد کە چێژێکی زۆریان بۆ بۆنەکە زیادکرد. سرییەکی پیادە هەبوو کە کاپتنێکی ڕووخۆش فەرماندەیی دەکردن و دوو مەفرەزەی جیاوازی قەوقازیەکان هەبوون کە یەکێکیان خەڵکی قەوقاز بوون و یەکێك خەڵکی ولایەتەکانی دەریای ڕەش بوون. سەربازە پیادەکان، جوتیارانی ڕەوشت بەرز بە بلوزە شل و پێڵاوە بەرزە ئاساییەکانەوە، بەڵام قەوقازیەکان بەرگێکی زۆر هۆشمەندانەیان لەبەردا بوو کە پێکهاتبوو لە کالپاکی ئەستراخانی خۆڵەمێشی، پاڵتۆیەکی قاوەیی سورباو بە تەنوورەیەکی زۆر درێژ و پڕەوە، پشتێنێکی توند لە کەمەرەوە بەسترابوو. تا خاڵێك لە پێشەوە هەڵدڕا بوو بۆ ئەوەی جۆرێك لە بەروانکە ڕەشە قەشەیەکەی لە ژێرەوە دەربکەوێت، لەگەڵ شەرواڵ و چەکمەی سواریی.

پاڵتۆکە ڕیزێك گیرفانی بچووکی هەیە کە بە شێوەیەکی لار لە سەر سنگی ڕێکخراوە، لە هەر گیرفانێکدا گوللەیەکی تێدایە و پیاوەکان کێلانەیەکی درێژیان هەڵگرتووە کە بە ئاوزنەی پشتێنەکەیانەوە لە پێشەوە بەستراوەتەوە – پارچە ئامێرێکی شێوە سەیرە. جلوبەرگی ئەفسەرەکانیش هەمان شێوە بوون، بەڵام هەریەکەیان شمشێرێکی هەڵگرتووە و لەبری گوللە ڕاستەقینەکان لەسەر سنگیان ڕێزێك بوکەڵەی زیوی هەیە.


پیاوەکان خۆیان بە بازنەیەك ڕێکخست، هەر پیاوێك ڕووی لە ناوەوەیە و گۆرانی دەڵێت. بەشێکی دەنگی تەنیا بوون و خۆش بوو بۆ گوێگرتن. بە شادمانییەوە دەرەقەتی ئۆپێرا مەزنەکە دەهاتن، بەڵام لە گۆرانیە فۆلکلۆرییە ڕووسیەکانی خۆیاندا باشتر بوون. دوای ماوەیەك سێ سەرباز هاتن و لەسەر چیمەنەکە دانیشتن و گیتاریان لێدەدا و قەوقازیەکانیش سەمایاندەکرد. سەمایەکی ئاسایی ڕووسی بوو، دەیانکێشا بە ڕان و پێڵاوەکانی خۆیاندا و سەماکاران شۆڕدەبوونەوە بۆ خوارەوە تا لەسەر پاژنەیان دادەنیشتن، پاشان ڕاستەوخۆ قاچێکیان بۆ پێشەوە دەرئەپەڕاند. هەندێك جار دوو کەس پێکەوە سەمایاندەکرد، پشتاوپشت، جار جارەش لەسەر ئاوازی مۆسیقاکە پێیان دەدا بە زەویدا؛ لە کۆتاییدا بنی پێڵاوەکانیان دەکردە یەکتر، دوو لە چەقۆ درێژەکانیان لە زەویدا چەقاندووە و قەوقازیەکان سەمای شمشێریان ئەنجام دا، هەر پیاوێك دەمە تیژی چەقۆکەی لەبەینی ددانەکانیدا گرتووە و سەمای دەکرد. دیارە سەماکردن بۆ ئەوان چێژێکی خۆشی پێ دەبەخشین و هەروەها بۆ ئێمەش.

کاتێك نانخواردنی نیوەڕۆ تەواو بوو، بەرەو چۆڵەوانیەك ڕۆیشتین بۆ بینینی پێشانگای فێڵەکانی ئەسپسواری. هەموو قەوقازییێك سوارێکی فێڵبازی بەتوانایە و هەندێك لە کارەساتەکانیان بەڕاستی سەرسوڕهێنەر بوون. فێڵێکیان ئەوەیە کە دوو

پیاو لەسەر ئەسپەکانیان ڕاست بەپێوە دەوەستن، لە کاتێکدا سێیەمیان لەسەر شانیان دەوەستێت و ئاڵای فەوجەکەی بە دەستەوە بێت و بە پەلە غاردەکەن. یەکێکی دیکە لە نمایشە دڵخوازەکان ئەوەیە کە پیاوێك شانبەشانی ئەسپێکی پێشەنگ بە پەلە بڕوات، پاشان باز بداتە سەر زەوی و دوایی جارێکی دیکە ڕاستەوخۆ بەسەر پشتی ئەسپەکەیدا سواری پشتی ئەسپەکەی تر بێت لە دیوەکەی ترەوە. بینینی ئەم فێڵانە کە لە پاڵەوانێتیەکی سەربازی شاهانەدا مرۆڤی تووشی سەرسوڕمان دەکرد، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لەسەر چۆڵەوانییەکی نارێك ئەنجام دەدرێن، وا دەکات مرۆڤ بزانێت کە ناوبانگی قەوقازیەکان بۆ سوارچاکی لەسەر ڕاستییەکی زۆر بنەڕەتی بنیاتنراوە.



قەوقاسیەکی ڕووسی



کێڵگەی توتن ورمێ

بەشی پانزەیەم.

## قۆناغی کۆتایی.

لە 29/ تەمموز شنۆمان بەجێهێشت و لە 4/ ئاب پێش ئەوەی بگەینە ورمێ، هەواڵی هەڵگیرسانی شەڕ گەیشتە ئێمە. نوێنەری ڕووسیا یەکەم کەس بوو کە لە ڕێگەی بروسکەیەکەوە لە فەرماندەی هێزەکانی ڕووسیا لە ورمێوە وەریگرت. ئەگەر بڵێین وەك هەورەبروسکەیەك لێیداین، ئەوە لێکچوویەکی سووك دەبێت، چونکە – وەك زۆرێك لە ئینگلیزەکانی دیکە کە لەو ساتەدا خۆیان لە گۆشە دوورەکانی زەویدا بینیەوە – پێشتر چرپەیەکی ئاگادارکردنەوەمان نەبیستبوو. لە چەند ڕۆژی یەکەمدا، هەموو ئەو وردەکاریانەی کە بە ئێمە گەیشتن، یان لە ڕێگەی ڕاپۆرتە فەرمییەکانی ڕووسیا یان لە ڕێگەی "بریکاری عوسمانی" لەو دیوی سنوورەکانەوە بوو. ئەو هەواڵەی لەم دوو سەرچاوەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، سروشتی "هێزی جێگرەوە"ی هەبوو، ڕاپۆرتە ڕووسییەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە لایەنی گەشبینانەدا بوون، لە کاتێکدا "ئاژانس"ی بەناوبانگ، پێویست ناکات ناوی بڵێین، کۆپی ڕووداوەکانی بەرلینی پێداین. هاتە ئاراوە، بۆ نموونە، کە ئەمەی دووەمیان لە ڕۆژێکدا هەموو بەلەمەکانی بەریتانیایان فڕێدایە بنی دەریای باکوورەوە، سبەی

بە دەنگۆی ڕکابەرێك دڵنەواییمان پێدرا کە هەموو کەشتییەکانمانی زیندووکردۆتەوە و لە بنی زەریاکەدا بە یازدە کەشتی درێدنۆتی ئەڵمانی گۆڕییانەوە! زۆر ئاسوودە بووین، کاتێك چەند ڕۆژێك دواتر، دەستمانکرد بە وەرگرتنی هەواڵە ئاساییەکانمان لە شێوەی ڕۆژنامەی ڕۆیتەردا کە لەلایەن کونسوڵەکەمانەوە لە تەبرێزەوە دەنێردرا، کە تەنیا دوو سێ ڕۆژ دوادەکەوت، لە ڕێگەی هیندستان و تارانەوە.

هەرچەندە هەموو کەسێك بە سروشتی دەبوو لە کاتێکی ئاوادا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەڵام هیچ شتێك نەبوو ڕێگری بکات لە بەردەوامبوونی کارەکانمان لەسەر سنوورەکە تا ئەو کاتەی هیچ کام لەو گەلانەی کە نوێنەرایەتیمان دەکرد لە ڕاستیدا لە شەڕدا نەبوون لەگەڵ یەکتردا. لە سەرەتای شەڕدا، تورکیا فەرمانی خۆئامادەکاری دەرکردبوو، لە هەر ساتێکدا ئامادەبووین هەواڵی بەشداریکردنی ببیستین. بەڵام هەرچەندە دوو جێگرەکەی کە هەردووکیان ئەفسەری لیستی چالاك بوون، دیار بوو لە پەیوەندیدا بوون، بەڵام بابی عالی هیچ فەرمانێکی نەنارد بۆ لابردنی سنوورەکان، بۆیە ئێمە تەنیا پەلەمانکرد بەو هیوایەی بگەینە کۆتایی پێش ئەوەی شتێکی زیاتر ڕووبدات.

سەد میل یان زیاتر لە سنوورەکە کە ئێستا مابووەوە بۆ جێگیربوون، نزیکەی بەبێ پچڕان بەدوای بەشە ئاوە سەرەکییەکەدا دەڕۆیشت تا دەگەیشتە ئارارات و تەنیا شتێك کە کۆمیسیۆن دەبوو بیکات بۆ بەشێکی زۆری مەوداکە ئەوە بوو کە کۆڵەکە لەسەر هەریەکێك لەم دەربەندانە لەم سنوورانەدا دابنێت. کاروانەکە وەك یاسایەك دەیتوانی ڕێگایەکی تاڕادەیەك ئاست بەرز بەدرێژایی لێواری دەشتەکە بگرێتەبەر، بەڵام ئەو لیژنە لاوەکیانەی کە بەرپرسیاری دانانی ستوونەکان بوون، زۆرجار دەبوو سەرکەوتنێکی درێژ و بەرز ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی بگەنە لوتکە. لانی کەم یەکێك لە دەربەندەکان زیاتر لە 10 هەزار پێ لە ئاستی دەریاوە بەرز بووەوە و هەرچەندە لە مانگی ئابدا بووین و دەبوو نزیکەی بەپانتایی وڵاتی تونس کێڵگە بەفرییەکان ببڕین بۆ ئەوەی بگەینە لوتکە و کاتێك گەیشتینە ئەوێ سەرمایەکی سەخت بوو. دیمەنەکانی ئەودیو جیاوازیەکی گەورەیان هەبوو لەگەڵ دەشتە شەپۆلاوییەکانی ئازەربایجان کە بەسەریدا سەرکەوتبووین، شاخ و کێوەکانی کوردستانی تورکیا وێنەیەکی سروشتیان لە خراپترین حاڵەتی تەمومژاویدا پێشکەشدەکرد. تەنانەت لەم بەرزاییە ساردانەشدا گوڵەکان بەزۆری گەشەیاندەکرد. پەڕەی گەورەی پۆلکەی وەنەوشەیی لە نێوان کانییە پڕ بەفرەکاندا بڵاوبوونەتەوە، لێرە و لەوێ لەگەڵ هەندێك ڕووەکی زەردی کوێستانی تێکەڵ کراوە؛ بەڵام ئەوەی بە تایبەتی سەرنجی

مرۆڤی ڕادەکێشا ڕووەکێکی گەورەی دڕکاوی بوو کە سەر و لق و گەڵاکانی ڕەنگی تۆخی ڕووی دەریا بوو، کە هەموویان هەمان شینێکی تۆخ بوون بەجۆرێك کە ڕووەکەکە وا دەردەکەوت کە لە ڕووی فیزیکییەوە لەناو تەشتێکی خومدا نوقم بووبێت.

لە یەکێك لە بەرزترینەکانی ئەم دەربەندانەدا کە ناوی کێلەشین بوو، جارێکی دیکە کەوتین بەسەر کاری دەستی هەندێك لە لیژنە سنووریەکان لە سەردەمێکی پێشووتردا. لە لوتکەی دەربەندەکەدا، ڕێك لەسەر هێڵی سنووره نوێیەکەمان، ستوونێك بوو– تاشە بەردێك کە بە پیتی مێخی نووسرابوو. بوونی ئەو ستوونە پێشتر زانرابوو، بەو پێیەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر لەلایەن شوێنەوارناس Schultz شولتزەوە سەردانی کرابوو، کە لەلایەن Institute ئینستیتیوتی فەرەنسییەوە ڕەوانەی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی کرابوو بۆ پشکنینی هەموو شوێنەواره دێرینەکان و " سەرە تیر"ە نووسراوەکان کە ڕەنگە بدۆزرێتەوە. بەڕاستی تەواو ئەگەری ئەوە هەیە کە هەر ئەم نووسراوە هۆکاری ڕاستەوخۆی مردنی ئەو زانا هەژارە بووبێت، چونکە هەر لەم ناوچەیەدا بوو کە لەلایەن ئەو پاسەوانانەی کە لەلایەن خانی جولامێرگەوە بۆی دابینکرابوون، هێرشی کرایە سەر و تەقەی لێکرا و کوژرا – کە هۆکاری کردەوە خیانەتکارییە خراپەکەی هەمیشە نادیارە.

هەمان دەربەندی کێلەشین ڕەنگە ڕێگای خێرا بووبێت لە نەینەواوە بۆ ئەکباتانا Ecbatana و گومانی تێدا نییە کە لە سەردەمی پاشاکانی ئاشووردا لێشاوێکی گەورەی هاتوچۆ بە درێژایی ڕێگاکەدا تێیدەڕژا کە لە ئێستادا جگە لە کۆچەرییە ناوخۆییەکان کەم کەسی پێدا دەڕۆیشت. ڕەنگە لەبیرمان بێت کە تۆبیاس Tobias ئەم گەشتەی لە ڕێگای خۆیدا بۆ ئەکباتانا Ecbatana ئەنجامدا، بۆ ئەوەی دوای سەرگەرمییەکەی لەگەڵ ماسییەکان لە کەناری ڕووباری دیجلەدا، هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزا جوانەکەیدا بکات. (لە حاڵەتی ماسیدا، لە ڕاستیدا ترسی تۆبیاس Tobias لە قووتدانی کەمتر لەوەی کە پێدەچێت بێ بنەما بوو. چونکە ئەو دڕندانانەی کە لە نزیك موسڵ – شوێنی کۆنی نەینەوا – دەگیرێن، هەندێك جار ڕەهەندێکی وایان هەیە کە کاتێك بە پشتی کەرێکەوە هەڵدەواسرێن، سەر و کلکیان لە هەردوو لاوە لە زەوی دەدات.)

لەم قۆناغەدا لیژنەکەمان زیانێکی گەورەی لە خودی چێشتلێنەرەکە لێکەوت. پیاوە هەژارەکە و سەرکارە هاوولاتییەکەی، هەر لە سەرەتاوە ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە ناچاربوون بە سواربوون و پێدەچوو گۆوانیەکان Goanese بێتواناییەکی تایبەتیان هەبێت لە بەکارهێنانی ئەم شێوازەی جووڵەی سەرەتاییە– لە ڕاستیدا، ئەو ڕۆژەی دوای ئەوەی محەممەڕەیان بەجێهێشت، هەردووکیان بیست

میل بە پێ ڕۆیشتن، کە گەیشتنە خێوەتگەکە بە جلە ڕەشە تۆزاوییەکانیانەوە زۆر بەدبەخت دەرکەوتن. ڕۆژی دواتر ئەو پزیشکەی کە بەهۆی ئەوەی سکرتێری ناڕێکی بوو، بەرپرسیار بوو لە جۆرایەتی ژەمی ئێوارەکەمان ـ مامەڵەی ڕەق بوو، ئێمەش بە ئارەزووی خۆمان خستمانە سەر پشتی وڵاخەکان. دواتر چارەنووسی ئەوان وەك چارەنووسی چێشتلێنەر و سەرکارەکەی پێشوو جیاواز بوو؛ چونکە لە کاتێکدا کە سەرکارەکە سوارێکی شارەزا و بەتوانای تەواو دەرچوو، چێشتلێنەرەکە خراپترین پێشبینییەکانی خۆی درك پێکرد کاتێك لە پشتی هێسترێکەوە کەوتە ناو کەنێکەوە و بەم کارەش ئێسکی چەڵەمەی شکا. سەرەڕای دڵەڕاوکێیمان بۆ تەواوکردنی سنوورەکە بە زووترین کات، مەحاڵ بوو لە دواکەوتنی چەند ڕۆژێك لە ورمێ دووربکەوینەوە بۆ چاکبوونەوە و پشوودانی پیاوەکان و وڵاخەکان. بۆیە کە گەیشتینە ناوچەی تەرگەوەڕ ئیشوکارمان وەستاند و لەو دەشتەوە بەرەو ورمێ ڕۆیشتین. ڕەنگە ئەم دەشتی ورمێیە بەپیتترین بەشی خاکەکانی شا بووبێت، بەڵام بۆ هێرشبەرانی کورد ئاوەدانترین بەشی دەبوو. ڕووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵییە، درێژییەکەی پەنجا میل و پانییەکەی هەژدە میلە، بڕێکی زۆر لە گەنمەشامی و تووتن بەرهەمدەهێنێت و دەکەوێتە نێوان شاخەکانی کوردستان و ئەو دەریاچەی کە هەمان ناوی شارەکەی هەڵگرتووە. ئێمە لەو ماوە کورتەی

مانەوەمان لە ورمێ دەرفەتێکمان بۆ سەردانکردنیان بۆ هەڵنەکەوت، بەڵام ئاوە سوێرەکانی دیاردەیەکی هێندە نائاسایی دەخاتە ڕوو کە ناتوانم بەرپەرچی قسەی ڕێبوارە ئەڵمانییەکە بدەمەوە، دکتۆر مۆریتز ڤاگنەر Dr Moritz Wagner، کە لە ساڵی 1843 دا سەردانی کەناراوەکانیان کردووە.

ئاماژەی بەوە کردووە، "لە مانگەکانی هاویندا، کاتێك دەریاچەی گەورە بەزۆری وەك گۆمێك لە پارکێکی ئینگلیزیدا ئارامە، لە ئەنجامی بە هەڵمبوونی ئاوەکەوە نیشتوویەکی قوڕ دروستدەبێت. ڕەنگی زاڵی ئاوەکە لە ناوەڕاستدا ڕەش-شین، و لە دوورەوە شین دەردەکەوێت، لە کاتێکدا لە نزیکییەوە نزیکە لە سەوز و ڕەشەوە، ئەوەندەش چڕ و پڕە کە جەستەی چەور، وەك بەراز، تێیدا نوقم نابێت."

ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت: شیکارییەکی کیمیایی ئاوەکە، دەریدەخات کە ژمارەیەکی زۆر لە پێکهاتەکانی تێدایە کە لە ئەنجامی شیبوونەوەی ڕووەکە ئاوییەکانەوە دروستدەبن، کە بارستەی ئەو ئاوە بەسە بۆ وەستاندنی شکێنەرەکان لە دوورییەکی کەم لە کەنارەوە. پاشان پزیشکی پسپۆر هاندەدرێت کە بەم شێوەیە پێشبینی بکات سەبارەت بە تایبەتمەندیە دەرمانیەکانی ئاوەکە:"ئەگەر دەریاچەی ورمێ لە ناوەڕاستی ئەورووپادا بووایە، پێدەچێت پزیشکەکانمان هەزاران لە نەخۆشەکانیان بۆ ئەوێ بنێرن، کە سوودیان لە هەموو دەرمانەکان وەرنەدەگرت

و کێ دەزانێت ئەگەر نوقمبوون لە ئاوەکانیدا نەیانگەڕێنێتەوە. من، لە هەموو ڕووداوەکاندا، دەتوانم بە ئەزموونی کەسی دووپاتی بکەمەوە کە دە حەمام لە زەریای ئەڵمانیدا توانای ئەوەندە هاندانی پێست یان ئەوەندە ورووژاندنی دەمارەکانی نییە وەك ئاوی ئەم دەریاچەیە کە خوێ و یۆدی زۆر زیاتری تێدایە بۆ چارەسەرێك تەنانەت لە دەریای مردووشدا. لە ئاوەکە دێیتە دەرەوە سوور وەك قرژاڵ، لەسەرو ئەوەشەوە چالاك و پڕ لە ووزە. حەمامەکانی ورمێ بە بەراورد بە دەریای باکوور ئەو سوودەیان هەیە کە شەپۆلەکانی تەنانەت لە زریانێکیشدا کەمترین مەترسییان هەیە. مرۆڤە پتەوەکان کە بە درێژی خۆیان لەسەر ڕووی ئاوەکە درێژ دەبن، بەبێ هەوڵدان سەر ئاو دەکەون و دەسوڕێنەوە." ڕەنگە نزیکە لە ئاماژەکانی پێشووی بە بەرازەکانەوە دەربکەوێت .K کە پزیشکە وریاکە پێش ئەوەی کەسێك بە شەپۆلەکان بسپێرێت، بە ژیرانە تایبەتمەندییە هەڵچوونەکانیان بە تاقیکردنەوە ئاشناکانی لەسەر جەستەیەکی بێ بایەخ تاقیکردۆتەوە !

شاری ورمێ مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و تەنانەت لە سەردەمی ڕۆمەکانیشدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە. بەڵام بانگەشەی سەرەکی بۆ ناوبانگەکەی ئەوەیە بەپێی دوایین دەسەڵاتداران، کە زەردەشت خۆی لەوێ یان لە نزیك ئەوێوە لەدایك بووە. دەوترێت دامەزرێنەری یەکێك لە کۆنترین ئایینە هەبووەکان سەرەتا لە کەناری

دەریاچەکەدا وانە دەڵێتەوە - لێکچوونێکی سەیر لەو سەردەمانە، دوای 700 ساڵ، کاتێك نووسەری ئایینی مەسیحی هەروەها کەناری دەریاچەی بۆ دیمەنی فێرکارییە ئیلاهییەکانی خۆی هەڵبژارد. دوا نەوەکانی زەردەشتیەکان - یان "ئاگرپەرستان" وەك هەندێك جار دەبینیت پێیان دەوترێت - لە پێرشا لە ژێر ناوی Gabrs, گەبرسدا نیشتەجێن، بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەزد و کرمان دەژین، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریان لە هیندستان گەشەیانکردووە، بێگومان لە ژێر ناوی Parsis پارسیسدا. بەڵام بەبێ گوێدانە شوێنکەوتوانی شەرعی عەقیدەکانی پێغەمبەری گەورە، بۆ کەسێك کە بەم دواییە سەردانی شوێنی لەدایکبوونی کردووە، جێگەی سەرنجە کە لێرەدا ئەو کەسایەتییە لەدایك بووە کە وەك نیچە Nietzsche دەیگێڕێتەوە، ئەو چەمکەی "سوپەرمان"ی لێکەوتەوە کە... (ئەگەر باوەڕمان بە زۆرێك لە نووسەران هەبێت لەو ساتە وەختەدا) سەرەتا تۆوێکی چاند کە دروێنەکەیان شەڕی ئێستای ئەوروپای لێ بەرهەمهات.

شارەکە خۆی لە ناوەڕاستی باخچە و کێڵگەی تووتنی بێکۆتادا جێگیرکراوە کە بە ریزێك چنارە بەرزەکانی فەرەنسی یەکتریان بڕیوە، قەبارەیەکی بەرچاوی هەیە و لەو کاتەوەی ڕووسەکان دەستیان بە چاودێریکردنی وڵاتەکە کردووە و ئاسایشێکی تا ئێستا نەناسراویان بۆ ژیان و موڵك و ماڵی دانیشتووانەکەی هێناوەتە ئاراوە. یەك

میل یان زیاتر بازاڕی جوانی قوبەیی بە ناوەندی شارەکەدا دەڕوات، دەوڵەمەندە بە بۆنی چەرم و بەهارات، مرۆڤ هەست بە سوپاسگوزارییەکی زۆر دەکات کاتێك تێدەپەڕێت بۆ ناو کەشوهەوای فێنك و بانگهێشتکەریان لە تیشکی هەتاو و گەرمای دەرەوە. دانیشتوانی شارەکە و هەروەها دەشتەکەش، وەك ئەوانەی باقی ئازەربایجان، لە ڕەگەزێکن کە لە نزیکەوە هاوپەیمانی تورکە عوسمانییەکانن و بە زمانێکی (تورکی) دەدوان کە لە ڕاستیدا فۆرمێکی کۆنی تورکی هاوچەرخە، وشە ڕەسەنە کۆنەکانیشیان هێشتۆتەوە؛ کە باوباپیرانیان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە لەگەڵ خۆیان هێناویانە، بەڵام لە زمانی تورکی "ئەستەنبوڵ"دا زۆرجار بە وشەی خواستراو لە عەرەبی یان فارسییەوە جێگەیان دەگرتەوە. ڕەنگە مرۆڤ جیاوازییەکە بە وردی بەراورد بکات بە جیاوازی نێوان ئینگلیزی چینە خوێندەوارەکانی ئەمڕۆ و زاراوەی ئەو پارێزگایانەی کە وشەکانی ساکسۆنی کۆن لە بەکارهێنانی زیاتردا ماونەتەوە. بەم پێیە ئازەربایجانییەکان لە ڕووی ڕەگەز و زمانەوە بە تەواوی جیاوازن لە فارسەکان، هەرچەندە وڵاتەکەیان بەشێکە لە ئیمپراتۆریەتەکە. هەروەها لە دەوروبەری ورمێ، ژمارەیەکی زۆر لە نێستۆریەکان، نەوەکانی (تا ئەو جێگایەی کە بتوانرێت شوێنپێی ڕەچەڵەکیان بدۆزرێتەوە) لە ئاشوورییە کۆنەکانن. ئەوان لە ڕاستیدا گەلێکی شاخاوین کە لە گوندەکانی نێو چیاکانی ئەودیوی سنوور



بازاڕی دانەوێڵە لە ورمێ

لە توركیادا دەژین، کە پێشەنگی ئایینییان – Mar Shimum مار شیمۆن، وەك ناوی لێنراوە – لەوێ نیشتەجێیە. هەرچەندە وەك قبتییەکان لە میسر، تا ڕادەیەکی زۆر زمانی دراوسێ بەهێزترەکانیان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا زمانی سریانی ڕەسەن لە نێوانیاندا بەکاردەهێنرێت و ئامرازی ئاسایی نووسینیانە. پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد بەزەحمەت بۆ خۆیان بەختەوەرترە لە هاوتا مەسیحییەکانیان، ئەرمەنەکان و جێگای پرسیارە کە کام لەو دووانە لە شەڕی ئێستادا زۆرترین زیانی بەرکەوتووە؛ بەڵام دواتر دێمە سەر باسی چیرۆکی گۆشەگیرییان. پێدەچێت بوونی نێستۆریەکان لە بنەڕەتدا هۆکاری هاتنی مژدەدەرە ئەمریکییەکان بووبێت بۆ ورمێ لە ساڵی 1831 دا، کە لەو کاتەوە ئەرکی خۆیان پاراستووە– پێموایە بەبێ پچڕان. ڤاگنەر Wagner لە ڕۆژانی سەرەتاییدا چاوی پێیان کەوتووە و زۆر قسەی هەیە سەبارەت بە میهرەبانی و میوانداریییان، هەرچەندە بەو تێبینییە نادیپلۆماسییە کۆتایی پێدەهێنێت کە "پێدەچێت میستەر پێرکنز Mr Perkins ﴿سەرۆکی ئەرکەکە﴾ خاوەن کارەکتەر و عەقڵ بێت و لە دوو هاوکارەکەی باڵاتر بێت." بەڕواڵەت بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانی بەراوردکارییە قینەوەرانەیە، کاتێك ئەمەی دوایی دەڵێت:" بەڵام بە خواپەرست و پاکی جیادەکرێنەوە"! بەبێ ئەوەی بچینە ناو شیکارییەکی ویژدانانە وەك ڕێبوارە

ئەڵمانییەکە، لانیکەم دەتوانم شایەتحاڵی پێزانینی دڵسۆزانە بم بۆ ڕۆحی میوانداریيان، ئەوەش زۆری خۆشحاڵی سەفەرەکەمانی بۆ ورمێ زیادتر کرد. بەڵام هەرکەسێك چیرۆکی ئەم مژدەدەرانە لە زستانی ساڵی 1914دا بزانێت، دەبێت قووڵترین ڕێز لە سیفەتەکان بگرێت کە زۆر لە تەنیا میوانداری زیاترن– بۆ بوێری و خۆبەختکردنێك کە یەکسانە بە هەر شتێك کە شەڕ ئاشکرای کردبێت. بەڵام سەرەتا دەبێ باسێك لەو شتانە بکەم کە لە ورمێ دوای شەش هەفتە لە ڕۆشتنمان ڕوویدا.

زۆر پێش ئەوەی تورکیا شەڕ ڕابگەیەنێت، تورکەکان هۆزە کوردەکانی دیوی سنوورەکەیان هان دا بۆ دابەزین بۆ سەر پێرشا و هێرش بکەنە سەر شارەکانی ئازەربایجان کە لەلایەن سەربازانی ڕووسیاوە پارێزگاری دەکران. لەو سەردەمەدا لە ورمێ ژمارەیەك ئەندامی ئەرکی قەشە سەرەکییەکەی کانتربێری بۆ مەسیحییە ئاشوورییەکان هەبوون (میسیۆنێك کە زیاتر لە بیست ساڵ پێشتر لە وەڵامی داواکاری نێستۆریەکان دامەزرابوو – یان وەك هەندێك جار پێیان دەوترێت، "ئاسوریەکان"، بە شێوەیەکی ناڕوون، – بۆ زمانی ئینگلیزی، داوای لێدەکەن قەشەکانی کڵێسای ئینگلتەرا بنێرێت بۆ ئەوەی یارمەتی نوێکردنەوەی کڵێساکەیان بدەن، کە لە ساڵی 450 ی زایینی لە دامەزراندنیەوە لە بیروباوەڕی بۆماوەیی دوورکەوتبووەوە. نێرراوەکانی لای تورکیا– لەو دیوی سنوورەوە ناچاربوون

وێستگەکانیان بەجێبهێڵن، هەموویان لە دەوروبەری ورمێ کۆکرابوونەوە کاتێك لەشکرکێشی کورد ڕوویدا، ئەم باسە زیندووانەی خوارەوە لەلایەن میستەر ماکگیلیڤرایەوە Mr MacGillivray سەرۆکی نێرراوەکە، لە پێداچوونەوەی چارەکی خۆیاندا بڵاوکراوەتەوە:

لە 1/ ئۆکتۆبەر کێشە ڕاستەقینەکە دەستیپێکرد. لەو ڕۆژەدا هێزێکی زۆری کورد لە گوندەکانی تەرگەوەڕەوە دابەزین و ئەو هێزە بچووکەی قەوقازەکەیان دەرکرد و دەستیانکرد بە تاڵانکردن و سووتاندنی گوندەکانی ئاسوریەکان. زۆربەی ئاسورییەکان دەرچوون و بەرەو شارەکە هەڵهاتن، بەڵام چەند کەسێکیان مانەوە و کوژران. 10 ڕۆژی دواتر حوکمڕانی تیرۆر بوو. هەموو ڕۆژێك شاڵاوی کورد ڕوویان لە دەشتەکە دەکرد. هەموو شەوێك گوندێك یان شوێنێکی تر هێرش دەکرایە سەری و تاڵاندەکرا و دەسووتێنرا و هەموو شەوێك لە شار زیاتر نزیك دەبوونەوە. هەموو شەوێك گوێمان لە جەنجاڵییەکی بەردەوام بوو، گوندە سووتاوەکانی دەوروبەرمان دەبینی، لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێك پەنابەران دەڕژانە ناو شارەکەوە. هەموو نێرراوەکان و هەروەها ماڵە تایبەتەکانی مەسیحییەکان پڕ بوون لێیان. نزیکەی 350 کەسمان لە بارەگاکەمان هەبوو. سەرەتا هەموو ژوورە یەدەگەکانمان پڕکردەوە، پاشان با ئەوانی تر لە حەوشەکەدا هەڵبدەن تا هەموو پێیەکی

چوارگۆشه پڕکرایەوە. ئاماژەی بەوەش کردووە، "هەر زوو دەرکەوت کە ئەمە هێرشێکی ئاسایی کورد نییە، بەڵکو هێرشێکی ڕێکخراوی سوپایە کە ژمارەیان چەند هەزار سەربازێك بووە. لە ڕاستیدا هێرشێکی بە ئەنقەست بوو کە لەلایەن تورکەکانەوە پلانی بۆ دانراوە و ڕێکخرابوو (بێ گومان لەلایەن ئەڵمانەکانەوە هاندرابوون) کە ئامانجی دەرکردنی ڕووسەکان و دەستبەسەرداگرتنی ورمێ بوو. لەناو کوردەکاندا ئەفسەری تورك هەبوون، چەکی ئەڵمانییان پێبوو. جگە لەوەش، لەگەڵ موسڵمانانی شارەکەدا ڕێکەوتنێکیان هەبوو، کە کاتێك کورد دەچێتە ژوورەوە، دەبوو ڕاپەڕن و لەگەڵیان بەشداری تاڵانکردن و کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی مەسیحییەکان بکەن. هەروەها ئاشکرابوو کە هێزی بچووکی قەوقازەکان بە تەواوی بەس نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمن. کونسوڵی ڕووسیا دڵنیایکردینەوە کە هێزی پتەوکردن لە ڕێگادان، بەڵام ڕۆژان تێپەڕی و هیچ هێزێکی بەهێز دەرنەکەوت. پاشان ڕووسەکان هێزێکی زیادەی زۆر بەسوودیان زیادکرد بە دابەشکردنی تفەنگ و تەقەمەنی بەسەر ئاسوورییەکاندا. تەنانەت خۆمان شەش تفەنگ و سندوقێك فیشەکمان دەستکەوت، ئامادەبووین پاسەوانی ماڵەکەمان بکەین، بەو هیوایەی قەدەغەکردنی چەك هەڵگرتنی قەشە لەلایەن قەشە سەرەکییەکانەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆ لە دژی جەماعەتێکی تاڵانچیەکان نەگرێتەوە.



پەرستیار O. F. Spearing و پەرستیار J. D. Barnard

لە ئەرکە سەرەکییەکەی قەشەکانی کانتربێری لە ورمێ

دەشلێت: "لە ڕۆژی یەکشەممە 11/ ئۆکتۆبەر گەیشتینە لوتکە، بەدرێژایی ڕۆژ کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردمان بینی کە لە بناری شاخەکانەوە دادەبەزین. جگە لە قەوقازەکان، ڕووسەکان چەکێکی کەمیان لە شارەکەدا هەبوو، بەو چەکانە لەگەڵ نزیکبوونەوەیان دوژمنیان بۆردومان دەکرد. لە سەربانی ماڵەکەمانەوە دەمانبینی گوللە دەکەوتنە خوارەوە و لە نێوانیاندا دەتەقێتەوە. ئەمەش بۆ ماوەیەك هێرشەکەی بەرپەرچدایەوە، بەڵام ئێوارە دوای تاریکی دووبارە دوژمن گەڕایەوە و ئەو شەوە هێرشێکی زۆر بەبڕیارانەی کردە سەر شێرباش– ئەو گوندەی کە لە نیو میل زیاتر لە دیواری شارەوە دوور نەبوو. تەقەکردنەکە کاتژمێر 10ی ئێوارە دەستیپێکرد و بە درێژایی شەو بەردەوام بوو، بەڵام پێکەوە ڕووسەکان و ئاسوریەکان بەرگرییەکی باشیان کرد و بەرەبەیان دوژمن کشایەوە و ژمارەیەکی زۆر کوژراویان جێهێشت.

ئەمە دوا هێرش بوو. بە گشتی پێیان وایە هێرش بۆ سەر خودی شارەکە بۆ شەوی دووشەممە جێگیرکراوە و لە پشت هێڵی ئاگری دوژمنەوە ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ بە سەبەتە و گونیەوە هاتبوون، هەموویان ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی تاڵانی. بەڵام هەرگیز نەگەیشتنە تاڵانەکەیان. ڕۆژی دووشەممە دیسان کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردمان لە دامێنی شاخەکە بینی، بەڵام بە ئاراستەیەکی تردا ڕۆیشتن.

بەدرێژایی ڕۆژ دەمانبینی کە بەسەر دەشتەکەدا دەکشان و بە پەلە دیارنەدەمان. ئەمە لە ئێوارەدا ڕوونکرایەوە کاتێك هەواڵ هات کە هێزی پیادە و تۆپخانە و دۆشکە گەورەکانی ڕووسیا– گەیشتوون و چەند میلێك لە دوورییەوە هەڵیانداوە. دەشلێت "کورد گرنگی بە چاوەڕوانی هاتنی ئەوان نەداوە".

هەر زوو دوای ئەم هێرشە شکستخواردووە بۆ سەر ورمێ، فەرمانی گەڕانەوەی نێرراوە ئینگلیزەکان درا بۆ ئینگلتەرا و کاتێك هێزەکانی ڕووسیا لە 2/کانونی دووەم/ 1915 دا شارەکەیان چۆڵکرد و سەربازانی تورکیا و خێڵەکی کورد ڕژانە ناوەوە، نێرراوە ئەمریکییەکان بە تەنیا مانەوە. خێڵە کوردەکان کە ئێستا دانیشتوانی مەسیحییان داڵدەداوە، هەموو جۆرە دڕندەیەکیان ئەنجامدا، سووتاندنی، وەك لە بەڵگەی باشدا هاتووە، زیاتر لە ١٠٠ گوند و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە نێستۆرییە بەدبەختەکان، ئەوانەی کە کەوتنە ژێر چنگیانەوە و سەریانبڕین. "ڕۆژهەڵاتی نزیك"، لە نامەیەکدا کە لە مانگی تەمموزی ساڵی 1915 لە ورمێ نووسیویەتی، ئەم وەسفەی خوارەوە سەبارەت بەو شتانە دەدات کە لە وڵاتی داگیرکراودا ڕوویانداوە:

"کۆمەڵکوژییەك لە گوندی گۆڵپاشان ڕوویدا، کە پەنجا پیاو بە هاوکاری موسڵمانانی ناوچەکە برانە گۆڕستانەکان، دوای ئەوەی لەلایەن سەربازەکانەوە دەست و قۆڵیان بەسترا، لەوێ وەك ئاژەڵ سەریانبڕین". لە حاڵەتێکی دیکەدا نزیکەی 46 پیاو لە نێرراوانی فەرەنسی دەرکران. دوای ئەوەی دەسەڵاتداران پشتڕاستیان کردەوە کە دەگوازرێنەوە بۆ تورکیا، لە شوێنێك کە نزیکەی دوو میل لە شارەکەوە دوورە، بەسترانەوە و تەقەیان لێکرا. بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دادگاییەك بکرێن فرمانی کوشتنیان درا. یەکێك لەوانە کە ڕزگاری بووە ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە: باڵەکانمان بەیەکەوە بەسترا و بەچۆکا هاتین و چاوەڕێی مەرگ بووین. تەقەیان لە هەر یەکەمان کرد. ڕاستەوخۆ دوای تەقەکردنەکە، هەستم بە دەوروبەرم کرد تا بزانم تەقەم لـێ کراوە یان نا. لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە لێم نەدراوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانی تردا کەوتمە خوارەوە و وا خۆم نیشان دا کە مردووم. دوای ئەوەی هەموومان کەوتینە سەر زەوی، نزیکبوونەوە، و هەرکەسێك کە وا دیار بوو هێشتا هەناسە دەدات، یان بچووکترین نیشانەی ژیان لە ناویدا نیشان بدات، بەر خەنجەریان دەدا. کە لێم نزیك بوونەوە، هیچ نیشانەیەکی ژیانیان نەدۆزیەوە، چونکە پێم وابوو ماوەیەکی زۆرە مردووم، بۆیە شەقێکیان

تێهەڵدام و جێیان هێشتین. دوای ئەوەی لێمان دوورکەوتنەوە، هەستام و بەرەو لای نێرراوانی ئەمریکی ڕۆیشتم.

نووسەری ئەم نامەیە ژمارەی ئەو پەنابەرە مەسیحیانەی کە پەنایان بردووەتە لای میسیۆنێرەکان (کە خۆشبەختانە باڵەخانەیەکی زۆر گەورەیان هەبوو، حەوشە و باخچەی فراوانیان هەبوو) بە نزیکەی 18 هەزار کەس دەخەملێنێت، کە "نزیکەی 2000 کەسیان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك و چەند مانگێك لە کڵێساکەدا پەنایان بردووە بەبێ ئەوەی پەناگەکە ژوورێکی بۆ پاڵکەوتن هەبێت. ژنێك کە سێ مانگ بوو لەوێ بوو، تەنیا کورسییەکی تەسکی دارینی هەبوو بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشێت، لێیان پرسی ئایا بێزار نەبوویت لەوەی هەمیشە لە یەك شوێندا بیت، ئەویش وەڵامیدایەوە: نەخێر، ئەوە شوێنێکی باشە. " شوێن. سەیرکە، من شوێنم بۆ سەرم هەیە." کۆڵەکەیەك لە پشتیەوە بوو کە دەیتوانی سەری لەسەر دابنێت! یەکێك لە میسیۆنێرەکان لەسەرەتادا چووبووە دەرەوە کە کۆمەڵکوژییەکە لە خراپترین ئاستیدا بوو، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرکردەیەکی کورددا کردبوو، بەمەش ژیانی هەزار گوندنشینی ڕزگارکرد، کە بە سەلامەتی هێنایان بۆ بارەگای نێرراوەکە. کەسێکی دیکە کە خۆی لە دەرەوەی دیوارەکانی بارەگاکەدا کەوتبوو، بەهۆی ڕەگەزەکەیەوە دەستگیرکرا و بە توندی لێیدرا. بەڵام قارەمانێتی



ئەفسەرانی بەریتانی و ڕووسی لە ورمێ

ڕاستەقینەی ئەم کەمایەتیە بچووکە – پێموایە هەشت نۆ پیاو هەبوون، زۆربەیان لەگەڵ ژنەکانیاندا – کاتێك هاتە پێشەوە کە پەتا حەتمییەکە لەناو ئەم گۆڕستانە قەرەباڵغانەدا سەریهەڵدا. قەرەباڵغییەك لە پەنابەران. ڕێژەی مردن لە حەوشەکەیاندا ڕۆژانە 40 کەس بوو، زۆر ئەستەمە بۆ میسیۆنێرەکان مۆڵەت لە تورکەکان وەربگرن بۆ ناشتنی تەرمەکان، چونکە نزیکەی هەموویان بە ژن و پیاوەوە تووشی نەخۆشی ڕەشەگرانەتا بوون لەو نەخۆشانەی کە چاودێرییان دەکرا، زیاتر لە نیوەیان گیانیان لەدەستدا.

20/ ئایار بوو کە هێزەکانی تورکیا و یاریدەدەرە کوردەکانیان کشانەوە و دانیشتوانی مەسیحی توانیان بگەڕێنەوە بۆ ماڵە وێرانبووەکانیان. تەنیا پاشماوەیەکی کەم لە ڕەگەزەکەیان دەتوانرا لە کۆمەڵکوژییەکانی کورد و پەتاکە لە میسیۆنی ئەمریکی و ئەو مردنە زەبەلاحەی کە لە نێو ئەو کەسانەدا ڕزگاریان بووبێت کە کاتێك هێزەکانی ڕووسیا لە ورمێ کشایەوە، لە زۆر قووڵایی زستاندا هەوڵیان دا بە پێ بگەنە سەر سنووری ڕووسیا. لە خودی ورمێشدا یەك مەسیحی لە ژیاندا نەما جگە لەوانەی کە لەلایەن ئەمریکاییە ئازاکانەوە ڕزگاریان بوو بوو.

چەند میلێك لە باشووری ورمێوە، شاخێکی دابڕاو، کە ناوی "سیر"ە، لە دەشتەوە بەرز دەبێتەوە و لە هاویندا پەناگەیەکی فێنکی بۆ دابیندەکات کاتێك گەرمای شارەکەی خوارەوە زیادەڕۆیی دەکات. سەربازگەی ڕووسی کە پێکهاتبوو لە فەوجێکی پیادە (تفەنگی قەوقازی پێنجەم) و دەستەیەکی تۆپ هاوێژەکان و مەفرەزەیەکی قەوقازەکان، کاتێك گەیشتین لەسەر بنارەکانی هەڵیاندابوو. پاشنیوەڕۆیەك بە سواری بە درێژایی ڕێگایەکدا ڕۆیشتین کە چەند ئینجێك تۆزی سپی لەسەر هەڵنیشتبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ئەفسەرانی هاوەڵی سەرخوانەوە بکەین. بڕیار بوو سەردانێکی ئاسایی پاشنیوەڕۆ بکەین، بەڵام هێشتا مانای تەواوی میوانداریی ڕووسی فێر نەبووین، کە چیای سیرمان بەجێهێشت، دوای نیوەشەو بوو، لەگەڵ یاریکردنی تیپی فەوج بۆ ئێمە و هاوڕێیەتی قەوقازەکان بە مەشخەڵی داگیرساوەوە، بۆ ئەوەی ئێمە ببینین بەسەلامەتی بگەینەوە ماڵەوە. لە شەش تا یازدە لەسەر مێزەکە دانیشتین، بە چایەکی پڕ چێژ دەستمانپێکرد و بەبێ هەستکردن چووینە سەر ژەمێکی ئێوارە کە خواردنی جۆراوجۆری تێدابوو. ئەو ڕاستییەی کە هیچ کام لە ئێمە یەك وشەی ڕووسیمان نەدەگوت، نە هیچ کام لە میواندارەکانمان وشەیەکی دیکەمان نەدەگوت، خۆشی دانیشتنەکەی بەرزتر دەکردەوە نەك کەمی بکاتەوە، چونکە بەهۆی ئەوەی نەمانتوانی قسە بکەین،

گۆرانیمان دەگوت. خوا دەزانێت چەند جار سروودی نەتەوەیی خۆمان و یەکترمان وتووە، هەندێك جار سروودی نیشتمانی فەرەنسی لەخۆدەگرێت؛ کاتێك دواجار گەرمی نیشتمانپەروەریمان تێرکرد، خانەخوێکانمان دەستیانکرد بە گۆرانیوتنی سەیر و سەمەرەی قەوقازیی خەمناك، نیوەی ڕوسی، نیوەی تورکی و گۆرانی بادەنۆشی ورووژێنەر، لەگەڵ بەیتێکی تایبەت بۆ هەر میوانێك. لەو کاتەدا لە وەڵامی بانگەوازەکەی بوقەکەدا لە دەرەوە، عەقید و ئەفسەرەکان هەستان و داوای لێبوردنیان کرد کە بۆ چەند خولەکێك لەوێ نابن و ژوورەکەیان بەجێهێشت. ئەوان چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاوەکان لە نوێژی مەغریبدا بەشداری بکەن و دوای چەند خولەکێك، نۆتی سروودێك لە سەدان دەنگەوە لە دەرەوە بەرزدەبووەوە. لە گەڕانەوەدا، هەندێك لە سەربازەکان خۆیان چوونە ناو ژوورە درێژ و ڕووتەکەوە (چونکە فەوجەکە کۆکرابووەوە و هەموو شتێك داخرابوو جگە لە کورسی و مێزەکان). قەوقازییەکان جامێکی میسی سەیر و سەمەرەیان لەگەڵ خۆیان هێنا کە بە کۆتایی جەمسەرێکەوە جێگیرکرابوو، زیاتر ئەوانەیان بیردەخستەوە کە لەشکرەکانی ڕۆمانی هەڵیانگرتبوو، بەڵام یەك دوو کلکی ئەسپی بۆیاخکراو و دەیان زەنگی بچووکی پێوە بەسترابوو . مۆسیقاکە بە یاوەری گیتار و سەمبڵ گۆرانییەکانیان لە ڕێپێوانەکەدا دابیندەکرد و ئەو ژاوەژاوەی ئەم ئۆرکێسترا

سەرەتاییە لەناو چوار دیوارە داخراوەکەدا دەیکرد، گوێی کەڕدەکرد. سەربازەکان بە بازنەیەك لە دەوری ئۆرکێستراکە وەستابوون و بە هەموو ڕۆحیانەوە گۆرانییان دەوت، ڕوخسارە ڕەق و دڕندەکانیان ڕووناك دەبوونەوە و خەریك بوو بگۆڕدرێن بەهۆی حەماسەتیانەوە بۆ مۆسیقاکە. دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك گۆرانیگوتن، ئیدی قەوقازەکان دەستیان بە سەماکردن کرد. سەرەتا هەمان ئەو سەمایانە بوو کە لە شنۆ بینیمان، بە هەمان پێڵاو لێدان و پاژنە لێدان و چەقۆ لێدان. سەرەڕای پاڵتۆی درێژ و پێڵاوی بەرزیان، ئەم سوارچاکانە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چالاك بوون و زۆری نەخایاند خێراییەکەیان تووڕەئامێز بوو. ئەفسەرەکەیان، پیاوێکی خاکی تەنك و سەری تاشراو و سمێڵ زل، لەگەڵ ئێمە دانیشتبوو، دەمبینی چاوەکانی دەدرەوشێنەوە و زیاتر و زیاتر دەورووژێن، کاتێك لەناکاو ئیدی نەیتوانی خۆی لە سەماکردن ڕابگرێت. درێژتر– بە کۆتەلێکەوە لە مێزەکەوە بازێکی دا بۆ ناوەڕاستی زەوییەکە و لە ساتی دواتردا لەوان شێتانەتر سەمایدەکرد.

هەندێك سەمای قەوقاز بەڕاستی جۆرێکە لە یاری بێنەدەبی کە سەماکارەکان ڕۆڵی سادە دەگێڕن، وەك سەمای کچێك کە لەلایەن خۆشەویستە بەسۆزەکەیەوە داوای لێدەکرێت. لە یەکێکیاندا کە لەوانی تر وردترە، قەوقازێك بە تەنیا لە ناوەڕاستی زەویدا دانیشتبوو، بە چەقۆ درێژەکەیەوە، دارێکی بەدەستەوە بوو گۆرانی بۆ خۆی

دەگوت. دەیان لە هاوەڵەکانی هاتن و بازنەیەکیان بە دەوریدا دروستکرد و سەریان کزکرد و بە دەستیان سێبەریان لەسەر چاویان دەکرد و ماتەمینیان بۆ نەهامەتیەکان دەگێڕا. لەناکاو پیاوەکەی ناوەڕاست دوو دێڕی وت، بە تەنیا، دیارە بەو کاریگەرییەی کە...

"کەڵکی خەم و پەژارە چییە؟

ژیان بۆ خۆشی و سەما دروستبووە".

چونکە هەموویان بە گێژاویێکەوە هەستان و دەستیان بە کێویترین سەما کرد کە خەیاڵ دەکرا، گۆرانییان دەوت و چەپڵەیان لێدەدا و بە جووڵەیەکی پڕ لە خۆشحاڵییەوە دەیانکێشا بە ڕانەکانی خۆیاندا.

هەموو ئەو سەما و گۆرانیانە لەبەر چاوی ڕۆژئاوادا زۆر نامۆ بوون. ئەوەندە بە ڕوونی لە ڕۆحێکی نەتەوەیی جیاواز لە ڕۆحی ئێمە ئیلهام وەرگیراوە، کە بۆ من لانیکەم بە جۆرێك یان جۆرێکی تر نوێنەرایەتی ئەو ڕووسیا گەورە و پڕ لە نهێنیەی دەکرد، کە هەرچەندە کتێبی زۆری لەبارەوە نووسرابێت، بەڵام بۆ زۆربەیان نادیارە لە ئێمە – ڕەنگە نەتوانرێت بزانرێت. لەو سەربازگە ڕووت و سپیکراوەدا کە بەهۆی

چەند چرایەکی ڕۆنییەوە کە بە سەقفەکەوە هەڵواسرابوون، بە شێوەیەکی کاڵ ڕووناککرابووەوە، گوێم لە مۆسیقای بەربەری دەگرت و سەیری جووڵە نائاساییەکان بەڵام سەرنجڕاکێشەکانی سەماکارەکانم دەکرد، هەستم بە چرپەیەکی ساتێك کرد لە تێڕوانینێك بۆ ڕۆحی ڕاستەقینەی سلاڤی وەك هیچ دەوروبەرێکی تر نەیدەتوانی بەرهەمی بهێنێت.

دوای هەفتەیەکی سەرقاڵی لە ورمێ، چووینەوە سەر کار لەسەر سنوور، وەك جاران بە دەوری شاخەکاندا دەسوڕاینەوە، تەنیا بۆ دانانی کۆڵەکەکان لەسەر دەربەندەکان وەستاین. لە 21/ ئابدا خۆرگیرانێکی سەرنجڕاکێشمان بینی. ڕێگای خۆرگیرانەکە کە بە نیوە دورگەی قەرەم و بەغدادا بەرەو هیندستان تێدەپەڕێت، دەمانزانی خەریکە هێڵی ڕێپێوانەکەمان ببڕێت و کەمێك نادیار بوو کە ئایا خۆمان لە پشتێنەی سێبەردا دەبینینەوە یان نا. بۆیە گرنگیمان زۆر پێدا، کاتێك لەبەردەم تەلەسکۆپی تاریك و پارچە شووشەی دوکەڵاویدا دانیشتبووین، سەیری لێواری ڕەشی سێبەرەکەمان دەکرد کە بەسەر خۆردا دەخزێت و بە هیوای ئەگەرە شکۆمەندەکانی چینی خەرمانەکان و تیشکەکانی جەمسەری بووین. وردە وردە خەرمانەکە کەم بووەوە تا جگە لە تەنکترین پارچەی تەنك هیچی تر نەما، ڕووناکی کاڵ بووەوە تا خەواڵوویی، زۆر سارد بووەوە و شەپۆلی ڕووناکی سەیر دەستیانکرد

بەکشان بەسەر زەویدا؛ پاشان سێبەرەکە خاو بووەوە، بۆ ماوەی یەك دوو خولەك بە جێگیری مایەوە و بە نائومێدییەکی خەمناکەوە دەستیکرد بە پاشەکشە. چەند میلێك ڕۆژگێرانی تەواومان لەدەستدابوو.

چەند ڕۆژێك دواتر کۆمسیۆن گەیشتە شارۆچکە بچووکەکەی دیلمان. لە ڕێگادا بە قەلای سەرۆکێکی تا ڕادەیەك بەدناوی کورددا تێپەڕین کە ناوی ئیسماعیل ئاغا بوو، بەلام بە شێوەیەکی باو بە نازناوی سەیر و سەمەرەی "سمکۆ" ناسرابوو. بەهۆی سروشتێکی نامۆوە، یەکێك بوو لە تایبەتترین شوێنەکان کە لەبیرمە بینیومە. لە ناوەڕاستی ئاستێکدا، دەشتێك دۆلێکی قوول و چوارگۆشەیی وەکو خەندەقێکی گەورە دەڕوات. ڕەنگە پانییەکەی 300 مەتر و قوولی 100 پێ بووبێت بەلام بە تەواوی نەبینراو بوو تا مرۆڤ نزیك نەبووایەتەوە لە لێوارەکەی. لە ناوەڕاستی ئەم دۆلەدا بارستەیەکی بەردی گەورەی وەك دوورگەیەك هەبوو کە لوتکەی کەمێك لە ئاستی دەشتەکە نزمتر بوو. ئەم قەلایە قەلایەکی سروشتی تەواو پێکهێنا و سالانێکی زۆر لەمەوبەر هەندێك لە سەرۆکەکان دەستیان بەسەردا گرتووە و قەلایەکیان لەسەر دروستکردبوو، ئەوەندە بە فێلبازانە دروستکرابوو کە نزیك بوو لە مەحالەوە بزانرێت کە بەردەکانی تەواو لە کوێ کۆتایی دێت و دیوارەکان لە کوێوە دەستیپێکردووە؟ گوندێك لە دەوری دامێنی بەردەکەدا کۆبووەتەوە، هەروەك چۆن

گوندەکان لە سەردەمی بەگزادەکاندا لە دەوری قەڵا فیۆداڵییە کۆنەکان کۆبوونەتەوە. بەڵام سمکۆ خۆی سەلماند کە بەگزادەیەکی زۆر خراپە، چونکە لە ژێر کاریگەری شارستانیەتدا ماڵی ڕۆمانسی باوباپیرانی خۆی جێهێشتووە و سەرقاڵی دروستکردنی شوێنێکی نیشتەجێبوونی هیچ و پوچ بوو لە لێواری زەوییە ڕەشەکان و– خراپترین مەترسی لە هەموویان – دانانی تەلەفۆنێك!

لە دیلمانەوە دیسانەوە بەرەو شاخ ڕۆیشتین و سەرکەوتین بۆ بەرزایی 7000 پێ. ئێستا بەدەگمەن 100 میل لە نێوان ئێمە و ئامانجەکەماندا مابوو؛ لوتکەیەکی هەور داپۆشراو کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە لوتکەکەوە بە شێوەیەکی کەم دیاربوو، پێشتر وەك خودی ئاراراتی گەورە ناسێنراوە. با لێرەدا دانی پێدا بنێم. سەرەڕای بەڵێنەکانم بە خوێنەری بە ئارام و خودی ناونیشانی کتێبەکەم، من هەرگیز پێم لەسەر ئارارات دانەناوە! تاکە دیمەنی من لە پەنجەرەی فارگۆنی شەمەندەفەرەوە بوو، هەموو هیوا و خەونەکانم بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرزاییە بەفراوییەکەیدا لەناوچوون. هۆکاری ئەوەی کە دەبێت فێری بیت پێش ئەوەی ئەم کتێبە تەواو بکەم، بەڵام با ڕێزدار لە نێو شاخەکاندا سەرەتا شایستەی خۆی بەدەست بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستە تەنیا پێویستم بە خواستنە، چونکە هیچ دەستەواژەیەکی تایبەت بە خۆمم نییە بۆ وەسفکردنی ئەو شکۆمەندییەی کە تەنیا ساتی چاوتروکانێکم

گوندەکان لە سەردەمی بەگزادەکاندا لە دەوری قەڵا فیۆداڵییە کۆنەکان کۆبوونەتەوە. بەڵام سمکۆ خۆی سەلماند کە بەگزادەیەکی زۆر خراپە، چونکە لە ژێر کاریگەری شارستانیەتدا ماڵی ڕۆمانسی باوباپیرانی خۆی جێهێشتووە و سەرقاڵی دروستکردنی شوێنێکی نیشتەجێبوونی هیچ و پوچ بوو لە لێواری زەوییە ڕەشەکان و– خراپترین مەترسی لە هەموویان – دانانی تەلەفۆنێك!

لە دیلمانەوە دیسانەوە بەرەو شاخ ڕۆیشتین و سەرکەوتین بۆ بەرزایی 7000 پێ. ئێستا بەدەگمەن 100 میل لە نێوان ئێمە و ئامانجەکەماندا مابوو؛ لوتکەیەکی هەور داپۆشراو کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە لوتکەکەوە بە شێوەیەکی کەم دیاربوو، پێشتر وەك خودی ئاراراتی گەورە ناسێنراوە. با لێرەدا دانی پێدا بنێم. سەرەڕای بەڵێنەکانم بە خوێنەری بە ئارام و خودی ناونیشانی کتێبەکەم، من هەرگیز پێم لەسەر ئارارات دانەناوە! تاکە دیمەنی من لە پەنجەرەی فارگۆنی شەمەندەفەرەوە بوو، هەموو هیوا و خەونەکانم بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرزاییە بەفراوییەکەیدا لەناوچوون. هۆکاری ئەوەی کە دەبێت فێری بیت پێش ئەوەی ئەم کتێبە تەواو بکەم، بەڵام با ڕێزدار لە نێو شاخەکاندا سەرەتا شایستەی خۆی بەدەست بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستە تەنیا پێویستم بە خواستنە، چونکە هیچ دەستەواژەیەکی تایبەت بە خۆمم نییە بۆ وەسفکردنی ئەو شکۆمەندییەی کە تەنیا ساتی چاوتروکانێکم

گوندەکان لە سەردەمی بەگزادەکاندا لە دەوری قەڵا فیۆداڵییە کۆنەکان کۆبوونەتەوە. بەڵام سمکۆ خۆی سەلماند کە بەگزادەیەکی زۆر خراپە، چونکە لە ژێر کاریگەری شارستانیەتدا ماڵی ڕۆمانسی باوباپیرانی خۆی جێهێشتووە و سەرقاڵی دروستکردنی شوێنێکی نیشتەجێبوونی هیچ و پوچ بوو لە لێواری زەوییە ڕەشەکان و– خراپترین مەترسی لە هەموویان – دانانی تەلەفۆنێك!

لە دیلمانەوە دیسانەوە بەرەو شاخ ڕۆیشتین و سەرکەوتین بۆ بەرزایی 7000 پێ. ئێستا بەدەگمەن 100 میل لە نێوان ئێمە و ئامانجەکەماندا مابوو؛ لوتکەیەکی هەور داپۆشراو کە چەند ڕۆژێك پێشتر لە لوتکەکەوە بە شێوەیەکی کەم دیاربوو، پێشتر وەك خودی ئاراراتی گەورە ناسێنراوە. با لێرەدا دانی پێدا بنێم. سەرەڕای بەڵێنەکانم بە خوێنەری بە ئارام و خودی ناونیشانی کتێبەکەم، من هەرگیز پێم لەسەر ئارارات دانەناوە! تاکە دیمەنی من لە پەنجەرەی فارگۆنی شەمەندەفەرەوە بوو، هەموو هیوا و خەونەکانم بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرزاییە بەفراوییەکەیدا لەناوچوون. هۆکاری ئەوەی کە دەبێت فێری بیت پێش ئەوەی ئەم کتێبە تەواو بکەم، بەڵام با ڕێزدار لە نێو شاخەکاندا سەرەتا شایستەی خۆی بەدەست بهێنێت. بۆ ئەو مەبەستە تەنیا پێویستم بە خواستنە، چونکە هیچ دەستەواژەیەکی تایبەت بە خۆمم نییە بۆ وەسفکردنی ئەو شکۆمەندییەی کە تەنیا ساتی چاوتروکانێکم

هەبووە. بەڵام ئەم وشانەی خوارەوە ئەو کاریگەرییە نیشاندەدەن کە چل ساڵ لەمەوبەر لەبارەی گەشتیارێکی ئینگلیزەوە بەرهەمهاتووە:

"لە سەرووی هەموو شتێکەوە بەرزدەبینەوە بۆ ئەستێرەیەکی هێندە ڕوون کە لە یەك كاتدا دەگەیەنرێتە مێشك، یان باشتر بڵێین بۆ خەیاڵ، بیرۆکەی بۆشایی بێکۆتایی؛ هەرەمێکی نازك و تەنیا لە کوێرە بەفری ئەبەدیەکان بە بەراورد بە هەر دەشتێکی دراوسێ یان دیار. ئەوە چیای ئاراراتە.

"تورکەکان پێی دەڵێن ئاگریداغ، یان شاخی کەشتیەکەی نوح؛ فارسەکان کوی نوو، یان نوح، ئەرمەنەکان، پێیی دەڵێن دایکی جیهان.

موسای خورنێ بە ناوەڕاستی جیهان دیاریدەکات و هەردوو ڕۆمەر و هۆڤ پێیان وابوو کە خاڵی ناوەندی هێڵێکی گەورەی زەوییە کە لە سەری هیوای باشەوە تا گەرووی بێرینگ درێژدەبێتەوە.

"بە بینینی شاخی لافاوەکە لە زۆر گۆشەنیگاوە، کە هەندێکیان سەیری لایەنە ڕاستەقینەکانییان کردووە، دەبینم کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ڕووی زەویدا

شاخێك نییە كە كاریگەرییەكانی بتوانن مێشكی بینەر سەرسام بكەن" كە بتوانێت پێی بەراورد بكرێت.

" زۆرێك لە شاخەكانی دیكەی جیهان زۆر بەرزترن؛ بەڵام هەرچەندە ئارارات تەنیا 17.210 پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە، بەڵام بەبێ ڕكابەرێك یان دراوسێیەك بەرز دەبێتەوە – هەرەمێكی تاكە یان قوچەكە، 10.876 پێ لە سەرووی ئەو دەشتە تەختەی كە تێیدا وەستاوە." هەر ئەم بارودۆخەیە كە ئەو شكۆمەندییە مەزنەی پێ دەبەخشێت."[1]

هەمان نووسەر باسی ئەو نەریتە سەرنجڕاكێشانە دەكات كە پەیوەندییان بە ئاراراتەوە هەیە:

"بەو پێیەی كورد و ئەرمەنە پڕوپووچپەرستەكان پێیان وایە ئەو كەشتییە كە هێشتا بە ڕەنگی سەوزەوە و لەسەر لوتكەیەكی بەرز پشوودەدات، لەلایەن جن – جنۆكە یان ڕۆحی خراپەوە پاسەوانی دەكرێت – هیچ شتێك لە جیهاندا هیچیان ڕازی ناكات بۆ ئەوەی لە بەرزاییەكی دیاریكراو زیاتر بە لاكانیدا بەرزببنەوە.

[1] لە كتێبی "ئەرمەن و كورد و تورك"ەوە، نووسینی كرەی Creagh.

" خواپەرستێك زۆر لەمەوبەر بەڕاستی هەوڵیدا سەرکەوێت، بۆ ئەوەی تەقوای ئەو بەهۆی بیرکردنەوە لە پارچەیەك لە کەشتییەکە کە پێشنیاری کردبوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە، بەهێزتر بێت؛ هەرچەندە چەند ڕۆژێکی لە گەشتەکەدا بەسەربرد، بەڵام ئەوە بوو، لە کۆتاییدا ناچار بوو وازبهێنێت، چونکە ئێواران کاتێك لە لای شاخەکەدا خەوی لێدەکەوت، هەندێك دەزگای سەروو سروشتی دەیانبردەوە بۆ ئەو خاڵەی کە بەیانیان لێیەوە دەستی پێکردبوو.

بەڵام فریشتەیەك، وەك پاداشتی ئازارەکانی، پارچەیەك لە کەشتیەکەی بۆ هێنایە خوارەوە و لە هەمان کاتدا کردی بە شوێنێك کە لە دوای نیشتنەوەی کەشتییەکەی نوحەوە تا ئێستا هیچ مرۆڤێك ڕێگەی پێنەدراوە سەردانی بکات و ڕێگەشی پێ نادرێت.

ئەو بەربەستەی کە نەیهێشت من بگەمە ئامانجەکەمان، سروشتێکی زۆر بەرجەستەتر بوو لەوەی کە دەروێشە پیرە باشەکە ڕووبەڕووی بووەوە: ئەویش گوللەیەکی کورد بوو. لە 31/ ئابدا، پێنج کەسمان لە کاتی تەقەکردن لە کەروێشك لە ماوەی یەك دوو میل لە خێوەتگەکەوە لەلایەن خێڵەکیەکانی ئەو ناوەوە هێرشکرایە سەرمان. هەرچەندە هاوڕێکانم لە برینداربوون ڕزگاریان بوو – ئەویش

بە شێوەیەکی نائاسایی، کە بینییان هێرشبەرەکانمان چەندین تەقەیان کردووە، هەندێکیان کەمێك زیاتر لە بیست یاردە – بەڵام لە بێبەختی خۆم من بریندار بووم.

بەم شێوەیە کۆتاییم بە پەیوەندی خۆم لەگەڵ لیژنەکە هێنا. من بەختێکی باشم هەبوو کە لە دەستی کارامەیی کاپتن پیرپۆینت ـ Captain Pierpoint دا بووم و پێکەوە ڕاستەوخۆ گەڕاینەوە بۆ ئینگلتەرا، واتە تا لە کاتی شەڕی ئەورووپادا دەکرا، چونکە گەشتەکەمان لە نۆ هەفتە کەمتر نەبوو. ئەو زبڵ و خاشاکانەی کە سوارەکانی هیندستان هەڵیانگرتبوو، یەکەم ئامرازی گواستنەوەی من بوو، کە لە کاتی گەیشتنمان بە دەشتە ئاست بەرزەکەدا بە ئەمبولانسێکی ڕەق و تەقی ڕووسی گۆڕییانەوە، بۆ ئەوەی بە نۆرە بگۆڕدرێت، هەر کە گەیشتینە خوی ـ Khoi و ئەو ڕێگایەی کە پێی دەوترێت، لەلایەن نوێترین ڕێگاکانەوە. جۆرێك لە ئەمبولانس کە فەرماندەی ڕووسی لە سنوورەوە ناردبووی بۆ ئەوەی پێشوازیمان لێ بکات. لە جەڵفا، شارۆچکەی سنووری و بەرپرسی هێڵی ئاسنی قەوقاز، بەڕێوەبەری گومرگی بەلجیکا لە ماڵی خۆیدا میوانداری کردین، لە کاتێکدا بەرپرسانی ڕووسیا کە بۆ هەمیشە سوپاسگوزارییانم، ڕاهێنەرێکی تایبەتیان بۆ ئەو دووانە دابینکرد. گەشتێکی دوو ڕۆژە لە ڕێگەی تفلیسەوە بۆ باتۆم لەسەر دەریای ڕەش. لەوێشەوە بە کەشتییەکی هەڵمی ڕووسی بەرەو قوستەنتینیە ڕۆیشتین، لە



ئەو شەش کەسەی لە پشتەوە تەقەیان لە کۆمەڵەکەمان کرد، "سمکۆ" و پیاوەکانی

ڕێگادا دەستمان لە هەموو بەندەرەکانی تورکیا لە کەناری باشووری دەریاکەدا و بۆ ماوەی ڕۆژێك لە دەمی بسفۆر وەستاین– بە سوپاسەوە بۆ بەرژەوەندی گەوبن Goeben، کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا برێسلاو Breslau، خۆی لادەدا بە مەشقی تەقەکردن تەنیا لە دەرەوەی دەمی گەرووەکە. گەیشتینە قوستەنتینیە بۆ ئەوەی ببینین کە داردانێلەکان پێشتر داخراون، هەرچەندە هێشتا شەڕ لە نێوان تورکیا و هاوپەیمانان ڕانەگەیەندرابوو. بەڵام بە سواری شەمەندەفەرێك بۆ بەندەری دێدیاگاچ لە بولگاریا، توانیمان سواری کەشتییەکی هەڵمی بەریتانی بین کە بە کەناراوەکانی سوریادا دەچوو بۆ میسر، "بەم شێوەیە بۆ نیشتمان"، وەك پێپیس Pepys دەڵێت، لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا لەوێ نیشتەوە– تەنیا ساڵێك دوای ئەوەی دەستمانپێکرد. بەڕێکەوت لە ماوەی ئەمساڵدا بازنەی وردی سەروەری تورکیامان لە ئاسیادا کێشاوە.

سێ هەفتە دوای هێرشی سەر کۆمەڵەکەمان، ئەو لێژنەیە کە ئێستا ژمارەیان کەمبووەتەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم، گەیشتە خاڵێك لەسەر چیای ئارارات کە ئێستا سنووری تورکیا و پێرشا لەگەڵ سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیادا یەکدەگرێتەوە. کاتێك ئەو دوو ئەفسەرەی کە مابوونەوە (ئەوانی تر گەڕابوونەوە بۆ هیندستان) دەستیانکرد بە گەڕانەوە بۆ ئینگلتەرا،

بینیان هەموو ڕێگاکان بەڕوویاندا داخراوە جگە لە فریشتەی سەرەکی؛ بەم شێوەیە، ڕەنگە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ئەو سەرگەرمییە بازرگانییە سەرەتاییانەدا، ئینگلیزەکان ڕێگاکەیان لە پێرشاوە بۆ خاکی زێدی خۆیان بەسەر زەریای جەمسەری باکووردا گرتەبەر.

# ئیندێکس

ئـ



ب

پ



ت



ج



چ

## ح



## خ



## د



## ڕ

## ز



## س



## ش

## ع



## ف



## ڤ



## ق



## ك

**محەمەد ئەمین حسێن (مینە)**

## بەرهەم و نووسین

- سەلیقەی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوید–کوردستان، ساڵی 1994
- زمانی جەستە، پەیوەندیە گۆنەکراوەکان، لەسەر ئەرکی نوسەر، مینە، سلێمانی، ساڵی 2004
- عەشق لە جوانکاریدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی، ساڵی 2005
- زمانی جەستە، درۆ و هێماکانی درۆکردن، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی، ساڵی 2007
- دیوانە شیعر، لەسەر ئەرکی نوسەر، مینە، ساڵی 2022

## له بواری وەرگێڕاندا

- نامە ئاوارەکان، نووسینی کارۆ، لە فارسیەوە، سلێمانی، ساڵی 2006
- زمانی روخسار، نووسینی رۆبەرت وایتساید، لە ئینگلیزیەوە، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی، ساڵی2007
- سلێمانی..ناوچەیەك لە کوردستان، نووسینی مەیجەر سۆن، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی، ساڵی 2007 ، چاپی دووەم ساڵی 2023
- کوردی سووریا، نووسینی هێریەت مۆنتگومری، بە هاوبەشی مینە و پێشەوا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی، ساڵی 2009.
- گەشتەکەی ریچ، نووسینی کلاودیوس ریچ، بەرگی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2012
- ویلایەتی موسڵ، راپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2012
- زانایانی ئایینی کورد و قوتابییە ئەندەنوسیەکانیان، نووسینی مارتن ڤان برۆینەسن، ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2016
- لیڤیەکانی عێراق، نووسینی جۆن گیلبەرت براون، ناوەندی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2016.

- گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و كوردستان لە بەرگی نادیاردا، نووسینی مەیجەر سۆن، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی یادگار، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2018. چاپی دووەم ساڵی 2023. چاپی سێیەم ساڵی 2025
- رامان لە مرۆڤدا، نووسینی رجاء النقاش، لە عەرەبیەوە، بە 26 ئەڵقە لە بڵاوكراوەی مانگانەی مەڵبەندی رۆشنبیری كورد لە لەندەن بڵاوكراوەتەوە، ساڵی 1990.
- تێبینیەكان لەبارەی هۆزەكانی باشووری كوردستانەوە، نووسینی مەیجەر سۆن، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی یادگار، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2023.
- لە كەنداوەوە بۆ ئارارات، نووسینی گلبەرت هەبەرد، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی یادگار، لە ئینگلیزیەوە، سلێمانی، ساڵی 2025